# مێژوو و بنچینەی
# دامەزراوەیی لە ئیسلامدا

# مێژوو و بنچینەی
# دامەزراوەیی لە ئیسلامدا

ئامادەکردنی: کۆمەڵێک نووسەر

وەرگێڕانی: پ.ی.د. دانا عەلی ساڵح بەرزنجی

# مێژوو و بنچینەی
# دامەزراوەیی لە ئیسلامدا

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٧)

• ئامادەکردنی: کۆمەڵێک نووسەر
• وەرگێڕانی: پ.ی.د. دانا عەلی ساڵح بەرزنجی
• بابەت: لێکۆڵینەوە
• دیزاین: ڕەوشت محەمەد
• چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢٥٥٧)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەڕۆک


بەر لە دەستپێک ........................................................................ ٧

دەستپێک ........................................................................ ٩

**بەشی یەکەم: دامەزراندن و دامەزراوە** ........................................................ ١٥

د.تەها جابر عەلوانی

**بەشی دووەم: دامەزراوە لە ژیاری ئیسلامیدا** ................................................ ٤٣

د.محەمەد عیمارە

**بەشی سێیەم: دامەزراوە زانستی و فێرخوازییەکان لە سەردەمی ژیاری ئیسلامیدا** ..... ٧٥

د.ئەحمەد فواد پاشا

**بەشی چوارەم: دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا** ......................... ١٠٥

د.نادیە مەحمود مستەفا

**بەشی پێنجەم: دامەزراوەی سیاسی لە دیدگای قورئانییەوە** .......................... ١٣١

د. ئەلسەید عومەر

**بەشی شەشەم: دامەزراوەی ئایینی** ................................................ ١٦٥

جەمال قوتب

**بەشی حەتەم: دامەزراوەکانی فێرکردن لە سەردەمی بوژانەوەی ئیسلامیدا** ............. ١٨١

د.عەبدوڕڕەحمان نەقیب

**به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

## بەر لە دەستپێک

ئێستا سەردەمی دامەزراوە و دامەزراوەییبوونە؛ ئاستی پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگە یان ژیارێک بە ئاستی دامەزراوەکانییەوە بەندە؛ ئەگەر دامەزراوەکانی پێشکەوتوو و جێگیر بن و خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تێر بکەن، ئەوا وزە و تواناکانیان بە زایە ناچێت و بەخێرایی هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێن، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.

هەنووکە زیاتر لە هەر کاتێک پێویستمان بە دامەزراوە و دامەزراوەییبوونە، پێویستە گرنگی بەم بوارە بدەین بۆ ئەوەی دامودەزگاکانمان جێگیری و پەرەسەندن لە یەککاتدا بەخۆیانەوە ببینن و تواناکان بەفیڕۆ نەچن.

پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی لە وەرزی ڕۆشنبیریی خۆی بۆ (٢٠٠٧-٢٠٠٨ز) گفتوگۆیەکی کراوەی لەسەر بابەتی دامەزاوەییبوون ڕێکخست، کە تێیدا حەوت پسپۆڕ بابەتەکانی خۆیان تێیدا پێشکەش کرد و چەندین بواری هەمەجۆریان لەسەر دامەزراوەییبوون تاوتوێ کرد، دواتر لە ساڵی (٢٠١٢)دا پەیمانگا چالاکییەکەی لە شێوەی کتێبێک بڵاو کردەوە، کە هەموو ڕووداوەکانی ئەو چالاکییەی تێدا تۆمار کرابوو.

ئەم کتێبەی لە بەردەستی بەڕێزتدایە وەرگێڕدراوی ئەو کتێبەیە، بەڵام هەوڵمان داوە تا ڕادەیەک میتۆدی جیاوازی توێژەرەکان یەکبخەین و هەندێک باس، کە بە پێویستمان نەزانیوە لای ببەین، لەوانە ئەو گفتوگۆیانەی، کە لە چالاکییەکاندا ئەنجام درابوون و تۆمار کرابوون.

پێویستە ئەوەش بڵێم، کە ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش لە "تەفسیری ئاسان"ی مامۆستا (بورهان محەمەد ئەمین) وەرگیراون.

لێرەدا پاش دەربڕینی جوانترین سوپاس و ستاییش بۆ خودای مەزن و دلۆڤان، کە لە هەموو کارێدا پشتمان هەر بەو بەستووە و هەر ئەویش پشت و پەنامانە، بە پێویستی دەزانم سوپاسی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی) و خودی بەرپرسی بەشی چاپ و وەرگێڕان بەڕێز: (د. حسێن محەمەد) بکەم بۆ هەموو هەوڵ و هەماهەنگییەکیان لەم بوارەدا، هیوای سەکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازم.

هەروەها سوپاسی بێپایانی هەموو ئەو ئەزیزانە دەکەم، کە هاوکارم بوون لەم کارەدا، هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ پشتیوانیی خانەوادەکەم هەیە.

ئەم هەوڵە پێشکەشی دایکی شیرینم دەکەم، کە یەکەم مامۆستام بووە و بە پەرۆشەوە وانەکانی ژیانی فێر کردووم.

**د. دانا بەرزنجی**
**سلێمانی ـ گەڕەکی چیا**
**٢٠١٩/١١/٩**

# دەستپێک

## دامەزراوەیی

**یەکەم/ دامەزراوەیی:**

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆڵ و سرووشتی دامەزراوەیی واتای ئەوەیە، کە کارەکە لە دامەزراوەیەکدا ڕێکخراو بن و چوارچێوەیان بۆ دیاری کرابێت.

بۆ ئەوەی هەر بیرۆکەیەک بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستی بە دامەزراوە هەیە، چونکە دامەزراوە دەستەبەری جێبەجێکردنە و بەڕێوەچوونی دەکات، هەر وەک چۆن ڕێگە بۆ بەدواداچوون هەڵسەنگاندن خۆش دەکات، دواجاریش هەر دامەزراوە دەبێتە هۆی پەرەسەندن و ڕێبەریی ئەو پەرەسەندنەش دەکات.

دامەزراوەیی ئاوێنەیەکە پەرەسەندنی تێدا دەردەکەوێت، هەروەها ئاوێنەیەکە جۆری ژیار دیاری دەکات. مرۆڤ بە تاکەتاکە دەستی پێ کرد، تەنها بەوەی کە دەستی کرد بە پەرەسەندن، دامەزراوەی لە ژیانیدا سەری هەڵدا، تەنانەت دەتوانرێت بوترێت دامەزراوە سێکوچکەی ئەو دەفرەیە، کە مرۆڤ تیادا بە قۆناغەکانی پێشکەوتندا گوزەری کردووە.

خۆ ئەگەر دامەزراوە سەری هەڵنەدایە، مرۆڤ هەر وەکو تاکێک دەمایەوە، کە خەریکی کۆکردنەوەی دار و چیلکە و لێکردنەوەی بەروبوومەکانە بە بەرد و نیشتەجێی ئەشکەوتی چیاکانە و خۆی بە گەڵای درەختەکان دادەپۆشێت. دامەزراوەیی بەوە وەسف دەکرێت، کە سرووشتێکی هونەری، نەک ڕێبازگەرایی (مەزهەبی) هەیە. واتە دامەزراوەیی وابەستەی ڕێبازێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو توانای جێبەجێکردنی لە ڕێبازە جۆراوجۆرەکاندا هەیە.

خۆ ئەگەر بانگەشەی بەستنەوەی دامەزراوەیەکی دیاریکراو بە ڕێبازێکی دیاریکراو کرا، ئەوە بۆ ئارایشکردنی ئەو ڕێبازەیە. بۆیە سرووشتی هونەریی

وەک تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی دامەزراوە دەمێنێتەوە، کە وای لێدەکات لە هەموو کات و شوێنێک و بۆ هەموو ڕێبازێک شیاوی جێبەجێکردن بێت.

ئەوەی دەڵێن دامەزراوەیی سرووشتی ڕێبازگەرایی هەڵناگرێت، ناگاتە ئەو ئاستەی بوترێت ڕێباز، یان مەزهەبەکان ناتوانن دامەزراوە دروست بکەن؛ وەلێ ئەو دامەزراوانە هەر بە لەدایکبوونیان ئیدی لە ڕێباز و مەزهەبەکان تریشدا دەبنە شیاوی جێبەجێکردن؛ واتە دامەزراوە بەمەزهەبی ناکرێت.

ئەوەشی دەوترێت دامەزراوەیی سرووشتێکی هونەریی هەیە، کە لە کۆتوبەندە مەزهەبییەکان ڕزگاری دەکات، هەر بەسوود بۆ مەزهەبگەرایی دەگەڕێتەوە، چونکە هونەرگەری دامەزراوەیی دەبێتە پاڵنەری داهێنان لە بواری ئابووری و کارگێری و سیاسەتیشدا، بەوەشەوە ناوەستێت، بەڵکو هونەرگەریی دامەزراوەیی پەیوەندییەکی دیالۆگیانەی کارا و کاریگەر و پۆزەتیڤ و داهێنەرانە دەخوڵقێنێت.

**دووەم: دامەزراوەیی:**

**خوێندنەوەیەک بۆ دەق و کەتواری مێژوویی ئیسلامی:**

دەتوانین بڵێین ئیسلام هەر بە دامەزراوەییانە لەدایک بووە و بە درێژایی ماوەی دابەزینی سرووشیش دامەزراوەیی هاوڕێی بووە.

کاتیک پیغەمبەری خودا محەمەد (درووودی خودای لەسەر) لە ئەشکەوتی حیرا لە خەڵوەتدا پەرستشی ئەنجام دەدا، سرووشی بۆ هات، هەر بە دابەزینی سرووشیش خێزانەکەی باوەشی بۆ ئیسلام کردەوە، هەموومان هەڵوێستی دایکمان خەدیجە (ڕەزای خوای لە سەر)، دەزانین کاتێک پیغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) هەواڵی دابەزینی سرووشی پێدا؛ خێزان سەرەتا و بناغەی چوارچێوەی دامەزراوەییە بۆ کۆمەڵگە.

هەر بۆیە ئیسلام لەو ڕێسابەندییانەیدا، کە کار لەسەر خێزان دەکەن، کار بۆ ئەوە دەکات چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بۆ دابڕێژێت.

کاتێکیش خێزان چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بۆ دادەڕێژێت، دەبێتە دەروازەی خێر.

مـــاڵی ئەرقەم بریتـــی بـــوو لە کـــاراکردنەوە و بەرجەســـتەکردنی ڕۆڵـــی دامەزراوەیـی لە بـانگەوازی ئیسـلامیدا و بەڕاسـتی لەو دەروازەیەوە خزمەتـی ئیسـلامی کـرد، چـونکە مـاڵی ئەرقەم بـارگەیەکی دامەزراوەیـی چـاک بـوو بـۆ گەیانـدنی بـانگەوازی ئیســلامی و پاراســتنی. بەو شــێوەیە دامەزراوەیــی لە گەیانـدنی بـانگەوازی ئیسـلامیدا بەردەوام بـوو، تـا گەیشـتە پەیمـانی عەقەبەی یەکەم و دووەم، کە بەڕاستی دوو کاری دامەزراوەیی داهێنەرانە بوون.

ڕووە داهێنەرەکـانی ئەم کـارە لەوەدا دەرکەوت، کە بـوو بە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیـی کە لـێکەوتە و کارلێـک و ڕەنگـدانەوەکانی لە کـاتی دروسـتبوونی دەرکەوتی ئیسلامی لە مەدینەی درەوشاوە دەرکەوتن.

برایەتی لەنێوان کۆچکردووان و پشتیوانان و کارنامەی نێوان مسـوڵمانان و نامســـوڵمانان لە مەدیـــنەی درەوشـــاوە، ئەمە و چەنـــد کـــارێکی تـــریش چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بوون بۆ دەوڵەتی ئیسـلامی لە قۆنـاغی یەکەمـی دروستبوونیدا.

یەکێک لە پرسەکانی ئوممەتی ئیسلامیی بریتییە لەو دە کەسـەی، کە مژدەی بەهەشــتیان پــێ دراوە، کە ئــوممەت قســـەی زۆر لەســـەر ئەوە کــردووە، کە بەهەشـت چاوەڕێیـانە، بەڵام لەوە بێـدەنگ بـووە، کە ڕۆڵێکـی زینـدوویان لە کـاراکردنی دامەزاوەییـدا هەبـوو بـۆ بنیاتنـانی دەوڵەتـی ئیسـلامی وەک کـارێکی ژیـاریی داهێـنەرانە؛ ئەوان وەک کـۆمەڵەیەکی دامەزرێـنەر وا بـوون، کە بـوونە زامنــی کــاری سیاســی لە ســـەردەمی خەلـــیفە ڕاشــیدەکاندا، بەتـــایبەت لە هەڵبژاردنی سـێ خەلـیفە ڕاشیدەکەی سـەرەتا، ئەبوبەکر و عـومەر و عوسـمان (خوایان لێ ڕازی بێت).

باشترین شتێک، کە ئەم بڕگەیەی پێ بە پایان بگەیەنین ئەوەیە ئامـاژە بەوە بکەیــن، کە پەرستشــە ئیســلامییەکان، وەکــو نــوێژ و حەج، لە ســەر بنەمــای کۆمەڵیبوون بنیات نراون، کە بنەما و چوارچێوەی کاری دامەزراوەیی دروست دەکەن، هەرچــی زەکاتیشـــە، دامەزراوەییبـــوون تێیـدا بە دەقــی ڕاشــکاوانەی قورئانی پیرۆز بڕیاری لێ دراوە. خو[ای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾. [التوبة: ٦٠].

واتە: بێگومان زەکات تەنها بۆ هەژار و نەداران و ئەو کەسانەی، کە کارمەندن بەسەریەوە و بەو مسوڵمانە نوێیانەی، کە هێشتا ئیمان لە دڵیاندا جێگیر نەبووە و بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان و بۆ یارمەتیدانی) قەرزدارەکان و بۆ گەیاندنی ئایینی خودا (هەر بوارێک، کە خزمەت بە بانگەوازی ئیسلام بکات و ئایینی خودا بەرەو پێش و سەرکەوتن ببات) هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەش، کە پارەیان لێ دەبڕێت و نەدار دەکەون)، دابەشکردنی زەکات بەو شێوەیە( فەرزە لەلایەن خوداوە لە گەردنی ئیمانداراندا، خوداش زانا و دانایە (لە سامانبەخشین و فەرزکردنی زەکاتدا) . بەڕاستی خەرجی ئەوانەی کاری زەکات بەڕێوە دەبەن وا دەخوازێت، کە دامەزراوەیەک بۆ زەکات هەبێت.

**سێیەم: دامەزراوەیی: خوێندنەوەیەک لە بەرەوپێشچوونیدا:**

پێشنیاز دەکەم نەخشەیەکی سیاسیی جیهان لە بەردەمماندا دابنێین، کە دەوڵەتانی جیهان پیشان دەدات، پاشان بە پێنووسێک، کە مەرەکەبەکەی سوور بێت، خاڵێک لەسەر جێگەی هەر وڵاتێک دابنێین، کە بە کۆی ڕا بە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو هەژمار دەکرێت، واتە بە کردار پێشکەوتوو بێت، نەک تەنها بە بانگەشە. دواتر بە پێنووسێک، کە مەرەکەبەکەی شین بێت خاڵێک لەسەر جێگەی هەر وڵاتێک دابنێین، کە زاراوەی دەوڵەتی دامەزراوەیی بەسەردا جێبەجێ ببێت، بەڵام پڕ بە واتای وشەکە دامەزراوەیی بێت، نەک تەنها بانگەشەی دامەزراوە. ئەزموونی کرداری ئەوەی سەلماندووە، کە ئەو دەوڵەتانەی نیشانەی مەرەکەبە سوورەکەیان لێ دراوە، هەر ئەو دەوڵەتانەن، کە نیشانەی مەرەکەبە شینەکەیان لێ دراوە، لێرەوە داوا لە هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین، کە سەرقاڵی کاری ئوممەتی ئیسلامین، ئەم ئەزموونە تاقی بکەنەوە.

ئەو ئەزموونەی ئاماژەم پێ کرد، بەڵگەیەکی زیندوو لەسەر ئەوە پێشکەش دەکات، کە پێشکەوتن و دامەزراوەییبوون دووانەیەکی پێکەوە گرێ دراون؛ لە

هەر شـوێنێکدا پێشـکەوتن هەبێت کـاری دامەزراوە هەیە، لە هەر شوێنێکیشـدا دامەزراوەیی هەبێت پێشکەوتن هەیە.

سەبارەت بەم گرێدراویەی پێشکەوتن و دامەزراوەییبوون پرسیارێک سـەر هەڵدەدات: ئایـا ئەو کۆمەڵگـانەی کە پێشـکەوتن و چوارچێوەی کارەکانیـان بە دامەزراوە ڕێکخستووە بە چ ڕیزبەندییەک دەستیان پێ کردووە؟

لەگەڵ ئەوەی ئەم پرسیارە جۆرێک لە ئاوەزییبوونی پێوە دیـارە، بەڵام ئەم ئاوەزیبوونە شتێکی نێگەتیڤ دەشارێتەوە.

ئەوانەی بەتۆبزی پابەند دەبن بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارەوە، هەریەک لە پێشـــکەوتن و دامەزراوەیبـــوونیش پەک دەخەن. ئەوانەشـــی کە دەیانەوێـــت بەدوای وەڵامـی ئەم پرسـیارەدا بچـن وەکـو ئەوانە وان، کە تەمەنـی خۆیـان لە گەڕان بەشوێنی وەڵامی ئەو پرسیارەدا براندەوە کە دەڵێت: ئایا سـەرەتا هێلکە بووە یان مریشک؟ ئەو دامەزراوەییەی، کە لەگەڵ پیشـکەوتن بەرەوپیشـچووندا پـێکەوە بەسـتراوە جۆرێـک لە ڕوونکـردنەوەی پێویسـتە؛ ئەو دامەزاراوەییەکـی گشـــتگیرە: کـــۆی سیاســـەت بە شـــێوەیەکی دامەزراوەیـــی چوارچێـــوەی بـــۆ داڕێژراوە، کۆی تەشریع بە شێوەیەکی دامەزراوەیی چوارچێوەی بۆ دانـراوە، کـــۆی کـــۆمەڵگەش، بە هەمـــوو ئەو شتانەشـــەوە کە تێیـــدان، بە شـــێوەیەکی دامەزراوەیی ڕێکخراون.

مەبەسـتمان گشـتگیربوونی چوارچێوەی دامەزراوەیی ئەوە بـوو، کە دەرگـا لەســەر ئەو پرسـیارە دابخەیـن کە دەڵـێن: لە چ بـوارێکەوە پرۆســەی دانـانی چوارچێـوەی دامەزراوەیـی دەسـت پـێ بکەیـن؟ پڕپێسـتترین وەسـف بـۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە پرسیارێکی سواو و بێکەڵکە.

**چوارەم: دامەزراوەیبوون:**

**وەرزی ڕۆشنبیریی پەیمانگا:**

یەکێک لە نەریتە زانستییەکانی پەیمانگا بریتییە لە ڕێکخستنی وەرزی ڕۆشنبیری، کە تێیدا گەورە پرۆفیسۆرەکان وانەی تێدا پێشکەش دەکەن، وەرزێکە لە مانگی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات و لە مانگی ئەپریلی ساڵی دوابیدا کۆتایی دێت.

گفتوگۆیەکی زۆر کرا بۆ دیاریکردنی بابەتی ئەمساڵ، چەندین پاڵنەر هەبوون، کە هاندەر بوون بۆ هەڵبژاردنی بابەتی دامەزاوەییبوون، ئەوەی لەم چەند لاپەڕەیەی پیشوودا باسمان کرد و چەندین خاڵی تریش بەڵگەن لەسەر گرنگیی ئەم بابەتە.

ئەم وەرزە حەوت وانە لەخۆ دەگرێت، ئامانج لێی ئەوەیە، کە ئەو وانانە چەندین بواری هەمەجۆر لەسەر دامەزراوەییبوون شی بکەنەوە.

**دکتۆر ڕەفعەت ئەلعەوەزی**

# بەشی یەکەم: دامەزراندن و دامەزراوە
# (التأسس و المؤسسة )

**پ.د. تەها جابر عەلوانی**[(١)]

**پێشەکی**

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، داوای لێخۆشبوون و پشتیوانی و ڕێنمویی لێ دەکەین و پەنای پێ دەگرین لە خراپەی دەروونیمان، لە پۆخڵەواتی کردارەکانمان. درووود و سەلام بۆ سەر گیانی موحەمەد و یار و یاوەرانی و شوێنکەوتووانی و ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ئەو دەڕۆن و لەسەر سوننەتی ڕەببانیی ئەون تا ڕۆژی دوایی.

پاشان بەڕاستی هەموو جۆرەکانی گلەیی و گازەندە و دادوبێدادیکردنێک لە جیهانی ئیسلامیدا لە خاڵێکدا چڕ دەبێتەوە، کە بریتییە لە نەبوونی دوو چەمکی

---

(١) لە٤ی ئازاری ساڵی (١٩٣٥) لە شاری فەلووجەی عێراق لەدایک بووە، لە هەمان ڕۆژی ساڵی (٢٠١٦) کۆچی دوایی کردووە. خوێندنی پێش زانکۆیی لە عێراق تەواو کردووە، پاشان لە ئەزهەر کۆلێژی شەریعە و یاسای خوێندووە و هەر لە ئەزهەر لە ساڵی (١٩٧٣) پلەی دکتۆرای بەدەست هێناوە. وەکو مامۆستای فیقە و بنەماکانی، لە زانکۆی ئیسلامی ئیمام موحەمەد بن سعود کاری کردووە و بەشداریی دامەزراندنی پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی کردووە و لە ماوەی نێوان (١٩٨٥_ ١٩٩٧)-سەرۆکایەتیی ئەو پەیمانگایەی کردووە. ئەندامی کۆربەندی نێودەوڵەتیی فیقهی ئیسلامیی بووە لە جیددە، هەروەها سەرۆکی زانکۆی قورتوبە بووە لە ڤێرجینیا. پرۆفیسۆر تەها عەلوانی خاوەنی چەندین کتێب و نووسراوی بەپێز بوو لە بوارە جیاوازەکانی شەریعەت و فیقە و هزر و سیاسەتدا بە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر.

بنچینەیی؛ کە بریتین لە: "چەمکی میتۆد و مەنهەجیەت" (المنهج و المنهجیة) و "چەمکی دامەزراوە و دامەزراوەییبوون" و نەبوونی ناوەڕۆکی ئەم دوو چەمکە لە ژیانی ئیسلامی و کاروباری مسوڵماناندا.

زۆرێک لە خەڵکی هۆکاری زۆربەی کێشەکانی دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی "دامەزراوە و هزری دامەزراوەیی"، لەوانە: هەردوو جۆرەکانی پاشاگەردانی و نەبوونی پلانی ئاییندەیی، کەموکورتی لە کاروبار و جێبەجێکردنیاندا، نەبوونی ستراتیجیەت، هەڵەشەیی و شڵەژان لە بڕیارداندا، یان بڕیاردان بە شێوەی پەلەپەل و نابابەتییانە و شکستی پلانەکانی گەشەپێدان و چاکسازی کارگێڕی و پاشەکشەی هەموو هەوڵەکانی هەستانەوە و بەرەوپێشچوون. هەندێک کەس بڵاوبوونەوەی بەرتیل و خزمخزمێنە و لایەنداریتیکردنیش دەخەنە پاڵ ئەو شتانەی بە لەمپەری هەستانەوە و تێپەڕاندنی قەیرانەکان دادەنرێن.

بێگومان هەموو ئەو خاڵانەی باسکران بەشێک لە ڕاستییان تێدایە. "دامەزراوە و دامەزراوەییبوون"یش پارێزەرن لە حەز و خواستە تاکەکەسییەکان و ئەو کاروبارانەی کە بێلایەنی و بابەتیبوونیان تێدا نییە، هەروەها ئامرازێکن بۆ هێنانەوەی دیسپلین و سیستم و دادپەروەری. جگە لەوە کاریگەریی باشیان دەبێت لە بڵاوکردنەوەی گیانی دەستەجەمعی و قووڵکردنەوەی و دروستکردنی هۆگری و تەبایی و خۆشەویستی و کەمکردنەوەی خراپییەکانی نەستەکانی تاک لە خودپەرستی و تەنها خۆخۆشویستن و خزمخزمێنە و...هتد، بەڵام پێویستمان بە دیاریکرنی جۆری ئەو دامەزراوانەیە، کە زۆر پێویستمان پێیانە، چونکە دامەزراوەکان چەند جۆرێکن: هەندێکیان پەیوەستن بە "حکومەت"ـەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت پێویستی بە چەندین دامەزراوە هەیە، کە لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی و جێبەجێکردنی بەرنامەکانیدا پشتیان پێ دەبەستێت، کە ڕەنگە گۆڕانکارییان تێدا بکات، یان پەرەیان پێ بدات، یان هەڵیان بوەشێنێتەوە دوای ئەوەی، کە پاڵنەر و هۆکارەکانی دروستکردنیان نەما، ئەو دامەزراوانەش زیاتر ئەوانەن، کە دامەزراوەی ناجێگیرن و لە حاڵەتی لەناکاو و دۆخە تایبەتەکاندا دادەمەزرێنرێن.

جگە لەمانە، دامەزراوەگەلێکی تر هەن، کە هیی دەوڵەتن و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی دەوڵەت دروست دەبن؛ دامەزراوەکانی دەوڵەت لە دامەزراوەکانی حکومەت جیاوازن، بەوەی کە جێگیرترن و بەردەوامییان زیاترە، هەروەها فراوانتر و گشتگیرترن، تا بتوانن خزمەتی هەموو لایەن و پێکهاتەکانی دەوڵەت بکەن. بەمەش لە دامەزاوەکانی حکومەت فراوانتر و ڕەگداکوتاوتر و بەردەوامترن.

قورئانی پیرۆزیش بۆ ئەوە دابەزیوە، کە ئوممەتێک دابمەزرێنێت، کە (ئوممەتی ئوممەتان) یان (ئوممەتی لووتکە) بێت، کە بتوانێت هەموو جیهانیان لە دەوری کۆمەڵێک ئامانج و بەها کۆ بکاتەوە، بە شێوەیەک  بیکاتە جیهانێک کە توانای بەدیهێنانی ئامانجی باڵای خودای گەورە لە بەدیهێنراوەکانی هەبێت، جیهانێک کە بەها باڵاکان باڵی بەسەردا بکێشێ: بەهاکانی (یەکتاپەرستی و پاکژکردنەوە و ئاوەدانکاری) جیهانێکی مرۆڤدۆستیی وا، کە بتوانێت بە (بەڵێنی خودایی)یەوە پابەند بێت، ئەرکی جێنشینی لە چوارچێوەی (ئەمانەتداری) بەدی بهێنێت وپەی بە سرووشتی تاقیکردنەوە (الابتلاء) و چاوەڕوانیی پاداشت و سزای خودایی ببات، جیهانێک کە ڕێگە بەوە نادات هیچ بەشێکی لە تاریکی و تاریکستاندا بمێنێتەوە؛ لە نموونەی تاریکستان:  (بەندایەتیکردن بۆ بەندەکان و کۆیلەکردنی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە).

هەروەها ئەو جیهانەی قورئانی پیرۆز هەوڵی بنیاتنانی داوە، جیهانێکە، کە هەموو خەڵکی پەرستش تەنها بۆ خودای گەورە و بێهاوتا دەکەن، هەروەها بۆ دەربازکردنیانە لە ستەمی مرۆڤ و حەسانەوەیانە لە سایەی دادگەریی ئیسلامدا، هەروەها لە هەموو جۆرەکانی تەنگوچەڵەمە و بنبەستییەکان بۆ فراوانی ژیان و پانتاییە واڵاکانی دنیا و دوارۆژ.

لێرەوە ئەو "هزری دامەزراوەی" (الفکر المؤسسي)یە، کە قورئان کاری بۆ چەسپاندنی پایەکانی کردووە، نەیبەستۆتەوە بە حکومەت یان دەوڵەتێکەوە، بەڵکو پەیوەستی کردوە بە **"ئوممەتی سەرمەشقی وەسەتیی چاکەخواز و گەواهیدەر بەسەر خەڵکی ئیماندار بە خودای تاک و تاقانە، ئوممەتی فەرمانکەر بە چاکە، ڕێگریکەر لە خراپە".**

کەواتە هەر دامەزراوەیەک لە دامەزراوەکــان گەورە بێــت، یــان بچــووک پێویستە بەشێکی کارا بێت لە مەنزومەی (ئوممەت) بە هەمـاهەنگی و سـازان و گونجاوی ئەرک و ڕۆڵی خۆی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئوممەت و مەبەستە باڵاکانیدا ببینێت. هەروەها ئەو دامەزراوانە لەپێناو ئوممەتدا درووسـت بـوون و لە بازنەی ئەویشدا دەسووڕێنەوە. هەر کاتێک ئوممەت پێویستی بێت ئەویش ئامادە دەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئوممەت، هەندێکیان دەکرێت لە "دامەزراوە پێویســتەکان" هەژمــار بکــرێن ئەگەر پەیوەســت بــن بە کاروبــارە پێویستەکانی ئوممەتەوە، وەک بوون و مانەوەی ئوممەت، سنوور و ئاسـاییش و ئارامی و جێگیرییەکەی و ئامانجە باڵاکانی، هەندێکیشیان دەکرێت لە ئاستی خواســـتەکانی ئـــوممەت هەژمـــار بکـــرێن، ئەو ئاســـتەی کە پــــلەیەک لە پێداویســتییەکان نزمتــرە، بەڵام خواســتگەلێکن کە ناکرێــت فەرامــۆش بکــرێن، یاخود کەمتەرخەمی و خەمساردییان بە هیچ شێوەیەک تێدا بکرێت.

ئوممەتیش لە هەمـوو ئاسـتە جیاوازەکانـدا چەنـدین خواسـت و پێداویسـتی (حاجـة)ی هەیە، بـۆ بەرپـاکردنی دامەزراوەگەلێـک کە بتوانێـت ئەو خواسـتانە (حاجات) تێر بکات و پارێزگارییان لێ بکات.

هەروەها تەواوکاری و جوانکاری (کمالیات و تحسینیات)ێک هەن، کە ڕەنگە دامەزراوەگەلێکیان بۆ دروست بکرێت کە لە ئاستی خواستەکان (حاجیات)دان.

جاری واش هەیە بەرز دەبنەوە بۆ ئاستێکی بـاڵاتر، وەک ئەو دامەزراوانەی، کە ئەرکـی بەرزکـردنەوە و پاراسـتنی خووڕەوشـتی گشـتی "الـذوق العـام" و بەرهەمهێنانی هونەر و وێژەگەلێک، کە خووڕەوشتی ئیسلامی بنیات دەنێن و گەشە بەو هەستە جوان و شیرینە دەدەن، کە بۆ گەشەسەندنی کارە خێرەکان و پاڵنەرە بەرز و بڵند و جوامێرەکان پێویستن و ناتوانین دەستبەرداریان بین.

کاتێک هەندێک فەتوا زۆرینەی هونەر و وێژەی هێنایە ئاستی فەتوایەک، کە حەڵاڵ و حەرامیـــان بکـــات، ئەوە لە ئاســـتی خووڕەوشـــتی گشـــتیی کەم کردووەتەوە و زیانی پێ گەیاندووە و هەستی دڵڕەقی و زبری و توندی و پەرتەوازەیی دروست کردووە، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ زۆرێک لە لادان و وشکیی ژیان. ئەوانەی ئەو فەتوایانە دەدەن، یان بەکاریان دەهێنن، ئەوەیان

لەبیر چووە، کە خوای گەورە منەتی خۆی بەسەر پێغەمبەر داود (علیه السلام) دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ مِنَّا فَضْلًا ۖ يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ ۖ وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ﴾ [سبأ: ١٠]. واتە: "ئێمە ڕێزێک و بایەخێکی زۆرمان بە داود بەخشیوە، فەرمانمان داوە کە: ئەی کێوەکان و باڵندەکان تەسبیحات و سرورودی ستاییشی لەگەڵدا بڵێنەوە، هەروەها ئاسنیشمان بۆ نەرم کردووە، وەکو پەرجوویەک تا پێداویستییەکانی بەئاسانی لێ دروست بکات".

هەروەها منەت بەسەر پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خودای لەسەر) دەکات کاتێک دەفەرموێت: ﴿يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاءُ مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ ۚ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ﴾. [سبأ: ١٣]. واتە: "سولەیمان هەرچی بویستایە، پەرییەکان بۆیان دروست دەکرد، لە شوێنی خواپەرستی و پەیکەر و حەوز و مەنجەڵی گەورەی بە جۆرێک، کە لە جێگەی خۆی دامەزراوە و ناجووڵێت. ئەی نەوە و شوێنکەوتووانی داود: ئێوە بە کردار و گوفتار سوپاسگوزار بن، هەرچەندە کەمێک لە بەندەکانم سوپاسگوزارن".

خۆ دیاریشە خوای گەورە بە شتێک منەت بەسەر پێغەمبەراندا ناکات، کە حەرام یان مەکروە بێت. هەروەها دامەزراوەگەلێک هەن، کە حەرامکراو یان زیانبەخش یان یاساغکراو و ڕێگەپێنەدراون، بە هیچ شێوەیەک نابێت دروست بکرێن، جا لەژێر هەر ناوێکدا بێت و هەر نازناوێکیان پێ بدرێت، ئەوەتا خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمان بە ڕووخاندنی مزگەوتی زیرار (مسجد الضرار) کرد و فەرمووی: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ ۚ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَىٰ ۖ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾. [التوبة: ١٠٧]. واتە: "ئەو دووڕووانەی کە مزگەوتێکیان دروست کرد لەبەر زەرەردان و بڵاوکردنەوەی بێباوەڕی و بەرپاکردنی دووبەرەکی لەنێوان ئیمانداران و بۆ چاوەڕوانکردنی هاتنی ئەو کەسانەی، کە پێشتر دوژمنایەتی و جەنگیان دژی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکرد و بێگومان سوێند دەخۆن کە: ئێمە تەنها مەبەستمان چاکە بووە، لە کاتێکدا خوداش شایەتی دەدات، کە بەڕاستی ئەوانە درۆزنن".

لێرەدا دامەزراوەکە ناویشی (مزگەوت)ـە، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەریی نەبوو، مــزگەوتەکە لە هەمــوو نــاوەڕۆکەکەی خــاڵی کــرایەوە، بــوو بە زیــرار و زیانگەیانــدن (ضــرار)، چــونکە حەقیقەتــی ســوودی کــۆمەڵگە لە بنیاتنــان و یەکڕیزی و بەرزکردنەوەی بەهای یەکتاپەرستی و پاڵفتەکردن و پاککردنەوەی خەڵکی و فێرکردنـی قورئـان و دانایيـدایە. هەمووشـیان بەردەوام لەسـەر تـاکە وشەیەکن (کلمة سواء).

خۆ ئەگەر مزگەوت ببێتە دامەزراوەیەک بۆ فێرکردنی کوفر و جیاکاری لە نێوان ئیمانداران و ببێتە شوێن و مۆڵگەی دوژمنانی بەهـا قورئانییەکـان، ئەوا نە نــاوی دامەزراوەکە ســوودی بــۆی هەیە، نە ڕاگەیەنــدراوەکان، نە ئەو بەرنامـانەی، کە بۆی داڕێژراون و ڕاگەیەندراون، تەنـانەت ئەگەر خاوەنەکـانی سوێندیش بخۆن و پەیمانیش بە نیەتپاکی و سووربوون لەسەر بەهای ڕاستی و جوانی بدەن.

## (١)

## ڕای پەسەند لە دروستکردنی دامەزراوەدا:

مەیلێکــی لاســایکردنەوە هەیە، کە ڕەنــگە پــاڵ بە کەســانێکەوە بنێـت بــۆ هــاوردەکردنی دامەزراوەگەلێـک، کە لە ژینـگەی تـردا بـۆ پڕکـردنەوەی چەنـد پێداویستییەکی دیاریکراوی ئەو کۆمەڵگانە دروست کراون.

ئەم جـۆرە لە دامەزراوەی هـاوردەکراو لە شـێوەی لاسـاییکردنەوە، ڕەنـگە خزمەت بە هەموو کۆمەڵگەیەک نەکات وەک خزمەتکردنی بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی تێیــدا لەدایــک بــووە، هەر بــۆیە پێویســتە ئــوممەت دامەزراوەکــانی بەپێــی ئیجتیهادگەلێک و لیکۆڵینەوە و دیراسـەگەلێکی گشـتگیر دابمەزرێنێت، کە ئاسـتی پێویسـتی و گرنگیی دامەزراوەکە بـخەنە ڕوو و ئەو بۆشـاییە دیـاری بکەن کە ئەو دامەزراوەیە لە گیــانی کــۆمەڵایەتیی ئوممەتــدا پــڕی دەکــاتەوە، چــونکە دامەزراوەکـان بـۆ پڕکـردنەوە و تێرکردنـی حەز و خواسـتی تاکەکەسـی، یـان ئــارەزووی کەسـیی دانامەزرێـت، بەڵکـو پێویسـتە لە دامەزراندنیـدا ڕەچـاوی "ئوممەت" بکرێت بە هەموو ڕەگەز و پایە و پێوەندەکانیەوە؛ چونکە (ئوممەت)

بەبێ ڕەچاوکردنی پێگەی هەر بەشێکی، وەکو سەرنشینی کەشتییەک وان: پێگەی هەر یەکێک لە ڕۆڵەکانی یان لە پێکهاتەکانی مافی ئەوەی ناداتێ، کە بە ویستی خۆی مامەڵە بە پێگەکەیەوە بکات، چونکە لادان و سنووربەزاندن یان مامەڵەی خراپ هەموو سەرنشینانی کەشتییەکە و کەشتییەکەش دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە هەر شتێک کاریگەریی لەسەر کەشتیی ئوممەت یان سەرنشینەکانی هەبێت، پێویستە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەی جیددی و بخرێتە یەکێک لەو ئاستانەی کە پێشتر باسمان کرد، ئەمەش بەپێ ڕای پەسەند لەلایەن کەسانی پسپۆڕی خۆی نەبێت نادۆزرێتەوە؛ ئیجتیهاد و ڕایەک کە لەسەر لێکۆڵینەوەی جیددیی گشتگیر و تێروتەسەل بنیات نرابێت، دیارە لاساییکردنەوە لە گواستنەوە دامەزراوەکاندا ڕێگە بەوە نادات.

بەڕاستی ئوممەت بۆ قۆناغی دروستبوون و بنیاتنان پێویستی بە دامەزراوەگەلێکە کە خودای گەورە بۆی فەراهەم کردووە و لەسەر سێ پایەی خودایی بنیات نراون، کە بریتین لە: پێغەمبەری نێردراو و قورئانی شکۆمەند و هەڵگرانی سەرەتای پەیامی ئیسلام.

دامەزراوەگەلێکیش هەن بۆ پاڵپشتیکردنی بونیاتەکەی و پاڵپشتی و بەخشینی فاکتەری مانەوە و دوورخستنەوەی هۆکارەکانی داڕمانی ئوممەت.

دامەزراوەگەلێکی تریش هەن یارمەتیی ئوممەت دەدەن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و ڕۆڵی خۆی و بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستە باشەکانی و فەراهەمکردنی پایەکانی بەرەوپێشچوونی بەردەوام و گەشەکردن.

ئەو هێزی دامەزراوەییەی، کە قورئان دایدەنێت وای لێ چاوەڕوان دەکرێت، کە لەو تەوەرە سەرەکییانەدا جێی بێتەوە، بۆ ئەوەی "دامەزراوەکانی ئوممەت" فەراهەم بکات.

## (٢)

**واتا و چەمک:**

ماددەی "أ. س. س" لە قورئانی شکۆمەندا لە پرۆسەی "بنیاتنان" ( سس بنیانە)دا هاتووە، واتە بناغەیەکی بۆ دانا، کە بریتییە لە بنچینەی ئەو بینایەی کە لەسەری بونیات دەنرێت.

دەوترێت: "أس وأساس" کۆی "الأس"یش "أساس"ـە.

یەکەم دامەزراوەش کە قورئان گرنگیی بە بناغە و پایەکانی دا بۆ ئەوەی بینای لەسەر بنیات بنێت و بیکاتە بنچینە و دەسپێک بۆ ئەوانی تر، بریتی بوو لە "خێزان"، کە ئیسلام بە دامەزراوەیی و بنچینەیی داناوە کە بونیاتی "کۆمەڵگە و جەماعەت و ئوممەت"ی لەسەر دادەمەزرێت، وەک ئەوەی ئیسلام بناغەی تۆڕی ئەو پەیوەندییانەی کە هەموو ئەم کیانانەی لەسەر وەستاوە لەسەر خێزان دایناوە.

هەموو ئاراستە و ئاماژە و تەشریعاتە پەیوەندیدارەکانیش بە خێزان لەژێر بنەمای بنیاتنانی "دامەزراوەی دایک"دا جێیان دەبێتەوە؛ واتە خێزان.

ئەوەتا خودای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ.﴾ [الحجرات: ١٣]. واتە: "ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەک دروست کردووە (کە باوکە ئادەم و دایە حەوایە) و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان بەیەکەوە خۆش بێت، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لەخوداترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خودا زانا و ئاگایە بە هەمووان).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾. [النساء:١]. واتە: "ئەی خەڵکینە لە خەشم و نارەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە نەفسێک دروست کردووە، هە ر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێنا و لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوە و بڵاو کردەوە، هەروەها لەو خوایە بترسن کە لەیەکتر داوا دەکەن

به ناوهێنانی ئەوەوە، هەوڵ بدەن پەیوەندیی خزمایەتییش بپارێزن و (پتەوی بکەن)، چونکە بەڕاستی خودا (هەمیشە و بەردەوام) چاودێرە بەسەرتانەوە".

هەروەهــا بەو پێــیەی خێــزان "دامەزراوەی دایک"ــە، پایەکــانی دامەزراوە گەورەکە، کە "ئوممەت"ــە، لەســەر خێــزان بنیــات دەنرێــت. پــێش دۆزیــنەوەی چەمکی "ئوممەت" مرۆڤ لە چەندین بارودۆخی مێژوویی جیاوازدا بە چەندین ئاراستەی جیاوازدا ڕۆیشتووە بۆ گەڕان بەشوێن جێگرەوەی تر، بۆ ئەوەی ببێتە چەقی کۆبوونەوەی دامەزراوەکان، لەوانە: دامەزراوەی خێڵ، دامەزراوەی عەشیرەت، دامەزراوەی هۆز (القبیلة) و گەل و تیرە (طائفة)، دەستە/ کۆمەڵە/ بەرە، پاشــان ئیســلام مرۆڤــایەتی بەرز کــردەوە بــۆ ئاســتی (ئــوممەت)، کە باشــترین شــێوەیە کە لەگەڵ مرۆڤــایەتیی مــرۆڤ و ڕۆڵە هەمەجۆرەکانیــدا لە ژیانــدا گونجــاوە و بــاقیی دروســتکراوەکانی تــر ئەم تایبەتمەنــدییەیان نیــیە، هەرچەندە قورئان نازناوی "ئوممەت"ی بەوانیش داوە: ﴿وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾. (الأنعام:٣٨). واتە: "هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێک نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هــیچ باڵنــدەیەک بە باڵەکــانی بفڕێــت و ئەوانــیش ئــوممەت و گەلێــک نەبــن وەک ئێوە (دڵنیا بن) هیچ شتێک نییە پشتگوێمان خستبێت لە کتێبە (تایبەتییەکەی لــوح المحفــوظ)دا لەوەودوا هەرهەمــوو ئەوانــە کــۆ دەکــرێنەوە بــۆ لای پەروەردگاریــان (بــۆ ئەوەی دادگــایی بکــرێن و هەمــووکەس مــافی خــۆی وەربگرێت، یان تۆڵەی ڕەوای لێ بسەنرێت".

ئیسـلام سـوورە لەسـەر ئەوەی هەمـوو جۆرە پەیوەندییەکان و کۆی ئەو تـۆڕانەی کە پێیـانەوە پەیوەسـتن لە بـازنەی ئایینـدا لەخـۆ بگرێـت، بـۆ ئەوەی جـووڵە و هەڵسـوکەوتیان ڕێـک بخـات و لەسـەر بەهێزتـرین پـایەی ئیمـان و ئەخلاقی بنیاتیان بنێت.

بۆیە قورئانی شکۆدار گرنگیی داوە بە بەستنەوەی تۆڕی پەیوەندییەکان لە "دامەزراوەی دایــک" و کــۆی ئەو دامەزراوانەی لەســەر ئەو بنیــات نــراون بە ڕشتەی ئەو بەهایانەی کە ئیسـلام کاری بۆ چەسپاندنی پایەکانی بە هەمـوو ئاســتە جیاوازەکــانییەوە کــردووە؛ باڵاترینیــان بەهــا و مەبەســتە قورئــانییە

بالاكــانن، كە بــريتين لە "يەكتاپەرســتى (التوحيــد) و پــاكژكردن (التزكيــة) و ئاوەدانكــارى"، تايبەتمەنــدييەكانى بــاوەڕ و كــوفر و دووڕوويــى و گــومڕاى و ڕێنمــوى و بەردەوامــى (الاســتقامة) و لادان و... تــادوايى لەســەر ئەم بەهــا و مەبەستە بالايانە بنيات نراون.

كەواتە شــتێكى نــامۆ نيــيە كە قورئــانى شــكۆدار نازنــاوى "ئــوممەت" بە پێغەمبەر ئيبراهيم ببەخشێت، كە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾. [النحل: ١٢٠]. واتە: "بەڕاستى ئيبراهيم عليه السلام هەر خۆى ئومەتێك بوو، (هەر خۆى پێشەوايەك بوو) ملكەچ و فەرمانبەردارى خودا بوو و لە هەموو بيروباوەڕێكى چەوت بەدوور بوو، لە موشريك و هاوەڵگەرانيش نەبوو..."، چونكە ئەو تايبەتمەندى و مەرج و شاييستەييانەى تێدا بەرجەستە ببوو كە واى لێ بكات ئوممەتێكيان لەسەر بنيات بنرێت.

قورئانى شكۆدار لێوانلێوە لە ڕێنمايى و ئاراستەگەلێكى تايبەت بە بنياتنانى دامەزراوە ناوەنجييەكــان (المؤسســات الوســيطة) و ئاكــارە بنەڕەتييەكــان بــۆ بنياتنــان و پاڵپشــتيكردن و بەردەوامــى، گەورە دامەزراوەى دايــك (المؤسســة الأم) كە بريتييە لە "ئوممەت".

هەمــوو تەشــريعەكانى لە خــواردن و خــواردنەوە و مــامەڵە و هاوســەرگيرى و تــاوان و ڕێســاكانى ئەخــلاق و ڕەفتــار كە هەموويــان لە ســۆنگەى بنياتنــانى دامەزراوە گەورەكە و جێگيركردنـــــى پايەكـــــانى بە دامەزراوە بچـــــووك و ناوەنجييەكــانە، بــۆ ئەوەى دواجــار ئــوممەت ببێت بە كۆشــكێكى بەرزى قــايمى داڕێــژراو و بەهێــز كە هــيچ كەلەبەر و درز و نــاڕێكى و نــاتەواوييەكى لە هــيچ لايەكيەوە تێدا نەبێت، بۆيە نامۆ نييە كە ئيمانداران بە كۆشكى بەرزى قايمى داڕێــژراو (البينــان المرصــوص) وەســف كــراون، ئەوەتــا خــوداى گەورە دەفەرمــوێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ﴾. [الصــف: ٤]. واتە: "بەڕاســتى خــودا ئەو كەســانەى خــۆش دەوێــت كــە لەپێنــاو ڕێبــازى خــودادا بە يەك ڕيــز و يەك پارچــە و يەك دڵ دەجەنگــن، چــونكە هەر وەك كۆشكێكى بەرزى قايمى داڕێژراون بە قوڕقوشم".

له کاتێکدا که کۆشک (البنیان)ی ئەوانی تر بەگومان و کەموکورتی وەسف دەکرێت. وەکو دەفەرموێت: ﴿لَا يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْا رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَّا أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾. [التوبة: ١١٠]. واتە: "ئەو بینایەی دووڕووەکان دروستیان کرد بەردەوام هۆی گومان و زیادبوونی دڵەڕاوکێیە لە دڵیاندا، هەتا ئەو کاتەی کە دڵیان دەپچڕێت و دەمرن، بێگومان خوا زانایە (بە پیلانی دووڕووەکان) دانایە (لە هەڵوەشاندنەوە و پووچەڵکردنەوەیاندا).

لە هەموو ئەمانەشدا ئاگاییدانێک هەیە کە "ئوممەتی خێر" پێویستە بنیات بنرێت، هەر وەک چۆن ئوممەتانی شەڕ و خراپەش بنیات دەنرێن؛ لە قورئاندا هاتووە: ﴿وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا﴾. [النبأ: ١٢]. واتە : "(ئایا) حەوت چین ئاسمانی بەهێز و پتەومان بەڕاسەرتانەوە دروست نەکردووە؟".

خۆ ئەگەر "ئوممەت" پێکهات (بنیان)ێک نەبێت کە خودای گەورە بنیاتی بنێت و تەبایی بخاتە نێویەوە، ئەوا ناتوانێت بە ئەرکی شایەتیدان لەسەر خەڵکی هەستێت، یان وەسفی خێر بوون و چاکە و وەسەتیەت لەخۆیدا بەرجەستە بکات و ئەو ڕۆڵی ئاوەدانکارییە ببینێت کە پێی سپێردراوە.

لێرەوە دەتوانین پەی بەوە ببەین کە "بیرۆکەی دامەزراوە" هەر لە سەرەتای دابەزینی سرووشەوە وەک گیانێک بووە لەبەری ئیسلامدا بەگشتی، بە بیروباوەڕ و شەریعەت و سیستم و مومارەسەی ژیانەوە، واتە هەموو شتێک ئەو لایەنە دامەزراوەییەی بە ڕوونی و ئاشکرایی تێدایە؛ هەر لە دید و دنیابینییەوە تا پەرستش و مامەڵە و سیستمی ژیان.

هەروەها دەتوانین لە هەموو ئەو تەشریعانەشدا کە پەیوەستن بە فەرزە عەینی و کیفائییەکانەوە چەند ڕوویەکی دامەزراوەییان تێدا بەدی بکەین، جا یان لەسەر غەیری خۆیان بنیات دەنرێن، وەک ئیمان و بیروباوەڕ، یاخود غەیری خۆیان لەسەر بنیات دەنرێت.

بیرۆکەی "دامەزراوە" و پرەنسیپەکانی لە ئیسلامدا تەنها بۆ ڕێکخستن کاری ئیداری یان دەرچوون لە بازنەی تاکگەرایی و کێشەکانی نەهاتووە، بەڵکو بۆ ڕێکخستنی هەموو ژیان هاتووە.

لێــرەوە ڕوون دەبێــتەوە کە چەمکــی "دامەزراوە" لە ئیســلامدا چەمکێکــی بنچینەیــی و ڕەســـەنە، ســۆنگە و ڕێســا و مەبەســت و ڕێــگە و ڕێبــازی ئیسـلامییانەی تـایبەت بە بنیاتنانی هەیە، ئەمەش وا دەکـات چەمکی دامەزراوە واتای ئەوە بەدەستەوە بدات کە بریتییە لە: دەزگا و کەسێتییەکی واتایی یان هەستیی کە خاوەنی بنچینە و ڕێسا و سیستم و دیسپلینی خۆیەتی.

بەو پێـیە چەنـد ئەرکێکـی دەکەوێـتە ئەسـتۆ و دەبێـتە خـاوەنی مـافگەلێکی دیاریکراو.

لە هەموو ئەمانەشدا بە کۆمەڵە دیسپلینێکی بابەتی ئامانجدارەوە پەیوەستە، لەوە دەیپارێزێت کە ڕۆڵێکی نێگەتیف بگێڕێت؛ چونکە هەر وەک چۆن دەکرێت ڕۆڵـی دامەزراوە پۆزەتیـڤ و چـاک بێـت، دەشـگونجێت ڕۆڵێکـی نێگەتیـڤ و خراپی لەسەر تاک یان دامەزراوەکانی تر هەبێت.

هەروەها جاری وا هەیە دامەزراوە بەربەستگەلێکی ڕاستەقینە یان ئیعتباری لەنێـوان خـۆی و تـاک یـان دامەزراوەکـان دادەنێـت، چـونکە هەنـدێک جـار دامەزرێـنەران یـان ئەوانەی بەشـدارن تێیـدا یـاخود ئەوانەی لێـی سـوومەندن خۆیـان جیـا دەکەنەوە و خۆیـان بەتایبەتمەنـد لەقەڵەم دەدەن، ئەمەش وایـان لێـدەکات ببـنە خـاوەن بیرکردنەوەیەکـی تەسـکی وا کە دامەزراوەکەیـان بە چەندین ئـامرازی پاراسـتن و جوانکـاری کۆتوبەنـد بکەن، ئەمەش گۆشـەگیری دەکات و دەبێتە ڕێگر لە کارلێکی پۆزەتیڤانە لەگەڵ دامەزراوەکانی تر، بەمەش توانــای ئەداکردنــی ڕۆڵــی خــۆی بە شــێوازێکی تەندروســت نامێنێــت لە دامەزراندنی "دامەزراوەی دایک" و پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی.

## (٣)

### دامەزراوە لە هزری نوێدا

بیرۆکەی دروستکردنی دامەزراوە یان (بەدامەزراوەییکردن) بەستراوەتەوە بە ژیانی شارستانییەوە، ئەمەش پاش ئەوەی لە دوای چاخی ڕۆشنگەرییەوە لە ڕۆژئاوا سەرەتاکانی شۆڕشی زانستی دوای عەقڵگەرایی و شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنەکانی تر دەرکەوتن، ئەورووپا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵینگاریی زۆر مەترسیدار بۆوە، چونکە بیری لیبراڵی سەری کێشا بۆ بناغەدانان بۆ تاکگەرایی و بەهێزکردنی بە هەموو لایەنی باش و خراپە بەرجەستەبووە چاوەڕوانکراوەکانیەوە، لە هەمان کاتدا کۆچکردن لەلایەن گوندەکانەوە بۆ شارەکان لە دوای شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستمی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکدا سەپاند، چونکە لە کۆمەڵگەی گوند و لادێدا پەیوەندیی "خزمایەتی و چینایەتی و دراوسێیەتی" باو بوو، بەڵام لەو شارە گەورانەی کە خەڵکی گوندەکان ڕوویان تێدەکرد، جۆرێکی تر لە تۆڕی پەیوەندیی تێدا بوو؛ وەک پەیوەندیی نێوان کرێکار و خاوەنکار، پەیوەندیی نێوان خاوەنکارگە و ئەوانەی کاریان تێدا دەکرد، ئەمەش پەرەسەندنێکی گەورەی لە پەیوەندییەکان و سیستمدا سەپاند، کە دواجار سەری کێشا بۆ چاوخشاندنەوە بە تۆڕی پەیوەندییە جیاوازەکان لەسەر ئاستی خێزان و هەموو ئاستە گەورەکانی تر و پەرەسەندنە ئابوورییەکان و ئەو ململانێیانەی کە لەنێوان کرێکار و خاوەنکارەکاندا ڕوویان دا، ئەوەی بەسەر خەڵکیدا سەپاند بەدوای شێوازێکی نوێ لە پەیوەندی و وابەستەییدا بگەڕێن، بۆیە لە ئەورووپا "بیروکەی دامەزراوە" وەک یەکەیەکی ئابووری سەری هەڵدا.

پاشان بیرۆکەی درووستکردنی سەندیکا و پارت و گرووپ و پەیکەرە ڕێکخستنییەکانی تر دروست بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە پرۆسەی پلانڕێژی و ڕێکخیستن و چاودێری و ئاراستەکردن و پەیوەندی و بڕیاردان و سەرکردایەتی و گەڕان بەشوێن شێوازێکی کاردا ئەنجام بدرێت، کە لە

ڕێگەیەوە کارلێک لە نێوان پێکهاتەکانیدا و کاری پێکەوەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان ڕوو بدات.

کاتێک ئەم بیرۆکانە پەرەیان سەند لە بواری سیاسییشدا ڕەنگی دایەوە، بە شێوەیەک خاوەن سەرمایەکانیش "دامەزراوە"یەکیان هەبێت لە شێوەی" پارتی سیاسی" و بۆ کرێکارانیش دامەزراوەیەکی تر هەبێت ئەویش شێوەی "پارتی سیاسی" وەربگرێت.

تا ئێستاش سیستمی ئەمریکی و ئەورووپیش پەیڕەوی ئەو ئاڕاستەیە دەکەن، بۆیە بەردەوام لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپیدا دوو پارت دەبینین کە ئالوگۆی دەسەڵات دەکەن: کۆماری و دیموکراسییەکان لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا وپارێزگاران و کرێکاران لە بەریتانیا و بەو شێوەیە، کەم جاریش هەبێت ئەو نەریتە دامەزراوەییانەی ئەو پارتانەیان لەسەر دروست بووە ڕێگە بە بوونی پارتی کارا و کاریگەری تر بدەن، لە دەرەوەی ئەو بازنەیە، هەر کەسێکیش بەدواداچوونی بۆ مێژووی ئەو وڵاتانە کردبێت دەتوانێت پەی بە زۆرێک لەو حاڵەتانە ببات کە سرووشتی سیستمەکان ڕێگە بە بوونی پارتی سێهەم نادەن.

دواتر بیری ئابووری پەرەی سەند بۆ دروستکردنی یەکەگەلێکی ئابووری بۆ پێشکەشکردنی چەندین خزمەتی جۆراوجۆر لەم بوارانەدا: دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، دامەزراوە بازرگانییەکان کە لە کاڵایەک یان چەند کاڵایەک پسپۆڕی وەردەگرن، هەروەها دامەزراوە پیشەسازییەکان.

هەموو ئەو دامەزراوانەش پشت بە شێوازێکی کارگێڕی دەبەستن کە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بە شایستەیی و کارایی خوازراو کار بکەن.

هیچ یەکێک لەو دامەزراوانەش لە بۆشاییەوە دروست نەبوون، بەڵکو لەژێر کاریگەریی ئەو ژینگەیەیاندان کە سەرچاوەکانیانی لێ وەردەگرن و سوود لە خزمەتگوزارییەکانیان و بەرهەمەکانیان وەردەگرن.

ئەو ژینگەیەش بە حوکمی ئەو پەیوەندییە ڕەنگە چەند کۆتوبەندێک لەسەر دامەزراوەکە دابنێت، یاخود زۆرێک لە کۆتوبەندی لەسەر لا ببات، بۆیە کاتێک دیراسەی هەر دامەزراوەیەک دەکرێت پێویستە دیراسەی ئەو ژینگە

دامەزراوەییە بکرێت کە بەگشتی لە دوو بەش پێک دێت: ژینگەی ناوخۆی دامەزراوەکە و ژینگەی دەرەکی، بۆ ئەوەی دامەزراوەکە وەکو "هۆز و تیرە و دەستە "بەقەتیسماوی نەمێنێتەوە و ئەگەری ئەوەی نەبێت کە بکەوێتە نێو داوی لایەنگری لە بڕیارەکاندا، بەگشتی پێکهاتەیەکی تێکەڵی دەبێت، هەر بۆیە وشەی "دامەزراوە" تەنها بەوانە دەوترێت کە پێکهاتەیەکی تێکەڵیان هەیە لە تاکەکان و کۆمەڵەکان و ئەو پەیکەری ڕێکخستنەی کە هەندێک پرۆسەی کارگێڕی تێدا ئەنجام دەدرێت، وەک: پلانڕێژی و ڕێکخستن و ئاڕاستەکردن و چاودێریکردن و پەیوەندی و بڕیاردان و سەرکردایەتیکردن و هەموو ئەو کاروبارە ڕێکخستنیانەی کە ئاوێتەبوون و کارلێکی نێوان ئەو پێکهاتەیە بەدی دەهێنن، بە شێوازێک کە ئامانجەکانی دامەزراوەکە لە ژینگەیەکی گەورەتر لە ژینگە ناوخۆییەکەیدا بەدی دەهێنێت و تێیدا ڕەچاوی هەموو ئەو فاکتەرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژیارییە جیاوازانە دەکرێت، کە بێگومان کاریگەریی لەسەر دروست دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەرییشییەوە.

## (٤)

## تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی دامەزراوە

هەرچی دامەزراوە ئیسلامییەکانە، کە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە دامەزراوەگەلێکن بەدەوری "دامەزراوەی دایک"دا دەسووڕێنەوە کە "ئوممەت"ـە؛ ئیسلام لە قورئانی پیرۆزدا ڕێساگەلێکی بۆ داناون و پێغەمبەری ئازیز (دروودی خودای لەسەر) لایەنە جێبەجێکارییەکەی ڕوون کردۆتەوە، کە لە ژیانی خۆی و ڕەفتار و سیاسەت و فەتوا و قەزاوەت و فەرموودەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و دەتوانین ئەم چەند ئاماژەیەی خوارەوەیان لێ هەڵێنجێنین:

یەکەم: ئەو دامەزراوانە کیانگەلێکی لاوەکیی پێویستن، دەبێت بەردەوام ڕێسا و بنەما و ئامانج و مەبەست و بەها باڵاکانی "دامەزراوەی دایک"یان لەبەرچاو بێت، بەو دیدگا گشتییە هاوبەشە و بەو مۆدێلە مەعریفییە کۆکەرەوە هاوبەشەوە کە هەڵی دەگرێت، هەروەها بەو ڕێبازە ئامانجدارەیەوە، کە مەبەستی بەرجەستەکردنی "ئوممەت"ـە، هەر بۆیە ئەو دامەزراوانەی، کە لە

مەدینەی درەوشاوە لەپێش فتوحات دامەزران، دامەزراوەگەلێکی خۆویستانە بوون؛ لە ویستێکی خودییەوە هەڵقوڵابوون، لەوانە: "دامەزراوەی ئەهلی حەل و عەقد" و دادوەری و تەجنید و جیهاد، چونکە هەریەکە لەم دەستە و دامەزراوانە بە شێوەی خۆبەخشی و لەپێناو پاداشتی خودایی دامەزران، تەنانەت جێنشینی یەکەم لە یەکەمڕۆژی دوای هەڵبژاردنی وەکو جێنشین، هاتە بازاڕەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێشتر ئەیکرد بۆ بەدەستهێنانی بژێویی خۆی و خێزانی، تا ئەوەی مسوڵمانان پێیان وت: "ئەمە بۆ تۆ ناگونجێت و پێویستە واز لەو کارە بهێنیت و بۆ کاری ئوممەت لێببرێیت" و شتێکیان بۆ بڕییەوە، کە بەشی پێویستییەکانی بکات و ئیدی بۆ دابینکردنی بژێوی نەچێتە بازار.

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابیشدا (خودا لێی ڕازی بێت) لە دوای فتوحات دیوانی ناونووسین و تۆمارکردن داهێنرا، کاتێک زانی "ئوممەت" پێویستی پێیەتی، ئەو سەرەتایانەش بەردەوام فراوان و کەڵەکە بوون و پەرەیان سەند.

دواتر بە تێڕامانمان ئەو جیاوازییە وردانە دەدۆزینەوە، کە لەنێوان ئەو دامەزراوانەدا هەن، کە لە "بیرۆکەی ئوممەت" سەرچاوە دەگرن لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی، کە لە "دەوڵەت" بە واتای "دەوڵەتی مۆدێرن" سەرچاوە دەگرن.

ئەو دامەزراوانەی لە ئوممەتەوە سەرچاوە دەگرن، وێڕای ئەو تایبەتمەندییانەی پێشتر باسکران، ئوممەت و یەکڕیزییەکەی و مەبەستە باڵاکانی و ئامانجەکانی بەوە دەناسرێنەوە، کە پشتبەست بە جێگیریی چەمکی "ئوممەت" و چەسپاوییەکەی، لە بنەماکاندا جێگیرن و لە ڕێوشوێن و ڕێکارەکاندا پەرەسەندوون، بەڵام لە دامەزراوەکانی حکومەت یان دەوڵەتی نوێدا جێگیری لە بنەرەتدا بەدی نایەت، مەگەر بە چەند مەرجێکی تر نەبێت.

دووەم: جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو دامەزراوە یان دەستە و ڕێکخراوانەی، کە کۆمەڵگەیەکی بزواو دایدەمەزرێنێت، کە وردەوردە بەپێی پێویستییەکانی خۆیان لەگەڵ شێوازگەلێکی ڕێکخستن گەشەیان کردووە، کە لە فەلسەفەیەکی ڕێکخستنەوە سەرچاوەیان گرتووە و بەستراونەتەوە بە ئامانجی

تەواوکردنی شێوازێکی ڕێکخستن یان پڕکردنەوەی کەلێنێک کە بە بۆشاییەکی بواری ڕێکخستنەکە دادەنرێت و زۆر پێویستە.

دامەزراوەی ئیســـلامی دامەزراوەیەکە لە پێداویســـتییەکەوە ســـەرچاوە دەگرێت، کە ئوممەت پەی پێ بردووە، یاخود خزمەتگوزارییەک، کە هەست بە پێویستیی دابینکردنی کراوە.

ئەوەتا دامەزراوەی حیسبە "الحسبة" لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا (خوا لێی ڕازی بێت) لەو هەستەوە سەرچاوەی گرت، کە بازاڕ شوێنێکە دەکرێت کەسانێک ئەو بنەما و ئامانجە باڵایانە لەبیر بکەن، کە پێویستە کڕیار و فرۆشیار لە کاتی مامەڵەیاندا ئاگایان لێیان بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەگەلێکی ناشرین و خراپ، کە کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر کیانی "دامەزراوەی دایک" دروست دەکەن، وەک تەماعکاری و چاوبرسێتی و پارەپەرستی و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و پێشخستنی بە سەر بەرژەوەندیی گشـــتیدا، هەروەهـــا فێڵکـــردن و قـــۆرخکردن و... تـــاد، کەواتە پێویســـتە دامەزراوەیەک هەبێت کار لەســەر پاراســتنی ئامــانج و مەبەســتە باڵاکــانی ئـــوممەت بکـــات لەو دیـــاردە خراپـــانە، بـــۆیە "حیســـبە" بـــوو بەو دامەزراوە نێوەندگیرەی کاری لەسەر ڕێگریکردن لەو خراپەکارییانە دەکرد و فرۆشیار و کڕیارەکـــانی بە ئەرک و مافەکانیـــان ئاشـــنا دەکـــرد و ئەرک و کـــارە ســـەرەکییەکانی ئەو وەزیـــفەیەی بـــۆ ڕوون دەکـــردنەوە، وەک ئەو بنەمـــایەی دەڵێت :"سامان سامانی خوای گەورەیە و خەڵکی جێنشینن تێیدا؛ بەو پێیەی، کە سامانەکە هی خودایە، ئەوا مافی هەموو لایەکی تێدایە و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی خاوەنە ڕاستەقینەکەی ڕێک دەخرێت".

کـاتێکیش لە کـۆمەڵگەدا پێویسـتیی بـوونی دامەزراوەگەلێکـی وا دروسـت دەبێت، کە سوودی گشتییان هەیە و پاداشتی هەمیشەیی زۆریشان دەبێت و کەسانێکی خێرخوازیش حەزیان لە بەردەوامیی کارە چاکەکانیانە، تەنانەت لە دوای وەفاتیشیان، ئەوا "دامەزراوەی وەقف" دروست دەبێت.

کاتێـک عـومەر (خـوای لـێ ڕازی بێـت) هـاتە خـزمەت پێغەمـبەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) و پرسـیاری لێکـرد، دەیەوێـت باشـترین شـتێک، کە

هەیەتی لەو کاتەدا پێشکەشی ئوممەت و کۆمەڵگەکەی بکات[1] بۆ ئەوەی سوودێکی گشتیی هەبێت لە دوای وەفاتیشی خێر و پاداشتەکەی نەبڕاوە بێت، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئاڕاستەی دامەزراندنی "دامەزراوەی وەقف"ی دەکات، کە کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری هەبووە لە پاراستنی ژیاری ئیسلامی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی "دامەزراوەی دایک".

هیچ کاتێکیش بنەمای پێویستیی بوونی چاودێری خودی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جۆرەکانی لادان لە بزاوتی کۆمەڵگەدا و سنوو بۆدانانی لە زەینی مسوڵماندا بزر نەبووە؛ واتە ویژدانێک لەسەر ئاستی تاکەکەسی هەیە، کە نەک تەنها چاودێریی خود بەسەر تاکدا دەسەپێنێت، بەڵکو پێویستە لە هەمان کاتدا جۆرێک لە چاودێریی دەستەجەمعی لەسەر بزاوتی کۆمەڵگە دروست بکات، هەر بۆیە ئوممەت هەستی بە پێویستیی بوونی" دامەزراوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە" کردووە بۆ وەرگرتنی وزەی تاکەکان و کۆکردنەوەیان و ڕێکخستنی کاروبارەکان بە باشترین شێوە.

خۆ ئەگەر ئەمە نەکرایە، ئەوا ئەو ئەرکە گرنگەی، کە زۆرێک لە زانایان بە پایەی شەشەمی ئیسلام لەقەڵەمیان داوە، لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئوممەت شکستی دەهێنا، بەڵکو ڕەنگە بە هۆکاری نارێکخراوەوە چەندین لایەنی نێگەتیڤی تریش بکەوتایەوە.

---

([1]) لە بوخاریدا هاتووە، کە عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) لە خەیبەردا زەوییەکی دەست کەوت، هات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خودای لە سەر) داوای فەرمان و ڕاوێژی لێ بکات سەبارەت بەو زەوییە و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) من زەوییەکم لە خەیبەردا دەست کەوتووە هەرگیز سامانی وام دەست نەکەوتووە، کە هێندە لام بەنرخ و باش بێت، فەرمانت بە چییە و چی لێ بکەم، فەرمووی: "إن شئت حبست أصلها وتصدقت" واتە: ئەگەر ویستت خاوەندارێتییەکەی قەتیس بکە و بیکە بە خێر. فەرمووی ئیدی عومەر کردی بەخێر، بەوەی کە نە دەفرۆشرێت نە دەبەخشرێت، نە بە میرات بەجێدەمێنێ؛ و بۆ هەژاران، و خزمان (ذوی القربی) و کۆیلە ئازادکردن و لە پێناوی خودادا و بۆ ڕێبواران و میوانان، کردی بە سەدەقە و تاوانیش لەسەر ئەو کەسە نییە، کە سەرپەرشتیی دەکات لێی بخوات بە چاکە. فەرموودەی ژمارە (٢٧٣٧ و ٢٧٧٢).

سێیەم: لە کاتێکدا ئێمە لە باسی چوارچێوەی تیۆریی دامەزراوەداین، کە دیوە جوانەکەیەتی، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، کە ئەم بیرە ڕۆشنە و ئەو بنچینە و ڕێسا کاریگەرانە لە بواری جێبەجێکردنی کرداریدا دەرفەتی تەواویان نەدۆزیوەتەوە بۆ گەڵاڵەبوونی هەموو دامەزراوە ئیسلامییەکان وەک خۆیان، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە تێکچوونی دۆخی هزری سیاسی لە دوای فیتنە گەورەکە (الفتنة الکبری) و شەهیدکرانی (شهید الدار) جێنشینی سێیەم و ڕووداوەکانی دوایی، کە جێنشینی چوارەمیش شەهید کرا و ئەو ڕووداوانەی بەدوای خۆیدا هێنا و ئەو شوێنەوارە خراپانەی ڕوویانـدا لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە و فشارەکانی و هەڵوەشاندنی دامەزراوەی "خاوەنبڕیارەکانتان" (أولی الأمر منکم) و ژیانەوەی ڕەوتە هۆزگەری و خێڵایەتییەکە، بوونە لەمپەر لەبەردەم ڕەورەوەی مێژوویی بۆ دروستبوونی هزری دامەزراوەیی و ڕەگداکوتانی لە واقیعدا و ڕەنگدانەوەی خراپی بەسەر ئەو مێژووە و ڕەوتەکەیدا جێهێشت، لێرەوە ئاراستەگەلێک دەرکەوتن، کە بە شێوەیەکی ئۆرگانی وابەستە نەبوون بە "دامەزراوەی دایک"ـەوە، کە مەبەستم لێی ئوممەتە. بۆیە چەند قوتابخانەیەکی مەزهەبی و ڕێبازگەلێکی سۆفیگەری و ڕەوتگەلێکی ڕۆشنبیری و پێکهاتەگەلێکی جوگرافی و دواتر گرووپە ئیسلامییە هاوچەرخەکان پەیدا بوون، کە ڕێگەیەکی تری دابڕاویان گرت لەگەڵ پەیوەندییەکی لاواز لەگەڵ "دامەزراوەی دایک" (ئوممەت). خۆ ئەگەر ئەو دامەزراوانە لە پەیوەندییان بە "بنەمای ئوممەت"ـەوە بەردەوام بوونایە و بەپێی پێویستییەکانی گەشەیان بکردایە و فراوان ببوونایە، ئەو دابڕانە ڕووی نەدەدا، یاخود دەکرا لایەنە نێگەتیڤەکان چارەسەر بکرێن.

ئا لێرەدا دانایی خودای گەورە دەردەکەوێت لە پۆلێنکردنی خەڵکی بۆ سێ پۆلی وەک ئەوەی لە سورەتی فاتیحە و سەرەتای سورەتی ئەلبەقەرە (البقرة) و غەیری ئەوانیشدا هاتووە، کە پۆلێنێکە بە چەند شتێکەوە بەستراوە، کە مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی تێیدا هەیە، وەک "ئیمان و کوفر" هەروەها دەکرێت وابەستەیی و تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا بەدی بکرێت.

خـــۆ ئەگەر ئەو پـــۆڵێنە وەربگـــرین، کە لە ئەوروپـــا لەنێـــوان کرێکـــاران و سەرمایەدارەکاندا باو بووە، ئەو ڕووبەرەی لە نێوانیاندا هەیە ڕێگە بە تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕ نادات و جیاکاری بەردەوام دەسەپێنێت. هەر بۆیە دیاردەی حیزبایەتی لە ئەمریکا و ئەوروپادا بەو شێوەیەی، کە باسمان کرد دەرکەوت.

چـــوارەم: دەتـــوانین بڵێـــین :لەگەڵ هەمـــوو ئەمـــانەدا، پێکهاتەکـــانی هـــزری ئیسلامی هەڵگری زۆرێک لەو تایبەتمەندییانەیە، کە دەتوانن زۆرێک لە لایەنی باشـی هـزری دامەزراوەیـی لای ئەوانـی تـر لەخـۆ بگرێت و لایەنە خراپەکانی تێپەڕێنێت، چونکە هزری ئیسلامی دەتوانێت جیاکاری بکات و ئەو دامەزراوانە بناسـێتەوە، کە سـەر دەکێشـن بـۆ پەرتەوازەیـی،و پـێچەوانەی یەکڕیـزی و خواستەکانی ئوممەت کار دەکەن.

لە ڕێسا دیاردەکانی ئێمەش بریتییە لە: "ڕەتکردنەوەی لقێک، کە ڕەنگە دژی ئەسڵەکەی کار بکات". بۆیە پێویستە ئاگامان لەوە بێت، کە هەر دامەزراوەیەک لە جەســتەی ئـوممەت دابـڕاو بێـت بە شـێوەیەک، کە سـەر بکێشـێت بـۆ دەســتەگەریی لە دژی، ئەوا ئەو دامەزراوەیە پێویســتی بە ڕێککـردنەوە هەیە؛ ئەمەش واتـای ڕەتکـردنەوەی سـەربەخۆی دامەزراوەکـان ناگەیەنێـت، بەڵکـو واتـای بەســتنەوەی هەمـوو دامەزراوەکـانە بە مەرجەعیەتێکـی هـاوبەش، بە شێوەیەک بوار بۆ ڕوودانی ئەو دیاردە خراپە نەدات، کە ئاماژەمان پێکرد. مەرجەعیەت توانایەکی زۆری بۆ یەکخستنی دیدگا هەیە لە بازنەی بیروباوەڕ و بنیاتنانی کولتووری هاوبەش لە چوارچێوەی فیقە و تەشریعدا، هەروەها لە هێنانەدیی پەیکەربەندێکی ڕێکخستن لە سایەی تایبەتمەندی و پایەکانی دیدی ئیسلامی بۆ "دامەزراوەی دایک" (ئوممەت) و ڕۆڵە جیهانییەکەی لە شایەتیدان و بەرجەستەکردنی سیفەتەکانی دادگەری و خێرێتی و وەسەتییەت.

پێـنجەم: لە ئەزمـوونی مێـژووی ئیسـلامییدا چەنـدین شـت ڕووی داوە و ئاگـــایی لەوە دراوە و داوا کـــراوە، کە لە چوارچێـــوەی دامەزراوەدا ئەنجـــام بدرێن، بەڵام شێوەی دامەزراوەیان وەرنەگرتووە، هەرچەندە پێویستیش بوو، کە وا بێت. بۆ نموونە "ڕاوێژ" فەرزێکی ئیسلامییە، لە سەردەمی ئەبوبەکر و عـومەر و شـەش سـاڵ جێنشـینی عوسمانییشـدا (خـوای لێیـان ڕازی بێـت) لە

دامەزراوەی "ئەهلی حەل و عەقد"دا بەرجەستە ببوو، دەکرا ئەو دامەزراوەیە پەرەی پێ بدرێت و بە شێوەیەک پاڵپشتی بکرێت، کە بنەمای ڕاوێژ لە خۆی بگرێت و پەرە بە ئامراز و ڕێکارە پێویستەکانی کاراکردنی ئەو بنەمایە لە ویژدانی ئوممەت و واقیعەکەیدا بدات، بەڵام بەداخەوە ڕاوێژ شێوەی دامەزراوەی وەرنەگرت، وەک ئەوەی لە بواری داوەری و وەقف و دامەزراوە سیاسییەکاندا کرا، بە "دامەزراوەی جێنشینین"یشەوە، چونکە ئەو بنەمایە لە ڕووی دامەزراندن و بنیاتنانەوە لەسەر بنچینەی "ئوممەت" گرنگیی پێویستی پێ نەدرا، بۆیە چەند شتێکی نێگەتیڤ سەری هەڵدا، لەوانە: هەندێک وایان پیشان دا، کە دەستگرتن بە بنەمای مانەوەی جێنشینی بە درێژایی تەمەن و مافی لە دیاریکردنی وەلی عەهد بۆ خۆی ئاساییە و دروستە، لە ترسی ئاژاوە و کەوتنە نێو ئەو حاڵەتەی کە ئەمڕۆ بە بۆشایی سیاسی ناو دەبرێت، ئەمانەش بوارگەلێکن، کە قسە و ڕامان و وردبوونەوەی زۆر هەڵدەگرن، بۆیە کاتێکمان زانی خۆمان خستە نێو فیتنەوە و ئاژاوەوە، خۆ ئەگەر ئوممەت بیتوانیایە دامەزراوەیەک بۆ پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات بە شاییستانە و بەبێ دروستبوونی بۆشایی سیاسی و بەبێ کەوتنە ناو کێشەی دیاریکردنی جێنشینیی کەسی فەرمانڕەوا دانایە، ئەوا بۆ ئوممەت باشتر بوو و ئەرکی سەرشانی دەوڵەتی ئاسانتر دەکرد و خزمەتێکیش دەبوو بۆ ئوممەت و پەرەی بە سیستمەکانیش دەدا.

شەشەم :دەکرا هەموو ئەو شتانە لە چوارچێوەی مەرجەعیەتی ئیسلامیدا، لەپێش هاتنەناوەوەی ڕۆژئاوا و دزەکردنی هزر و سیاسەت و جێدەست و مۆدێلەکانی بۆ بۆشایی کولتوورمان، جێیان بکرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی هەژموونی ڕەهای ڕۆژئاوادا هزری دامەزراوەیی باو هزرێکە لە فەلسەفەی ڕۆژئاواییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە دروستکردنی دامەزراوەدا لە سۆنگەی پرنسیپە سەرمایەدارییەکانی و پایەکانی لە لیبرالیزم و عەلمانیەت و دیدگاکانیان بۆ بوونەوەر و مرۆڤ و ژیان و ئایین و مێژوودا و ئەو دامەزرانەی، کە فەلسەفەی ڕۆژئاوای دەیخوازێت.

زانسته کارگێڕییه هاوچەرخەکانیش بەشێکن لەو زانسته کۆمەڵایەتییانەی کە ئیدی لەگەڵ زانستەسرووشتییەکاندا لە ڕووی ملکەچبوونیان پێکەوە بۆ فەلسەفەی زانسته سرووشتییەکان جیاوازییەکیان نەما.

ئیسلام به ڕێنمویی قورئانی شکۆدار توانای وەرگرتنی شته باشەکانی ئەوانی تر و ڕاستاندنیانی هەیە، دیده گشتگیره قورئانییەکه و زاڵبوون بەسەر لایەنه جیاوازەکانیان و بەرزکردنەوەیان و دانانیان له چوارچێوەیەکی دروستدا، کە خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی بکات لە بەدیهێنانی مەبەسته باڵاکانی خودای ڕاست و گەورەیە لە دروستکراوەکانیدا.

ئوممەته مسوڵمانەکەمان. بەڵکو هەموو جیهان، پێویستیی زۆری به زیندووکردنەوەی دامەزراوەکانی ئوممەت، نەک دامەزراوەکانی دەوڵەت یان حکومەت هەیە، چونکه کەسانێک هەن دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکومەت دروست دەکەن و پاریزگاریی لێ دەکەن، بەڵام دامەزراوەکانی ئوممەت دامەزراوەگەلێکن، کە دەبنه سەرچاوەی دامەزراوەگەلێک کە ئەمڕۆ به دامەزراوەکانی (کۆمەڵگەی مەدەنی) یان (کۆمەڵگەی ئەهلی) ناسراون، هەموو جیهانیش، نەک تەنها مسوڵمانان بەتەنها، پێویستیان به دامەزراندنی پایەکانی ئەو دامەزراوانەی ئوممەت هەیە، کە دەتوانن هاوسەنگیی پێویست له پەیوەندییه جیاوازەکانی نێوان حکومەت و گەلاندا دروست بکەن و حکومەتەکان له بەدیوبوون (التغول) و سنووربەزاندن و لەناوبردنی دامەزراوەکان و دزینی ئیرادەی گەلان بپارێزن و دامەزراوەکانی ئوممەتیش له هەر دەستدرێژییەک بپارێزن، کە کاراییەکەی سنووردار بکات یان کاریگەری و شوێنەواری نەهێڵێت.

بۆ نموونه گەلانی ئەمریکا ساڵانه بودجەیەکی زەبەلاح پێشکەشی ئەو دامەزراوانه دەکەن، کە خۆیان وا ناساندووه کاری خێرخوازی و بەهاناوەهاتن ئەنجام دەدەن، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لەو پاره زۆره هەندێک دامەزراوەی گرنگ وەری دەگرن، بەڵام ئەو پاره و سامانه و ئەو دامەزراوانه زیاتر له هەموو شتێک پێویستیان به ڕێنموونیکردن و پاراستن و دڵنیابوونەوە هەیە له سەرفکردنی پارەکه به باشترین شێوه، بۆ ئەوەی بەرهەمی باشی هەبێت، نەک

بەرهەمی تاڵ، وەک درەختێک، کە لەسەر زەوییەوە و شک بووە و جێگیر نییە و بـا ئەمـبەراوبەری پـێ دەکـات. دوو بنەمـای بنچینەیـی هەیە ئەم لایەنـانە پێویسـتیانە بـۆ ئەوەی ئەو پـارە زۆروزەبەنـدە بەرهەمەکەی بـۆ بەرژەوەنـدیی مرۆڤایەتی بێت، کە هەردووکیان بنەمای قورئانین:

یەکەمیان دانایی (الحکمة) ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾. [البقرة: ٢٦٩]. واتە: "ئەو زاتە بە هەرکەس بیەوێت و (شایستە بێت) حیکمەت و دانایی پێ دەبەخشێت و هەرکەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومـان خێرێکـی زۆری پـێ دراوە، جـا بـێجگە لە ژیـر و هۆشمەندەکان کەسانی تر لەو بەهرەیە تێناگەن و پەند وەرناگرن".

بنەمـای دووەمـیش ئەوەیە، کە خـوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾. [النساء: ٥]. واتە: "ماڵ و سامانتان مەدەن بە کەمئەقڵ و پیاوخراپان (کە ئێوە بەرپرسن لـە ماڵیـان)، لە کاتێکـدا خـودا کردوویەتـی بە هۆکـاری ژیـان و پـایەداری و هەسـتانەوەتان، بەڵکو تەنها بەشیان بدەن بـۆ خـۆراک و پۆشـاک، بەجوانی قسەی ڕاست و دروستیان بۆ بکەن (تەرایان مەکەن).

پـێم وایە ئەم دوو بنەمـایە دوو بنەمـای جیهـانین؛ یەکەمیـان پەیوەسـتە بە بەڕێـوەبردنی دارایـی و ئـابوورییەوە، دووەمیشـیان پەیوەسـتە بە پاراسـتنی سامان لە گێلێتی و زایەکردن و بەفیڕۆدا و بەکارهێنانی لە شتی پێویست و گونجاودا. سەرەتاکانی ڕابوون و ویستی گەرانەوە بۆ ئایین و ڕەسەنایەتییش هەلێکی گونجاون بۆ کارکردن بۆ ژیانەوەی دامەزراوەکانی ئوممەتی مسوڵمان لە پێشینەشیاندا:

**یەکەم : دامەزراوەی وەقف:**

"دامەزراوەی وەقف" دامەزراوەیەک بوو شوێنەواری زۆر گرنگی هەبوو لە پاراستنی ژیاری ئیسلام و زۆرێک لەو بەها ئیسلامییانەی کە ئەگەر ئەو دامەزراوەیە نەبووایە ئەو بەهایانە نەیاندەتوانی بەردەوام بن و خۆیان لەبەردەم هەموو ئەو گێژەڵووکە بەهێزەدا بگرن کە لە مێژووی ئیسلامییدا لە کاتی جیاوازدا دەرکەوتوون؛ ئەوەتا وەقف پارێزگاریی لە سەربەخۆی "دامەزراوەی زانایان" کردووە، بەڵکو کاریگەری لە دروستکردنیدا هەبووە بۆ ئەوەی وەک بەشی دووەمی پێکهاتەکانی "فەرمانڕەوایان " (أولی الأمر) دابنرێن، کە پێک دێت لە فەرمانڕەوایان و زانایان، کاتێکیش جیا بوونەوە یان دووبەرەکی لە دامەزراوەی "فەرمانڕەوایان" ڕووی دا و بوون بە دوو دەستە، "ئەهلی شمشێر" و "ئەهلی قەڵەم" لە دامەزراوەی وەقف توانی قەڵەم لە پەراوێزخستنی شمشێر بپارێزێت، تا دامەزراوەی زانایان لە دوای ئەوە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە پاراستنی ئوممەت و پایەکانی لە بەدیوبوونی ئەهلی شمشێر و ستەمی فەرمانڕەوایان بگێڕێت، بەو شێوەیە زانایان هەستان بە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ، کە نزیک بوو لە ئاستی ڕۆڵی پەرلەمانی هاوچەرخ، لە پرۆسەی سانسۆردانان لەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان و ئەهلی شمشێر و ڕاستکردنەوەی ئاڕاستە و ڕەوتەکان لە کاتی لادانیان و پاراستنی مافەکانی ئوممەت، بەتایبەت لاواز و کەمدەستەکانیان، هەروەها دامەزراوەی وەقف بوو قوتابخانەکان و پرۆسەی فێرکردنی پاراست و ڕێگر بوو لەو پرۆسەی نەفامکردنەی کە هەندێک لە سەرکردە ملهوڕەکان دەیانویست بەسەر ئوممەتیدا بهێنن، کە نەشیانتوانی ئەم کارە بکەن، وایان لێ کرد کە هەر سەرقاڵی لاساییکردنەوە بن.

هەروەها " دامەزراوەی وەقف " ڕۆڵێکی کارای لە پاڵپشتیکردنی جیهاد و ڕێگریکردن لە دەستدرێژیکاران بۆ سەر خاک و وڵاتی ئیسلام گێڕا. کاتێکیش دیراسەی جیهادی مسوڵمانان لە دژی تەتار و خاچپەرستان دەکەین، چەندین لاپەڕەی پرشنگدار دەبینین، کە وەقف و پارێزەرانی ئیسلام و مسوڵمانان نەخشاندوویانە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی وەقفیش لە دەرخستنی ڕووە ژیارییەکەوە ئیسلام و پاراستنی هەستی ژیاری و مسوڵمانان و گەشەپێدانی، دەبینین وەقف و ئەو کەسانەی لە قاهیرە و بەغدا و دیمەشق و مەغریب پێی هەستاون، چەندین کاری گرنگیان ئەنجام داوە لە سەرپەرشتیکردنی نەخۆش و بنیاتنانی نەخۆشخانە و نەرمونیانی لەگەڵ ئاژەڵدا و چاودێری و سەرپەرشتیکردنی چینە لاواز و هەژارەکان وەک کرێکار و کارگوزار و خزمەتگوزارانی ژن و پیاو لە ماڵاندا و ئەو ژنانەی، کە لەلایەن مێردەکانیانەوە دووچاری توندوتیژی دەبوونەوە، بەڵکو تەنانەت سەگ و پشیلەی ونبووش لە چاکە و چاودێری و وەقف بێبەش نەبووە[١].

کاتێکیش غۆتەی دیمەشق دەبینین تووشی سەرسووڕمان دەبین، کە جوانترین و باشترین شوێنی بۆ ئەو ئەسپانەی موجاهیدان وەقف کرابوو، کە تەمەنیان سەری کردبوو و نەیاندەتوانی لە خزمەتکردن بەردەوام بن، بۆیە لە غۆتەی دیمەشقدا ئازاد دەکران تا لە بەروبووم و گژوگیا و دارودرەختەکەی بخۆن و لە ئاوە سازگارەکەی بخۆنەوە، تەنانەت کە مرداریش دەبوونەوە بە ڕێزێکی تایبەتەوە دەشاردرانەوە، جیاواز لەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەکوژرێت و پێی دەوترێت فیشەکی بەزەیی.

لەو کاتەشەوە حکومەتەکان دەستیان بەسەر وەقفدا گرتووە و شلگیری دەکەن لە جێبەجێکردنی ئەو بنەما زێڕینەی کە دەڵێت: "مەرجی ئەو کەسەی کە وەقف دەکات (الواقف) وەکو دەقی یاسادانەر وایە" (شرط الوقف كنص الشارع) ژیاری ئیسلامی و دامەزراوەکانی ئوممەت بەهێزترین پاڵپشتیان لەدەست داوە، کە خۆی لەو دامەزراوە گرنگانەدا دەبینییەوە.

لێرەدا ئەوەم بیر نەچێت، کە ئاماژە بەو هەنگاوە گرنگ و بوێرانەیە بکەم، کە کوێت لە قۆناغی نەوەدەکاندا هەستا بە دامەزراندنی سندوقی وەقفی، کە بوو بە شوێنێکی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و سامانی چاکەکاران و خێر و سەدەقەکانیان و پرۆسەی گەشەپێدان و وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام دەدرا و

(١) ژنە ڕۆژهەڵاتناس "زیگرید هونکە" لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (*شمس الله تسطع على الغرب*) زۆرێک لەو نموونانەی تۆمار کردووە.

تێیدا سەرکێشی بەسەرمایەوە ناکرێت، بەڵکو داهاتەکەی سەرف دەکرێت و ئەسڵەکەی (دەستمایەکەی) دەهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو بوارێکی خێر بگرێتەوە، ئەو کەسەی وەقفەکەشی کردووە، ئەگەر زیندوو بێت مافی ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی هەیە، کە دەیەوێت، بە کێشانەوەی وەقفەکەشیەوە لە سندوقێکەوە بۆ سندوقێکی تر، خۆزگە دەنگ بەرز دەکرایەوە و ڕای گشتی کۆ دەبۆوە بۆ فشارکردن لەپێناو بنیاتنانەوەی "دامەزراوەی وەقف" لە هەموو گۆشەیەک لە گۆشەکانی جیهانی ئیسلامی، بۆ ئەوەی وەک نموونە و مۆدێلێک پێشکەشی ئەوانی تر بکرێت بۆ ئەوەی چاوی لێ بکرێت، هەروەها دوور بخرێتەوە لە دەستی دەسەلات، یان تەماحکاران و بکرێت بە کەناڵ و سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی بنیاتنانی دامەزراوەکانی ئوممەت.

**دووەم: دامەزراوەی حەل و عەقد:**

ئەهلی حەل و عەقد لە بەرەبەیانی ئیسلامدا لەو گەورە هاوەڵانەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) پێک دەهات، کە خاوەنی دانایی و شارەزایی بوون و دەیانتوانی ڕا و ڕاوێژ و ئامۆژگاری پێشکەشی جێنشینەکان بکەن و لە پلانڕێژیی باش و ڕێکخستن و جێبەجێکردندا کۆمەکییان بکەن لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندیی ئوممەتەوە.

ئەوان کەسانێکی ناسراو بوون و خەڵکی بەگشتی بە شارەزایی و ڕاپەسەندی دەیانناسین، بۆیە بەزوویی قبووڵیان دەکردن یان بەربژێریان دەکردن بۆ ئەوەی ببنە ئەندام لە "ئەهلی حەل و عەقد"دا، ئەو دەستەیەی کە هزری ئوسوڵی پەرەی بە کارەکانی دا تا بوو بە "ئەهلی کۆدەنگی" (أهل الإجماع).

"ئەهلی حەل و عەقد" ڕۆڵێکیان دەگێڕا، کە نزیک بوو لەو ڕۆڵانەی کە پەرلەمان و ئەنجومەنی پیرانی هاوچەرخ دەیگێڕن، بەڵکو ڕۆڵەکەیان زیاتریش بوو، چونکە جێنشینی بەرپرس هیچ کارێکی بەبێ ئەو دەزگایە یەکلا نەدەکردەوە.

خۆ ئەگەر ئەو بارودۆخەی لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە هەبوو ڕێگەی بەوە بدایە، کە ئەهلی حەل و عەقد بەپێی نەریت پێک بهێنرێت، ئێستا سوودوەرگرتن لە هەندێک ئامراز و ڕێکاری نوێی وەکو: بەربژێرکردن و هەڵبژاردن و دەنگدان و... هتد، کارێکی گرنگە و پاش داڕنینیان لە هەندێ لایەنی نێگەتیڤی دیار، دەکرێت وەربگیرێن و لە چوارچێوەی بەها ئیسلامییەکاندا جێیان بکرێتەوە.

دەشکرێت ئەنجومەنەکانی "ئەهلی حەل و عەقد"ی ئەمڕۆ لە زانایان و شارەزایانی ئەو پسپۆڕی و لایەنانە پێک بێت کە بۆ ئوممەت گرنگن، سەرباری خاوەن ئەزموونە سەرکەوتووەکان، لە بوارە ئازادەکاندا بێت، یان لە بواری وەزیفیدا، بۆ ئەوەی لەمانە چەند ئەنجومەنێک پێک بهێنرێت کە بەشدار بن لە پرۆسەی پلانڕێژی و ڕێنماییدان و چاکسازی و بنیاتنانی ستراتیجیەتی پێویست و چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی وەک: نەزانی و نەخۆشی و برسێتی و دوژمن و... هتد، هەروەها ڕزگارکردنی خاوەن دەسەڵات لە مەترسی و خراپییەکانی تاکڕەوی و ستەمکاری و لادان و کەوتنەناو هەڵەی ستراتیجی، کە دەکرێت بۆ ئوممەت کوشندە بێت؛ وەک ئەوەی لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕووی داوە.

لەو کاتەدا دەکرێت زانایان (الفقهاء) و یاساناسان هەستن بە بەیاساییکردنی ئەو بابەتانە لە دەسەڵات و ئەرک و مافەکان و...هتد، بەپێی مەبەستە باڵاکانی شەریعەت و ئامانجەکانی.

دەشکرێت لایەنی باشی دوو شت کۆ بکرێتەوە: لایەنی باشی ڕاوێژی ئیسلامیی کە لەسەر گەڕان بەدوای ڕاستی و دروستیدا و گەڕان بەدوای ئەو شتەدا وەستاوە کە بەڕاست دەزانرێت، هەروەها لایەنی باشی دەنگدانی دیموکراسی، ژمارە بەهای ڕەهای نییە، چونکە دەگونجێت دژ بە کاری ڕاست یان حەقیقەت بوەستێتەوە، هەروەها ڕاوێژ دەرفەت نادات بەوەی کە بانگەشەی قۆرخکردنی ڕاستی، یان گەیشتن پێی بەبێ هاوکاری کە سانی تر دەکات، دەکرێت ئەو دامەزراوەیەش ببێتە کۆکەرەوەی هەموو توانا و وزە باش و شیاوەکانی ئوممەت.

بێگومان دامەزراوەگەلێکی تر هەن بۆ فێرکردن و پەروەردە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و... هتد، لە بەرژەوەندییەکانی ئوممەت، کە ڕەنگە گەلاڵەکردن و دەرخستنی گرنگییان پێویستی بە دیراسەی ورد و پسپۆڕی هەیە، بەڵام ویستمان تەنها ئاماژە بە هەندێک لەو شتانە بکەین کە هەمانە، بەڵکو متمانەمان بە ئایینەکەمان و توانا ژیارییەکەی و بە توانامان لە بنیاتنی "دامەزراوەی ئوممەت" بگێڕێتەوە، بە شێوەیەک کە ئامانجەکانی بەدی بێنێت و یەکڕیزییەکەی بپارێزێت و دەستبارگیریی تێدا زامن بکات و وا بکات ئوممەت شیاوی ئەوە بێت کە ئەو پلەی شایەتیدان و خێرداری و وەسەتییەتەی پێ ببڕێت، کە خودا بۆی دیاری کردووە.

هیوامان گەورەیە بتوانین بەردێکی گرنگ و بەهێز لە بناغەی بنیاتنانی دامەزراوەی ئیسلامی بۆ ئوممەتەکەمان دابنێین، ئەمەش هەنگاوی یەکەم بێت لە ڕێگای هەزار هەنگاوی بنیاتنانی هزری دامەزراوەیی ئیسلامی، کە کیانی ئوممەت دەپارێزێ و پەیوەندیی نێوان ئەو  و مەرجەعیەتە ئیسلامییەکەی دەگێڕێتەوە و ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت لە چوارچێوەیەکی یەکڕیز و یەکگرتوو و تەواوکار لە بەهاکانی یەکتاپەرستی و پاکژکاری و ئاوەدانکاری، خودای گەورە پشتیوانە.

# بەشی دووەم
# دامەزراوە لە ژیاری ئیسلامیدا

**پ.د. محمد عیمارە[1] (بیرمەندی ئیسلامی)**

هەر یەکێک لە ئێمە وەکو ئەو بەلوعەیە واین کە دڵۆپە دڵۆپە ئاوی پێدا دێت، ئەگەر لە دامەزراوەیەکدا کۆ ببینەوە وەکو بۆریی گەورە ئاومان لێ دێت.

عەبدولڕەحمان کەواکیبی ( - ک/ ١٨٥٤- ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: "دەستە و دامەزراوە و سەندیکا دەتوانن کارێک بکەن، کە تاکەکان بەتەنها بە تەواوی تەمەنی خۆیان ناتوانن ئەنجامی بدەن". هەر زانا، یان موجاهیدێک ئەگەر بەتەنها بێت ماوەیەک دێتە مەیدانەوە، دواتر یان نەخۆش دەکەوێت یاخود وەفات دەکات، بەڵام ئەگەر ئەندامێک بێت لە دامەزراوەیەک،

---

(١) پ.د. محەمەد عیمارە مستەفا عیمارە: بیرمەند و نووسەرێکی ئیسلامیی میسرپە، لە (٢٧ی ڕەجەبی ١٣٥٠ک) هاوکات لەگەڵ (٨ی دیسەمبەری ١٩٣١ز) لە گوندی سەروە لە پارێزگای کەفەرشەیخ لە میسر لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٦٥) لیسانسی لە زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوە، پسپۆڕیی لە فەلسەفەی ئیسلامی وەرگرت و بڕوانامەی ماستەری لە ساڵی (١٩٧٠) و دکتۆرای لە ساڵی (١٩٧٥) بەدەست هێناوە. ئەندام بووە لە کۆڕبەندی توێژینەوە ئیسلامییەکانی سەر بە ئەزهەر، خاوەنی زیاتر لە (٢٤٠) دانراوە لە کتێب و توێژینەوە، لە نێویاندا: "التفسير الماركسي للإسلام"، "معالم المنهج الإسلامي"، "الإسلام والمستقبل"، "نهضتنا الحديثة بين العلمانية والإسلام"، "الغارة الجديدة على الإسلام"، "التراث والمستقبل"، "الإسلام والسياسة: الرد على شبهات العلمانيين"، "الجامعة الإسلامية والفكرة القومية". ئەمە وێڕای ساغکردنەوەی چەندین کتێبی کۆن و نوێ.

هەوڵەکـانی بەبەردەوامـی، تەنـانەت دوای نەمانیـان لە ڕووی جەسـتەییەوە، دەمێنێتەوە. ئەمەش کتومت وەکو دەریا وایە کە دڵۆپەگەلێکی دەبن بە هەڵم، بەڵام هەر بەردەوامە، بەڵام کـاری تاکەکەسـی دوور لە دامەزراوە وەکـو دڵۆپەکـان دەبێـتە هەڵـم، ئـا لەبەر ئەمەیە بـابەتی "دامەزراوە و دامەزراوەیـی" بابەتێکی تەواو گرنگە.

(١)

دەڵێم: دامەزراوە لە ژیانی ئیسـلامیدا پەیوەندییەکی بەهێزی بە سرووشتی ئیسـلامەوە هەیە، چـونکە لە نەسـرانیەتدا تەکلیفکـردن تاکەکەسـییە، ئەوەشـی نەسـرانیەت پیادە دەکات لە کوچەیەکدایە دوور لە خەڵکی، وەک تـاک پیادەی دەکـات، واتە بەرپـاکردنی نەسـرانیەت بەسـتراوەتەوە بە تـاکەوە، یەهـودیەت گۆڕدرا بۆ ڕەگەزپەرستی، چونکە پێناسـەی یەهودی بریتییە لە: "ئەو کەسـەی کە لە دایکێکی یەهودی بووە"، بەڵام ئیسلام بەوە دەناسرێت کە ئایینی کۆمەڵە (دین الجماعة) ئیسلام بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی ئوممەتەوە، واتە بە بیرۆکەی دامەزراوەوە، تەکلیفی تاکەکەسی و تەکلیفی دەستەجەمعی و کۆمەڵیشی تێدایە، کە لە فیقهدا بە کیفائی ناسراوە، هەندێک کەسیش هەندێک جار وای دەبینن کە فەرزی عەیـن لە فەرزی کیفـایە بەهێزتـر و گرنگتـرە، چـونکە زۆرێـک لە فەقیهەکـان پێشـتر نمـوونەی نـوێژی جەنازەیـان بۆ فەرزی کیفـایە دەهێنـایەوە، بۆیە ئەوانیش وایان دەزانی کە نـوێژی تاکەکەسێکیش کافیە و بەسـە لە سـەر مردووەکە بیکات، بەڵام لە ڕاستیدا فەرزی کیفایە، فەرزە کۆمەڵایەتییەکانن، لە فەرزی عەینـی زیـاتر جەختیـان لەسـەر کـراوەتەوە و پێویستتریشـن، چـونکە تاوانی دواکەوتن لە فەرزی عەین دەکەوێتە ئەستۆی تاک، بەڵام فەرزی کیفایە فەرزێکـی کـۆمەڵایەتییە و تـاوانی دواکەوتـن لێـی و جێبەجێنەکردنـی بەگشـتی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگە.

تەنـانەت تەکلـیفە تاکەکەسـییەکانیش لە ئیسـلامدا بە جەمـاعەت ئەنجـام دەدرێـن، لە سیسـتمێکدا کە پاداشـتەکەی زیـاتر دەبێـت ئەگەر بە جەمـاعەت ئەنجـام بـدرێت، وەک نـوێژ و غەیـری ئەویـش، تەنـانەت ڕۆژووش کە فەرز و

پەرستشـێکی نهێنیـیە، تەنهـا تاکەکەسـی نیـیە، بەڵکـو ئـوممەت دەکـاتە یەک و هەموو ئوممەت دەخاتە یەک ئاست و وەکو تاکە دڵێکی گوشراوی لێ دەکات، کەواتە بیـرۆکەی ئـوممەت، بیـرۆکەی دامەزراوە، هەر لە سـاتی دابەزینـی ئەم ئایینەوە بە سرووشتی ئیسلامەوە لکاوە.

**(٢)**

کاتێک ئیسلام هات، " هۆزگەریێتی " لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا زاڵ بوو.

هـۆز دامەزراوەیە، بـۆیە ئەوانەی کە بە سـووکایەتی باسـی هۆزەکـان و عەشایەر دەکەن و زۆر باسی "ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی" دەکەن، ئەوا ڕێکخـراوەی کـۆمەڵگەی مەدەنیـی (هـۆز) واتە کەسـوکار، هـۆز، خێـڵ، خـزم، ئەمانە دامەزراوەیەکن لە دامەزراوەکان.

بەڵکـو مـن دەڵـێم: ئەو دامەزراوانە یەکەم پلـەی ئینتیمـای مـرۆڤن، چـونکە مـرۆڤ سـەرەتا ئینتیمـای بـۆ کەسـوکارەکەی، خـێڵەکەی، هـۆزەکەی، گەلەکەی هەیە، ئینتیمـای بـۆ ئـوممەتەکەی بە واتـا زمـانەوانییەکەی هەیە، ئینتیمـای بـۆ ئـوممەتەکەی بە واتـا ژیـارییەکەی هەیە، هەروەهـا ئینتیمـای بـۆ مرۆڤـایەتی بە شێوەیەکی فراوانتر هەیە.

پێغەمـبەر (درووودی خـودای لەسـەر)، کاتێـک بینیـی دامەزراوەی (هـۆز) لە هەمـــوو جیهانـــدا هەیە، ڕەتـــی نەکـــردەوە، کـــاتێکیش ویســـتی "ئـــوممەت" دابمەزرێنێت، هۆزی وەکو دامەزراوەیەک هەڵنەوەشـاندەوە، بەڵکو هـۆزی کرد بە خشتێک لە دیواری ئوممەتدا، بۆیە تەنانەت لە جەنگەکانیش هەر وا بوو...

کەسـێک لە "کەنـاڵی ئەلجەزیـرە" سـەبارەت بە حەڵاڵـی و حەرامـی ئـاڵا و سـروود پرسـیاری لـێ کـردم، پـێم وت: هۆزەکـان لە سـەردەمی پێغەمـبەر (درووودی خـودای لەسـەر) لە ژێـر ئـاڵای خۆیانـدا دەجەنگـان، واتە ئـاڵایەک هەبوو، سـونبولێک هەبوو بۆ ئەو دامەزراوەیە، بەڵام لەگەڵ کۆشکی ئوممەتدا ئاوێتە ببوو.

## (٣)

ڕاغیبی ئەسفەهانی (٥ - ز) پێناسەی ئوممەت بەم شێوەیە دەکات: بریتییە لە هەر کۆمەڵێک، بابەتێک، یان ئایینێک، کاتێکی دیاریکراو یان شوێنێکی دیاریکراو کۆیان بکاتەوە، جا ئایا بە زۆر بێت یان بە خۆویستی.

زاراوەی " ئوممەت " لە قورئانی پیرۆزدا لە (٦٤) شوێندا هاتووە، کەواتە بیرۆکەی نەتەوە... بیرۆکەی جەماعەت... بیرۆکەی دامەزراوەیش لەو شتانەن کە بە ئیسلامەوە لکاون و نیشانەیەکی جیاکەرەوەن لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامدا درەوشاونەتەوە پاش هەموو پێغەمبەران و پەیامە ئاسمانییەکان و بێ ئەوانیش.

## (٤)

(بیرۆکەی دەوڵەت): دەوڵەت دامەزراوەیە، واتە پێغەمبەران و ئەو نێردراوانەی کە خوای گەورە سرووشی بۆ ناردوون و شەریعەتیان هێناوە، دەوڵەتیان دروست نەکردووە، ئیبراهیم دەوڵەتی دروست نەکرد، موسا دروستی نەکرد، هەروەها عیساش دروستی نەکرد، خۆ ئەگەر دەوڵەتێکیش لە مێژووی بەنو ئیسرائیلیدا هەبێت، لە ماوەیەکی دیاریکراودا بووە و بە زۆر و داگیرکاریی خاکی کەنعان بووە و ئەوانەی بنیاتیان ناوە پاشا بوون، نەک ئەوانەی کە شەریعەتی موسایان پێ بووە، ئەو پێغەمبەرانەی بەنو ئیسرائیلیش کە فەرمانڕەوایەتییان لەو دەوڵەتەدا کردووە، وەک کوێخا و دەمڕاست و سەرگەورە وا بوون لە لادێکاندا، بۆیە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێ : ((علماء أمتى كأنبياء بنى إسرائيل))[١]، واتە: ((زانایانی ئوممەتەکەم وەکو پێغەمبەرانی بەنو ئیسرائیل وان)).

---

(١) سیوطی لە (الدرر)دا دەڵێ: بنەمای نییە، هەروەها لە (المقاص)دا دەڵێ: مامۆستاکەمان (واتە بن حجر) دەفەرموێ: بنەمای نییە، پێش ئەویش (الدميری و الزركشی)، هەندێکیشیان پتر لەوە دەڵێن: لە هیچ سیستمێکی موعتەبەردا نەزانراوە شتێکی وا وترابێت. کۆتایی هات. لە (كشف الخفا)ی (العجلوني) دا هاتووە. ئەلبانی لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة) (٦٧٩/١) ئەفەرموێ: بە ڕێکەوتنی زانایان بنەمای نییە، بەڵکو لە وانەیە کە قادییانییە گومڕاکان بۆ

ئەوەی شەریعەتی یەهودیەتی پێ بوو دەوڵەتی بەرپا نەکرد، جا موسا بووبێت یان هارووون (درووودی خوایان لەسەر)، بۆیە دەوڵەت نیشانەیەکی جیاکەرەوەی پەیامی محمد (درووودی خودای لەسەر) بوو لە مێژووی پێغەمبەران و پەیامە ئاسمانییەکاندا، چونکە ئەم شەریعەتە کۆتا شەریعەتە و تا ڕۆژی دوایی دەمێنێتەوە، بۆیە پێویست بوو دەوڵەتێک پاسەوانیی ئەم شەریعەتە بکات و بەو شەریعەتە بەڕێوە بچێت، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکان.

بابەتی دەوڵەت (دامەزراوەی دەوڵەت) لە مێژووی ئیسلامدا تەمومژاوییە، بەڵام خۆشبەختانە هەندێک سەرچاوە گرنگییان بە قسەکردن لەسەر نیشانە و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) داوە، لە دیارترینی ئەو کتێبانە (*تخریج الدلالات السمعیة*)ی خوزاعیە (٧١٠-٧٨٩ک/١٠٢٦-١١٠٢ز)، هەروەها لە گرنگترینیان ئەو کتێبەیە کە لەسەر کتێبەکەی خوزاعی بنیات نراوە و زیادەی (*التراتیب الإداریة*)ی بۆ نووسیوە ئەویش بریتییە لە (*نظام الحکومة النبویة*)ی عبدالحي الکتاني (١٢٦٨-١٣٣٣ک١٨٥٢-١٩١٥ز). هەروەها الطهطاوي (١٢١٦-١٢٩٠ک/ ١٨٠١-١٨٧٣ز)، لە بەشی چوارەمی کۆی کارەکانیدا کە کتێبی (*نهایة الإیجاز في سیرة ساکن الحجاز*) ساغکردنەوەی بۆ کردووە، ئەمە وێڕای (کتاب العمرة)، کە گرنگیی بە زاراوەکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی دەوڵەت و هەموو سونبولەکانی داوە، کە بریتییە لە کتێبی (صبح الأعشی)ی قلقشندي (٧٥٦-٨٢١ز).

عەلیی کوڕی ئەبوتالیب (خوای لێ ڕازی بێت) لە سەردەمی خۆیدا کۆمەڵە دەقێکی (عهد) کەلەپوورییانەی بۆ والیی خۆی لە میسر (الأشتر النخعي) (٣٨-٦٥٧ک) نارد، کە سیاسەت و کارگێڕییەکی ئاستباڵای تێدایە، بۆیە کاتێک کتێبی (مافی مرۆڤ)م نووسی بەشێکیم کرد بەو دەقانە، کە ئەو ئامۆژگاری (الأشتر النخعي) دەکات بە وتەیەک سەبارەت بە دامەزراوەکانی ئوممەت بۆ ویلایەتی میسر کە بۆی دەچێت، هەروەها سەبارەت بە چینەکانی خەڵک لەو ویلایەتە و پایەکانی دەوڵەت[1].

---

بەڵگەی مانەوەی پێغەبەرایەتی دوای محمد (درووودی خودای لەسەر) بەکاری بهێنن. خۆ ئەگەر ڕاست بوویایە، ئەوا دەبووە بەڵگە لەسەریان، ئەگەر کەمێک لێی ڕامێنین.

(١) تەواوی دەقەکە ناگوێزینەوە، کە کۆمەڵێک ئامۆژگاریی فرەلایەنی و گرنگە، تەنها شیکاریی دەقەکە وەردەگێڕین. [وەرگێڕ].

**شیکاریی دەقەکە:**

"بزانە کە خەڵکی چەند چینێکن؛ هەندێکیان بە هەندەکەی تریان نەبێ چاک نابێ، بەهۆی هەندێکیشیانەوە لە هەندێکی تریان بێنیاز نابین، چونکە تێیاندایە: ١-سەربازی خودایە (دامەزراوەی سەربازی)، و تێیاندایە ٢-نووسەری گشتی و تایبەتن (دامەزراوەیەک)، هەندێکیشیان ٣-دادوەری دادگەریین (دامەزراوەی دادوەری)، هەندێکیشیان ٤-کرێکاری ئینساف و نەرمونیانین، تێشیاندایە ٥-ئەهلی جیزیە و خەراجن، تێیاندایە ٦-بازرگان و ئەهلی پیشەسازین، هەندێکیشیان ٧-چینی خوارەوەن لەوانەی کە هەژار و کەمدەرامەتن". هەروەها قسە لەسەر ئەوە دەکات کە هیچ یەکێک لەو دامەزراوانە و هیچ یەکێک لەو چینە کۆمەڵایەتییانە لە یەکێکی تریان بێنیاز نابن، "چونکە سەرباز قەڵغانی هاوڵاتیانە و ئامرازی پاراستنی ئاساییشە، پاشان سەربازان ناتوانن بە کارەکانیان هەستن ئەگەر باج و خەراج نەدرێت، دواتر ئەم دوو جۆرە (پۆلە) بە جۆری سێیەم نەبێت کاریان ناڕوات، کە بریتییە لە دادوەران و کرێکاران و نووسەران، کاری هیچ یەکێک لەم جۆرانەش بەبێ بازرگان و خاوەنپیشەکان ناڕوات".

ئەم دەقە لە (نهج البلاغة)[1]دا هاتووە، باس لە بابەتەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکان دەکات.

من هەمیشە وتوومە: ئەوانەی وا وێنا دەکەن دەوڵەتی دامەزراوە یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی پەرەسەندنی ڕۆژئاوایی و ڕێنسانسی ڕۆژئاوایی و ئەورووپی و دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی، ئەوانە بەهەڵەدا چوون. بۆچی؟ چونکە نە کەلەپوور و نە مێژووی ئێمەیان دیراسە کردووە، ئەمەش نەنگییەکی گەورەیە لە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامیدا، کە وەکو مێژووی سوڵتان نووسراوەتەوە، مێژووی دەوڵەت کە زۆربەی کات سوڵتان کەموکورتی و خراپە و ستەمکاریی دەبێت؛ بۆیە کاتێک کتێبەکانی مێژوو دەخوێنینەوە دەبینین مێژووی دەوڵەتە، مێژووی دەسەڵات و سوڵتانە، بەڵام مێژووی ئوممەت نەنووسراوەتەوە، بۆیە من دەڵێم ئەگەر بمانەوێت جارێکی تر مێژووی خۆمان بنووسینەوە، پێویستە بۆ نووسینەوەی ئەو مێژووە سێ سەرچاوە هەبێت:

---

(١) (نهج البلاغة)، دار الشعب، القاهرة، ص ص٣٣٣-٣٤٨.

**یەکەم: مێژووی دەوڵەت، کە پێویستە هەبێت.**

دووەم: نووســـراوی پلانەکـــان، کە مێــژووی شــوێنەکان دیــاری دەکەن و زانیــاری لەســـەر و ئــابووری و خوونەریــت و پیاوچاکـــان و ســۆفی و بــازاڕ و بازرگـــانی و یەکە و خانەکـــان و ڕێگاوبـــان پردەکـــان و شــێوازی ژیــان پێشــکەش دەکەن، تەنــانەت زانیــاری لەســـەر بەرد و باڵەخانەکـــانیش پێشـــکەش دەکەن، ئەو نووســـراوی پلانـــانە ســـەرچاوەگەلێکن تـــا ئێســـتا بەکـــار نەهێنــراون، ئەمەش داهێنـــانێکی ژیـــاری ئیســـلامییە کە هــیچ ژیـــارێکی تـــر ئەم پێشـــینەیەی نەبـــووە، ئەمـــانە ســـەرچاوەگەلێکن بەبـــێ بوونیـــان ناتوانرێت مێژووی ڕاستەقینەی ئوممەت  و ژیارێک بنووسرێتەوە.

ســـێیەم: چینەکـــان (الطبقـــات)، چینـــی زانایـــان، شـــاعیران فوقەهاکـــان و فەرموودەناسان و ڕاڤەکەرانی قورئان و تەنانەت گۆرانیبێژان و... هتد، کەواتە کـــوان ئەو زانایـــانەی کە بەشـــدارییان لە مێـــژووی ئەم ئـــوممەتەدا کـــردووە؛ ئەوانەی بە درێژایی مێژوو سـەرکردایەتی و ڕابەرایەتیی ئوممەتیان کردووە؟ واتە تەنهـــا ســـوڵتان و بەڕێـــوەبردنی ســـوڵتانی بەتەنهـــا ســـەرکردایەتیی دروستکردنی ئەو مێژووەی نەکردووە.

کەواتە دەڵـــێم: دیـــارنەبوونی ڕاســـتی و وێـــنەی دامەزراوە لە مێژوومانـــدا لەوەوە ســەرچاوەی گرتــووە کە لە نووســینەوەدا هەمــوو ڕوناکییەکــان لەســەر سوڵتان بوون و لە نووسینەوەی مێژووی ئوممەتدا پشت نە بە پلانەکان نە بە چینەکان بەستراوە.

## (٥)

مـن ئامـاژەم بەوە کـرد کە دەوڵەتـی پێغەمبەرایەتـی بە دامەزراوە و لەســەر دامەزراوە بنیـــات نـــراوە؛ هەر لە یەکەم ســـاتەوە ســـێ دامەزراوە هەبـــوون، دەوڵەت لە پەیمانی عەقەبەی پێش کۆچ بە ساڵێک دامەزرا - پەیمـانی عەقەبەی کۆتـایی دووەم یـان سـێیەم بەپێـی ڕاجیایی مێژوونووسـان- کە بە پەیمـانێکی ڕاستەقینە دامەزرا، نەک پەیمانێکی گریمانەکراو وەک ئەوەی لە هزری سیاسی

ڕۆژئاواییدا هەیە، هەروەها لەسەر ئەوە بنیات نرا کە کۆچ بکات بۆ لایان و ئەوانیش بیپارێزن، وەک چۆن خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەپارێزن.

هەر لە پەیمانی عەقەبەدا یەکێک لە سێ دامەزراوەکە دامەزرا، ئێمە سێ دامەزراوەمان هەیە کە دەوڵەتی لەسەر بنیات نراوە:

١. کۆچکەرە یەکەمینەکان (المهاجرون الأولون).

٢. دوانزە هەڵبژاردەکە (الأنقياء الاثني عشر).

٣. ئەنجومەنی ڕاوێژ، کە ناوی لە ئەنجومەنی حەفتا بوو، ئەمەش بە لێڵی یان هەر نادیاری لە کەلەپووری ئیسلامییدا ماوەتەوە.

منیش یەکەم جارە لە خوێندنەوەکانمدا ئەوە بزانم کە ئەنجومەنێک هەبووە بە ناوی ئەنجومەنی حەفتا؛ ئەو ئەنجومەنی ڕاوێژەش لە مزگەوتی پێغمبەردا لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا (پەرلەمان) کۆ دەبوونەوە و کێشەکان دەخرانە بەردەمی.

یەکەم جار ئەو زانیارییانەم لە کتێبێکدا بەناوی" *السيادة العربية والشيعة والإسرائيليات في عهد بني أمية*" خوێندەوە کە (لفان فلوتن)ی ڕۆژهەڵاتناس نووسیویەتی، دواتر ئاماژەیەکی ترم لە کتێبی "*الدرر في اختصار المغازي والسير*"ی (ئیبنوعەبدولبیر) (٣٦٨-٤٦٣ک/٩٧٩-١٠٧١ز)دا بەدی کرد، کە باسی کەسێک دەکات کە لەو ئەنجومەنی حەفتایەدا ئەندام بووە.

کەواتە دامەزراوە هەبووە، بەڵام لە کەلەپوورماندا شاردراوەتەوە و داپۆشراوە، سێ دامەزراوە هەبووە.

زۆر بەداخەوە دە هاوەڵەکە کورتهەڵێنراون، ئێمە ئەو دەیە دەناسین کە بریتییە لە: ئەبوبەکر (٥٠پ.ک-١٣ک/٥٧٣-٦٣٤ز)، عومەر (٤٠پ.ک-٢٣ک/٥٨٤-٦٤٤ز)، عوسمان (٤٧پ.ک-٣٥ک/٥٧٧-٦٥٦ز)، عەلی (٢٣پ.ک-٤٠ک/٦٠٠-٦٦١ز)، ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح (٤٠پ.ک-١٨ک/٥٨٤-٦٣٩ز)، زوبەیری کوڕی عەوام (٢٨پ.ک-٣٦ک/٥٩٦-٦٥٦ز)، تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا (٢٨پ.ک-٣٥ک/٥٩٦-٦٥٦ز)، سەعدی کوڕی ئەبووەققاس (٢٣پ.ک-٥٥ک/٦٠٠-٦٥٧ز)، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف (٤٤پ.ک-٣٢ک/٥٨٠-٦٥٢ز)، سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عمری کوڕی نوفەیل (٢٢پ.ک-٥١ک/٦٠٠-٦٧١ز).

ئەمانە ئەوانەن کە لەبارەیانەوە دەوترێت مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە، - باشە- ئایا موژدەدراو بە بەهەشت وەزیفەیە؟ سەرەتا ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی موژدەدراوانن بە بەهەشت، بەڵام موژدەدراوان بە بەهەشت بە دەقی قورئان هەموو بڕواداران، ئێمە دامەزراوەیەکمان نییە ناوی دامەزراوەی موژدەدراوان بە بەهەشت بێت، بەڵکو ستەم سیفەتی ئەم دامەزراوەیەی ون کرد، کە دامەزراوەیەکی دەستووریی سیاسییە، یەکێک لەو سێ دامەزراوەیەی کە دەوڵەتی لەسەر دروست کرا، بۆچی ئەو دە کەسە ناوی "کۆچکەرە یەکەمینەکان"یان لێ نرا؟ چونکە یەکەم ئەوان کۆچکەر بوون، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا لە قوڕەیش بوون و لە مەککەوە کۆچیان بۆ مەدینە کردبوو. یەکەمینیش بوون چونکە کەسانێک بوون لە سەرەتای ئیسلامەوە مسوڵمان بوون، کەواتە دوو سیفەتیان هەبووە "کۆچکەرە یەکەمینەکان" سەرباری ئەوە، ئەوان سەرکردە و پێشەنگی خێڵی قوڕەیش بوون، ئەبوبەکر لە هۆزی تەمیم بوو، عومەر لە عودەی بوو، عوسمان لە ئومەییە و عەلی لە هاشم و ئەبوعوبەیدە لە فەهر و زوبەیر لە ئەسەد و تەلحە لە تەیم و سەعد لە زوهرە و عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف لە زوهرە و سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل لە عەدی بوو، ئەم دە کەسە لە دامەزراوەیەکدا بوون، ئەبوبەکر ناوی "دامەزراوەی میران" (مؤسسة الأمراء)ی لێنا. دامەرزاوەی دوانزە هەڵبژێردراوەکە بە هەڵبژاردن لە پەیمانی عەقەبەدا پێک هێنرا - هەڵبژاردنمان لە ئەورووپاوە بۆ نەهاتووە- ئەوانەی پەیمانی عەقەبەیان بەست حەفتاوپێنج کەس بوون (حەفتاوسێ پیاو و سێ ئافرەت)، واتە ئافرەتیش پێش چواردە سەدە لە بەرزترین ئاستەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا لە گرێبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەشدار بووە، ئەوەتا "دایکی عەمارە نوسەیبەی کچی کەعب" و "ئەسمائی کچی یەزیدی سەکەنی ئەنساری" (٣٠ک/٦٥٠ز) بەشدار بوون، کاتێک ئەو حەفتاوپێنج کەسە ویستیان پەیمان بە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بدەن، پێیانی فەرموو ((دوانزە کەسی هەڵبژاردە لە خۆتان هەڵبژێرن))، بەو شێوەیە یەکەمین دامەزراوە بە هەڵبژاردن لە پەیمانی عەقەبەدا دروست بوو (وەزیران، دوانزە هەڵبژاردەکە).

دامەزراوەی یەکەم ـکۆچکەرە یەکەمینەکان- یەکەمین تایبەتمەندییان ئەوە بوو کە کاتێک پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لە مەککەوە کۆچی بۆ مەدینە کرد و مزگەوتی بنیات نا، مزگەوتەکە تەنها شوێنی پەرستش نییە، بەڵکو خانەی حکومەت و خانەی خوێندن و خانەی ڕاهێنان بوو بۆ جەنگ، واتە مزگەوت یەکەم دامەزراوەیان شوێنی یەکەمینی دامەزراوەی دەوڵەت بوو، ئەو دە کەسەماڵەکانیان لە دەوروبەری مزگەوتەکەدا بوو؛ بە شێوەیەک کە دەرگاکانیان بە ڕووی مزگەوتدا دەکرایەوە. -ئەم تایبەتمەندییە تەنیا بۆ ئەو دە کەسە هەبوو- هەروەها من دەقێکی ترم بەرچاو کەوتووە وەک ئەوەی گەوهەرێکم دۆزیبێتەوە لە کتێبی "أسد الغابــة": دە کەسەکە لە نوێژدا لە پشت پێغەمبەری خواوە بوون و کە لە جەنگیشدا لە پێشیەوە بوون، کەواتە ئەمانە تایبەتمەندی و پێگەی تایبەتییان هەبووە. زۆرێک لەوانەی لەسەر خیلافەی ڕاشیدە نووسیویانە کەوتوونەتە هەڵەوە و کۆکیش بوون لەسەر هەڵەکەیان، کە دەڵێت: هەر یەکێک لە چوار جێنشینەکە بە شێوازی جیاواز هەڵبژێردراوە. ئەمە ڕاست نییە، چونکە دیارنەبوونی بیرۆکەی دامەزراوە وای لێ کردوون پەی بە ڕۆڵی "کۆچکارە یەکەمینەکان" نەبەن.

کاتێک لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە سەقیفەدا ناکۆکییەک دروست بوو، ئەبوبەکر ناکۆکییەکەی یەکلا کردەوە، خەڵکەکە کۆ بوونەوە، جگە لە یەکێک لە پشتیوانان، کۆبوونەوە لەسەر وتەی ئەبوبەکر کە دەسەڵاتەکانی لەنێوان هەردوو دامەزراوەکەدا دابەش کرد، فەرمووی" میرەکان لە ئێمە و وەزیرەکانیش لە ئێوە". ئیدی پرسەکە کۆتایی هات، چونکە پشتیوانان ستاییشی خۆیان دەکرد، بەڵام ئەبوبەکر زیاتر لە ستاییشەکەی خۆیان هەڵی نان، بەڵام وتی میرەکان لە ئێمە و وەزیرەکان لە ئێوە، بەو شێوەیە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی لەنێوان دوو دامەزراوەکەدا دابەش کرد، "دامەزراوەی کۆچکارە یەکەمینەکان "، کە ڕۆڵی بەربژێرکردن بوو بۆ جێنشینی (وەکو لیژنەی ناوەندی) و پەیمانی یەکەم بە جێنشینی بەربژێرکراو دەدرێت، دە کەسەکە پەیمان دەدەن، پاشان لەدوای وەفاتی جێنشین، ئەو بڕیارە ڕادەگەیەنرێت و پەیمانی گشتی پێ دەدرێت.

بڕوانن چۆن هەرچوار خەلیفە ڕاشیدەکە بە هەمان ڕێگە هەڵبژێردراون، نەک هەر یەکێکیان بە شێوازێکی جیاواز.

لە سەقیفەدا، کێ دەستی بە بەیعەتدان بە ئەبوبەکر کرد؟ دوان لە دە کەس کە: عومەر و ئەبوعوبەیدە بوون، پاشان بەیعەتی گشتی بۆ کۆکرایەوە و کاتێکیش مەرگی ئەبوبکر نزیک بۆوە، دە کەسەکە کۆ بوونەوە و لەسەر هەڵبژاردنی عومەر ڕێک کەوتن، لەو بارەیەوە نووسراوێکیان نووسی و بەیعەتیان دا، پاشان لەدوای وەفاتی ئەبوبەکر بەیعەتی گشتیی بۆ کۆ کرایەوە، کاتێکیش عومەر لێی درا و بریندار کرا، خەڵکی دەیانوت ڕاوێژ لە شەش کەسدایە و کەسیش نەیوت بۆچی شەش کەس؟ چونکە ئەو شەش کەسە باقیی دە کەسەکە بوون، تەنانەت عومەر، عەبدوڵای کوڕی لەگەڵیان دانابوو لە دامەزراوەکەدا، بەڵام بۆی نەبوو دەنگ بدات، تەنها ڕاوبۆچوونی دەردەبڕی، چونکە ئەندامی ئەو دامەزراوەیە نەبوو.

من ئەو قسەیە بۆ دەکەم؟ تا پەی بەوە ببەن کە ئیسلام هزرێکە دەستووری یاسایی تێدایە، بۆچی عبدوڵلای کوڕی عومەر ئەندامێکە ڕای خۆی دەڵێت، بەڵام بۆی نییە دەنگ بدات؟ چونکە ئەندام نەبووە لە دامەزراوەکەدا. ئەو ئەندامانە "عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف"یان هەڵبژارد و دیارییان کرد، بەڵام ئەو سێ ڕۆژ مایەوە، بە شەو و ڕۆژ هیچ کەسێک نەما لە مەدینە بە گەورە و بچووک و پیاو و ئافرەت و ئازاد و کۆیلە پرسیاری لێ نەکات :ئایا دوای عومەر کێ خەلیفەیە؟

لێرەدا بەراوردێک ئەکەین لە ئەسینا کێ دیموکراسیەت و مافی ڕادەربڕینی هەبوو؟ کەمینەیەک بوو کە تەنها لە خانەدان و جەنگاوەر و ئازادەکان پێک دەهات و لە مەیدانێکدا کۆ دەبونەوە و لە غەیری ئەوان کەسی دی بە هاوڵاتی هەژمار نەدەکرا و مافیان نەبوو، بەڵام عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف هیچ کەسێک نەما کە لە ڕاوێژەکەدا بەشداری نەکات، ئیدی: "عوسمان"یان هەڵبژارد، پاشان عوسمان شەهید کرا، بۆیە شۆڕشگێران هاتن بۆ لای (عەلی) بۆ ئەوەی بەیعەتی بدەنێ و ببێت بە جێنشین، ئەو وتی: ئەوە کاری ئێوە نییە، ئەوە بۆ کۆچکارە یەکەمینەکانە، بۆ ئەو دەستەیەیە کە بەربژێر کراوە و لە یەکەم

بەیعەتدا بەشدار بووە، لەو کاتەدا هەندێکیان وەفاتیان کردبوو و هەندێکیشیان گۆشەگیرییان هەڵبژاردبوو، بۆیە عەلیی کوڕی ئەبوتاڵیب بیری لەوە کردەوە دەستەکە فراوان بکات و هەموو ئەوانەی بۆ زیاد بکات کە لە بەدردا بەشدار بوون، بەڵام ڕووداوەکانی ئاژاوە کاروبارەکانیان شێواندن و پەلەپەلیان تێ خستن.

ببینن چۆن ئێمە لەبەردەم دامەزراوەیەکداین کە دەسەڵاتی دەستووری و سیاسی و یاسایی هەیە و بەربژێر بۆ جێنشینی دیاری دەکات و بەیعەتی یەکەم دەبەستێت و پاشان بەیعەتی گشتی دەبەستێت، ئەویش دامەزراوەی میرەکانە (مؤسسة الأمراء)؛ خەلیفە لەوێوە هەڵدەبژێردرێت و دامەزراوەی دووەمی لەگەڵدایە، کە دامەزراوەی دوانزە هەڵبژاردەکەیە.

دوانزە هەڵبژاردەکە: ئەبو ئومامە، ئەسعەدی کوڕی زرارەی کوڕی عەدیس (١ک/٦٢٢ز)، سەعدی کوڕی ڕەبیع (٣ک/ ٦٢٥ز)، عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە (٨ک/ ٦٢٩ز)، ڕافیعی کوڕی مالیک (٣ک/ ٦٢٥ز) بەڕائی کوڕی مەعرور (١ک/ ٦٢٢ز) عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی حوزام (٣ک/ ٦٢٥ز)، سەعدی کوڕی عەبادەی کوڕی دەلیم (١٤ک/ ٦٣٥ز)، مونزیری کوڕی عەمری کوڕی خەنیس (٤ک/ ٦٢٥ز)، عوبادەی کوڕی سامیت (٣٨پ.ک-٣٤ک/ ٥٨٦-٦٥٤ز)، ئوسەیدی کوڕی حەزیر (٢٠ک/ ٦٤١ز)، سەعدی کوڕی خەیثومەی کوڕی حارث (٢ک/ ٦٢٤ز)، ڕەفاعەی کوڕی عەبدولمونزیر.

ئاماژەشم پێ کرد چۆن دەسەڵاتەکان لە سەقیفەدا لەنێوان ئەم دوو دامەزراوەیەدا دابەش کراون.

ئاماژەشمان بە دامەزراوەی سێیەم کرد، کە ئەنجومەنی حەفتایە، کە لە مزگەوتی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر) لە شوێنێکی دیاریکراودا و لە چەند کاتێکی دیاریکراودا کۆ دەبووەوە.

کاتێکیش فەتحی فارس کرا، عومەر فەرمووی: ئێمە یەهود و نەسارا دەناسین، بەڵام ئەم مەجووسییانە ئاگرپەرستن. بۆیە بابەتەکەی خستە بەردەم ئەنجومەنی حەفتا، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ڕاست بۆوە و وتی: گەواهی

دەدەم کە من بیستوومە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ((سنوا بهم سنة أهل الکتاب))[1]. واتە: وەکو ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

کەواتە ئەو دامەزراوانەمان هەبووە کە یەکەم دەوڵەتی ئیسلامییان لەسەر بنیات نراوە، عومەر پرسەکانی ئوممەت و کێشەی هەرێمەکان و ئەو ڕاپۆرتانەی بۆی دەهات دەیخستنە بەردەم ئەنجومەنی ڕاوێژ و نەریتێکی داهێنا کە هەرجارێک بچێت بۆ ئەنجامدانی حەج میری ویلایەتەکان ببینێت، چونکە دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی عومەردا فراوان ببوو، هەروەها ئەو کێشانەی دەخستە بەردەم ئەنجومەنی شوورا.

کاتێکیش عێراق و شام و میسر فەتح کران، بوون بە دەوڵەمەندترین شوێن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە سوپای فەتحکەردا داوایان لە عومەر کرد کە خاکە فەتحکراوەکەیان بەسەردا دابەش بکات، هەر وەک چۆن پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) خاکی خەیبەری دابەش کرد، کێشە دروست بوو و هێرشی توندیان بۆ عومەر دەکرد (بیلال و غەیری ئەو) و عومەر شەکوای لە هێرشی ئەوان دەکرد، بۆیە بابەتەکەی خستە بەردەم کۆچکارە یەکەمینەکان (دامەزراوەکە)، ئەوانیش ناکۆکییان تێ کەوت، بۆیە عومەر دە کەسی بۆ دادوەریکردن هەڵبژارد، پێنج لە ئەوس و پێنج لە خەزرەج.

من دەقەکەتان بۆ دەگوێزمەوە بۆ ئەوەی بزانن دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتی یاسا بووە، دەوڵەتی شەریعەت و هزرێکی دەستووری بووە.

---

(١) فەرموودەی ژمارە (٦١٩)، الزکاة، موطأ مالک، حدیث رقم (١٤٣٦٣)، کتاب النکاح سنن البیهقي، حدیث رقم (١٩١٢٥) کتاب الجزیة سنن البیهقي. وقال الشیخ الألباني في کتاب "مختصر إرواء الغلیل في تخریج أحادیث منار السبیل": ضعیف.

**تەواوی دەقەکە:**

کاتێک عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) مسولمانانی بۆ ڕاوێژکردن لەمەڕ دابەشکردنی خاکی عێراق کۆ کردەوە، کە بە هێز فەتح کرابوو، دواتر وتاری بۆ دان و پێی وتن: "من سەرتان نایەشێنم، تەنها بۆ ئەوە کۆم کردوونەتەوە کە لەو ئامانەتەدا هاوبەشیم بکەن کە لە کاروباری ئێوەدا هەڵم گرتووە، منیش یەکێکم وەک ئێوە، ئێوەش دان بە ڕاستیدا دەنێن، ئەوەی جیاوازە لە من با جیاواز بێت، ئەوەشی هاوڕایە با هاوڕام بێت، ناشمەوێت شوێن ئەوە بکەون کە من ئارەزووی دەکەم، ئێوە کتێبێکتان لەبەردەستدایە کە لەلایەن خوداوە هاتووە و ڕاستی دەڵێت، سوێند بە خودا، ئەگەر من فەرمانێکم دەر کردبێت کە ویستبێتم تەنها مەبەستم ڕاستی و ڕەزامەندیی خودای گەورە بووە". کاتێکیش هەندێک لە هاوەڵان قسەیان پێ بڕی و ویستیان زەوییەکە دابەش بکرێت، بەم شێوەیە وەڵامی دانەوە:

"ئەی سەبارەت بەو مسولمانانە چی کە دێن و دەبینن زەوییەکە دابەش کراوە و بەمیرات گیراوە لە باوانەوە و بەکار هێنراوە؟ ئا ئەمە ڕا نییە..".

لێرەوە عەبدولڕحمانی کوڕی عەوف پرسیاری کرد:

"کەواتە چ ڕایەک باشە؟ زەوی ئەبێ چی بێ جگە لەوەی خودا وەکو دەستکەوت پێیانی بەخشیوە..."  بیلال و عەمری کوڕی عاص و زوبەیری کوڕی عەوامیش داوای دابەشکردنیان دەکرد.

عەلیی کوڕی ئەبوتالیب و عوسمان و مەعازی کوڕی جەبەل و تەڵحەی کورد عوبەیدوڵلا و ئەبوعوبەیدە و عەبدوڵلای کوڕی عومەریش داوایان دەکرد دابەش نەکرێت و بۆ هەموو مسولمانان بمێنێتەوە، پشتیوانانیش هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە دابەش نەکرێت .لێرەدا عومەری کوڕی خەتتاب ناکۆکییەکەی یەکلایی کردەوە و خوای گەورە ڕێنموونیی کرد بۆ ڕێگەیەک لە قورئان -وەک ئەوەی لە چەندین سەرچاوەدا بە چەندین گوزارشت هاتووە- فەرمووی:

"بابەتەکەم بۆ ڕوون بۆوە و بەڵگەیەکم لە کتێبی خودای گەورەدا دۆزییەوە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ﴾. [الحشر: ٧].

واتە: "ئەو دەستکەوتانەی، خودا بەخشیی بە پێغەمبەرەکەی لە خەڵکی دێهات و شارەکانی جوو، ئەوە خودا بڕیاری لەسەر داوە کە بۆ پێغەمبەر و خزمانیەتی، بۆ هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانیشە، بۆ ئەوەی ئەو سامانە تەنها لەنێوان دەوڵەمەندەکانی ئێوەدا نەبێت".

پاشان دەفەرموێ: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ [الحشر: ٨].

واتە: "هەروەها لەو دەستکەوتانە، بەشی کۆچبەرانی هەژار دەبێت بدرێت، ئەوانەی لە شوێنەوار و سامانیان دوور خراونەتەوە و دەرکراون، ئەوانە بەتەمای بەخششی خودا و ڕەزامەندیی ئەون و بەبێ هیچ تەماعێک پشتیوانی لە خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوڵی سەرخستنی بەرنامەکەیان دەدەن، هەر ئا ئەوانە ڕاستگۆ و ڕاستانن".

پاشان ڕازی نەبوو تا غەیری ئەوانیشی تێکەڵ کردن و دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾. [الحشر: ٩]. واتە: ئەوانەی کە پێشتر ماڵ و شوێنی خۆیان ئامادە کرد بۆ پێشوازیی لە کۆچبەران و دڵ و دەروونی خۆیان ڕازاندەوە بە ئیمان، ئەوانەشیان خۆش دەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ لایان و لە دڵ و دەروونیاندا جێی هیچ جۆرە حەسوودی و بەخیلییەک نابێتەوە (لەسەر ئەوەی کە بەشی کۆچبەران دراوە و بەشی ئەوان نەدراوە)، حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن، فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژار و نەداریشن، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەریدا، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن".

پاشان ڕازی نەبوو تا کەسانێکی تریشی تێکەڵی کردن و دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا﴾. [الحشر: ١٠].

واتە :"ئەوانەش کە بەشوێن کۆچبەران و پشتیوانانیاندا هاتن (تا کۆتایی دنیا ئەمە دۆعا و نزایانە و بەردەوام) دەڵێن: پەروەردگارا لە ئێمە و لەو

برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتە بەر و لە دڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغز و کینەیەک مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە". ئا ئەمەیان بۆ ئەوانەیە کە دوای ئەوان دێن تا ڕۆژی دوای. کەواتە ئەو دەستکەوتە (الفيء) بۆ هەموو ئەوانە بوو؛ ئیدی چۆن بۆ ئەوانی دابەش بکەین و ئەوانە بێبەش بکەین کە دوای ئەوان دێن، ئیتر هەموو خەڵکەکە ئەم ئایەتانە تێگەشتن و وەریان گرت و کەسیش نەما لە مسوڵمانان کە لێی بێبەش بێت...[1].

**لێکدانەوەی دەقەکە:**

کاتێک عومەر ئەو دەستەیەی دروست کرد و ناردی بەشوێن دە کەسدا لە گەورەپیاوان و خاوەن پێگەکانی پشتیوانان (پێنج لە ئەوس و پێنجیش لە خەزرەج) و کۆ بوونەوە، پێی وتن: "من سەرتان نایەشێنم، تەنها بۆ ئەوە کۆم کردونەتەوە کە لەو ئامانەتەدا هاوبەشیم بکەن کە لە کاروباری ئێوەدا هەڵم گرتووە". ئەم دەقانە پێویستیان بە لێکدانەوە هەیە، چونکە فەلسەفەیەک لەخۆ دەگرێت کە فەلسەفەی ڕاوێژە، ڕاوێژیش پابەندکەرە.

دواتر کەسانێک هاتن و وتیان بەڕاستی ئەو دەقە فێرمان دەکات: "منیش یەکێکم لە ئێوە"، ئەوەی ئەم قسەیە دەکات عومەری ئیلهامبەخشە، ئەو فەقیهەی کە قورئان لە هەندێک کاتدا وەکو پەسەندکەری ڕاکانی ئەو دادەبەزی، "ئێوەش دان بە ڕاستیدا دەنێن، ئەوەی جیاوازە لە من با جیاواز بێت، ئەوەشی هاوڕایە با هاوڕام بێت، ناشمەوێت شوێن ئەوە بکەون کە من ئارەزووی دەکەم، ئێوە کتێبێکتان لەبەردەستدایە کە لەلایەن خوداوە هاتووە و ڕاستی دەڵێت، سوێند بە خودا، ئەگەر من فەرمانێکم دەرکردبێت کە ویستبێتم تەنها مەبەستم ڕاستی و ڕەزامەندیی خودای گەورە بووە".

---

(١) أبو يوسف (كتاب الخراج)، ص ٢٣-٢٥،٢٧، طبعة القاهرة ١٣٥٢هـ وأبو عبيدالقاسم بن سلام (كتاب الأموال)، ص٥٧، ٥٨، طبعة القاهرة ١٣٥٣هـ وطبعة دار الشروق -بتحقيقنا- القاهرة، ١٩٨٩م.

وتیان: فەرموو ئێمە گوێبیستین ئـەی ئەمیری بڕواداران. وتـی: ئێوە قسـەی ئەوانەتان بیست کە وایان دەزانی من ستەمم لە مافەکانیان کردووە، من پەنا بە خودا ئەگرم لەوەی ستەمێک ئەنجام بدەم، بەڵام بینیم".

ئـاگاداربە! لێرەدا فەلسـەفەی سامان بەدی دەکەین، کە ئەم سامانە بۆ ئەو کەسانە نییە کە فەتحەکەیان ئەنجام داوە، چونکە هەموو ئوممەت لەنێو سوپای ڕزگـارکەردا نیـیە، هەر وەک چـۆن هەمـوو ئـوممەتیش ئامـادە نیـیە تـا ئەو سـامانەیان بەسـەردا دابەش بکرێـت، چـونکە چەنـدین نەوەی تـر دێـت، ئەو سـامانەش سـامانی ئـوممەتە تـا خـوای گەورە زەوی و ئەوەی لە سـەریەتی دەیباتەوە. ئا ئەمەیە تیۆری جێنشینی (نظرية الاستخلاف)، خاوەن سامان تەنها خـودایە و خەڵکـی جێنشـینن .بەو شـێوەیە دەوڵەت دۆخێکـی جیـاوازی بـۆ دروست بوو، پێویستیان بە پیاوانێکی وا هەبوو کە بیپارێزن، ئایا بینیتان ئەم شـارە مەزنـانە (شـام و جەزیـرە و کـوفە و بەسـرە و مـیسر) پێویسـتیان بە شتانێک بوو کە پێیان ببەخشرێت، ئەی ئەگەر زەویوزار و موڵکایەتی و سامان و ئاژەڵیان دابەش بکرێن لە چی پێیان ببەخشرێت.

لەم کاتەدا دەستەی دادوەری بڕیاری لەسەر دروستێتی ڕای عومەر (خـوای لێ ڕازی بێت) دا و هەموویان پێیان وت: "ڕای تۆیە، بەڕاستی جوانت وتووە و ڕاکەت پەسەندە". ئەمە دامەزراوەی شوورایە کە بابەتێکی یەکلایی کردەوە کە پێویستی بە یەکلاکردنەوە بوو، لە بەرانبەر ئاڕاستەی زۆرێک لە هـاوەڵان، یان ژمارەیەکی زۆر لەو هاوەڵانەی بەشدارییان لە فەتحەکەدا کردبوو.

ئەمەش پرسـی سـوننەتی تەشـریعی و ناتەشـریعی دەورووژێنێت، پێغەمـبەر (دروودی خـودای لەسـەر) خـاکی خەیـبەری دابەش کردبـوو، چـونکە ئەو کـاتە ئەوە بەرژەوەنـدییەکانی بەدی دەهێنـا، بـەڵام عـومەر (خـودای لـێ ڕازی بێـت) خـــاکی دۆڵ و ڕووبارەکـــانی دابەش نەکـــرد، چـــونکە بەرژەوەنـــدی لە دابەشـنەکردنیاندا بـوو، کەواتە بـابەتی سـوننەتی پەرسـتش شـتێکە و بـابەتی سوننەت لە سیاسەتدا شتێکی ترە.

## (٦)

دامەزراوەی دووەم: دامەزراوەی زەکــات و ئەوانەی کــاری تێــدا دەکەن، دامەزراوەیەکە کە کارمەنـد و فەرمـانبەری تێدایە، (ئەوانەی کـۆی دەکەنەوە و ئەوانەی دەیبەخشـن، ئەوانەی دابەشـی دەکەن، ئەوانەی دەیـخەنە گەنجیـنەوە)، کەواتە ئەمەش دامەزراوەیەکە پەیوەستە بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە.

## (٧)

دامەزراوەیەکــی زۆر گرنــگ هەیە، کە بــریتییە لە دامەزراوەی وەقــف، کە دامەزراوەی ئەهلیــی دایــکە، کە ســەرچاوەی دارایــی پیشەســازی و ژیــاری ئیســلامی و نــوێکردنەوەی ئەو ژیــارە بــووە، هەر ئەویــش بــوو لەو مێـژووەدا ئاســتێک لە دادی کـۆمەڵایەتیی چەسـپاند کە لە هـیچ یەکێک ژیارەکـانی تـردا وێنەی نییە.

وەقــف دامەزراوەیەکە لەگەڵ یەکەم دەوڵەتــی ئیســلامیدا لەدایــک بــووە، پێغەمــبەر (دروودی خــودای لەســەر) (پاراســتن) وەقفــی داهێنــا، ئەویــش بە دیاریکردنی پارچە زەوییەک لە (نەقیع) بۆ ئەسپی مسـوڵمانان و لە (رەبزە)ش بۆ ئەو وشـترانەی کە بۆ سـەدەقە دانرابـوون، یەکێک لە جووەکـان مسـوڵمان ببــوو (مــوخەیرەقی کــوڕی نەزر) کە لە ســاڵی مســوڵمانبوونیدا شــەهید بــوو، حەوت بێستانی هەبوو بەخشـی بە پێغەمبەری خوا (دروودی خودای لەسـەر) هەرچییەکـی دەوێـت لێـی بکـات، ئەوێـش وەقفـی کـردن. ئـائەمە ســەرەتای دامەزراندنی وەقف بوو لە یەکەم دەوڵەتی ئیسلامییدا.

عومەری کوڕی خەتتاب زەوییەکی هەبوو لە شوێنێکدا پێی دەوتـرا شـەرەف (الشرف)، کە بە جەرگی نەجد ناو دەبرا، کردی بە وەقف و خستیە سـەر نەقیع هەروەهــا زەوییەکــی هەبــوو کە بەنرختــرین ســامانێک بــوو کە عــومەر –لە خەیبەردا– دەستی کەوتبوو، خستیە بەردەم پێغەمبەری خوا (دروودی خودای لەسەر) کە بیکات بە سەدەقە، ئەویش پێی فەرمـوو: ((تصـدق بأصـلها؛ لا يباع

ولا يوهب ولا يورث، ولكن ينفق ثمرها))[1]. واتە: "بنەچەکەی بکە بەخێر؛ نە دەفرۆشرێت نە دەبەخشرێت نە بە میرات دەگیرێت، بەڵام بەروبوومەکەی دەبەخشرێت".

کۆنترین بەڵگەی وەقفیش لە مێژووی ژیاری ئیسلامیدا، ئەوە بوو کە عومەری کوڕی خەتاب نووسی: "ئەمە ئەوەیە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب لەبارەی "ثمغ"ەوە (ناوی شوێنی زەوییەکە) نووسی کە ئەسڵەکەی نە دەفرۆشرێت و نە دەبەخشرێت و نە بەمیرات دەگیرێت؛ بۆ هەژار و خزمان و کۆیلە و لەپێناوی خوادا بۆ ڕێبواران و لاواز و کەمدەستان و میوان، تاوانیش نییە ئەگەر ئەوەی بەروبوومی دەبات بەچاکی لێی بخوات و بەشی هاوڕێیەک بدات کە بەشداریی تێدا نەکردووە".

ئا ئەمە سەرەتای دامەزراوەی وەقف بوو، کە گرنگترین دامەزراوەیە لە مێژووی ژیاری ئیسلامیدا. کاتێکیش لە سەردەمی "عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان"دا کە ئەوقاف زیادی کرد، دیوانێکی بۆ دروست کرد.

سەرنج بدە هەموو ئەو دامەزراوانە دامەزروەی ئەهلین و سەر بە دەوڵەت نین، ئەوەتا لە سەردەمی "عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان"دا (٧١-١٢٥ک/٦٩٠-٧٤٣ز) دیوانێک بۆ (الأحباس) دروستکرا کە قازی سەرپەرشتیی دەکرد.

لە سەردەمی عەباسییشدا "صدر الوقوف" سەرپەرشتی وەقفی دەکرد.

لە سەردەمی الظاهر برقوقیشدا (٧٣٨-٨٠١ک/١٣٣٨-١٣٩٨ز) ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە وەقف کرابوون گەیشتە نیوەی ڕووبەری زەوییەکانی دەوڵەت.

ئەمەوێت بڵێم: وەقف ئەو دامەزراوەیەیە کە بەڕاستی خاوەنداریێتی ئوممەتی سەلماندوە، چونکە خاوەنداریی ڕاستەقینەی گەردنی خەڵک لە ماڵ و ساماندا خوای پاک و بێگەرد و باڵایە، خەڵکیش جێنشینی ئەو سامانانەن، خەڵک بەڕەهایی نەک حیزبێک یان حکومەتێک.

ئەوە ڕوون بۆتەوە کە سوشیالیزم سەرمایەداریی دەوڵەت یان حیزب یان حوکومەتێکە، بەڵام ئەوەی کە خاوەنداریەتیی گشتیی ڕاستەقینە دەکات،

---

(١) حديث رقم (٤٤٨٠) الاحباس سنن الدارقطني.

خاوەنداریێتیی ئوممەتە، تیۆری جێنشینبوون بریتییە لە وەقف، هەربۆیە زانایان قسەیان لە سەر پێناسەی وەقف کردووە، هەندێکیان دەڵێن:" إنه إخراخ المال إلي غير مالك". واتە: "دەربازکردنی سامان و دەرهێنانێتی لە خاوەنداریێتی". ابن حزم (٣٨٤-٤٥٦ک/٩٩٤-١٠٦٤ز) بە بلیمەتیی خۆی وتوویەتی: "إنه إخراج المالک الی خیر المالک". واتە: دەرکردنی سامانە بۆ ئەوەی بدرێتە دەستی باشترین خاوەندار؛ کە خوای پاک و بالاییە.

خوا تۆی کردووە بە جێنشین تێیدا، تۆش دەیگێڕیتەوە بۆ خاوەنەکەی، جێنشینیش بریتییە لە ئوممەت.

وەقف وێڕای بواری دارایی و دادگەری هەندێ ڕۆڵی تری دەگێڕا، ڕۆڵی پاراستنی ماڵ و سامان لە دەستبەسەرداگرتن، چونکە فەرمانڕەوای ستەمکار کە سامانی خەڵکی داگیر دەکات و دەستی بەسەردا دەگرێت، ناتوانێت دەست بەسەر وەقفدا بگرێت، چونکە سامانی وەقفکراو ڕێز و پێگەی خۆی هەیە، بە درێژایی مێژوو وەقف ڕێزی لێگیراوە؛ هەر بۆیە دەبینین ئەوەی سامانێکی هەبووە و مەترسیی دەستبەسەرداگرتنی هەبووە، وەقفی کردووە و کردویەتی بە وەقفێکی ئەهلی لەسەر منداڵەکانی، وەک ئەوەی بەوە هەر بە سامانی خۆی مابێتەوە، بەڵام لە دەستبەسەرداگرتن و دەستدرێژیکردنە سەریشی پاراستوویەتی، ئەوە لەبەر ئەوەی مەرجی کەسی وەقفکەر وەکو حوکمی یاسادانەر وایە، واتەمەرجی وەقفکار لەسەروو دەوڵەتەوەیە.

کەواتە ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی ئیسلامی و تایبەتمەندییەکی ئیسلامییە کە پێشینەی نەبووە، بیرۆکەی ئەوەی کە زانایان، فوقەها، شەریعەت لەسەرو دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەن.

لە هەموو دەوڵەتاندا، دەوڵەت یاسا دادەنێت، هەر ئەویش دەیگۆڕێت. لەئیسلامدا یاسا لەسەروو دەوڵەتەوەیە، دەوڵەت ناتوانێت یاسا بگۆڕێت؛ هەر بۆیە کاتێک دەڵێین: سێ دامەزراوە هەیە: یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، دەڵێین دەسەڵاتی چوارەمیش هەیە، دەسەڵاتی ئیجتیهاد، دەسەڵاتی فوقەها (هەندێ کەس پێیان خۆش نییە زانایان ڕایان هەبێ)!

دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە وەقف ئەنجامی دەدا، چونکە بەڕاستی ژیاری ئیسلامی ژیارێکی مرۆڤدۆستە، وەقف تەنها مزگەوت و نەخۆشخانەی دروستنەدەکرد، بەڵکو لە سەدەی نۆزدەدا لەسەر کەشتیگەلی میسریش وەقف هەبوو، ڕاستە دەوڵەت خۆی جیهادی بەرپادەکرد، بەڵام ئەوە ئوممەت بوو داراییەکەی لەئەستۆدەگرت، هەموو ئەمانە کاری ئەهلی بوون. بۆیە لەراستیدا یەکێک لە دەرەنجامە زۆر گرنگەکانی وەقف گەورەکردن و پایەدارکردنی ئوممەت و سنووردارکردنی دەوڵەت بوو. دەوڵەت لە کەلەپووری ئیسلامیدا قەبارەکەی سنووردار بوو، هەر بۆیە هەر لە کاتێکی زوودا دەوڵەت لایدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژیارەکەمان هەمووی لە سایەی لادانی دەوڵەتدا بنیات نراوە، ئا ئەمەیە کە عەلمانییەکان ناتوانن لێی تێبگەن، دەڵێن (٩٩٪)ی مێژووی ئیسلامی تاریکییە، بۆچی؟ چونکە ئەوان تەنیا چاویان لەسەر شمشێر و فەرمانڕەوایە و ئوممەت نابینن، بەڕاستی دەوڵەت قەبارەیەکی دیاریکراوی هەبوو.

ئەوەتا معاویە (٢٠پ.ک-٦ ک/٦٠٣-٦٨٠ز) کە ئەوە بوو کە بوو، وتی: "با خەڵکی کورسی بۆ ئێمەجێ بهێڵن، ئیدی چیان دەوێت بابیکەن..". بۆیە گۆڕەپانەکەیان بۆ جێهێڵرا بۆ ئەوەی چی دەکەن بیکەن، واتە دەوڵەت قەبارەکەی سنووردار بوو، ئەو جیهادی بەڕێوە دەبرد، بەڵێ، بەڵام ئەوەی ژیاری ئیسلامیی دروست کرد و پارێزگاری لێدەکرد، بریتی بوو لە پشتیوانی و فەندی ئەهلیی لە ڕێگەی ئەوقافەوە، مزگەوت و کتێبخانە بنیات دەنرا و دەستنووسەکان لەبەریان دەگیرایەوە، ئێوە دەزانن کە کتێبخانەکانی قاهیرە لە دەوڵەتی فاتیمیدا -لە کاتێکدا چاپخانەش نەبوو- ملیۆنەها دەستنووسی تێدابوو، مێژووی تەبەری لە (٣٠) بەرگدا زیاتر لە هەزار دانەی لە کتێبخانەدا هەبوو، واتە لەبەرگرتنەوەی دەستنووسیی کێبڕکێی چاپخانەی دەکرد!

هەر کەسێک بیویستایە لە کتێبخانەدا بخوێنێتەوە، کاتێک دەچووە کتێبخانە، کەسانێک کتێب و مەرەکەب و وەرەقە و قەڵەمیان دەدایە و خزمەتیان دەکرد، هەموو ئەمانە لە وەقفەوە بوو، هەموو مزگەوتەکان کتێبخانەیان تێدا بووە، ئەمە بە پێچەوانەی (دار الحكمة) و (بيت الحكمة).

لەبەرگرتنەوەی دەستنووسەکان و چاودێریکردنیان، پاراستنی شتە بەنرخ و دەگمەنەکان و شوێنەوار و کەلوپەلە تایبەتەکان، هەموو ئەمانە بوارگەلێک بوون کە ئەوقافیان هەبووە، دامەزراندنی خانەقا بۆ ڕابەر و گەورەپیاوانی سۆفیگەری و موریدانیان، دروستکردنی نووسینگەی تایبەت بە لەبەرکردنی قورئان لە شار و لادێکان، دروستکردنی نەخۆشخانە (بیمارستان) دروستکردنی ڕێگاوبان و ڕێککردنەوە و چاککردنیان، هەموو ئەمانە ئەوقافن، ئازادکردنی دیل بە دانی فیدیەکەیان و گرتنەئەستۆی خەرجی خۆیان و خێزانیان، چاودێریکردنی ڕێبواران تا گەڕانەوەیان بۆ ماڵ و وڵاتی خۆیان، دەستگیرۆییکردن بۆ ئەنجامدانی فەرزی حەج، هەروەها دابینکردنی خشڵ و زێڕ بۆ ئەو کەسانەی هاوسەرگیریی دەکەن و ناتوانن ئەو شتانە بکڕن، هەروەها وەقفی سفرە و قاپی خواردن (بۆ ئەو کە سانەی ئاهەنگیان هەبوو). پتر لەوە، ئەو خزمەتکارەی قاپێکی بشکاندایە، لە وەقفی وەردەگرتەوە لەبری ئەوەی گەورەکەی لێی بدات (ئەبینی مرۆڤدۆستی لە ئەوقافدا گەشتۆتە چ ئاستێک)؟!، چاودێریکرنی ئەو ژنانەی کە توڕەبوون و تۆراون (ئەگەر ژنێک توڕە ببوایە و بتۆرایە و کەسوکارەکەی لەو شارەدا نەبوونایە، دەچووە چەند شوێنێکی حەوانەوە، کە ئەوقاف خەرجی دەکێشان، تا ئەو کاتەی ئاشت دەبوونەوە)، باڵەخانەی خۆبەستن و شەونخونی و پاسەوانی و جیهاد لەپێناوی خوادا، بەخێوکردنی نابینایان و کەمئەندامان و ئەوانەی لەجێگەدا کەوتوون و نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، چارەسەرکردنی نەخۆشی ئاژەڵ و پەلەوەر، گرتنەخۆ و چاودێریکردنی ئاژەڵەماڵییەکان، هەروەها وەقفێک کە پێی دەوترێت دڵۆپەی شیر (ئەگەر ژنێکی شیردەر شیر لە سنگیدا نەبوایە دەچووە لای وەقف و شیری بۆ منداڵەکەی وەردەگرت)، ئامادەکردنی خواردنی ڕۆژووکردنەوە و پارشێوکردن بۆ نەداران، باخگەلێک کە بەرهەم و سێبەرەکەی بۆ ڕێبواران تەرخان کرابوو، کە بە درێژایی بە درێژایی ساڵ میوەیان لێ دەهێنا. گرتنەئەستۆ و ناشتنی مردووی ڕێبوار و بیانی و دووروڵات و ئاوارە و نەداران، دروستکردنی گۆڕستان بۆ خێر، خەرجیکێشانی حەرەمەین شەریفەین، گرتنەئەستۆی خەرجیی میوانان،

دروستکردنی بازاڕی بازرگانان و دامەزراوەکانی پیشەسازی، خانەی مانەوە و ئوتێل، فڕن و نانەواخانە، گەرماوی گشتی، ڕێگاوبان، بەلەم و پرد و قەیاخ، دامەزراوەی چاودێریکردن کە کەسانی نەخۆشی درێژخایەن تێیدا دەژی، دامەزراوەی چاودێریکردنی بێباوکان، چاودێریکردنی زیندانی و خانەوادەکانیان پێدانی پێشینە بە بێبەرانبەر بەو کەسانەی کە ئاتاجن، گرتنەئەستۆی خەرجی هاوسەرگیریی بۆ ئەو کەسانەی کە کەمدەستن لە نێر و مێ، دروستکردنی ئاش، دروستکردنی پرد و پردی تاق بەسەر ئاودا...

ئەمانە ناونیشانی چەند دەزگایەک بوون کە ئوممەت خەرجییانی لە ئەستۆ گرتووە، بۆیە من دەڵێم ئەوە ئوممەت بوو کە ژیاری ئیسلامی دروستکرد، تەنانەت زانایانیش لە باوەشی ئوممەتدا بوون و لەگەڵ مسوڵماناندا بوون، ڕاستە هەندێک فەقیهی سەر بەسوڵتان هەبووە، بەڵام با ببینین :

ئەبووحەنیفە (٨٠-١٥٠ک/٦٩٩-٧٦٧ز) ڕازی نەبووە دادوەری لە ئەستۆ بگرێت، هەروەها پێشەوا مالیک (٩٣-١٧٩ک/٧١٢-٧٩٥ز) لێی دراوە.

پێشەوا شافعی (١٥٠-٢٠٤ک/٧٦٥-٨٢٠ز) بە شتێکی سەرسووڕهێن ڕایکرد، هەمووشمان کارەساتی پێشەوا کوڕی حەنبەل (١٦٤-٢٤١ک/٧٨٠-٨٥٥ز) دەزانین. کەواتە: زانایان دووربوون لە پاشکۆیەتی بۆ دەوڵەت. ئەمەش بیرۆکەی سەربەخۆیی زانا و زانستی تێدایە.

چی وای لە (عیززی کوڕی عەبدوسسەلام) (٥٧٧-٦٦٠ک/١١٨١-١٢٦٢ز) کرد، کە ببێتە سوڵتانی زانایان. هەروەها چی وای لە الظاهر بیبرس (٦٢٥-٦٧٦ک/١٢٢٨-١٢٧٧ز) کرد کە ببێتە قارەمانێکی جەماوەریی، ئەفسانە، کاتێک تەرمی عیززی کوڕی عەبدولسەلامی بەتەنیشت قەڵاکەوە بینی وتی :ئێستا دیمەنەکەم لەلا جێگیربوو؟!

چی وای لە سوڵتانی زانایان کرد، کە دەسەڵاتەکەی لە دەسەڵاتی میرەکان باڵاتر بێت؟ چونکە خەرجی لەوەقفەوە وەردەگرت، چونکە ئەگەر دەستی پان بکردایەتەوە نەیدەتوانی قسە بکات، لەو کاتەوەی کە ڕۆشنبیر و زانا و ڕۆژنامەنووس بوون بە فەرمانبەری دەوڵەت، سەربەخۆییان کۆتایی هاتووە؛ ئێمە نامانەوێ زانایان شەڕەقۆچ لەگەڵ دەسەڵاتداران بکەن، تەنها ئەوەندە

نەبێ کە ڕووبەرێک لە سەربەخۆیی هەبێت، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی لە هزر و ڕا و ئەمانەت لە هەموو ئەم شتانەدا هەبێت، وەقف هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی هێنابووە دی، کاتێکیش دەوڵەتی نەتەوەیی هات وەکو دێو نان و ئاوت دەداتێ و دەمت پێ دادەخات. لە سەردەمی محمد علی (١١٨٤-١٢٦٥ک/١٧٧٠-١٨٤٩ز)یەوە ستەم لە ئەوقاف و دەستبەسەراگرتنی دەستی پێ کرد، لێرەوە ئەوە ڕووی دا کە بەسەر ئەزهەردا هات، پاشان سیستمی سەربازی هات و هەڵیکوتایە سەر وەقف.

## (٨)

دامەزراوەیەکی تر هەیە بریتییە لە دامەزراوەی حیسبە (مؤسسة الحسبة)، ئاشکرایە کە حیسبە دامەزراوەی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریردن لە خراپەیە، بازاڕ و بازرگانی لەژێر دەسەڵاتی ئەودان، لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئافرەتێک (سەمرای کچی نوهەیک) ئەو دامەزراوەیەی بەدەستەوەبوو، لە سەردەمی عومەریشدا (شیفای کچی عەبدوڵڵا) گرتیە دەست، سەبارەت بە حیسبە کەلەپوورێکی دەوڵەمەند هەیە و چەندین نامەی زانکۆییشی لەسەر نووسراوە.

## (٩)

ئەمەوێ باسی دامەزراوەیەک بکەم کە ڕەنگە کەسانێک بەلایانەوە سەیر بێت، لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (دروودی خودای لەسەر) دەستەیەک لە ئافرەتان هەبوو داوای مافی ئافرەتانی دەکرد.

ڕاستە ئیسلام لەگەڵ ئافرەتدا دادگەر و بەئینساف بووە، بەڵام ئافرەتان دانەنیشتوون، کە ئەو ئینسافە وەکو باران دابارێت بۆیان، بەڵکو هەوڵ و کۆششیان کردووە، تەنانەت خۆپیشاندانێکی ئافرەتان لە مەدینە ڕووی داوە. کاتێک لە کتێبەکانی سوننەتدا (دەروازەی نوێنەرانی ئافرەتان -باب وافدة النساء) دەخوێنینەوە سەبارەت بە ئەسمائی کچی یەزیدی کوڕی سەکەنی نەساریە (٣٠ک /٦ ز)، کە لەگەڵ (دایکی عەمارە)دا بەشداریی لە پەیمانی

عەقەبەدا کــرد و بەشــدارییان لە جەنگیشــدا کــردووە، لە کتێبــی (التحریــر الإسـلامی للمـرأة) لەسـەر ئەمـان نووسـیوە -کاتێـک (ئەسـما) دەچـوو بـۆ لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)- من دەمەوێت بە دەقی کتێبەکانی سـوننەت ئەوە بسـەلمێنم کە دەسـتەیەک هەبـووە و کۆبـۆتەوە و بڕیـاری دەرکـردووە، و (ئەسما)یش چووە بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر) بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنـێت و وتـوویەتی: ((مـن نێـردراوێکم لە پشـتمەوە ئـافرەت گەلێـک لە ئیمانـداران هەن هەمـان قسـەی مـن دەکەن و لەسـەر ڕای مـنن، خـوای گەورە تۆی بۆ پیاوان و ئافرەتان ناردووە، زیاتر پیاوان دێن بۆ لای تۆ لە ئێمە، بۆیە داواکــارین ڕۆژێکمــان بــۆ دیــاریی بکەیــت کە تێیــدا فێرمــان بکەیــت...)) تاکۆتاییەکەی کە لە کتێبەکاندا هاتووە.

## (١٠)

کەواتە ئەوە دامەزراوە و دەستەیەک بووە.

ئەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە لەسـەر دەسـتە و گرووپە ئیسـلامییەکان دەخوێنینەوە، کە ئەو دەستانە، دامەزراوە، پارت، کۆمەڵە، ڕێکخستن بوون، ئەوانە و مەزهەبە فیقهـییەکان، بەڵام ئـێمە سـەرنجی ئەوەمـان نەداوە کە ئەو دەسـتە و فیرقانە تەنها (ڕا) نەبوون. ئاماژە بە نموونەیەک لەو فیرقانە دەکەم کە بـریتییە لە موعتەزیلە، "واسڵی کوڕی عەتـا" (٨٠-١٣١ک/٦٩٩-٧٤٨ز) سـەرۆکی ئەو فیـرقەیە، سەرۆکی حیزب بوو، (عثمان الطویل) کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی مـوعتەزیلە، دەڵێت: واسڵ جڵەوی موعتەزیلەکانی بەدەستەوەبوو.

عثمان الطویل بازرگان بوو، بازرگانییەکی زۆریشـی هەبـوو، واسـڵ فەرمـانی پێکرد بچێت بۆ ئەرمینیا، ئەویش پێی وت: من بازرگانیم هەیە و ئامادەم نیوەی بدەم بەهەر کەسێک لەجیاتی من بچێت، واسڵ لە وەڵامدا وتی: نەخێر، دەچیت و بازرگـانیش دەکەیـت و کـاری بـانگخوازییش دەکەیـت، ئیتـر چـوو و خـوای گەورەش دەرگای خێری لێکردەوە.

بەسـرە بـنکەی سـەرکردایەتی ئەو ڕێکخسـتنە بـوو، بەڵام بـانگخوازان و بەشـەکانی و چالاکییەکانی پەلیان بۆ دەرەوەی ئەو شـارە کێشـابوو و هەمـوو

لایەکی دەوڵەتی ئیسلامیی گرتەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا چین و لە ڕۆژئاواوە تا مەغریب و لە باشورەوە تا یەمەن و لە باکورەوە تا جەزیرە. شاعیرێکیش هەیە -سەفوانی ئەنساری- قسەی لەسەر واسڵی کوڕی عەتا کردووە و ئاماژە بەو ڕێکخستنە دەکات.

ئەو ڕێکخستنە چەند نەریتێکی نامۆیان هەبوو، کەسێک بۆ شار یان وڵاتێک دەنارد بۆ ئەوەی کاری بانگخوازی بکات، پێی دەوترا: دەچیتە مزگەوت، لەپاڵ پایەیەکدا دەمێنێتەوە، ماوەی ساڵێک لای ئەو پایەیە نوێژ دەکەیت، تا خەڵکی شوێن و پێگەت دەزانن و دەتناسن ئیدی خەڵکی دەهاتن و پرسیاریان لێ دەکرد، ئەویش بە مەزهەبی حەسەنی بەسری (٢١-١١٠ک-٦٤٢-٧٢٨ز) فەتوای دەدا، پاشان پێنج بنەماکەی موعتەزیلەی بۆ باس دەکردن.

یەکێکیان بۆ ئەوە نێردرا مونازەرە لەگەڵ سەرکردەی جەبرییەکان (جەهمی کوڕی سەفوان) (١٢٨ک/٧٤٥ز) بکات، واسڵ هەمان وەسیەتی کرد کە ساڵێک لای پایەیەکی مزگەوتدا عیبادەت بکات تا شوێن و پێگەکەی ناسرا، پاشان بۆ ئەوەی مونازەرە دەستپێبکات (تا هۆکاری ئەم ڕێکخستنەتان بۆ ڕوون بێتەوە) کات و ساتی مونازەرەکە دیاری کرا، هەموو ڕێکخستنەکە لە هەموو لایەکی وڵاتی ئیسلامییەوە لە هەمان ساتدا نوێژ و نزا دەکەن بۆ ئەوەی خوای گەورە سەری بخات. ئەم قسەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بابەتی فیرقەکان تەنها وتە و ڕا و تیۆر نەبوون، بەڵکو دامەزراوە بووە.

کۆمەڵە و ڕێکخستن هەبووە، وەک ڕێکخستنە نهێنییەکانی شیعە، کۆمەڵەی فەلسەفی سیاسییش وەک " إخوان الصفا". مەزهەبە فیقهییەکان دامەزراوە بوون، بۆیە "لەیثی کوڕی سەعد" (٩٤-١٧٥ک/٧١٣-٧٩١ز) لە ئیمام مالیک (٩٣-١٧٩ک/٧١٢-٧٩٥ز) زاناتر بوو، بەڵام کەسێکی نەدۆزییەوە کە فیقهەکە بەرپا بکات، مالیک دامەزراوەیەکی دۆزیەوە کە فیقهەکەی بەرپا کرد، ئەبو حەنیفە خۆی و هاوەڵەکانی بابەتێکیان تاوتوێ دەکرد و چەند مانگێک ڕا و ئیجتیهادیان لەبارەیەوە ئاڵوگۆڕ دەکرد هەوڵی تێگەیشتنیان دەدا، دواتر ئەوانە دەنووسرانەوە، واتە تەنانەت ئەحکامی مەزهەبیش لە ڕێگەی دامەزراوەیەکەوە دادەنرێت کەواتە مەزهەبە فیقهییەکانیش لە کەلەپوورماندا دامەزراوە بوون.

## (١١)

سۆفیگەری لە گرنگترین دامەزراوەکانە لە کەلەپووری ئیسلامیدا، هەر بۆیە نەداران بە دامەزراوەی نەداران ناویان دەبرد، دامەزراوەی جیهاد، سۆفییەکان لە سەردەستەی موجاهیدان بوون، دامەزراوەی بڵاوکردنەوەی ئیسلام، بڕواننە خانەکانی سۆفیگەری لە ئەفریقیا سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ئیسلام، لە جیهادکردن لەپێناو ئیسلامدا لە دژی داگیرکەر و لە پارێزگاریکردن لە ئیسلام، بڕواننە خانەکانی دامەزراوەی سۆفیگەری لە تورکیا، کاتێک کە کەمال ئەتاتورک ( - ز) هات و وتی سرووشت خوایە. کێ ئیمانی گەلانی تورکیای پاراست تا ئەو کاتەی پارتی داد و گەشە و ئەوانی تر هاتن.

دامەزراوەکانی سۆفیگەری لە زۆرێک لە وڵاتاندا ڕۆڵێکی پێشەنگانە و بنچینەییانەی بینی لە پاراستنی ئیسلام.

## (١٢)

پیشە و پیشەسازییەکان، ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسی ماسینیون (١٨٨٣-١٩٦٢ز) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر پیشە و پیشەسازیەک هەیە هەموو پیشە و پیشەسازیەک -نازانم کەس گرنگیی پێ داوە یان پەرەی پێداوە- ئەوان (ئیمامی عەلی)یان بە سەرکردەی زۆرێک لە پیشەکان داناوە، کاتێکیش منداڵێک دێت و دەچێتە ناو پیشەیەکەوە، بۆ ئەوەی پلەی بەرزبێتەوە و گەشەبکات ئاهەنگێکی بۆ ساز دەکرێت، کە نەریتی دیاریکراو دوعا و وشەی تایبەت بەخۆی هەیە.

سەبارەت بە ڕۆڵی پیشە و پیشەسازییەکان لە بەرهەڵستیکردن لە بەرانبەر داگیرکەردا، کاتێک ئەوە دەخوێنینەوە کە الجبرتی (١١٦٧-١٢٣٧ک/١٧٥٤-١٨٢٢ز) لە بارەی بەرهەڵستیی شاڵاوی فەڕەنسی نووسیویەتی و ڕۆڵی پیشەگەران و بازرگان و پیشەوەرەکان دەبینین، کە هەموو پیشە و پیشەسازییەکان بەشدار بوون تێیدا، چونکە لەوێدا ڕێکخستن هەبووە، دامەزراوەگەلێک کە هەر یەکێکیان سەرۆکێکی هەبووە، ڕا و کۆدەنگی و ئاستی بەرز و ئاستی نزمیان هەبووە، هەروەها ڕۆڵی پیشە و پیشەسازی و ڕێکخراوەکان لە بەرهەڵستیکردنی ستەم لە سەردەمی مەملوکی عوسمانی و لەکاتی شاڵاوی فەڕەنسیدا بەناوبانگە.

## (١٣)

(ئەزهەر ) دامەزراوەیە، پێشتر چوار مەزهەبی تێدا بووە، هەر مەزهەبێک مامۆستا (شێخ)ێکی هەبووە، کە لە نێویاندا مامۆستای گەورە (الشیخ الأکبر) هەڵدەبژێردرا (ئێمە ئێستا بە ئیمام، یان هەندێکجار بە مامۆستای مامۆستاکان (شیخ الشیوخ) ناوی دەبەین.

## (١٤)

هەروەها ڕاستییەکم دۆزیەوە و لە کتێبی (الإسلام وحقوق الإنسان)دا دامنا، ئەو کاتە شتێک بە ناوی ئەنجومەنی شەرع (مجلس الشرع)ـەوە هەبووە، دامەزراوەیەک بووە لە میسر، ئەم ئەنجومەنە بوو والی تورکی لە ساڵی (١٨٠٥ز) دوورخستەوە و کەنارگیر (عزل)ی کرد، هەر ئەویش بوو محمد علی دانا و کارنامەی مافەکانی دەرکرد، کە هەندێک لە بیانییەکان قسەیان لە سەری کردووە، دەقێکم لە بەڵگەنامەکانی کتێبی (الإسلام وحقوق الإنسان)دا بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: ئەنجومەنی شەرع وتی: ئوممەت سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە. کاتێک والی وتی: من لەلایەن سوڵتانەوە دانراوم، بۆیە کەس ناتوانێت کەنارگیرم بکات، لەو کاتەدا عومەر موکەرەم (١١٦٨-١٢٣٨ک/١٧٥٦-١٨٢٢ز) پێی وت: بە درێژایی مێژوو عادەت وا هاتووە کە ئەهلی شەرع هەر کەسێک کەنارگیر دەکات کە بەپێی شەریعەت بەڕێوە نەڕوات، تەنانەت ئەگەر خەلیفەش بێت[١].

ئەم ئەنجومەنی شەرع و وتەیەی لە ماڵی قازیدا لە (١٣ی سەفەری ١٢٢٠ک/مایوی ١٨٠٥ز) -وەکو دامەزراوە- ڕاگەیاند.

---

(١) کتێبی (الإسلام وحقوق الإنسان، ضرورات... لا حقوق، ل ٢٠٦ و دواتر. د. محمد عمارة، طبعة دارالشروق الأولی، (١٤٠٩-١٩٨٩ز).

## (١٥)

### كۆتا شت بریتییە لە پارتە سیاسییەکان:

یەکەمـــین کە ســـانێک لە ڕۆژهەڵاتـــدا پـــارتی سیاســـی دروســـت کـــرد ئیســـلامییەکان بـــوون. (جەمـــالەددینی ئەفغـــانی) (١٢٥٤-١٣١٤ک/١٨٣٨-١٨٩٥ز) پێش عەلمانییەکان و پێش کرانەوە بەڕووی ئەوروپادا.

کـــاتێکیش کارەکـــانی مـــحەمەد عەبـــدە (١٢٦٦-١٣٢٣ک/١٨٤٩-١٩٠٥ز) و ئەفغانی بەدیهـاتن، مـحەمەد عەبدە چەنـد پەڕاوێکی نووسی کە بریتی بـوو لە (لائحة تنظيم العروة الوثقى).

ئەفغانی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا (پارتی نیشتمانیی ئازد)ی دامەزراند، یەکەم پارت لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا، لەم کارەیدا محەمەد عەبدەی لەگەڵ بوو.

پاش شۆڕشـی عـورابی (الثـورة العرابيـة)، کـارێکی ڕێکخسـتنی نێـونەتەوەیی دامەزرانـد -کـۆمەڵەی پـایەی پـتەو (جمعيـة العـروة الـوثقى) لە مەغـریبەوە تـا هیندستان. هەروەهـا گۆڤاری (العروة الـوثقى)ی دەرکرد کە زمانحـاڵی نهێنیی ڕێکخستن بوو.

مـحەمەد عەبـدە کارنـامەکەی نووسـی، مـایەوە چەنـد پەڕەیەک کە خـانەیەک بڵاویکـردەوە کە بە (عقد) ناویـان دەبـرد، بیـرۆکەی ملکەچبـوونی خـوارەوە بـۆ ســـەرەوە. بینـــیم ئەم شـــارەزاییانەی لە بـــواری ڕێکخســـتندا لەو مێـــژوەدا ئەورووپاش بەخۆیەوە نەبینیوە، واتە لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا.

ڕێسـاکانی ڕێکخسـتنی ئاسـنین بـۆ یەکەم جـار لە ئەورووپـا لە پـارتی لینـین (١٨٧٠-١٩٢٤ز) لە ســـاڵی (١٩٣٠ز)دا ســـەریهەڵدا، بـــۆیە گەیشـــتمە ئەو دەرئەنجـامەی، کە ئەمە کەلەپـووری ڕێکخسـتن و دامەزراوەیـیە لە مێـژووی ئوممەتـدا، ئەوەتـا ئەفغـانی و مـحەمەد عەبـدە کاتێـک ئەو کارنـامە ڕێسـایانەی ڕێکخســـتنییان نووســـی، ئەورووپـــا هێشـــتا نەگەشـــتبووە ئەو پێشـــکەوتنە لە ڕێکخستنی حیزبیدا، کەواتە ئەوان سوودیان لە کەلەپووری ئوممەت و کۆمەڵە

و دامەزراوەکانی ئوممەت وەرگرتووە؛ ئەوەتا "پارتی نیشتیمانیی ئازاد" و "جمعية العروة الوثقى".

هەروەها کەواکیبی (١٢٧٠-١٣٢٠ک/١٨٥٤-١٩٠٢ز) "جمعية أم القرى"ی دروست کرد، کە لە ئەو کۆنگرەیەدا دامەزرێنرا، کە لە مەککە بەسترا، کە تێیدا مسوڵمانانی عەرەب و غەیری عەرەب و مسوڵمانانی ناو دەوڵەتی عوسمانی و دەرەوەشی هاتبوون بۆ دیراسەکردنی ئەو حاڵەتی کەمتەرخەمی و ساردییەی ئوممەت توشی بووە، هەروەها دیراسەی ڕێگای هەستانەوە، کە لە کتێبەکەیدا "مذكرات جمعية أم القرى"دا هاتووە[١].

## (١٦)

دامەزراوەی دادوەریمان لە یاد نەچێت، کە چالاکترین و بەهێزترین دامەزراوە بووە لە مێژووی ژیاری ئیسلامییدا.

کەواتە ئێمە نەدارنین، لە ژیارەکەماندا، لە دامەزراوەدا، بەڵکو لێڵی و شاردنەوەی ئەم کەلەپوورە لە بەرژەوەندیی ستەمگەری لە مێژووماندا ڕووی داوە. وەکو باسیشم کرد بیرۆکەی دامەزراوە پەیوەندییەکی بەهێزی بە بانگەوازی ئیسلامییەوە هەیە، چونکە ئیسلام ئایینی دەستەجەمعییە، ئیسلام ئوممەتی دامەزراندووە، بەڵام لە مێژووی جولەکەدا ئوممەت نابینی، هەروەک چۆن لە نەسرانیشدا، وەک نەسرانیەت، ئوممەت نابینی، کەواتە ئوممەت پەیوەستە بە ئیسلامەوە.

تەنانەت محەمەد عەبدە کاتێک ڕاڤەی ئەم ئایەتەی دەکرد ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾. [آل عمران: ١٠٤]. واتە قسەی لەوە دەکرد کە ئەم ئوممەتە کۆمەڵێکن تایبەتترن لە

(١) بڕوانە: (تەواوی کارەکانی) (أعماله الكاملة) -کە ئێمە ساغمانکردۆتەوە، چاپی دار الشروق، ٢٠٠٧ز.

ئـوممەت، بە واتـا گشـتیەکەی کـۆمەڵێکن چەنـد تایبەتمەنـدییەکیان هەیە، وەک ئەوەی بڵێـی ئەنـدامانی یەک جەسـتەن، چـونکە چەنـد مەرجێکـی دیاریکراویـان هەیە. کەواتە بیـرۆکەی دامەزراوە بیرۆکەیەکـی ڕەسـەنە لە مێژوومانـدا، بەڵام پێویستی بە کەسانێکە بچنە بنج و بناوانی تایبەتمەندییەکانیەوە و لێی بکۆڵنەوە و دەری بـخەن، کەسـانێک ئەو تەمـومژەی لەسـەر لا بـبەن کە سـتەمگەری لەسەری دروست کردووە.

کەواتە ئەم باسـە بـابەتێکی گـرنگە و پێویسـتە تـوێژینەوەی زیـاتری لەسـەر بکرێـت بـۆ گەڕان بەشـوێن ڕۆڵـی دامەزراوە لە مێـژوو و کەلەپـوور و ژیارەکەمانـدا، گرنگیـی دامەزراوە لە هەسـتانەوەی شـەریعەتی ئیسـلامدا و دەرهێنان لەو واقیعەی ئێستا تێیدا دەژی.

# بەشی سێیەم: دامەزراوە زانستی و فێرخوازییەکان لە سەردەمی ژیاری ئیسلامیدا

**پ.د. ئەحمەد فؤاد پاشا**[1]

**پێشەکی**

بەگشتی ڕواڵەتی ژیاری هەر دەوڵەتێک لەم سەردەمەدا بەو دامەزراوە و ڕێکخراوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و پیشەسازییانە دەپێورێت کە هەیەتی، چونکە زانستە کارگێڕییە نوێیەکان چەمکی ڕێکخراو یان دامەزراوە بەوە پێناسە دەکەن کە بریتییە لە کۆمەڵە قۆناغ یان وەزیفەیەک کە تاکەکان تێیاندا بەپێی ڕکخستنێکی پەیکەربەندی پەیوەستن بەیەکەوە، بە شێوەیەک بتوانن ئامانجگەلێکی دیاریکراو بەدی بهێنن. واتە ڕێکخراو یان دامەزراوە گوزارشتە لە ڕێکخستنێکی ڕێکخراو بۆ تاکەکان و تەکنەلۆجیا لەپێناو بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی دیاریکراو.

---

(١) دکتۆر ئەحمەد فؤاد پاشا ساڵی (١٩٤٢) لە پارێزگای شەرقیە لە میسر لەدایک بووە، ساڵی (١٩٦٣) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی زانستی زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوە، ماستەریشی لە ساڵی (١٩٦٩) و دکتۆراش لە فیزیا لە زانکۆی مۆسکۆ لە ساڵی (١٩٧٤) بەدەست هێناوە. لە ساڵی (١٩٨٧) پلەی زانستیی پرۆفیسۆری وەرگرتووە، جێگری سەرۆکی زانکۆی قاهیرە بووە. خاوەنی چەندین کتێب و نووسینی بەپێزە لە بوارەکانی فیزیا و هزری ئیسلامی و فەلسەفەی زانستەکان و ڕۆشنبیریی زانستی منداڵان و تازەپێگەیشتووان.

کەواتە پرۆسـەیەکی پێکهـاتەییە کە تاکەکـان لە پێکهاتەکانیـدا بە مەبەسـتی بەدیهێنانی ئامانجەکان کارلێکدەکەن.

سیستمی دامەزراوە بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی ژیاری ئیسـلامی لە چـاخی ناوەڕاسـتدا، مێـژووی دامەزراوە زانسـتیەکانی وەکـو نەخۆشـخانەکان و دەزگـای مـانگبینین و قوتابخانەکـان زانسـتییەکان و کتێبخانەکان... هتد، بەتوندی بەستراونەتەوە بە ژیانی ئەو فەرمانڕەوایانەی کە دایانمەزرانـدوون، هەروەهـا بەسـتراونەتەوە بەو زانایـانەوەی کە ژیانـدوویاننەتەوە. ئەمە واتـای ئەوەیە، کە ئەرکی ئەو دامەزراوەیە لە بنەڕەتـدا بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی زانست و زانایان لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، بە مەرجێـک، ڕەهەنـدی کـۆمەڵایەتیی بەرهەمـی سـەرکەوتنەکانیان بـۆ ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین شۆڕ بێتەوە.

گرنگتـرین شـتێک کە چـالاکیی زانایـان و ئەو دامەزراوانەی لەو کـاتەدا هەیانبووە ئەوەیە کە چالاکیگەلێک بوون کە لە ڕووی شـوێن و کاتەوە پێکەوە گرێـدراو و ڕێکخـراو نەبـوون، بەڵکـو زیـاتر لە پـایتەختە گەورەکانـدا چـڕ بوونەتەوە؛ لە بەغدا لە ڕۆژگاری هەردوو جێنشینی عەباسی هاروونە ڕەشید (٧٨٦-٨٠٩ز) و مەئمـوون (٨١٣-٨٣٣ز)، و لە میسـر لە سـەردەمی فاتمیـدا، هەروەهـا لە پـایتەختە گەورەکـانی بوەیهییەکانـدا لە سـەدەی چـواری کۆچیـدا (دەی زایینـی)، وەک ئەلـرەی و ئەسـفەهان و شـیراز و بەغـدا، هەروەهـا لە سوریا لە سەردەمی میرانی ئەیوبیدا و..تاد.

## (١)

### بیمارستان (نەخۆشخانە)

چاودێری پزیشـکیی بـۆ بیمـار و نەخۆشـان لە سـەردەمی ئیسـلامیدا لەگەڵ بەرپاکردنی دامەزراوەگەلێک چارەسـەر هـات، کە پێیـدەوترا " بیمارسـتان ،" کە وشـەیەکی فارسـییە و لە دوو وشـە پێـک هـاتووە، "بیمـار" واتە نەخـۆش یـان تووشـبوو "سـتان" واتە خـانەی نەخۆشـان (دار المرضـی)، کە هاوشـێوەی نەخۆشخانەی هاوچەرخە. دوای ئەوە وشەکە کورت کرایەوە بۆ "مارستان "کە

بەشتێک دەوترا ئێستا مەبەست لێی "بنکەی تەندروستیی نەخۆشییە ئەقڵی و دەروونییەکانە".

کاری بیمارستانەکان تەنها لە چارەسەری نەخۆشدا کورتهەڵنەهاتبوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا پەیمانگای زانستی و قوتابخانەبوون بۆ فێرکردنی پزیشکی، کە پزیشک و نەشتەرکار و پزیشکی چاو و کارمەندی دەرمانخانە و... تاد لێ دەردەچوون، کە هەندێکیان لەو شوێنەی تێیدا دەمانەوە جێگیربوون، هەندێکیشیان لەگەڵ ئەو سوپایانەی لە جەنگدابوون گەڕۆک بوون، یان لەگەڵ جێنشین و میرەکانیاندا بوون لە گەشتەکانیاندا، یاخود بەپێی بارودۆخی نەخۆشی و دەرد و پەتاکان و بڵاوبوونەوەیان لەو شوێنانەی، کە بیمارستانی جێگیریان تێدا نەبووە، چونکە "بیمارستانی گەڕۆک" هاوشێوەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ بە "بنکەی تەندروستی" (المستوصف) یان "نەخۆشخانەی بچوک" ناودەبرێت، کە تەنها خزمەتگوزارییە پزیشکییە سەرەتایی و ئاسانەکانی تێدایە، کە لە ئینگلیزیدا بەرانبەرەکەی وشەی (Ambulance)ـە.

یەکەم نەخۆشخانەی ناجێگیر "گەڕۆک" لە ئیسلامدا ئەوە بوو، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە کاتی جەنگی خەندەقدا فرمانی بەدروستکردنی دا. عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: لە ڕۆژی خەندەقدا سەعدی کوڕی مەعاز بەرکەوت، پیاوێک لە قورەیش کە ناوی حەببانی کوڕی عەرەفە بوو تیری تێگرت، دای لە دەماری باڵی، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) خێوەتێکی لە مزگەوتدا هەڵدا بۆ ئەوەی بەزوویی سەردانی بکات.

ئیبنو ئیسحاق، کە لەساڵی (١٥١ک-٧٦٨ز) کۆچیکردووە، دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) سەعدی کوڕی مەعازی لە خێوەتێکدا لە مزگەوتەکەیدا دانا، کە هی ئافرەتێک بوو ناوی "ڕووفەیدە" بوو، کە تیماری بریندارانی دەکرد و خۆی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتی بیمار و بریندارانی مسوڵمانان، پێغەمبەری خواش (دروودی خودای لەسەر) کاتێک کە ئەو (واتە

سـەعد) لە خەندەقـدا تیـری بەرکەوت، بە هـۆزەکەی فەرمـوو: بیـبەن بـۆ خێوەتەکەی ڕوفەیدە، تا بەمزوانە سەردانی بکەم[1].

بیمارستانە گەڕۆک، یان گواستراوەکان لەلای جێنشین و پاشا و سوڵتانی مسوڵمانان، گوزارشت بوون لە "مستوصفات" -وەک باسمانکرد- کە پزیشک و دەرمانسـاز و هەمـوو ئەو پێداویسـتییانەی لەگەڵـدابوو، کە بـۆ چارەسـەری نەخۆش پێویستن لە دەرمان و خۆراک و خواردنەوە و پۆشاک و هەموو ئەو شتانەی، کە یارمەتیدەرن بۆ ڕەخساندنی دۆخێکی باش بۆ نەخۆش، نموونەی ئەمانەش ئەو بیمارستانە گەڕۆکەیە، کە لە سەردەمی "مقتدر بالله" پشتبەست بە نووسراوێک، کە ناردبووی بۆ "ثابتی کوڕی سینانی کوڕی ثابتی کوڕی قورڕە" دروستکرا، کە تێیدا دەڵێت: "خوا تەمەن درێژت بکات، پزیشک و چارەساز و گەنجینەی دەرمان و خواردنەوەکان بنێرە با بەسەر گوندەکاندا بگەڕێن و لە هەر شوێنێکیش ماوەی پێویست بمێننەوە و چاسەربکەن، پاشان بچن بۆ شوێنێکی تر".

یەکەم نەخۆشخانەی جێگریش لەئیسلامدا ئەوە بوو، کە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک لە ساڵی (٨٨ک/٧٠٦ز) بنیاتینا و پزیشکی تێدا دانا و ڕۆزیی بۆ تەرخانکردن. هەروەها فەرمانی کەنارخستنی ئەوانەیدا، کە توشی نەخۆشی گولیی بوون بۆ ئەوەی دەرنەچن و تێکەڵی خەڵک نەبن و ڕۆزیی بەسەر ئەوان و نابیناکاندا دابەشکرد.

ئەوەش یەکەم گوڕمتێنەی تەندروستی (محجر صحی) بوو لە ئیسلامدا.

نەخۆشخانە جێگیرەکانیش لە سەرەتایاندا سادە بوون، پاشان گەشەیان کرد و لە سەردەمی عەباسییەکاندا پەرەسەندنی گەورەیان بەخۆیانەوە بینی و لە زۆربەی ناوچەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی گەورەدا بڵاوبوونەوە و ژمارەیان لە شار و ئاوەدانییەکاندا زیادی کرد، تا گەیشتە ئاستێک شارێکی وەک قورتوبە لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمی زاینیدا پەنجا نەخۆشخانەی تێدا بێت.

---

(١) سیرة ابن هشام: ١٤٥/٣.

هەڵبژاردنی شوێنی بیمارستانەکانیش پاش لێکۆڵینەوە دەبوو بۆ ئەوەی جوانترین شوێن و باشترینیان لە ڕووی تەندروستییەوە دیاری بکرێت.

ئەوەتا کتێبی (طبقات الأطباء)ی ئیبنو ئەبی ئوسەیبیعەدا هاتووەک بەرپرسانی دەوڵەت ڕاوێژیان بە پزیشکی ناسراو ئەبوبەکری ڕازی کردووە (کە ساڵی ٢١٣ک/٩٢٥ز وەفاتی کردووە) بۆ دیاریکردنی شوێنێک بۆ بنیاتنانی نەخۆشخانەیەک بەناوی ئەوەوە، (رازی)یش داوای کردووە لە هەر ناوچەیەکی بەغدا پارچە گۆشتێک دابنرێت، لە هەر کامیان گۆشتەکە تێکنەچوو ئەوە گونجاوترین شوێنە بۆ بنیاتنانی ئەو نەخۆشخانەیە.

کاتێکیش سەلاحەدین ویستی نەخۆشخانەی ناسری لە قاهیرە دابمەزرێنێت، یەکێک لە تەلارە خۆشەکانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژارد، کە لە ژاوەژاو دووربوو.

کارکردن لە بیمارستان گەورەکان بەپێی سیستمێکی ورد و ڕێکوپێک بووە. بە شێوەیەک کە بەگشتی هەر بیمارستانێک دابەشکراوە بۆ دوو بەشی جیا: یەکێکیان بۆ ڕەگەزی نێر و ئەوی تر بۆ ڕەگەزی مێ، لە هەر بەشێک چەندین هۆڵی فراوان بۆ نەخۆشییە جیاوازەکان هەبووە: هۆڵێک بۆ نەخۆشی هەناوی و هۆڵێک بۆ نەشتەرگەری و هۆڵێک بۆ نەخۆشی چاو و هۆڵێک بۆ چاککردنەوەی شکاوی و..هتد، هەروەها هۆڵی نەخۆشی هەناوی دابەشکراوە بۆ چەند بەشێکی تر، وەک بەشی توشبووانی گرانەتا و بەشی ئەوانەی، کە توشی سەرما بوون، بەشێکیش بۆ ئەوانەی نەخۆشی دەروونی و تێکچونی میزاجیان هەبوو یان جۆرێک لە تێکچوون، کە پزیشکان بە مانیا (mania) ناوی دەبەن، هەروەها بەشێک بۆ سکچوون و بەو شێوەیە هەر یەکێک لەو بەشانەش خزمەتگوزار و کارگوزاری پیاو و ئافرەتی هەبووە، کە خزمەتی نەخۆشەکانیان کردووە و خواردن و دەرمان و چارەسەریان پێشکەش کردوون.

هەرچی کاری پزیشکییشە لە بیمارستاندا پزیشکە پسپۆڕەکان لە بوارە جیاوازەکانی پزیشکیدا پێیهەستاون و سەرۆکی پزیشکەکانیش و هاوکارەکانیشی سەرپەرشتی دۆخی نەخۆشەکانیان کردووە.

ئەگەر حاڵەتێکیش پێویستی بەڕاوێژ بووبێت، پزیشک و پسپۆڕەکان لە بەشێکی ترەوە بانگکراون لەو بەشەدا نەبووە، کە نەخۆشەکەی لێبووە، پزیشکیش هەر چارەسەر و دەرمانێکی بۆ هەر نەخۆشێک نووسیبێت بەخێرایی جێبەجێکراوە.

هەروەها لەپاڵ کارکردن لە بەشە ناوخۆییەکاندا سیستمێک بۆ چارەسەری دەرەکی دانراوە، وەک ئەوەی "ئیبنو ئەبی ئوسەیبیعە" دەڵێت: پزیشکەکە لەسەر تەختەیەک دانیشتووە لە وەرەقەیەکدا چارەسەری بۆ نەخۆشەکان نووسیوە، کە دەرمان و شروبەکانیشیان لە بیمارستان وەرگرتووە، شەرابخانە (واتە خانەی شروب و دەرمانخانە)، کە بەشێکی گرنگی بیمارستانەکان بوو، کە دەرمانسازەکان کاریان تێدا کردووە و چەندین دەرمان و شروب و چارەسەری هەمەجۆریان تێدابووە.

لە ڕووی کارگێڕییشەوە، هەر بیمارستانێک چاودێرێکی هەبووە سەرپەرشتیی کارگێڕی دارایی و ئەوقافی دیاریکراو بۆ ئەو داراییەی کردووە، ئەو پۆستە لە مەراسیمێکی شکۆداردا کەسێکی بۆ دادەنرا، چونکە بۆ شتێکی باڵا بوو و هەندێکجار سوڵتانەکان خۆیان لە ئەستۆیان دەگرت، یان میرێکیان بۆ ڕادەسپارد. لە ڕاستیدا ئەو دەفتەری تۆمارانەی، کە خەرجیی بیمارستانەکانی تێدا تۆماردەکرا، بەڵگەبوون لەسەر ئاستی گرنگیدانی زیاد لەپێویست بە خەرجکردنی پارە بۆیان، چ لە ڕووی بەهای موچەی پزیشک و کارمەندەکانەوە، یاخود لە ڕووی بودجەی تەرخانکراو بۆ دەرمان و کەلوپەل و ئامێرە پزیشکییەکان و... هتد.

نورەدین مەحمود کوڕی زەنگی بیمارستانێکی لە دیمەشق لەساڵی (٤٥٩-ک/١١٥٤ز) بنیادنرا، ئیبنوجوبەیری گەڕۆک بە یەکێک لەو کارانەی داناوە، کە جێی شانازی گەورەن بۆ ئیسلام.

نورەدین ئەو بیمارستانەی کردە وەقف تەنها بۆ هەژاران، نەک دەوڵەمەندان، مەگەر بۆ دەوڵەمەندێک، کە دەرمانی چارەسەری نەخۆشییەکەی دەستنەکەوێت لەو بیمارستانەدا نەبێت، ئەمەش گرنگیی کۆمەڵایەتی ئەو دامەزراوە پزیشکییە دەردەخات.

بیمارستانی نوری لە حەوشـەیەكی هەڵواسـراوی (١٥×٢٠) مەتر پێكهـاتبوو، لەناوەراستیدا حەوزێكی ئـاوی لاكێشـەیی بە دووریـی (٥.٨×٧) مەتـر هەبـوو، لە بەردی هەڵكـــۆڵراو دروســـتكرابوو، گۆشـــەكانی لەنـــاوەوە چەمـــانەوەی نیوەبازنەییان تێدابوو، كە وەك ڕەگەزێكی نەخش و نیگاربوو، كە بەكارهێنانی لە سـەردەمی سـەلجوقی و ئەیوبییەكاندا بـاوبوو، حەوزە ئـاوەكە بە داری بەردار و گـــوڵ و گـــوزاری جـــوان دەورەدرابـــوو، بەدەوری حەوشـــەكەدا چەنـــد باڵەخانەیەك هەبوو، كە لە ناوەڕاستیاندا لە هەموو لایەكەوە تاقێك (هەیوانێك) هەبـــوو. لە تەنیشـــتییەوە دوو ژوور هەبـــوو، ئەو ژوورانەش هەنـــدێكیان چوارگۆشـــە، هەنـدێكی تریـــان لاكێشـــەبوون و ســـەقفی هەموویـــان بەگرێـــی لەیەكـدابڕاو نەخشـێنرابوو، ڕوكـاری دەرەوەی باڵەخـانەكە تەنهـا دەرگـایەكی هەبوو، كە بەڕووی ڕۆژئـاوا كراوەبوو، دوو تـاكی هەبوو، كە لە تەختە بـوون بە مس و سمی مسین ڕووپۆشـكرابوون و نەخش و نیگاریـان تیـدا كێشـرابوو، كە بە شـێوەگەلێكی ئەنـدازەیی دابەشـكرابوون، هەروەهـا دەرگـاكە پـارچەیەكی هەبـوو، كە لە یەك بەرد پێـك هـاتبوو. لە تەلارێكـی كـۆنەوە گواسـترابۆوە، كە مێـژووەكەی دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی ڕۆمـانی. لە سـەروو دەرگاكەشـەوە ڕووكارێـك هەبـوو لە نەخـش و نیگـاری گەچینـی جـوان، كە هـی سـەردەمی سوڵتان نوورەدین زەنگی بـوو، لە ڕیزێـك گـومەزی بچـوكی كەوانەیـی گەچـین پێـك هـاتبوو و لە نـۆ خشـت لە شـێوەی وردەگـومەز پێكهـاتووە، كە لەسـەر شێوەی پەڕەی لوولكراو دانراون، ئەم جۆرە لە دروستكردن شـتێكی نـوێ بـوو لە سـوریا، سـەلجوقییەكان هێنابوویـان، هەروەهـا ناوپۆشـكردنی دەروازەش هونەرێكی نوێ بوو، كە چەنـد دانەیەكی تێدابوو، كە لە حەوت نقێم پێكهـاتبوو. لە دوای دەرگاكە ژوورێكی شێوەچوارگۆشە هەبـوو، بەڕووبەری (٥×٥) مەتـر، جێگـای ڕاڕەوی دەگـرتەوە و بەجـوانترین ژوورەكـانی باڵەخـانەكە دادەنـرا لە ڕووی نەخـش و نیگـار و گرنگیپێـدانەوە، بە زمـانی ئەو سـەردەمە پێیـدەوترا "الـدركاة"، دەكەوتە نێوان هەردوو درگـای نـاوخۆیی و دەرەكـی، هەروەهـا دوو حەوشەی بچوكی لە هەردوو شانی سـەرەوە و خوارەوەیدا هەبـوو، سـەقفێكی

بۆ کرابوو، کە لەشێوەی نەخش و نیگاری دەرگاکەدا ڕازێنرابوونەوە. ئەو وردەگومەزە دەرەکیانەش کردبوویان بە مۆدێلێکی تایبەت و بێوێنە لە سوریا.

کەواتە بیمارستانی نوری تەنها نەخۆشخانەیەک نەبوو بۆ چارەسەری نەخۆش، بەڵکو دامەزراوەیەک بوو، کە جێی شانازی تەلارسازی ئیسلامی بوو، دامەزراوەیەکی زانستی و فێرخوازی بوو لە شێوازێکی تایبەت و ئاستێکی باڵادا.

ئەوەتا ژنەرۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی "زیجرید هونکە" لە وانەیەکیدا کە چەند ساڵێک لەمەوبەر پێشکەشیکرد ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کە ئەو بیمارستانە نموونەی گیانی کاری پزیشکی بوو و دەڵێت: "لە چاخەکانی ناوەراستدا و تەنانەت پێش سەدەی هەژدەی زایینی کە لە ڕۆژئاوا ئەو نەخۆشانەی کە لە ڕووی ئەقڵییەوە تێکچووبوون قوربانی و هەناسەسارد و بێچارەی ئەو قسەیە بوون کە دەیگوت ئەوە سزای خوایی هەڵەکانتانە.

شیفای تێکچوونە دەروونی و ئەقڵییەکانیش کاری قەشەکان بوو، لە دەرهێنانی ئەو جنۆکەیەی (العفريت)، کە بەسەر نەخۆشەکەدا زاڵدەبوو، ئەوە واتای ئەوەیە، کە ئەوان کاتێک نەیاندەتوانی ئەو جنۆکەیە لە لەشی نەخۆشەکە دەربهێنن، پەنایان بۆ کەلەپچەکردن و زیندانیکردن و بەندکردن تا مردن بردووە لە شوێنگەلێک، کە بۆ شێتەکان تەرخانکرابوون، کە لەوێ دەکەوتنە بەر بەزەیی شوڵی بەهێز و ترسناک و قورسی پاسەوانەکان، بەڵام شێت و کەمئەندامەکان لە بیمارستانی دیمەشق چارەسەری تایبەتیان هەبوو،لە دەرمانخانەی تایبەتمەنددا و لە ژێر چاودێری تونددا، یاخود لە بەشەکانی نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار، کە چارەسەر تێیاندا ورد و داناییانە بوو، لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بە ئامڕازگەلێک ئەنجام دەدرا، نزیک بوون لە ئامڕازە سەردەمییەکانمان، وەک: ملکەچکردن بۆ خەوێنەری تەندروستی و بەکارهێنانی مۆسیقا.

خۆ ئەگەر نموونەی تریشمان بوێت، باسی نەخۆشخانەی مەنسوری دەکەین، کە شا قەلاوون لە میرنشینی دەریایی لە ساڵی (٦٨٢ک) دایمەزراند، کە بە (مارستانی قەلاوون)یش ناودەبرا، لە ناوچەیەک لە نێوان دوو باڵەخانەدا،

واته ناوچەی نێوان باڵەخانەی گەورە لە ڕۆژئاوا و باڵەخانەی بچووک لە ڕۆژهەڵات لە قاهیرەی فاتمییەکاندا، کە ئێستا بەشەقامی (المعز لدین الله) ناسراوە. ئەم نەخۆشخانەیە لەسەر ڕووبەرێکی گەورە دروستکرد، کە چەند دۆنمێک بوو، لەپاڵ مزگەوتێک و گومەز و قوتابخانەیەکدا. شوێنەوارەکانی، کە تا ئێستاش ماون، بەڵگەن لەسەر ناوازەیی نەخشە و نیگارەکانی و گەورەیی بیناکە.

(مسیۆ جۆمارا/ Gomara) -یەکێک لە زانایانی شالاوی فەڕەنسی بۆ سەر میسر، لە کتێبی (وەسفی میسر)دا وەسفێکی دووروودرێژی نەخۆشخانەی قەلاوونی کردووە، ئەوەی ڕونکردۆتەوە، کە نەخۆشخانەکە چ ناوبانگ و ڕێکخستن و ئاستێکی بەرزی خزمەتی نەخۆشی هەبووە، تا ئەوەی کە دەوترا: هەر نەخۆشێک ڕۆژانە دینارێکی بۆ خەرجدەکرا و دوو کەسیش خزمەتیان دەکرد و ئەو نەخۆشانەش کە خەویان لێنەدەکەوت لە هۆڵێکدا بەجیا دادەنران و مۆسیقایان بۆ لێدەدرا، یاخود کاتی خۆشیان بەدەم گوێگرتن لە چیرۆکەوە بەسەردەبرد، هەر نەخۆشێکیش لەکاتی دەرچوونی لە "مارستان"، پێنج پارچە ئاڵتونی پێدەدرا، تاوەکو ناچارنەبێت پەنا بۆ ئەنجامدانی کاری قورس ببات پێش ئەوەی چاکببێتەوە.

(پریس داڤن) لە وەسفی مارستانی قەلاووندا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: هۆڵی نەخۆش بەهەڵم گەرم دەکرا و بە پانکەی گەورە فێنک دەکرانەوە، زەویی هۆڵەکانیش بە لقی درەختی خەنە یان هەنار، یاخود دارە بۆنخۆشەکان ڕووپۆش دەکرا.

لە کاتێکدا ئەمە گەواهیدانی هەندێک لە زانایانی هێرشی فەڕەنسییە بۆ سەر میسر، کە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستە شارستانییەیە کە دامەزراوە تەندروستییەکان لەو سەردەمی ئیسلامییەدا تێیدا بوون، دەیبینین بارودۆخی ڕۆژئاوا لەو کاتەدا پێچەوانە بووە، ئەوەتا "ماکس نوردو" لە وەسفی نەخۆشخانەی (هۆتێل دیو/Hotel Dieu)دا -کە کۆنترین نەخۆشخانەی سەدەکانی ناوەڕاستە لە فەڕەنسا- ئاماژە بەوە دەکات کە: "...قەشەگەلێکی زۆر لەسەر زەوییەکە دانرابوون، کە نەخۆشەکان پاڵەپەستۆیان بوو بۆی، بەڵام

قـاچی هەنـدێک لەو قەشـانە لەپاڵ سـەری نەخۆشـەکاندا بـوو، منـداڵان لەپاڵ بەسـاڵاچووواندا بـوون، پیـاوانیش بە شـێوەیەکی سەرسـوورهێنەر لەتەنیشـت ئافرەتـانەوە بـوون... لە نزیک ئەوانەشـەوە کە نەخۆشییەکی سـادەیان گرتبـوو، کەسانێک هەبوون کە نەخۆشی گواستراوەیان هەبوو، هەروەها خەڵکێکی زۆر، تێیاندابوو دووگیـان بـوو و بەئـازاری منداڵبوونەوە دەیناڵانـد، تێیانـدابوو منـداڵ بوو کە لە ئازاری سـەرەمەرگدا بوو، هەندێکیشیان نەخۆشیی سیلیان هەبوو، کە بەهـۆی کۆکەوە سـنگیان شـەقار ببـوو؛ سـنگیان ببـوو بەخـوێن، جگە لەوە، کەسـانێکی لێبـوو کە بە نەخۆشـیی پێسـتەوە دەیانناڵانـد و هێنـدەخۆیان هەڵکڕاندبوو جەستەیان وێران ببـوو، وێڕای ئەمـانە خواردنیشـیان خـراپ بـوو، کـاتی ژەمەکـانی دوور بـوون و کەمیشـیان پێـدەدرا. هەروەهـا ئەو بینـایەی نەخۆشـەکانی لە خۆگرتبـوو، ڕێژەیەکـی زۆر مێـرووی مەترسـیداری تێـدابوو، ئەمە وێـڕای خراپـی هەواکەی لەنـاوەوە، کە لەئاسـتێکدابوو ئـارامی لە نەخۆشەکان بڕیبوو، هەروەهـا کەس نەدەچـوو بەلای تەرمـی ئەو نەخۆشـانەی وەفاتیـان دەکـرد تـا بۆگەنیـان دەکـرد؛ بۆگەنەکەیـان بڵاودەبـوەوە و مێـروو و مەگەز تێیانـدەدا و گۆشـتە بۆگەنکردووەکەیـان دەخـوارد، نەخۆشـەکانی تـریش ناچـار بـوون لەگەڵ ئەو تەرمـانە لەو شـوێنەدا بـژین تـا ئەو کـاتەی تەرمەکـان دەگوێزرانەوە[1].

" مـایرهۆف"یش گەواهـی دەدات کە نەخۆشـخانە ئەورووپییەکـان، تـا کـاتی جەنگـی خاچپەرسـتان ئاسـتیان ڕووی لە باشـی نەکـرد، ئەو باشـبوونەش، لە ئەنجـامی ئەو جەنـگەوە بـوو، چـونکە ئەو نەخۆشـخانانەی کە لە ئەورووپـا لە مـاوەی سـەدەی سـیانزەیەمی زایینیـدا دەرکەوتـن، لاسـاییکردنەوەی ئەو نەخۆشخانە پێشکەوتووانەبوون کە خاچپەرستان لە ڕۆژهەڵاتدا لەکاتی جەنگی خاچپەرستاندا بینیبوویان[2].

(١) بگەڕێرەوە بۆ: زیجرید هونکە لە کتێبەکەیدا (شمس العرب تسطع على الغرب).

(٢) بگەڕێرەوە بۆ : د. أحمد فؤاد پاشا لە کتێبەکەیدا بەناوی (أساسيات العلوم المعاصرة في التراث الاسلامی: دراسات تأصيلية).

## (٢)

## ڕوانگە گەردوونییەکان (المراصد الفلكية)

ڕوانـگەی گەردوونـی باڵەخـانەیەکە، تێیـدا چـاودێری و تێبینـی هەسـارە جیاوازەکـانی ئاسـمان دەکـرا، لە ئەسـتێرە و مانـگ و ئەسـتێرەی کلکـدار و نەیزەک و کلکدارەکان و تۆمارکردنی تێبینی زانیاری لەسـەریان، کە تـۆژەران بۆ دۆزینەوەی نهێنی زیاتری سیستمی بونەوەر سوودیان لێدەبینی.

بێگومـان لەسـەرەتادا ڕوانـگە سـادە و سـاکاربوو، تەنها لە ڕێگەی چـاوەوە ئەرکەکە ئەنجـــام دەدرا، لەبەر ئەوەی کەلـــوپەل و ئامێرێـــک نەبـــوو بـــۆ هاوکـاریکردنی چـاو بـۆ ئەنجامـدانی ئەو ئەرکە، لەگەڵ پێشکەشکـردنی زانستـی ئامێرەکـان لە کارەکانـدا بـۆ هاریکـاریکردنی چـاو و ئاسـانکردنی پرۆسـەی چـاودێریکردنەکە و ژمێرکارییـان بەکـار دەهێنـران، لە سـەرەتاشـدا ئـامێرگەلێکی سادە بەکار هێنرا، دواتر پەرەیان سـەند تـا ئەوەی ئێسـتا گەشـتووەتە ئاسـتێکی باڵا لە وردی و لێهاتوویی و ئاڵۆزی.

لە دیـارترینی ئەو ڕوانـگە کۆنـانەی لە مێـژوودا ناوبانگیـان هەبـووە، ئەو ڕوانـگەیەیە کە لە ئەسـکەندەریە لە میسـر لە سـەدەی سـیانزەی پێشـزایینـدا بنیـاتنراوە، ئەم ڕوانـگەیە، کە (بەتلیمـوس ئەلقلـوذی) پێشـی خسـت، لە جیهانـدا تـاکە ڕوانـگە بـوو تـا لە سـەردەمی شارسـتانیەتی ئیسـلامیدا چەنـدین ڕوانـگە دروسـت کـرا و بە چەنـدین ئـامێر کەلـوپەلی چـاودێریکردنی وەک (المزولـة) و سەعاتی خۆری (الساعة الشمسية) و سەعاتی ئاوی (السـاعة المائيـة) و ئـامێری (الأسطرلاب)[1]و...هتد دەوڵەمەندکرا.

لە ئیسلامیشـدا یەکەم ڕوانـگەی زانسـتی لە سـەردەمی خەلـیفە مەئمـوونی عەباسـیدا بـوو (کە لە (٢١٨ک/٨٣٣ز) کـۆچی دوایـی کـردووە)، کە لە سـاڵی (٢١٤ک) لە دیمەشق لە خاکی شام و شماسیە لە بەغدا لە گەڕەکی صلەیخ کە یەکێکە لە گەڕەکەکانی ئەعزەمیەی ئێستا دروستکران.

---

(١) الأسطرلاب: ئامێرێک بوو لە کۆندا بۆ دیاریکردنی بەرزیی هەسارەکانی ئاسمان و زانینی کات و ئاراستەکان بەکار هاتووە. [وەرگێڕ]

پاشـــان ڕوانـــگە بە زیـــادبوونی گەردونناســـەکان زیـــادیکرد و زانســـتی گەردونناســـی و ئەستێرەناســـی پەرەیســـەند، تـــا وایلێهـــات لە بەغـــدا چەنـــد ڕوانگەیەک دامەزرا، لەوانە: ڕونگەی " ابن الأعلم" لەساڵی (٢٥٠ک) و ڕوانگەی "بني موسی" کە لەسەر ئەو پردی تاقەی بەغدا بوو کە دەچوەوە بۆ (باب الطاق)، هەروەها ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتی، کە درابوەپاڵ (شەرەف الدولة بن عضد الدولة البویهی) کە لە باخچەیەکی کۆشکەکەی خۆی لە (دار المملکة) لە بەغدا دروستیکرد.

لە وڵاتی شامیش (البتاني) ڕوانگەیەکی دروستکرد، و (ابن الشاطر)یش بەهەمان شێوە، لە میسریش (المرصد الحاکمی) بنیاتنرا.

لەســـەدەی چـــواری کـــۆچییەوە (دەی زایینـــی) کـــاری ڕوانـــگەی گەردوونـــی بەرەو ڕۆژهەڵات بڵاوبۆوە، لەو میانەیەشدا ڕوانگەکانی (ابن یونس)، کە لە ( ک/ ز) وەفاتی کردووە، لە میسردا گرنگیەکی تایبەتیان هەبوو، هەرچەندە واش دەرنـــاکەوێ کە لە چوارچێـــوەی دامەزراوەیەکـــی هەمیشـــەییدا کـــاری کردبێت، بەڵام لە ڕێگەی ئامرازگەلێکەوە کە هەڵدەگیران و دەگوازرانەوە چەند ئەنجامێکی نایابی بەدەستهێنابوو.

جگە لەمانە زنجیرە ڕوانگەیەکی تر لە لایەن (الزرقال) و هاوکارەکانییەوە بۆ دیراسەکردنی مانگ و ئەستێرە لە "طلیطلة" و قورتوبە بەدێژایی بیست و پێـــنج ســـاڵ ئـــەنجامدران، بەڵام ڕوانـــگە، وەک دامەزراوە، مـــاوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، تیمێک لە توێژەران کاریان پێکرد، سەرەتاکەشی بەو ڕوانگەیە دیـــاری کـــراوە کە (ملکشـــا) (١٠٧١-١٠٩٢ز) لە ئەســـفەهان دایمەزرانـــدوە، کە عـومەری خیـام و هاوکارەکـانی چەنـدین کـاری گەردونناسـیی گرنگیـان تێـدا بەئەنجامگەیاند.

دیارترین ڕوانگەی گەردونیی شارستانیەتی ئیسلامییش ئەو ڕوانگەیەیە کە زانا و فەیلەسووف توسی (نەسیرەددین ئەلتوسی) و هاوکارەکانی لە ساڵی ٦٥٧ک-١٢٥٨ز) لە مـراغە لە ئازەربایجـان، بە ســوودوەرگرتن لە پەیوەنـدیی باشـــی لەگەڵ هۆلاکـــۆی مەغـــۆلی کە لە (٦٦٣ک-١٢٦٥ز) کـــۆچیکردووە، کە حەزی لە ئەستێرەگەری و زانستەکان بوو، دایانمەزراند.

ڕوانـگەی (مـراغە) لە چەنـدین تەلار پێـک هـاتبوو کە لە کۆشـکی هۆڵاکـۆ و مزگەوتێـک و گەنجینەکـی گەورە و دەوڵەمەنـد و فراوانـی کتێـب پێـک هـاتبوو. (مؤید الدین العرضي)، کە یەکێکە لە زانایانی مـراغە، کتێـبێکی بـۆ شـیکردنەوەی ئەو ئامێرانەی لە ڕوانگەدا بەکارهاتوون نووسـی و ناوینـا (في کیفیـة الإرصـاد) کە زانیاری زۆر بەبەهای لەمەڕ ئامێرەکانی ڕوانگەوە تێدایە.

ئەو کتێبە بەپێی زانیاری ئێمە تا ئێستاش دەستنووسە و کەس بە لەچاپدانی یان بڵاوکردنەوەی هەڵنەساوە.

ڕۆژهەڵاتناسـی فەڕەنسـی (سـیدیو) بـاس لەوە دەکـات کە "توسـی" چەنـد کونێکی لە گومەزی ڕوانـگەکەدا کـردووە کە تیشـکی خـۆر لێیـانەوە هـاتووەتە دەرەوە بە شـــێوەیەک کە پلەکـــانی جـــوڵەی ڕۆژانەی ئەو تیشـــکانە و وردەکارییەکانی کاتەکانی و بەرزبوونەوەکانی لە هەموو وەرزەکانی سـاڵدا پێ دەزانـــرا، هەروەهـــا ئـــاڵوگۆڕی ئاســـتەکانی پـــێ دەزانـــرا، ئەمەش واتە جێبەجێکردنێکی نوێ بۆ میلی کوندار کە عەرەب لە سـەردەمی زاینییەوە پشـتی پێبەستوە..

سـەرچاوەکان بـاس لە ژمـارەیەکی زۆر لەو تـیمە زانسـتییە دەکەن کە لەو ڕوانـگەیەدا کاریـان کـردووە، لێـرەدا بـۆ نمـوونە باسـی "توسـی" دەکەیـن کە سەرۆک و سـەرپەرشتیاری ڕوانگەی مەراغە بووە، وێڕای ئەو تیمە زانسـتییەی کە لە شـار و شوێنە جیوازەکاندا هەبوون.

ئەو تیمە زانستییە لەرێگەی ئەو دەرەنجام و دانراوانەیانەوە کە پێشکەشـیان کـــردووە خزمەتگەلێکـــی مەزنیـــان پێشکەشـــی زانســـتی گەردووناســـی و ڕوانگەزانی کـردووە. دیارترینیشـیان "الـزیج الإیلخـاني"یە، کە "توسـی" خـۆی بە فارسی نووسیویێتی و ناوە بنەڕەتییەکەی بۆ هۆلاکۆ دەگەڕێتەوە، ئەم کتێبە تـا ماوەیەکی نزیکیش لە دیراسە گەردونناسییە ئەوروپییەکان وەک سـەرچاوەیەک پشـتی پێ دەبەسـترا. جێی ئامـاژەبۆکردنە ڕوانگەی مـراغە یەکەم ڕوانـگەیە لە جیهـانی ئیسـلامیدا کە دارایـیەکەی لە ئەسـتۆی ئەوقافـدا بـووە ئەمەش -وەک دەردەکەوێ- هەنـــدێک نـــاڕەزایی دروســـتکرد بەهـــۆی ئەوەی ڕوانـــگە نەدامەزراوەیەکـــی ئـــایینی نە فێرخـــوازی بـــوو، بەم شـــێوەیە ئەم دامەزراوە

زانستییە بەهۆی ئەو دەرماڵانەوە، بە وەفاتی دامەزرێنەرەکەیەوە (هۆلاکۆ) پەکی نەکەوت، بەڵکو چالاکییەکانی تا سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچی (چواردەیەمی زایینی) بەردەوامبوو. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە یەکێک لە کوڕەکانی "توسی" لە ساڵی (٧٠٤ک/١٣٠٤ز) وەک بەڕێوەبەری ڕوانگە دامەزرێندرا، بەڵام دوای ئەوە بەسێ دەیە، تەنها پاشماوەکەی مایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پاشماوەیە کاریگەریی لەسەر دەروونی گەنجێک کرد بەناوی (ئۆلغ بەگ) کاتێک کە سەردانی کرد، ئەوەی بەمێشکدا هات کە ڕوانگەیەکی هاوشێوە لە سەمەرقەند لە ساڵی (٨٢٣ک/١٤٢٠ز) دروستبکات، کە خۆی زانای بیرکاری و گەردوونناسێکی بەتوانا بوو.

لەنێو ئەو زانایانەی کە لە سەمەرقەنددا ناوبانگیان هەبوو (قازی زادە) بوو، کە ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر ئاستی فێرکردن بینی کە (کاشان) گەواهی بۆ دەدات و دەگێڕێتەوە کاتێک ئەو هاتووە بۆ سەمەرقەند و ڕوانگەکە لەکاتی دروستکردنیدا دەبێت، بینی هەموو ئەو ئامێرانەی بۆ ڕوانگە دروستکراون بەهەڵە و لەسەر وێناکردنێکی هەڵە دروستکراون، ئەمەش وایکرد کە ناچاربێت ئامێری تر دروستبکات لەژێر چاودێری (ئۆلغ بەگ) و (قازی زادە)دا.

مردنی (ئۆلغ بەگ) لە ساڵی (٨٥٣ک/١٤٤٩ز) سنوورێکی بۆ چالاکیی ڕوانگە دانا و شوێنەوارەکانی لە ساڵی (١٩٠٨ز) لەسەردەستی زانای شوێنەوارناسیی ڕوسی (ف. ل. فیاتکین) لە دەوروبەری باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا دۆزرایەوە.

دوای جەنگی دووەمی جیهانیش هەڵمەتێکی بەدواداچوون و گەڕانی تر ئەنجام درا و چەند دەرەنجامێکی بەدەستهێنا کە جێی گرنگیپێدانن، کە دواتر بەزمانی ڕوسی لە ژێر چاودێری (ئەکادیمیای زانستی ئۆزبەکی)دا بڵاوکرانەوە. ئەمەش سەریکێشا بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەوەی کە مابۆوە، کە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە سەعاتێکی خۆریی (مزولة) گەورە کە بۆ دیاریکردنی بەرزیی خۆر بەهۆی درێژی سێبەرەوە بەکاردەهات.

شوێنەوارەکان بەڵگەن لە سەر ئەوەی شوێنەکە وێناکردنی ئەستێرەکانی ئاسمان و نەخشە و تابلۆی دیواری تێدابووە. ڕوانگەیەکی تریش هەیە کە

(تەقیەددینـــــی کـــــوڕی مەعـــــروف) لە ئەســــــتەمبوڵ لە ســــــاڵی (١٥٧٥ز) دروســـتیکردووە، کە لە دامەزراوە زانســـتییە زەبەلاحەکـانی ســـەردەمی پـێش چاخی نوێ دادەنرێت، لەسەر شێوەی هەردوو ڕوانگەی مراغە و سەمەرقەند، بەڵام لە ساڵی (١٥٨٠ز) وێرانکرا.

بەڵـێ ڕوانـگە دەروونناسـییەکان لە سـەردەمی ئیسـلامدا وەک دامەزراوەی پســپۆڕ ژمارەیــان کەمبــوو، وەک ڕوانگەکــانی مــراغە و ســـەمەرقەند، بەڵام بەڵگەیەکی ڕونیان لەسەر پێگەیشتوویی ئەو میتۆدە زانستییە پێشکەشکردووە کە مسوڵمانان بەکاریانهێناوە، هەروەها پێشبینی ئەوان دەسەلمێنێ لە کارکردن بە تیم وەک نمونەیەکی پێشـەنگ بۆ مومارەسـەکردنی تـوێژینەوەی زانسـتیی دروســـت، ڕەنــگە هۆکــاری کەمیــی ژمــارەی ڕوانگەکــان وەک دامەزراوەی زانسـتیی ئەوەبێت کە بەردەوام وەک دامەزراوەیەکـی خێرخـوازی یـان ئـایینی چـاودێری ئەکـران، بەپـێچەوانەی دامەزراوە زانسـتی و ڕۆشـنبیرییەکانی وەک کتێبخـانە و قوتابخـانە و نەخۆشـخانە و مزگەوتەکـان کە ئەوقـاف هاوکاریـان بوو بۆ بەردەوامی بۆ ماوەیەکی درێژ.

## (٣)

### کتێبخانەکان

کتێـب- بەهـۆی ئەو زانسـتەوەی کە لەخـۆی دەگرێـت - لە گرنگتـرین ئەو بنچینــانەیە کە هەر شــۆڕش یــان هەســتانەوەیەکی زانســتیی یــان هزریــی لەسەریان دەوەستێت.

قورئـانی پیـرۆزیش ئەو کتێـبەی کە هـیچ گومـانێکی تێـدا نییە، بەو ئـایەتە نایابـانە دەسـتپێدەکات کە دوو جـار فەرمـان بە خوێنـدنەوە دەکـات و باسـی مادەی زانست دەکات، هەروەهـا باسـی قەڵەم دەکات بەو پێیەی ئـامڕازێکە بـۆ نووسینەوە، ئەوەتـا خـوای گەورە دەفەرموێ: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ(٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ(٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ(٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ(٥)﴾ [العلق: ١-٥]. واتە :"ئەی محمد (دروودی خودای لەسەر)! بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کـە هەمـوو شـتێکی دروسـتکردووە . ئـادەمیزادی لـە چەنـد

خانەیەکی هەڵواسراو (لەناو منداڵداندا) دروست کردووە . بخوێنە، لە کاتێکدا هەر پەروەردگاری تۆ بەخشندەیە. ئەو زاتەیە کە بەهۆی قەڵەمەوە زانستی و زانیاری فێرکردووە. ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە کردووە کە نەیزانیوون".

لە جاری دووەمدا ئایەتەکان بەیەکێک لە پیتەکانی هیجاء دەستیپێکرد و سوێندخواردنی بەقەڵەم و بەوەشی کە بەقەڵەم دەنووسرێت تێدایە، ئائەمە یەکەم سوێندی خوایی بوو لە قورئانی پیرۆزدا.

خوای گەورەدەفەرموێ: ﴿ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ﴾. [القلم: ١]. واتە: "سوێند بە پێنووس و ئەوەی کە دەینووسن"، (ئەم سوێند خواردنە نیشانەی نرخی خوێندن و زانستیە لای خوای گەورە.

**(دروستکردنی کتێب (صناعة الكتاب):**

بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفە مسوڵمانان گرنگییان بە کتێب و کتێبخانە داوە، هەروەها سووربوون لەسەر پەیداکردنی هەر کتێبێک کە بەرچاویان دەکەوت، زانایان و زۆرێک لە کۆی مسوڵمانان و فەرمانڕەوایانیش هەوڵێکی دیاریان داوە بۆ هاندانی نووسین و دانانی کتێب و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب بە لەبەرگرتنەوەیان و دانانیان لە کتێبخانەکاندا، هەر بۆیە کاغەزفرۆش زۆربوون و کاغەزدروستکردن و لەبەرگرتنەوەی کتێب وەکو پیشە زیادیکرد و بوو بە پیشەیەک کە قازانجێکی باشی لێبکرێت، ئەو قازانجەش پشت بە گرنگی بابەتی کتێبەکە و ئاستی جددی بوون و جوانی خەتەکەی بەستبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە کاری لە بەرگرتنەوە بوو ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، پێویست بوو لەسەری کە کارەکەی بەوردی بکات و دووربێت لە بە هەڵەنووسینەوە و پێویست بوو خەتەکەی ڕوون بێت و بەراوردی نوسخە لەبەرگیراوەکە لەگەڵ نوسخە ئەسڵییەکە بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا زانایان و قوتابیانی زانست، لەپێناو بڵاوبوونەوەی کتێب، خۆیان هەڵدەسان بە لەبەرگرتنەوەی کتێب، بە شێوەیەک کە دوور بێت لە هەڵە یان بەهەڵەنووسینەوە، چونکە ئەو کەسەی لەبەری دەگرێتەوە، ئەگەر زانابێت

بەوەی کە دەینووسێت دوور دەبێت لەو هەڵانەی کە کەسانی تر تێی دەکەون لەوانەی کە کاریـان لەبەرگـرتنەوەیە، بەمەش سـوود و ڕەونەقـی کتێـبەکە لەدەست ناچێت. بۆ نموونە حەسەنی کوڕی هەیثەم لە کۆتایی ژیانیدا بژێویی ژیانی لەسەر فرۆشتنی ئەو کتێبانە بوو، کە وێنەی لێ دەگرتنەوە، چونکە ئەو بەرهەمـی کـاری دەسـتی خـۆی نەبـوایە هیچـی تـری نەدەخـوارد. پـاش لەبەرگرتنەوە پرۆسـەیەکی تر دێت، ئەویش بریتییە لە بەرگتێگرتن، کە وەک دەرهێنانی کۆتایی کتێبەکەیە مەبەست لێی پارستنێتی لە هۆکارەکانی تیاچوون و خراپبوون ئەمە وێڕای ئەوەی بەرگتێگرتن جوانییەک بە کتێبەکە دەبەخشێت، چـونکە کـاری بەرگتێگـرەکە تەنهـا لە بەرگتێگرتنـدا کورتهەڵنەدەهـات، بەڵکـو هەڵدەسا بەکێشانی نەخش و نیگار و ڕەنگکردنی و بەئاڵتونیکردنی ڕەنگەکە، بە شێوەیەک کە وەک کارێکی هونەریی جوان دەربکەوێت، هەروەها بەرگتێگرتن پرۆسەی گواستنەوە و بەکارهێنان و سوودلێبینینی کتێبەکە ئاساندەبێت.

جێی ئاماژەیە ئەم پیشەسازییە بوو بە زانستێک کە شێواز و ڕێسای خۆی هەبێـت؛ (بەکـری ئیشـبیلی)، کە لە (٦٢٩ک) وەفـاتی کـردووە، کتێبێکـی لەو بارەیەوە نووسی و ناوی نا " التيسير في صناعة التسفير"، کە تێیدا هەموو ئەو شـارەزاییەی خـۆی تێـدا نووسـیبۆوە کە لە مـاوەی درێـژەی کـارکردنی لەو پیشەیەدا سوودی لێبینیبوو، بە سەیرکردنی دەروازە و بەشەکانی، دەبینین کە هەموو شتێکی پەیوەست بە بەرگتێگرتنەوە باسکردووە، باسکردنی کەسێک کە هەموو تەمەنی لەو پیشەسازییەدا بەسەربردووە، کتێبەکە بیست دەروازە لە خۆدەگرێت: یەکەمیان دەروازەی ئەو ئامرازانەیە کە لە بەرگتێگرتندا بەکاردێت، و کۆتا دەروازەش دەروازەی کەموکوڕییەکانی بەرگتێگرتنە.

هەروەهـا حـانوتی وەرەقەفرۆشـەکان سـەرباری ڕۆڵیـان لە بەرهەمهێنـانی کتێب و بڵاوکردنەوەی، یانەگەلێکی هزری و ئەدەبی بوون، زۆرجار گفتوگۆ و دیـالۆگی زانسـتی و وێژەیـی لە نێـوان سـەردانکەرانی ئەو حانوتـانەدا دروستدەبوو.

بە شـێوەیەکی گشـتی فەزڵـی سـوور بـوون لەسـەر پاراسـتنی و لەبەرگـرتنەوەی دەقەکـانی گرنگتـرین کتێبەکـان لە جیهـانی ئیسـلامیدا لە دوو

سـەدەی یەکەمـی مێـژووی ئیسـلامدا، سـەدەی حەوتەم و هەشـتەمی زاینـی، دەدرێـتە پـاڵ لەبەرگرەوەکـان و وەرەقەفـرۆش و وەرەقەدروسـتکەرەکان و زانایان، مەبەستمان لە قورئانی پیرۆز سوننەتی پێغەمبەرە (درووودی خودای لەسـەر)، ئەوان بە جـدی و خـۆڕاگری و کـۆڵنەدان بەو ئەرکە هەسـتان بە جۆرێکی ورد و سـەلیقەیەکی واوە کە لە زۆر کێشـە بەدووری گرتبـوون لەو کێشـانەی کە بـواری پاراسـتن و گواسـتنەوەی زۆربەی کتێـبە ئاسـمانی و دونیاییەکانی تری گرتبۆوە لەکاتی گواستنەوە لە سەردەمی دەستنووسەکانەوە بۆ سەردەمی چاپکراوەکان.

لەم بـوارەدا ئامـاژە بەوە دەدەیـن کە هـاوردەکردنی شـێوازی چینـی لە دروسـتکردنی وەرەقە و پەرەپێـدان و بڵاوبـوونەوەی لە پـایتەختە ئیسـلامییە گەورەکاندا لە ماوەی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا (هەشتەم و نۆیەمی زاینـی) زۆر یـارمەتی گەشـەکردنەکانی ئەوانەیـدا کە کاریـان لەبەرگـرتنەوەی کتێب بـوو، کە لەو کـاتەوە مادەیەکیـان دەسـتکەوت بـۆ ئەوەی کـاری لەسـەر بکەن کە تەنک و ڕەق بوو و خەرجیشی لە وەرەقەی بەردی (البردي) و ڕەق (الرق)[1] کەمتر بوو، هەر بۆیە بازرگانی لەبەرگرتنەوە بەهۆی بەدواداچوونی چینە ڕۆشنبیرەکان بۆ بەدەستهێنانی کتێبی جوان بڵاوبۆوە و ژمارەی ئەوانەی کاریان لەبەرگرتنەوەی کتێب بوو لە کتێبخانە تایبەت و گشتییەکاندا زیادیکرد.

دەگێڕنەوە کە لە کتێبخانەی "بني عامر" لە تەرابلوسی شام سەد و هەشتا کەسی کتێبلەبەرگرەوە هەبووە، کە بە شەو و ڕۆژ کارەکەیان ئاڵوگۆڕکردووە، بە شێوەیەک کە کاری لە بەرگرتنەوە پەکی نەکەوێت و نەوەستێت، ئەوانەشی کە ئەو کارەیـان دەکـرد لە سـەعاتێک لە سـەعاتەکانی شـەووڕۆژدا ژمارەیـان دەگەیشتە سی لەبەرگرەوە.

---

(١) جۆرە پەڕەیەکە، لە ڕووەکێکی ئاوی دروست دەکرا، کە قەدەکەی مەترێک یان زیاتر بەرز دەبۆوە، زیاتر لە ناوچە زۆنگییەکانی بەرزاییەکانی نیل دەڕوا و میسرییە کۆنەکان ئەو جۆرە پەڕەیەیان لێ دروست دەکرد. الرق: پێستێک یان بەرگێکی تەنک و نەرمە تێیدا دەنووسرا. [وەرگێڕ]

**کتێبخانە گشتی و تایبەتەکان:**

یەکێک لە فاکتەرەکانی گەشەکردن و هەستانەوەی زانستی لە سەردەمی ئیسلامیدا ئەو کتێبخانانە بوو کە لەرۆژگاری بەنی عەباسدا بڵاو بوونەوە، بە شێوەیەک کە جێنشین و میرەکان کێبڕکێیان دەکرد لە دروستکردنیان و دەوڵەمەندکردنیان بە بەهرە و ئاوەز و بەرهەمی زانایان لە هەموو بوارە جیاوازەکانی مەعریفەدا.

تەنها ئەوە بەسە کە بزانین کتێبخانەی (العزيز بالله الفاطمي) لە قاهیرە سەد هەزار کتێبی لە خۆگرتووە، شەش هەزاریان دەستنووسن لە بواری بیرکاری و گەردوونناسی، هەروەها خانەی کتێب لە قورتوبە چوارسەد هەزار کتێبی بەرگداری لەخۆگرتوە، کە پێڕستەکانی لە چل و چوار دۆسیەدا بوون، هەروەها هەموو مزگەوتێک کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە کە خەڵکی لە هەموو لایەکەوە سەردانیان کردووە.

بەڕاستی ئەم کتێبخانانە وەکو ناوەندێکی توێژینەوەی زانستی و سەکۆیەک بوون بۆ ئاڵوگۆڕی زانستی و مەعریفە، دەبینین لە کتێبخانەی (دار الحكمة)دا چەندین زانا و خوێنەر و زمانناس و دانەری فەرهەنگ و پزیشک و گەردوونناس جێگیربوون، هەروەها چەندین مامۆستا و قوتابی و توێژەر تێیدا کۆبونەتەوە.

هەروەها خەلیفە (وەقف)ی دامەزراندووە کە بریتییە لەو زەویوزارانەی کە دەستکەوت و بەرهەمەکەی بۆ بەرژەوەندی ژمارەیەک مزگەوت و (دار الحكمة) تەرخاندەکرا. زیاتر لە دەیەکی ئەو دەستکەوت و بەرهەمەی تەرخانکرابوو بۆ (دار الحكمة) بۆ موچەی هەر یەک لە بەرپرسی کارگێری "پارێزەر" و کتێبلەبەرگرەوەکان و خزمەتکارەکان و بۆ چاککردنەوەی کتێب و دابینکردنی مرەکەب و وەرەقە و قەڵەم بۆ خوێنەران، هەروەها بۆ کڕینی فەرش و ڕایەخ.

ئەو بودجەیە تەرخانکراوە بۆ کتێبخانە، خەرجیگەلێکی تری نەدەگرتەوە. قەرەبووی زانایانی پەیوەست بە کتێبخانەکە و خەرجی فێرکردنی ئەم دامەزراوانە لەئەنجامی ئەو پاڵپشتییە داراییەی وەقفەوە گەشەیان کرد.

هەمــوو دامەزراوە هاوشــێوەکانی (دار الحکمــة) لە هەر یەک لە موســڵ و بەســرە و حەلەب و تەرابلــوس و بەغــدا هەمــان ڕۆڵیــان هەبــوو، هەموویــان دەستنووسەکانیان دەپاراست و لە بەریان دەگرتنەوە، لەهەمان کاتدا ناوەندێک بوون بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و هزر، هەروەها هۆڵی کۆبونەوە و گفتوگۆ و هەندێکجار شوێنی حەوانەوەی زانایان و قوتابیانیشیان لە خۆگرتووە.

کاروبــاری ئەم کتێبخانـانە لە ئەستۆی زانایانی دیاردا بووە، وەک (سەهلی کوڕی هارون)، کە ئەمینی (بیت الحکمة) بووە، هەروەهـا (عەلـی کـوڕی یەحیـای مونەجیم) کە ئەمینی کتێبخانەی (ئەلفەتح کوڕی خاقان) بـووە، و (عەلـی کـوڕی محەمەد شابەشتی) کە ئەمینی کتێبخانەی (ئیبنولحەمید)  بووە.

لە لایەکی ترەوە، کتێبخانە تایبەتەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان سەند، هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسـان باس لەوە دەکەن کە تێکڕای ئەو کتێبــانەی کە لە کتێبخــانەیەکی تــایبەتی عەرەبیــدا لەســەدەی دەی زایینــی (چــواری کــۆچی)دا هەبــووە، زیــاتر بــووە لەو کتێبــانەی لە تێکــڕای هەمــوو کتێبخانەکــانی ڕۆژئــاوا هەبــووە، ئەمەش ڕەنگــدانەوەی ئەو بــارودۆخەیە کە ئەوروپـا لەچـاخی ناوەڕاسـتدا تێیـدا دەژیـا و ئاسـتی دواکەوتنیـان لە جیهـانی ئیسلامی ڕووندەکاتەوە، هەروەها جەخت لەو ڕۆچوونەی ئەوروپا دەکاتەوە لە تـاریکی و نەزانـی و جـادوو و خورافەتـدا کە مێژوونووسـان بەئاشـکرا باسـیان کردووە.

(ئیبنـو ئەبـی ئوسـەیبیعە) وەسـفی کتێبخـانەی پزیشـک (ئیبنولمەتران) دەکـات کە پتـر لە سـێ هەزار کتێبـی تێـدابووە، سـێ کەسـی کتێبگـرەوەی هەمیشـەیی کاریـان بـۆ کـردووە، هەروەهـا (ئیبنـولمەتران) خـودی خـۆی چەنـد کتێبێکـی گرتۆتەوە، لەکاتی وەفاتیشـیدا لە سـاڵی (٥١٧ک/١١٩١ز) ئەو کۆمەڵە نـاوازەیەی بە (عیمران) فرۆشراوە، کە ئەویش پزیشکێکی عەوداڵی کتێبخانە بووە.

(عەلـی کـوڕی یەحیـای مـوخەییەم)یش، کە لە سـاڵی (٢٧٥ک/٨٨٦ز) کـۆچی دوایـی کـردووە، کتێبخـانەیەکی گەورەی لە کۆشـکەکەیدا لە دەوروبەری بەغـدا دامەزراندوە، (یـاقوتی حەمەوی)ش دەگێڕێتەوە کە (ئەبومەعشـەر ئەلفەلەکی)ی ناودار کاتێک لە ڕێگەیدا دەبێ بۆ حەجکردن لەوێ لادەدات و دڵی دەچێت بە

کتێبەکانیدا، تائاستێک وای لێدەکات کە واز لە حەجەکەی دەهێنێت و خۆی بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی زانستی گەردوونناسی تەرخاندەکات، لێرەدا ئەو کەسەی ڕیواتەکە دەکات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە (ئەبومەعشەر) دەگرێت بەهۆی لاوازی ئیمانییەوە!

هەروەها (محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی عەبدوڕڕەحمان ئەلعوبەیدی)، ناسراو بە (ئیبنولبەننا ئەلئیشبیلی) (کەلە ٦٤٦ک وەفاتی کرد)، کتێبخانەیەکی ئاوەدانی هەبوو، هەروەها خەتێکی جوانی هەبوو و شارەزای بەرگتێگرتن بوو، پەرۆشی کتێبکۆکردنەوە بوو، بۆیە هەر کتێبێکی لە کتێبە سەرەکی و گرنگەکان دەست بکەوتایە لەبەری دەگرتەوە و لە کتێبخانەکەیدا دایدەنا، بەو شێوەیە کتێبخانەکەی فراوانبوو، ژمارەکی زۆر کتێبی لەخۆ دەگرت، تەنانەت دەوترێت کاتێک لە ئیشبیلیە دەرچوە، لەگەڵ خۆیدا نزیکەی پێنجسەد کتێبی بەرگداری لەگەڵ خۆیدا بردووە، کە هەموویانی بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە.

یەکێک لەو شتە دەگمەنانەی لەبارەی خۆشەویستی مسوڵمانان بۆ زانست و مەعریفە و سووربوونیان لەسەر کۆکردنەوەی کتێب لە کتێبخانە تایبەتەکانیان دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە (محەمەدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی سەعید)، (کە لە ٥٨٩ک وەفاتی کردووە)، لە (عەبدوڵڵا کوڕی یەحیائەلخەزڕەمی)یەوە (کە لە ٥٧٨ک وەفاتی کردووە)، دەگێڕێتەوە: جارێک لە قورتوبە مامەوە و سەردانی بازاری کتێبم کرد، تا ماوەیەک بەشوێن کتێبێکدا دەگەڕام کە پێویستم بوو، تا دۆزیمەوە و بینیم بەخەتێکی باش نووسرابوو، ڕاڤەیەکی جوان کرابوو، بۆیە پێی دڵخۆش بووم، ئەمەش وای کرد لە نرخی خۆی زیاتری پێ بدەم، بەڵام کە هاواری بۆ دەکرد، زیاتری لەسەر من وت، تا گەیشتە ئاستێک لە نرخی خۆی زیاتر بوو، بۆیە پێم وت کاکە: ئەو کەسەم پیشان بدە کە زیاتری پێ دەدات، کەسێکی پیشاندانم کە جلوبەرگی پیاوانی گەورەی لەبەربوو، لێی نزیک بوومەوە و پێمگوت: خوای گەورە سەربەرزت بکات گەورەم ئەی شەرعناس، ئەگەر پێویستیت بەو کتێبەیە بەشێکی تایبەتی تێدایە وازی لێ ئەهێنم بۆ تۆ، چونکە زیادکردنەکە لە نێوانماندا گەشتۆتە سەروو ئاستی خۆی، لەوەڵامدا پێی وتم: من شەرعناس نیم و ناشزانم

کتێـبەکە چـی تێـدایە، بەڵام گەنجینەیەکـی کتێـبم دروسـتکردووە و لەنێـو پیاوماقوڵانی شاردا شانازی پێوەدەکەم، تەنها جێگەیەکی مابوەوە کە جێی ئەو کتێبەی تێدا دەبێتەوە، کاتێک بینیم خەتەکەی جوانە و بەباشی بەرگی تێگیراوە چوو بەدڵما...هتد.

ئەم چیرۆکە دەگمەن و سەیرە، چەند زانیارییەکی بەبەهای تێدایە، چونکە ئامـاژە بە بـوونی بـازاڕێکی تـایبەت بە کتێـب دەکـات لە هەمـوو شـارێکی ئەنـدەلوس، هەروەهـا بەڵـگەیە لەسـەر سـووربوونی زانایـان لەسـەر کتێـب و خۆشەویسـتییان بـۆی؛ ئەوەتـا (حەزڕەمـی) ئەوپەڕی خۆشـی چـووە بەدڵیـدا کاتێـک کتێبێکـی دۆزیـوەتەوە کە پێویستی بـووە و مـاوەیەکی باشـی لە گەڕان بەدوایدا بەسەر بردووە، وەک ئەوەی بەشوێن شتێکی ونبوودا گەڕابێت، بەڵام بەهـۆی دەسـتتەنگییەوە نەیتوانیـوە بەدەسـتی بهێنێت بەڵکو ئەوەی پـارەدار و خاوەنسامان بووە بەدەستی هێناوە، هەرچەندە بەهای زانستی ئەو کتێبەشی نەزانیوە، بۆیە (حەزرەمی) بە دڵتەنگی شوێنەکەی جێهێشت ووە، وەک ئەوەی کەسێکی ئازیزی لەدەستدابێت.

پەرۆشیی زانایان بۆ کۆکرنەوەی کتێب پەیوەستبووە بە سووربوونیان بۆ گەیشتن بەدانایی و پەیبرن بە حەقیقەت، جا بە هەر نـاڕەحەتییەکەوە بووبێت، ئەوەتا (ئیبن ئیسحاق) زانـای پزیشـک، هەموو عێراق و سوریا و فەلەستین و میسـر گەڕا بەشـوێن کتێبـی (البرهـان)ی گالینۆسـدا، تـا نـزیکەی نیـوەی دەستکەوت.

هەروەهـا (ئەبوڕڕەیحـان ئەلبەیرونـی) بلیمەتـی ژیـاری ئیسـلامیی، بەتاسـە و عەوداڵی و پەرۆشییەوە زیاتر لە چل ساڵی لە گەڕان بەشوێن  نوسخەیەک لە کتێبی مـانی (سـفر الأسـفار) بەسـەربرد، ئەویش لەپێناو گەیشـتن بەحەقیقەتـی ئەوەی ئەبوبەکری ڕازی لە " مانی"یەوە ڕیوایەتی کردووە.

هەرچۆنیک بێت پەرۆشـی مسـوڵمانان بـۆ کتێـب و سـووربوونیان لەسـەر دەستخستنی، بەشێک بوو لە گرنگیدانی بەرپرسان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، بە دروسـتکردنی کتێبخـانەی گشـتی بـۆ ئەوەی ببن بە بەشـێک لەو شـتەی ئەو دامەزراوە زانسـتییانەی کە ژیـاری ئیسـلامی پڕشـنگدار و گەشـاوەیان

بەرهەمهێناوە، بەئەندازەی بەشداری ئەو کتێبخانە گەورانە لەماوەی سەدەی چوار و پێنجی کۆچی/ دە و یانزەی زاینی لە برەودان بە هەستانەوەی ژیاری ئوممەتی ئیسلامی، دوای ئەوە دەبینین هەر بەو ئەندازەیەش، لە سەردەمی پەرتەوازەیی و پاشەکشە و دارِماندا، دوچاری لەناوبردن و وێرانکاری بونەتەوە... هەموو کارێکیش لە سەرەتا و کۆتاییدا هەر لای خوای گەورەیە...

(٤)

## قوتابخانە فێرخوازییەکان

مسولّمانان گرنگی زۆریان بەفێرکردن و پەروەردە داوە، قوتابخانەش یەکێکە لەو دامەزراوە فێرخوازی و پەروەردەیی و رۆشنبیرییانەی کە کۆمەڵگای ئیسلامییان پێ دەناسرێتەوە.

دیارە "فێرکردنی سەرەتایی" هەر لە سەردەمی پێغەمبەر محمد (دروودی خودای لەسەر)ەوە دەستی پێیکردووە، کاتێک ئەو دیلەکانی لەبەرانبەر ئەوە ئازادکرد کە مندالّی مسولّمانان فێربکەن.

لە سەردەمی عومەری کورِی خەتابیشدا دەست بە رێکخستن و فێرکردنی مندالّ کراوە. ئەوەتا سەبارەت بە نووسەران دەبیستین و دواتر ئەم فێرکردنە بڵاوبۆوە و چەندین وشەی تر بڵاوبۆوە کە بەڵگەن لەسەری، بەتایبەت لە سەردەمی عەباسییەکاندا.

ئەوەتا وشەی "قوتابخانەی نەوجەوانان" (مكاتب الصبيان) و ئەوانە دەبیستین کە کاری فێرکردنی تێدا ئەنجام دراوە، لەلایەن پەروەردەکار یان مامۆستاوە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە یەکێک لە پەروەردەکارانی منداڵان نۆسەد نەوجەوانی لابووە و یەکێکی تر سێ هەزار، دیارە پاککردنەوە و بەرزراگرتنی لایەنی ئەخلاقی یەکێک بووە لە گرنگترین لایەنەکانی فێرکردن لەو قۆناغە سەرەتاییەی تەمەندا، هەر بۆیە شوێنی وانەکان ناونرابوو کۆرِ یان مەجلیسی ئەدەب، و مامۆستاکەش ناوی پەروەردەکاری لێنرابوو.

دەوڵەتیش هەڵدەستا بە سەرپەرشتیکردنی ئەو مەجلیسانە لەرێگەی ئەو خۆبەخشانەوەی کە یەکێک لە کارەکانیان ئاگادارکردنەوەی مامۆستایان بوو، کە لە نەوجەوانان نەدەن و ئازاریان نەدەن. هەروەها ئەو وانانەی لە فێرکردنی سەرەتاییدا دەخوێنران، بنچینەکەی پەروەردەی ئایینی و زانستی خەت و ژمێریاری بوو. خەلیفەی ئومەوی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان) خودی خۆی بەرنامەی خوێندنی منداڵەکانی دانا و بە مامۆستاکەیانی وت: "پەڕاوی خوای بەرز و باڵایان فێربکە تا لەبەری دەکەن و فێری حەڵاڵ و حەرامیان بکە کە خوای گەورە تێیدا ڕوونیکردۆتەوە، تا بەتەواوی دەچێتە مێشکیانەوە، هەروەها فێری جوانترین ئەخلاقیان بکە و هەموو ئاکارە جوانەکانیان فێربکە، باشترین و بێگەردترینی شیعرەکانیشیان فێربکە، لە فەرمووودەش ڕاسترینیان و بەدووریان بخەرەوە لە قسەکردن لەگەڵ ئافرەتان و هاوڕێیەتیکردنی کەمباوەڕان و تێکەڵاویکردنی گەوج و جنێوفرۆشان و بەمن بیانترسێنە و بەسەر زانستێکدا تێمەپەڕە تا بەتەواوی تێی دەگەن، چونکە ئەگەر وتەکان زۆربن، تێگەیشتنیان لاواز دەبێت.

لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا (پانزەیەمی زایینی) جۆرێک لە فێرکردنی ناوەندیی دەرکەوت، کە بریتی بوو لە (قوتابخانەی نیزامی) کە (نظام الملک)ی وەزیر، (کە لە ساڵی ٤٥٨ک/١٠٩٢ز وەفاتیکردووە) لە ساڵی (٤٠٩ک/١٠٦٧ز) دایمەزراند، هەروەها موستەنسەڕی عەباسی قوتابخانەی موستەنسەریەی لە ساڵی (٦٣١/١٢٣٤ز) دروستکرد، کە زیاتر لە شارێک دەچوو؛ چوار سەکۆ و شوێنی تایبەتی تێدابوو، هەر یەکێکیان تایبەت بوو بە مەزهەبێک لە مەزهەبەکانی سوننەتەوە، ژمارەی قوتابیەکانی سێسەد بوو، دابەشببوون بەسەر سەکۆ و شوێنەکاندا و بەخۆڕایی زانستیان وەردەگرت، تەنانەت کۆمەکێکی داراییشیان وەردەگرت.

فەرمانڕەوایەتی دووەمیش بیست و حەوت قوتابخانەی بۆ ڕۆڵەی هەژاران کردەوە، سەرباری ئەو هەشت قوتابخانەیەی کە بەکرداری تێیدابوون.

لە قاهیرەش (مەنسور قەلاوون) قوتابخانەیەکی بۆ بێباوکان کردەوە، کە پاشکۆی نەخۆشخانەی مەنسوری بوو، کە تێیدا ڕۆژانە ژەمێک نان دەدرا بە

هەر منداڵێک تێیدا هەروەها بۆ ساڵێکیش بۆ زستان و یەکێکی تریان بۆ هاوین پێ دەدرا. ژمارەی قوتابخانەکان لە وڵاتی شام تاڕادەیەکی زۆر زیادی کرد و بنیاتنانی قوتابخانە بە درێژایی ماوەی سەردەمی "سەدرولئیسلام ئەلموزدەهیر" بەردەوام بوو، لە هەموو دەوڵەتەکاندا ئەو کەسانەی توانایان هەبوو بنیاتیان دەنا، ئەمە وێڕای پادشا و میرەکان.

دیارە باڵەخانەی نموونەیی قوتابخانە لە حەوشە و هەیوانگەلێک پێکدەهات کە دەوریان بەگومەز درابوو و لەپاشکۆیدا کتێبخانەیەک هەبوو.

لە یەکێک لە قوتابخانەکانی میسردا لە ڕۆژگاری مەمالیکدا، کتێبخانەیەک خرایەسەر قوتابخانەیەک سەد هەزار کتێبی بەرگداری تێدابوو.

خانمەڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (زیجرید هونکە) لە کتێبەکەیدا (شمس العرب تسطع علی الغرب) وەسفی دیوێکی ژیانی فێرکردن و خێرخوازی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دەکات و دەڵێت:

"قوتابیەکان خواردنیان بەخۆڕایی وەردەگرت و دەرماڵەیەکی کەمیشیان وەردەگرت و لە ژوورەکانی قاتی سەرەوەی قوتابخانەکە بەبێ بەرانبەر نیشتەجێبوون، لە شوێنی مانەوەی خەوتنیشیاندا مەتبەخ و گەنجینە و گەرماو هەبوو، لە نهۆمی زەمینییش بەش و هۆڵەکانی کتێبخانە لەسەر شێوەی بازنەیی لەپشت ڕاڕەوی سێبەرین بەدەوری یەکدا بوون و بە پایە ڕازێنرابوونەوە، لەناوەڕاستیشدا حەوشەیەکی فراوان هەبوو کە لە ناوەڕاستیدا نافورەی ئاو دەیڕازاندەوە. لێرەدا گەنجانی مسوڵمانی بەرزخواز فێری قورئان و ڕێساکانی زمان و ئایینداری و وتاربێژی و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیا و لۆجیک و گەردونناسی و وەرزش دەکران، هەروەها قوتابیان بەشداری گفتوگۆ و دیالۆگەکانیان دەکرد و ئەوانەی کە هاوکار و موعید بوون، لەو قوتابیانەی کە لە پۆلەکانی پێشتربوون یان لەوانەی کە دەرچووبوون، وانەکانیان بۆ قوتابیەکانی تر دوبارەدەکردەوە و دەوریان پێدەکردنەوە. ئەم قوتابخانانە وەکو شانەی چالاکیی لێنەبڕاوی هەنگ وابوون، بەرهەمێکی شیرینیان بۆ هەمووان بەرهەمدەهێنا کە شیفای بۆ خەڵکی تێدا بوو، هەروەها سەرکردەگەلێکیان بۆ زانست و سیاسەت پێشکەشدەکرد".

لەم دەقەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە "موعید" -وەک ئەوەی لەم سەردەمەشدا هەیە- ئەوە بووە کە ئەوەی مامۆستا بە قوتابییەکانی وتوە، ئەو پێیان دەڵێتەوە بۆ ئەوەی باشتر لێی تێبگەن. هەر چی ئەو ڕێگەیەشە کە کەسێکی خوازیاری فێربوون لە لقێکی دیاریکراوی زانستەکان دەیگرێتەبەر، هەروەها ئەو شتەی کە قوتابی ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستی خوێندنی هەیە، یان کار لە بوارەکەیدا بکات پاش ئەوەی مۆڵەتی تێدا وەرگرتووە، ئەوا لە سەرەتادا لە مزگەوتەوە دەستپێکردووە؛ مزگەوت تەنها شوێنی ئەنجامدانی نوێژ نەبووە، بەڵکو زانکۆی زانست و مەعریفە بووە، سەبارەت بەو جۆرە لە خوێندنی بالاّ، مامۆستاکە دادەنیشت و قوتابی و موریدەکانی لەشێوەی بازنەی کراوەدا دادەنیشتن کە دەرگای والاّ بوو بۆ هەر کەسێک لە پیاوان و ئافرەتان بیویستایە بەشداربێت، هەمووشیان مافی پرسیارکردن و ڕاجیاوازی مامۆستایان هەبوو.

ئەم سیستمەش باشترین پاڵنەرێک بوو بۆ مامۆستا و قوتابیەکانیش بۆ ئەوەی سووربن لەسەر باش ئامادەکردنی وانەکە و قووڵبونەوە تێیدا، هەروەک چۆن ئەم جۆرە مەجلیسانە ڕێگر بوون لەوەی کەسانێک بێنە ناو کایەی فێرکردنەوە کە هێشتا ڕۆشنبیرییان کامڵ نەبووە و بانگەشەی زانست دەکەن.

بۆ نموونە: بازنەکانی زانست لە زانکۆی ئەزهەر هێندە زیادبوون کە گەیشتبوونە زیاتر لە چل بازنە، لە دەوری پایەی مزگەوتەکانیش هەمیشە بواری فێربوون و گوێگرتن بۆ مامۆستای سەردانکەر ڕەخسێنرابوو؛ ئەو مامۆستایانەی کە لە هەموو لایەکی جیهانی فراوانی ئیسلامییەوە دەهاتن، هەروەک چۆن فێرخوازەکان لە کاتی گەشتی حەجدا سەردانی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییە ئیسلامییانەیان دەکرد کە دەکەوتنە نزیکی سەرریگەیان بۆ مەککەی پیرۆز و گوێبیستی گەورەمامۆستایان دەبوون لە قاهیرە، یان دیمەشق، یان بەغدا، یان قەیرەوان. ئەو یەکتربینینە ڕۆشنبیرییە لەسەردەستی ئەو مامۆستا و فێرخوازانە بەرهەمگەلێکی زانستیی دەبوو و لە هەموو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا بڵاودەبۆوە.

لێرەدا (هۆنکە) سەرنج بۆ ڕوویەکی ئەخلاقی گرنگ ڕادەکێشێت کە لە میانەیەوە بەهای ئەمانەتی زانستیی لە گواستنەوەی ئەو بیروبۆچونانە و گێڕانەوەیان بۆ خاوەنەکانیان دەردەکەوێت، چونکە مسوڵمان بیرۆکەگەلێک نادزێت لە کەسانی تر و بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، بۆ نموونە ئەوە باوبوو کە لە مامۆستای عەلـلامە ئەوە ببیستین کە دەڵێت: "یەحیای کوڕی عیسا هەواڵی پێدام کە لە ئەبوبەکری بەغدادییەوە ئەوەی بیستووە کە سەعیدی کوڕی یاقوت چۆن لە یەکێک لە وانەکانیدا ئەوەی شیدەکردەوە کە...".

بەو شێوەیە هیچ کەس بۆی نەبوو ڕاوبۆچوونی مامۆستاکەی، کە بەدەمیی لە یەکێک لە وانەکانیدا لێی وەرگرتووە، بەقوتابیەکانی خۆی بڵێتەوە بەبێ ئەوەی داوای ئیزن لەو مامۆستایەی بکات کە خاوەنی ئەو بۆچوونەیە، یەمەش بۆ پاراستنی مافی دانەر -بە زمانی سەردەم- ڕەچاودەکرا و پیرۆزبوو و زانکۆکانی ڕۆژئاواش ئەمەیان لە قوتابخانە باڵاکان و مزگەوتی مسوڵمانانەوە بۆمایەوە. یەکێکی تر لە قوتابخانە باڵاکانی جیهانی ئیسلامی، سەرباری ئەو مزگەوتانەی نوێژی هەینیان دەکرد، قوتابخانەکانی ڕەشیدیە و ئەمینیە و تەرخانیە و شەریفیە بوون لە سوریا و ناسریە و سەلاحیە لە میسر، هەریەکێک لە شارە گرنگەکان قوتابخانەیەکی نیزامی یان زیاتری تێدا بوو، وەک ئەسکەندەرییە و نیسابور و سەمەرقەند و ئەسفەهان و مرو و بەلخ و حەلەب و غەزنە و لاهور و..هتد.

هەروەها لە ئیسپانیا پەیمانگای زۆر بۆ خوێندنی باڵا دەرکەوتن، لە دیارترین زانکۆکانی ئیسپانیا زانکۆکانی قورتوبە و ئیشبیلیە و مەلەگە و غەرناتەن، کە قوتابی ئەوروپیی بۆ فێربوون و خوێندن ڕوویان تێدەکردن.

لەوبارەیەوە پێویستە ئاماژە بە گرنگیدان بەفێرکردنی ئافرەتانی مسوڵمان بدرێت، هەرچەندە یەکەم بانگەواز بۆ فێرکردنیان لەلایەن کەسێکەوە جاڕدرا کە وەکو مامۆستا نێردراوە (دروودی خودای لەسەر)، کە عائیشەی خێزانی (خوا لێی ڕازیبێ) بەڵگەیەک بوو لە گەیاندنی ئایینی ئیسلامدا.

هەروەها چەندین ئافرەتی شاعیر و ئەدیبی بەتوانا و لێهاتوومان هەیە لە مێژووی ئیسلامیدا، هەروەکچۆن ئافرەتان ئامادەی مەجلیسی ئامۆژگاری دەبوون و لەنێوان ئەوان و پیاواندا پەردەیەک هەبوو.

هەروەها زانایانی مسوڵمان گرنگییان بە پەروەردە و فێرکرن لە هەموو قۆناغەکانی تەمەندا دەدا و چەندین کتێبیان بۆ تەرخان کردبوو؛ بۆ نموونە (حوججەتولئیسلام غەزالی) کتێبی" إحياء علوم الدين"ی دانا، ئەوەی تێدا ڕوونکردەوە کە پرۆسەی پەروەردە سرووشتی فێرخواز و ژینگەی تێیدا هاوکار دەبن و لێکۆڵینەوەی دەروونی مامۆستا بۆ لایەنی دەروونیی قوتابییەکەی بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی ڕۆحییە لەنێوان مامۆستا و خوێندکارەکەیدا، بەبێ ئەوەی تەکلیفی لەسەر لاببات، بۆ ئەوەی ئاکاری بەباشی بمێنێتەوە و فێری نازداریی نەکات و لەسەر زبری ڕاییبهێنێت، نەبادا تەمبەڵی بەسەریدا زاڵببێت، هەروەها لەسەر ئاکارە بەرزەکان ڕابهێنرێت، لەبەر کەسانێک هەستێت کە لە سەرووی خۆیەوەن، لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت لە مەجلیسدا تف نەکات و فنگەفنگ نەکات و باوێشک نەدات.

غەزالی مامۆستای ئیسلامیی لەوە بەرزتر دەبینێت کە لەبەرانبەر فێرکردندا داوای پاداشت بکات -ئەوەی کە ئەمڕۆ بەوانەی تایبەت ناودەبرێت-، چونکە ئەو مامۆستایەی پارە وەربگریت ڕێزی تەواوی نابێت، بەم شێوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: "هەر کەسێک بەپارە داوای زانست بکات، وەکو ئەو کەسە وایە کە بنی پێڵاوەکانی بە ڕوخساری بسڕێت بۆ ئەوەی پاکی بکاتەوە، بەمەش خزمەتکراو دەکات بە خزمەتکار و خزمەتکاریش بەخزمەتکراو".

بۆیە مامۆستا بەزۆریی لەرێگەی بەخششەوە پارە و سامانی دەستدەکەوت، هەروەها لە سەردەمی ئەیوبییەکان و مەمالیکەکاندا کرێی مامۆستا ڕێکخرا، لە سەردەمی سەلاحەدینیشدا گەیشتە چل دینار بۆ مامۆستا و بیست دیناریش بۆ موعید، ئەمە وێڕای خۆراکی ڕۆژانە و کێک و گۆشتیش لە جەژنی ڕەمەزان و قورباندا.

ڕەنگە لە نەخۆشخانە ئیسلامییەکاندا باشترین نموونەی وتنەوەی زانستی پسپۆڕیی ببینین، کە وەکو خوێندنگەی باڵای پزیشکی وابوون و قوتابیان تێیدا

هەموو ئەو شتانەیان وەردەگرت کە ئەبوقرات و گالینووس وتویانە، هەروەها ئەوەی کە خودی مامۆستا مسولمانەکانیان هێناویانە، ئەوانەی کە لە وتنەوەی پزیشکیدا ڕێگەیەکی کردارییان هەڵبژاردبوو کە ئەوەی بەسەر قوتابیاندا دەسەپاند کە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکان بکەن تا بەراوردی ئەوە بکەن کە بە تیۆری فێربوون لەگەڵ ئەوەی بەکرداری دەیبینین.

بنەمای بنچینەی کارپێکراویش لە تاقیکردنەوەی پسپۆڕیدا بریتی بوو لە گرنگیدان بە بوارێکی دیاریکراو تا ئاستی فێربوونێکی نایاب، بەڵگەی ئەمەش شێوەی ئەو بڕوانامەیەیە کە یەکێک لە پزیشکی پسپۆڕەکان لە نەشتەرگەری بچوکدا وەریگرتووە:

"بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.. بەئیزنی کردگاری مەزن ڕێگەی مومارەسەی هونەری نەشتەرگەری پێدەدەین، لەوەی کە بەتەواوی زانیاری پێی هەیە و بەتەواوی شارەزایی لێی هەیە، تا بە سەرکەوتوویی لە زانستەکەیدا بمێنێتەوە، پشتبەست بەمە دەتوانێت زامەکان تا سارێژبوون چارەسەربکات، دەمارەکان بکاتەوە و چارەسەر یمایەسیری بکات و دان هەڵبکێشێت و برین بدورێتەوە و منداڵ پاکبکاتەوە.. هەروەها بەردەوام ڕاوێژ لەگەڵ سەروی خۆی دەکات و ئامۆژگاری لەو مامۆستایانەی وەردەگرێت کە متمانە بەخۆیان و شارەزاییان دەکرێت".

ئائەمانە هەندێک دامەزراوەی زانستی بوون کە شارستانیەتی ئیسلامییان لەسەر بنیاتنراوە و هۆکارێک بوون بۆ بەرزکردنەوە و بڵاوبوونەوەی زانستەکان.

**گرنگترین سەرچاوەکانی ئەم بەشە:**

١. د. أحمد فؤاد باشا، التراث العلمي للحضارة الإسلامية ومكانته في تاريخ العلم والحضارة، ط١، دار المعارف، القاهرة ١٩٨٣ م.
٢. د. أحمد فؤاد باشا، أساسيات العلوم المعاصرة في التراث الإسلامي، دراسات تأصيلية، دار الهداية، القاهرة ١٩٩٧ م.
٣. د. عبد المنعم ماجد، تاريخ الحضارة الإسلامية في العصور الوسطى، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة ١٩٧٨ م.
٤. زيغريد هونكه، شمس العرب تسطع على الغرب، دارالآفاق الجديدة، بيروت ١٩٨١م.
٥. م. شريف، الفكر الإسلامي منابعه وآثاره، ترجمة: د.أحمد شلبي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة ١٩٨٦م.
٦. جورج عطية (تحرير)، الكتاب في العالم الإسلامي، ترجمة: عبدالستار الحلوجي، عالم المعرفة، الكويت ٢٠٠٣م.

# بەشی چوارەم:
# دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا
# المؤسسات البينية فى العالم الإسلامي

**پ.د.نادیە مەحمود مستەفا**[1]
**پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان-زانکۆی قاهیرە.**

**پێشەکی**

ناونیشانی ئەم بابەتە بریتییە لە (**دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا**) دکتۆر سەیف پێشنیازی ناونیشانێکی لاوەکیی کرد "لە کاراییەوە بۆ کاراکردن و بەکارخستن"، واتە ئەگەر بەکردەیی دامەزراوەمان هەیە ئایا کاراییان هەیە؟ خۆ ئەگەر کاراییان نییە ئیدی چۆن کاراکردنی زیاتر لە بەرژەوەندی ئوممەت دەهێنرێتە کایەوە؟

لە ڕاستیدا دەکرێت بە شێوەیەکی زۆر کلاسیکی لە بابەتەکە نزیک بینەوە، ئەویش بە هەڵبژاردنی دامەزراوەیەکی نێوەندیی (مؤسسة بينية) بۆ جیهانی

---

(١) پ.د. نادیە مەحمود مستەفا لە ساڵی (١٩٥١) لە قاهیرە لەدایک بووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە ڕامیارییەکان لەساڵی (١٩٧٢) لە زانکۆی قاهیرە و ماستەری لە ساڵی (١٩٧٦) و دکتۆرای لە ساڵی (١٩٨١) لە هەمان بوار و هەمان زانکۆ بەدەست هێناوە. لە ساڵی (١٩٩١)ەوە پلەی پرۆفیسۆری لە بەشی زانستە ڕامیارییەکانی کۆلێژی ئابووری و زانستە ڕامیارییەکان وەرگرتووە. خاوەنی چەندین نووسینە لە بواری هزری ئیسلامی و پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان.

ئیسـلامی کە دەوڵەتـانی ئیسـلامی کۆبکـاتەوە، کە بـڕیتییە لە (ڕێکخـراوی کۆنگرەی ئیسلامی – منظمة المؤتمر الإسلامي)[1]، کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، هەرچەندە هەستمکرد من بە هیچ شێوەیەک حەزم بەم بابەتە نییە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار: یەکەم من مامۆستای ڕێکخستنی نێودەوڵەتی نیم، بەڵکو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پرۆفیسۆرم، دووەم هەستمکرد کە بابەتی دامەزراوە نێوەندییەکانی جیهانی ئیسلامی زۆر گەورە و فراوانترە لەوەی تەنها لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیدا کورتهەڵبهێنرێت، هەر بۆیە دەروازەکەم لەوە فراوانترە کە لەناونیشانی بابەتەکەوە بۆ هەندێک دەردەکەوێت.

بۆیە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵتان دەستدەکەم بە باسی هەندێک بیرۆکە، وەک هەوڵێک بۆ زانینی:

یەکەم/ گرنگیی دەروازەیی بۆ دیراسەکردنی جیهانی ئیسلامی و بارودۆخی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا.

دووەم/ هەندێک تێبینی مەنهەجیی باس دەکرێت بۆ ڕێکخستنی بیرکردنەوە لەم بابەتەدا بۆ دیاریکردنی ئەو کەیس و گرفتانەی لەو بارەیەوە دەوروژێنرێت.

سێهەم/ پاشان دەچینەسەر کێشانی نەخشەی دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، بەو پێیەی کە من بۆ ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی تاکە ڕێکخراوی گوزارشتکەر لەم دامەزراوانە ناڕوانم، دواتر لەو گرفت و لەمپەر و

---

(١) بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی یەکەمجار لە ساڵی (١٩٦٥) لەژێر ناوی پەیمانی ئیسلامی دەرکەوت، کە پەیمانێک بوو شا فەیسەڵ کوڕی عەبدولعەزیز ساڵی (١٩٦٥) بانگەوازی بۆ کرد، کە جگە لە ئێران و ئوردن هیچ وڵاتێکی تر قایل نەبوون بچنەپاڵی، چونکە وابینرا کە هەوڵێکە بۆ فراوانکردنی پەیمانی بەغدای سەر بەڕۆژئاوا، لە دژی شەپۆلی شۆڕشەکان لە جیهانی عەرەبیدا، هەروەها لە گەرمەی جەنگی ساردیشدا لە دژی بلۆکی شیوعی، لەگەڵ ئەوەی پەیمانەکە دروست نەبوو، بەڵام نسکۆی (١٩٦٧) و پاشان سووتانی مزگەوتی ئەقسا لە ساڵی (١٩٦٩) سەریانکێشا بۆ دروستبونی وێنەیەک لەو پەیمانە لەژێر ناوی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە ساڵی (١٩٧٠).http//www.marefer.org

ئالینگـــارانە دەکـــۆڵمەوە کە ڕووبەڕووی جۆرەکـــانی دامەزراوە نێوەنـــدییەکان دەبـــنەوە، تـــا لە کۆتاییـــدا بگەیـــنە چەنـــد دیـــدگایەکی ڕوون لەمەڕ شـــێوازی کاراکردن لەسایەی کێشە و لەمپەرەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی شتێکی گرنگ کە بریتییە لەوەی کە چۆن بتوانین لە هزرەوە بۆ بزاوت و مومارەسەی کاراکردن بگـــوازینەوە؟ ئەمـــانە بەکـــورتی پێکهاتەکـــانی ئەو بـــابەتەن کە بەم شـــێوەیە لەسەری دەنووسین:

## (١)

## چەند دەروازەیەک بۆ دیراسەکردنی ئوممەتی ئیسلامی

چەندین دەروازە بۆ دیراسـەکردنی جیهانی ئیسـلامی یان ئوممەت هەیە - جیاوازییش هەیە لەنێوان جیهانی ئیسـلامی و ئوممەتدا- لەنێوانیاندا دەروازەی دامەزراوەیی (المدخل المؤسسي).

لێرەدا دەپرسم بۆچی دەروازەی دامەزراوەیی گرنگە؟ هەروەهـا بـۆچی ئەم دەروازەیە وەک دەروازەیەک بۆ دیراسەی بارودۆخی خودی جیهـانی ئیسـلامی و وەکـو بەشـێک لە بـارودۆخی جیهـان لەزیادبوونـدایە، مـن بڵـێم وایە ئەمە بەرهەمی چڕی و ئاڵۆزیی زۆری ئەو بارودۆخە جیهانییەیە کە بەتایبەتی بەر جیهانی ئیسـلامی دەکەوێت، یان ئەوەی کە پەیوەسـتە بە جیهانەوە بەگشـتی و جیهانی ئیسلامییش بەشێکە لێی، هەروەهـا پەیوەسـتە بەو کێبڕکێیەی کە ئێسـتا بێسـنوورە و لەســەر ئاسـتی جیهـان لەسـایەی بەجیهانیکردنـدا دەگوزەرێـت، هەموو ئەمانە وەکو تایبەتمەندیگەلێکی هەڵکشاوی ئەو جیهانەن کە ئێمە وەکو ئـوممەت و وەک جیهـانی ئیسـلامی تێیدا دەژیـن وا دەکەن کە وەڵامـدانەوە بـۆ ئەو ئاڵینگـارانەی کە هەر کـۆمەڵەیەک -نەک تەنهـا جیهـانی ئیسـلامی بەتەنهـا، بەڵکـو ئـوممەی ئەورووپـی و ئەمـریکیش- جـا هەر ناوێکیـان هەبێـت یـان هەر پێوەرێک هەبێت بۆ پۆلێنکردنیـان، هەموویـان پێویسـتیان بە وەڵامـدانەوەی ئەو ئاڵینگـــارانە هەبێـــت کە ڕووبەڕوویـــان دەبـــنەوە و کاریگەرییـــان لەســـەر دروستدەکەن، نەک تەنها لەبەر وردیی دیاریکردنی کێشە و پێویستییەکان، یان وردیی ئەو پێشنیارانەی کە بۆ ئەنجامدان پێشکەشدەکرێن، بەڵکو پێویستە بە

شێوەیەکی بنەڕەتی، کە هەر ئەمەش ئێمە لەغەیری خۆمان جیادەکاتەوە کە بریتییە لە وردی و کارایی بەڕێوەبردن، ئالێرەدا واتای دامەزراوەیی بە چەمکە عەمەلیاتییەکەی دێت بۆ بەردەوامی و کەڵەکەبوون و بەدیهاتنی کار و کارایی و دروستبوونی گۆڕانکاری جۆریی لە بارودۆخدا، ئائەمەیە ڕۆڵی گرنگی دامەزراوە، کە لەسەر ئاستی ئەو کۆمەڵە دەوڵەتەدا، کە کەمتر بواری پێشکەوتنیان لەسەر ئاستی جیهان ڕەخساندوە بە بەراورد بەغەیری خۆیان، گرنگترە.

خۆ ئەگەر بەباشی بیر لە هۆکارەکانی پاشەکشە یان شکست یان بێبەرهەمی جیهانی ئیسلامی بکەینەوە لەو قوناغانەی پێشوو کە نوێگەری بەخۆیەوە بینیوە، هەر لەماوەی زیاتر لە دوو سەدەوە لە ڕێنسانس چاکسازی یان نوێگەری یان بێداری -هەر ناوێک بێت- بڕوام وایە و ئەمە تەنها بڕوایەکی کەسی نییە، بەڵکو بڕوایەکە بەرەنجامی ڕای چەندین بیرمەند و زانای دیارە لە بواری تویژینەوە لە هۆکارەکانی هەڵنەستانەوەی ئوممەتی ئیسلامی، دەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی و نوێگەری دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری دامەزراوەیی.

لێرەدا تەنها وابەستەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی نابم، بەڵکو فراوانتر بابەتەکە وەردەگرم، ئەویش بە پشتبەستن بەم ڕەگەزانە یان بەم تێبینییە مەنهەجییانە:

١.جۆری ئەو دامەزراوانەی باسیان لێوەدەکەین ئایا دامەزراوەی ئوممەتن یان دامەزراوەن لە ئوممەتدا یاخود دامەزراوەن بۆ ئوممەت، چونکە چەند جیاوازییەک لەنێوان هەر یەکێکیاندا هەیە، بەم شێوەیەی کە دێت:

دامەزراوەی ئوممەت بریتییە لە دامەزراوە ڕەسەنەکان لە ئوممەتدا، واتە دامەزراوەگەلێکی تایبەتن بە ئوممەت و ڕەگوڕیشە و کەلەپوور و نەریت و مێژووەکەیەوە؛ وەک دامەزراوەکانی حیسبە و وەقف.

بەڵام دامەزراوە لە ئوممەتدا ئەو دامەزراوانەن کە ئێستا لە ئوممەتدا هەن و هەندێکیان ڕەسەنن، بەشێکیشیان گواستراوەن، یاخود لە ئەزموونی گەلانی ترەوە وەرگیراون.

هەرچـــی دامەزراوە بـــۆ ئوممەتیشـــە، دامەزراوەگەلێکـــی خـــوازراون کە دەویسترێت ئوممەت لەدۆخی ئێستایدا دایانمەزرێنێت.

بەم شـێوەیە جیـاوازی لە هەر سـێ پێناسـەکە هەیە، ئایـا ئـێمە دەمـانەوێ ئەوەی کە پێشتر هەبووە بەبێ دەستکاری و وەک خۆی بگێڕینەوە؟

بەدڵنیاییەوە نە لە ڕووی شێوە و نە لە ڕووی پرنسیپەوە گونجاوە.

٢.ئایـا ئـێمە بـاس لە دامەزراوەکـانی ئـوممەت دەکەیـن یـان بـاس لە دامەزراوەکـانی جیهـانی ئیسـلامی دەکەیـن؟ چـونکە جیـاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە؛ جیهانی ئیسـلامی ئەو ڕاستییە جوگرافییە سـتراتیجییەیە کە لە چەند دەوڵەتێک پێکهاتووە کە پشتبەست  بە ژمارەی دانیشـتوان و سرووشـتی دەستور و فەرمانڕەواکانی بە دەوڵەتە ئیسلامییەکان ناودەبرێن، بەڵام هەمیشـە بۆ ئەمە پشت بە سرووشتی سیستمی سیاسی نابەسترێت. تەنانەت دەوڵەتـی ئیسلامی شتێکە جێی مشتومڕە، ئەمە وێڕای ئەو مسـوڵمانانەی کە لە چەندین شوێنی تری جیهانـدا بوونیان هەیە، نەک تەنها لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە زۆرینەیان مسوڵمانە، جا لە ڕۆژهەڵات بێت یان لە ڕۆژئاوا.

کەواتە جیهـانی ئیسـلامی ڕاسـتییەکی جـوگرافیی یاسـاییە، ڕەنگـدانەوەی دۆخی ئیستایە زیاتر لەوەی ڕەنگدانەوەی چەمکی ئوممەت بێت، کە لە بنچینەدا جەنگێکـی بیروبـاوەڕیی ژیـاریی کـۆمەڵایەتیی مـرۆییە و بەچەنـدین شـێوە دروسـتدەبێت و چەنـدین ئاسـتی هەیە، کە لەقوناغێکـدا تـاکە دەوڵەتێـک کـۆی دەکـردەوە، دواتـر تـاکە خیلافەتێـک و پاشـان بـوو بە چەنـد خیلافەتێـک و بەو شێوەیە پەرەیسەند.

کەواتە ئـوممەت لە جیهـانی ئیسـلامیدا چەمـک و واتـایەکی جیـاوازی هەیە. بۆیە ئەگەر باسـی دامەزراوەکانی جیهانی ئیسـلامیی بکەیـن و پاشـان شـتێکی زەینیمان لەسەر ئوممەت هەبێت، ئەوا وامان لێدەکات هەمیشە بەراورد لەنێوان واقعێک و ڕشـتەیەکی پێودانگی (نسـق قیاسـی) یان سـتاندارد بکەیـن، هەمیشـە هەوڵبدەین ڕێگە دروستەکەی پێ بدۆزینەوە.

٣. بـواری ئەم دامەزراوانە: کارلێکەکـانی ئـوممەت، یـان ئەو پەیونـدیانەی جیهانی ئیسلامی دروستی ئەکات سێ جۆرن:

أ- پەیوەندییە نێوەندییەکان، واتە پەیوەندی لەنێوان پێکهاتەکانی ئوممەتدا؛ جا دەوڵەت بێت یان نا.

ب- پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە: واتە ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی ئوممەتدایە؛ جا دەوڵەت بێت یان نا.

ت- پەیوەندییە نێوخۆییەکان لەسەر ئاستی یەک دەوڵەت.

ئەم سێ ئاستە ڕەنگدانەوەی چەند دۆزێکی بنچینەیین لە هزری ئوممەت و بنچینە و شەریعەت و ئەزموونەکەیدا، کە بریتین لە دۆزەکانی یەکێتیی ئوممەت، دۆزی جیهاد وەک بەهایەکی بالا؛ جا لەگەڵ دەرووندا بێت، یان لەبەرانبەر ئەوی تردا، نەک تەنها بەواتای کوشتار، بەڵکو جیهاد بەواتای فراوانی چەمکەکە، دۆزی سێهەمیش بریتییە لە چاکسازی و نوێگەری لە ناوخۆدا.

من بڕوام وایە ئەم سێ بوارە بەهیچ شێوەیەک لە یەک دابڕاو نین، دابڕینی یەکێکیان لەسەر حسابی ئەوانی دی دابڕینە لە دیدگای ئیسلامی بۆ حەقیقەتی پەیوەندیی کارلێکراوی نێوانیان.

ئەمانە سێ بواری ئوممەت بوون لە کارلێکەکانیدا لەڕابردوودا، لەبنەڕەتیشدا تاکە دامەزراوەیەکی کۆکەرەوە هەبوو کە کاتێک ئوممەت هەبووە بە هەر سێ کارەکە پێکەوە هەستاوە، ئوممەتیش واتە ئەزموونی ئیسلامیی، کە لەپێش دەوڵەتەوە دروستبووە، نەک بەپێچەوانەوە، وەک ئەوەی لە ئەزموونی دەوڵەتی نەتەوەییدا لە ئەوروپا هەبوو.

لەرابردوودا تاکە دامەزراوەیەکی کۆکەرەوە هەبووە، کە بەکارەکانی ئەم سێ بوارە هەستاوە لە ژێر چەتری ئەوەی بە دەوڵەتی خیلافە ناوی دەبەین، کاتێک کە هەموو مسوڵمانان لەژێر سایەی خیلافەتێکدا کۆبونەتەوە، کە لەقۆناغێکدا خیلافەتێکی مەرکەزی بووە و دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی سەلتەنەت و خێزانە زاڵەکان لەشوێنە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامیدا گۆڕاوە بۆ خیلافەتێکی نامەرکەزی، پاشان بەشبەشبوون و فرەیی، وەک ئەوەی ئێستا هەیە، دەرکەوت.

٤. ئەم پەرەسەندنە لە بوونی دامەزراوەیەکی کۆکەرەوە بۆ هەموو ئوممەت بۆ بوونی حاڵەتێک لە فرەیی و بەشبەشکردن، وا دەخوازێت ئێستا قسە لەوە بکرێت کە دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا لە شەو و ڕۆژێکدا دروستنەبوون، بەڵکو لەرێگەی ڕەوتێکی ئەزموونی مێژوویی بووە، ئەو ڕەوتە و ئەو ئەزموونە مێژووییە چەندین واتایان لە پشتەوەیە، سەرەتا لەگەڵ بنەچەکەدا بوو، کە بریتییە لە دامەزراوە کۆکەرەوەکەی ئوممەت، تا دۆخی ئێستا کە جۆرێک لە گۆڕانکاری بەجۆر و شێوەی تر کراوە، کە لەدەرەوە هاتوون (وەک پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی نویٚ)(١).

واتە گواستنەوەیەک لە گشتێتییەوە بەرەو مەنزومەگەلێکی دابەشکاری ڕوویدا، ئێستا ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەنێوان زاڵێتی فەرمیی مۆدێرنەیی و بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامیدا ڕوویدا، گۆڕان لە حاڵەتی سەربەخۆیی و یەکگرتوویی و دەستکەوتی ژیارییەوە بۆ حاڵەتی دابەشبوون و پاشەکشەی ژیاری و دزەکردن لە دەرەوەی ئوممەتەوە ڕوویدا، پاشەکشە لە کاراییەوە بۆ پەراوێزبوون و ڕووکەشگەرایی ڕوویدا، هەروەها گۆڕان لە بەها باڵاییەوە، بەواتای ئەوەی بەهاکان ڕێنموییکار و کاریگەربن لە واقیع و پێکهاتەکانیدا،

---

(١) دەوڵەتی نەتەوەیی بریتییە لە دەوڵەتێک و ئوممەتێک لە یەک کاتدا. تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتیشی تێدایە، واتە ڕووبەرێک خاکی دیاریکراو و سەروەری و شوناسی نیشتیمانیی هەیە، کە بریتییە لە هەستکردن بە ئینتیما و کولتووری هاوبەش. دوو حاڵەت هەیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی:

– دەوڵەتەکە نەتەوەیەک (أمة) دروستدەکات و دواتر هەستی نەتەوەیی تێدا دەچێنرێت. نموونە: فەڕەنسا.

– کۆمەڵە کەسێک دان بە ئینتیمایان بۆ هەمان نەتەوەدا دەنێن و ویستی خۆیان بۆ ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەردەبڕن. نموونە: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بەڵام چەندین نەتەوە (أمة) هەیە کە دەوڵەتیان نییە، وەک نەتەوەی کورد، هەروەک چۆن چەندین دەوڵەت هەیە کە تایبەتمەندی ئوممەت یان دەوڵەتی نەتەوەییان تێدا نییە، وەک بەلجیکا، ئەوەتا فلمینکییەکان و لۆلۆنییەکان دوو کولتوور و زمانی تەواو لەیەکتر جودان، چەند خاڵێکی هاوبەشی کەم نەبێت، هەروەها هەندێک دەوڵەتی ئەفریقیش کە سنوورەکانیان لەگەڵ دابەشبونی گرووپە ئیتینییەکان هەماهەنگ نین. ویکیپیدیا الموسوعة الحرة.

بەرەو ڕۆچوون لە مادیگەریتیدا، گواستنەوە لە چەمکی ژیاری گشتگیرەوە، کە هەمـوو لایەنە سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و کولتوورییەکـان لە یەک بـازنەدا کۆدەکـاتەوە و هەماهەنگیـان دەکـات، بـۆ جیاکـاری لەنێـوان بـابەتی سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و کولتـووری و ئایینییەکـان؛ هەمـوو ئەم ڕەوتە بـــازنەی دەوری ئـــوممەت دروســـتدەکات و ڕەنگـــدانەوەی لەســـەر دامەزراوەکانی دەبێت، هەر بۆیە گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەمویست پێی بگەم کە دوو شتە:

١. نـاتوانین باسـوخواس لەسـەر دامەزراوە نێوەنـدییەکانی جیهـانی ئیسـلامی بکەین، بەبێ تێگەیشتن لەوەی کە دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهانی ئیسـلامیدا —لە دیدی مندا- دامەزراوەگەلێک نین تەنها لە نێوان دەوڵەتاندا، چـونکە جیهـانی ئیسـلامی بریتییە لە پێکهاتەی ئێسـتای ئوممەت، ئوممەتیش تەنهـا لە دەوڵەتـان پێـک نـایەت بـۆیە لە چوارچێـوەیەکی بەرتەسـکی دامەزراوە نێوەنـدییەکانی جیهـانی سـێیەم دەردەچێـت، کە چوارچێـوەیەکە تەنهـا لە پەیوەنـدی نێـوان دەوڵەتاندا کورتی هەڵدێنێ، چونکە دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهـانی سـێیەمدا -لە گۆشەنیگای منەوە- فراوانترن، چونکە چەندین جۆر و پێکهاتەی نـافەرمیش لەخـــۆدەگرن لەســـەر چەنـــدین ئاســـتی جیـــاواز، کە ڕەنـــگە لە تاکەکـــانەوە دەستپێبکات، هەروەها چەندین بواری جیاواز دەگرێتەوە، لەوانە: ڕایەڵەی نـوێژ و ڕۆژو و حەج و بەڵکـــو بەهـــای یەکتاپەرســـتیش، کە ئەمـــانە لەنێـــوان دامەزراوەکـانی دەوڵەتانـدا نـین، ئەمە واتـا بیـرۆکەی دامەزراوەیـیە لای ئـێمە، بەهـیچ شـێوەیەک پێویسـت ناکـات تەنهـا بە دەوڵەتەوە ببەسـترێتەوە بەواتـا فەرمییەکەی، بەڵکو لەوە فراوانترە

ئەمە یەکەم خـاڵ بـوو لە کۆی هەمـوو تێبینییە مەنهەجییەکـان ویسـتم پێـی بگەم.

٢.ئەم دامەزراوانە چ جـۆرێکن؟ فەرمـین و نـافەرمین، بەڵام لەوە گرنگتـر ئەوەیە کە چ جـۆرە کارێـک دەکەن؟ پێویسـتە ئەمـڕۆ لەسـایەی بـارووودۆخی ئێستای جیهانی ئیسلامییدا چی بکەن؟

به گوزارشتێکی تر، ئایا جۆری ئەو ئاڵینگارانە چین لەو سێ بوارەی کە باسمانکرد؛ ڕووبەڕووی ئوممەت دەبنەوە (پەیوەندییە نێوەندییەکان و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ خود).

لێرەدا پێویستە زۆر بەڕوونی باسی گرفتی پەیوەندی نێوان پەیوەندیی نێوەندی و ناوخۆیی و دەرەکی بکەین، پاش ئەوەی ئوممەت گۆڕا بۆ جیهانی ئیسلامی، وەک بەشێک لە جیهانێکی گەورەتر کە دەوری داوین، هەروەها ئوممەت بە چەندین پێوەری ماددی و پێوەری تریش لە پێشەنگدا نییە، بۆیە دەمەوێت جەخت لەسەر ئەم دوو حاڵەتە بکەمەوە.

ڕاستەوخۆ دەچمە سەر شیکردنەوەی نەخشەی دامەزراوەکان پاش ئەوەی جۆری ئەو ئاڵینگارییانە شیدەکەمەوە کە پێویستە ئەو دامەزراوە فەرمی و نافەرمییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام پێش ئەمانە پێویستە ئەو ناونیشانە لاوەکییەمان لەبەرچاوبێت کە وتمان لە کاراییەوە بۆ کاراکردن و بەکارخستن، کەواتە ئێمە تەنها نەخشەی دامەزراوەکان ناکێشین و جۆری ئەو ئاڵینگارییانە دیاری ناکەین کە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵکو لەسۆنگەی ناونیشانە لاوەکییەکانەوە باس لە چۆنیەتی بەکارخستن دەکەین.

نامەوێت تەنها بیر لەوە بکەینەوە کە بەسەر دامەزراوەکاندا هاتووە، یان تەنها ئەوەی کە پێویستە ئەو دامەزراوانە ئەنجامی بدەن، بەڵکو ئەوەی پێویستە هەر تاکێک ئەنجامی بدات بۆ بەدیهاتنی کارایی و بەکارخستنی ئەو دامەزراوەیە، چونکە وەک وتمان ئەوانە تەنها دامەزراوە فەرمییەکان نین و تەنها دامەزراوەی دەوڵەتان نین، بەڵکو دامەزراوەی هەموومانن.

ئائەمە ئەو چەمکەیە کە لە زەینماندایە ماوەیەکە هەموومانی سەرقاڵکردووە و دەگەین بە هەر کەسێک، بەتایبەت لە پزیشک و ئەندازیار و پیشەوەران و زانستخوازان، داوای چارەسەرمان لێدەکەن، هەروەها دکتۆر عەبدولحەمید ئەبوسلێمان -سەرۆکی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی- داوای دیاریکردنی هۆکارەکان نەک نیشانەکانمان لێدەکات و ئەوەی گرنگی بەوە بدەین کە لە هزرەوە بۆ کردار و لە فەرمییەوە بۆ هاوڵاتی بگوازرێتەوە.

بەڕاستی ئێمە سەرقاڵی پلانێک بووین بۆ دەرکردنی خولاوێکی نوێ (حولية أمتي في العالم)[1] لە سەنتەری ژیار (مركز الحضارة) کە پڕۆژەیەکی ژیاریی ئیسلامیی گرنگە. ئەمەش دەمگوێزێتەوە بۆ خاڵی یەکەم کە دووسەرەیە و بریتییە لە نەخشەی دامەزراوەکان و نەخشەی ئەو ئاڵینگارانەی کە پێویستە ئەو دامەزراوانە وەڵامدانەوەیان بۆیان هەبێت. سەرەتاش بە نەخشەی ئالینگارە دەرەکی و ناوەندییەکانی بەردەم جیهانی ئیسلامی لە ماوەی سەدەی بیستەمدا دەسپێدەکەم (دەرەکی و ناوەکی).

## (٢)

## ئالینگارە ناوەندی و دەرەکییەکانی بەردەم جیهانی ئیسلامی

بە باسی ئالینگارەکان دەستپێدەکەم، نەک بە نەخشەی دامەزراوەکان، چونکە ئەو ئالینگارانە وەکو ئەو چوارچێوە گشتییە وان کە دامەزراوەکان لە سایەیاندا کاردەکەن، هەروەها چوارچێوەیەکن کە لە فاکتەرەکانی کارایی و ناکارایی دامەزراوەکان هەر لەوێوە سەرچاوەدەگرن. پاشان لەرێگەی تێگەیشتن لەو ئاڵینگارانەوە فێری چۆنێتی کاراکردنی ئەو دامەزراوانە دەبین ئەگەر بمانەوێت ببن بە یەکێک لە ئامڕازەکانی بەڕێوەبردنی ئەو ئاڵینگارانە و زاڵبوون بەسەر زۆرێک لە گرفتەکان.

هۆکارێکی تر بۆ دەستپێکردن بەباسی ئاڵینگارەکان: پرسیارێکی باو هەیە: ئایا شکستی دامەزراوەیی -لە جیهانی ئیسلامیدا- شکستە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان و بەردەوامییان و مانەوەیان کە کەڵەکە بووە تا دوای نەمانی سینبولەکانیش، ئایا ئەمە پرسێکی کولتوورییە یان پەیکەرییە (هيكلية)؟

ئایا مسوڵمانان هەر بە سرووشتی خۆیان لە ڕووە کردایییە ڕێکارییەکەیەوە شارەزانین، لەبەر ئەوەی بەپێی مودێلی مەعریفی ئیسلامی

---

(١) (حولية أمتي في العالم وأمتي في قرن) بڵاوکراوەیەکە کە ناوەندی ژیار بۆ دیراسەتی سیاسی (مركز الحضارة للدراسات السياسية)، لە سێپتەمبەری (١٩٩٧) دامەزراوە، دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکیی و هەرێمیی ئوممەت لەسەر ئاستی سیمبول و ڕووداو و دامەزراوەکان و دیاریکردنیان، وەک هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی ئایندە، بکات.

پۆزەتڤیزم (وضعي) یان ماددیگەر  یان ئیجرائی یان پراگماتی نین، یاخود چەند فاکتەرێکی سنووردانەر  هەن لە ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکیدا؟

دەکرێت ئەو دەوڵەتانەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی جیهانی ئیسلامیدا هەن، لە ڕاڤەکردنی ئەو گرفتەدا بەشداربن، ئەوە گرفتێکە چارەسەرکردنی ئاسان نییە، بەلام لەژێر بیرکردنەوەدایە، ئەمەش پالنەرم بوو بۆ قسەکردن لەسەر جۆرەکانی ئالینگارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان لە جیهانی ئیسلامیدا و توێژینەوە لە چۆنێتی کاریگەرییان و کەوتنەبەر کاریگەرییان بەپلەی دامەزراوەیی بوون لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوەندییەکانی ئەم جیهانی ئیسلامییەدا و لەگەڵ جیهانی دەرەکی و لە ناوخۆشدا بەبێ دابڕنیان لە یەکتری.

لە چەند بەرهەمێکی ناوەندی ژیار بۆ دیراساتی سیاسی کار لەسەر ئەوە کراوە؛ ئەوەتا فەرهەنگی (الأمة في قرن) کە لە شەش بەش پێکهاتوە، بەشی شەشەمی دوو لێتوێژینەوەی لەسەر ئالینگارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان تێدایە، کە هی من و "دکتۆر سەیفەدین فەتاح"ن، یەکێک لە وتە سەرەکییەکان لەو لێتوێژینەوانەدا لەمەڕ ئالینگارەکان ئەوەیە کە دیراسەکردنی قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژووی ئیسلامیی لەماوەی دوو سەدەی ڕابردووا ئەوەی ڕونکردەوە کە چۆن باروودۆخی دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی و هاوکێشەکانی ناوچەکانی لە سایەی گۆڕانکارییە گەورەکانی ئەو قۆناغەدا داڕێژراونەتەوە، دواتر ئەو قۆناغە گۆڕانئامێزەی ئێستا ئێمەی تێدا دەژین، هەر لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا دووڕییانێکی نوێی بۆ دەوڵەتانی ئیسلامیی بەخۆیەوەبینی، لەبەر ئەوەی لەمیانەیدا چەند ئامرازێکی پەرەسەندووی دەستێوەردانی دەرەکی سەریان هەڵداوە و پەرەیانسەندووە، ئائەمە سیفەتی ئەم قۆناغەیە، بەزیادبوونی دەستێوەردانی دەرەکی بە ئامرازی هەمەچەشن، بە شێوەیەک کە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییە ناوەندییەکان و پەیوەندی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ غەیری خۆیدا هەبووە، بە شێوەیەک کە هەوڵدەدرێت جارێکی تر جیهان دابڕێژرێتەوە، هەروەک چۆن لە چەندین قۆناغی پێشتردا ڕووی داوە، بە شێوەیەک کە چەند شێوازێکی نوێ و جیاواز لەو ئالینگارییانەی کە پێشتر هەمیشە هەبوون بهێنرێنە کایەوە، بەتایبەت لەمەڕ پرسەکانی یەکێتی و سەربەخۆیی و چاکسازی.

**لێرەوە دەتوانین بڵێین چوار جۆری گەورە ئاڵینگار هەن:**

١. ئاڵینگار لەسەر ئاستی ڕەهەندی بیروباوەڕ، کولتووریی و ژیاری و ئەوەی کە ئەم ئاڵینگارانە بەسەر ڕشتەی بەهاکاندا دەیسەپێنن.

٢. لە بواری ئاسایشی سەربازیدا، سیاسەتی سیستمی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی چەکی نوێ لەلایەن دەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە و سەپاندنی کۆتوبەندی زۆر لە سەریان.

٣. دەستێوەردانی دەرەکی بۆ دووبارەبنیاتنانەوەی مۆدێلی ناوخۆیی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەمەش گرێی چارەسەرنەکراوی بەجیهانیکردنە و تایبەتمەندیگەرێتی سەروەری نەتەوەیی و ڕەوایەتی نێودەوڵەتی دەوروژێنێت، وەک گۆڕانکاریی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و ئاراستەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نوێکردنەوەی گوتاری ئاینی و فێرکردنی ئایینی؛ هەمووشیان بوارگەلێکن پێویستیان بە چاکسازی و نوێکردنەوە هەیە، چونکە لە باشترین باریاندا نین، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو نوێکردنەوە و چاکسازییە ئەنجام دەدرێت؟

٤. چۆن گرفت و قەیرانەکانی ئوممەت، لەلایەن هێزی دەرەکییەوە بەڕێوەدەبرێن (دۆزی فەلەستین، ئەفغانستان، دارفور)، بەگوزارشتێکی دی، شیکردنەوەی پەیوەندییە ئیسلامییەکان دوور لەچوارچێوەی بزاڤی دەستەجەمعی بۆ چارەسەری ناکۆکییە هەرێمی و ناوخۆییەکان.

هەر چوار جۆرەکەی ئاڵینگار چڕی و ئاڵۆزی ناوەندی و ناوخۆیی و دەرەکی ڕووندەکەنەوە، هەروەها ئەوە ڕووندەکەنەوە کە چەندین ئامرازی سیاسی و ئابووری و کولتووری و سەربازی لەلایەن دەرەوە بۆ بەزاندنی سنوورەکانی ناوخۆ بەکاردەهێنرێن. پاشان قسەکە لەسەر ئەوە دەبێت کە کێ دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو ئاڵینگارانە ببێتەوە؟ ئایا دەوڵەتە ئیسلامییەکان تاکەتاکە هەر یەکێکیان دەتوانێت ئەو ئاڵینگارانە بەڕێوەببات، کە ئاڵینگارگەلێکن سرووشتێکی هەمەکی و ئاڵۆز و گۆڕاو وەردەگرن؟

ببورن جۆری پێنجەمم لەبیرچوو کە تایبەتە بەلایەنی ئابووری، ئەگەر ئەمە چوارچێوە ئاڵۆزەکە بێت، ئایا چ دامەزراوەیەکمان لە گۆڕەپانەکەدا هەیە؟

هەروەها ئەو جۆرە دامەزراوانە کامانەن کە پێویستە کارایان بکەین؟ وەکو وتم دامەزراوەگەلێکی فەرمی و نافەرمی هەیە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە قسەکردنە لەسەر سنووری شوێنی ئەو دامەزراوانە، ئایا دامەزراوەگەلێکی ناوەندین لەسەر ئاستی ئوممەت؟ یان دامەزراوەگەلێکن لە چەند دەوڵەتێکدان و درێژبوونەوەیان بۆ دەرەوە هەیە؟ و بەو شێوەیە.

هەوڵێکمدا وێنەی نەخشەیەک بکێشم و جەنابیشت دەتوانیت لەگەڵمدا وێنای بکەیت، ئەویش یەکەم بەدانانی پێوەری فەرمی و نافەرمی، پاشان پێوەرێکی ترم دانا کە بریتی بوو لە پێوەری گشتی و جۆریی. بۆ نموونە فەرمی گشتی و دەستەجەمعییە، واتە ئەوەی کە دەوڵەتە ئیسلامییەکان کۆدەکاتەوە، بەناوبانگترینیان بریتییە لە (ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی)، کە من بەڕێکخراوێکی ناهەرێمی دادەنێم، چونکە وڵاتانی چەند هەرێمێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، هەروەها (کۆمکاری عەرەبی)مان هەیە کە لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی دامەزراوە، (ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو)یش لەسەر بنچینەی هەرێمی دامەزراوە، ئەمانە دامەزراوەی ناوەندیی، دەستەجەمعی، فەرمی، گشتین و پشتبەست بەچەند پێوەرێکی جیاواز دەوڵەتە ئیسلامییەکان کۆدەکەنەوە، بەڵام ئەوەی کە بەکردەیی گوزارشت لەو پێوەرانە دەکات (ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی)یە.

هەروەها فەرمیی دەستەجەمعیش هەیە، بەڵام جۆرییە، کار لەسەر بوارێکی دیاریکراوی وەک بواری کولتووری، ئابووری، سەربازی، چارەسەری ناکۆکیەکان..هتد دەکات، لەمەشدا چەند نموونەیەکمان هەیە، بەم شێوەیە: کولتووری (ئیسیسکۆ، ئیلیسکۆ، ناوەندی کەنداوی بۆ پەروەردە و فێرکردن)، ئابووری (بانکی ئیسلامیی بۆ گەشەپێدان، ڕێکخراوی عەرەبیی کار، ڕێکخراوی عەرەبیی کارگێری، ئەواپیک).

لە بواری چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان پڕۆژەگەلێک بۆ دادگای دادی عەرەبی یان ئیسلامی هەیە، لەسەر ئاستی سیاسی پەرلەمانی عەرەبیی هەیە کە لەسەر ئاستی کۆمکاری عەرەبی دامەزراوە، کە ئەگەر لەسەر شێوەی پەرلەمانی ئەوروپی بوایە چەند باش دەبوو.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی عەرەبی ئافرەتان (منظمة المر ة العربية) هەبوو، هەروەها هەوڵێک هەبوو بۆ دامەزراندن و کاراکردنی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ کۆمسیۆنی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمسیۆنی دیالۆگی ژیارەکان لەسەر ئاستی کۆمکاری عەرەبی، هەروەها (OIC) لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا هەوڵی درێژبوونەوە بۆ ئەو بوارانە دەدات.

ئەو دوو بوارەی کە دەبینین کە موکورتی زۆر گەورەیان تێدایە و ناکرێنە جێی بایەخی بواری توێژینەوەی زانستی و بواری ئاسایشی سەربازیی، کە دوو ڕەگەزی زۆر گرنگ و مەترسیدارن لە ئاسایشی نەتەوەییدا، شتێک هەیە ناوی ناوەندی هەرێمی بۆ توێژینەوە ناوەکییەکانە، دەستەی ناوەکی عەرەبی بارەگاکەی لە تونسە، بەڵام چ بەرهەمێک پێشکەشدەکەن و چ قورساییەکیان هەیە؟ هەروەها ڕێککەوتننامەی بەرگری هاوبەش لە چوارچێوەی کۆمکاری عەرەبی هەیە کە لەسەر ئاستی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی هاوتاکەی نییە.

جۆری دووەمی دامەزراوەکان بریتییە لە دامەزراوە فەرمییەکان و جۆرییەکان کە دەستەجەمعی نین، بەڵام نیشتیمانین و درێژبونەوەیان بۆ دەرەوە هەیە، کار لەسەر پەیوەندیی نێوانی و پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوە، نەک لەگەڵ ناوخۆ دەکەن، بۆ نموونە:

کۆمەڵەی بانگەوازی ئیسلامی جیهانی (جمعية الدعوة الإسلامية العالمية) لە لیبیا، ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی (رابطة العالم الإسلامي) لە سعودیە، دامەزراوە و زانکۆی ئەهلی بەیت (مؤسسة وجامعة آل البيت) لە ئوردون، زانکۆی ئیسلامیی جیهانیی (الجامعة الإسلامية العالمية) لە مالیزیا و پاکستان، ئەزهەر وەک دامەزراوە و زانکۆ، ئەنجومەنی باڵا بۆ کاروباری ئیسلامی (المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية) لە میسر، دامەزراوەی هزری عەرەبی (مؤسسة الفكر العربي) (کە بارەگایان لە بەیروتە و میر خالید فەیسەڵ دایمەزراندوە)، پاشان دەستپێشخەریی حاکمی دوبەی شێخ ڕاشید کوڕی مەکتوم بۆ فێرکردن، هەروەها دەستپێشخەری خێزانی حاکمی قەتەر شێخ موزە بۆ کۆمەڵەی مەدەنی و فێرکردن.

## (٣)

### دامەزراوە نافەرمییەکان (مەدەنی، ئەهلی)

بەشی دووەمی دابەشکارییەکە بریتییە لە دامەزراوە نافەرمییەکان (ناومانننا مەدەنی یان ئەهلییەکان)، کە دەکرێت هەرێمی، یان نەتەوەیی، یان نیشتمانیی بن و درێژبوونەوەیان بۆ دەرەوە هەبێت.

لەم جۆرەش نموونەمان زۆرە، ئەو نموونانەش کە باسیان دەکەم یان باسکراون ڕوماڵی تەواو نین، بەڵکو نموونەگەلێکن لەسەر بوارەکانی فێرکردن، پەروەردە، بانگەواز، مافی مرۆڤ، ئافرەتان. بۆ نموونە: ڕابیتەی زانکۆ عەرەبییەکان (رابطة الجامعات العربية)، ڕابیتەی زانکۆ ئیسلامیەکان(رابطة الجامعات الإسلامية)، ڕێکخراوی عەرەبی مافی مرۆڤ (المنظمة العربية لحقوق الإنسان)، تۆڕی عەرەبی کۆمەڵە ئەهلییەکان (الشبكة العربية للجمعيات الأهلية)، یەکێتی نووسەرانی عەرەب (اتحاد الكتاب العرب)، پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامیی (المعهد العالمي للفكر الإسلامي)، ئەنجومەنی ئیسلامی باڵا بۆ بانگەواز و بەهاناوەهاتن (المجلس الإسلامي الأعلى للدعوة والإغاثة)، یەکێتی پارێزەرانی عەرەب (اتحاد المحامين العرب)، دەزگای ئیسلامی بەهاناوەهاتن (هيئة الإغاثة الإسلامية) لە لەندەن بە لقەکانییەوە، کۆمەڵەی شەرعیی (الجمعية الشرعية) (چالاکی هەیە کە سنووری ناوخۆ دەبڕێت)، کۆمەڵەکانی تەبلیغ و بانگەواز (جماعات التبليغ والدعوة) (لە هندستان و پاکستان)، بزاڤەکانی سۆفیگەریی، کۆمەڵەکانی پیاوان و خانمانی کاری عەرەب (جمعيات رجال وسيدات أعمال العرب)، ڕێکخراوی قاعیدە، ئەنجومەنی فتوادانی ئەورووپا (مجلس الإفتاء الأوروبي)، ڕێکخستنی جیهانی برایانی مسوڵمان (التنظيم العالمي للإخوان المسلمين)، کۆمەڵەکانی بەرهەڵستی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سەهیۆنیزم و ئیمپریالیزم و جیاکاری، کۆمەڵەکانی بەرهەڵستی بەجیهانیکردن، Islamonline، یەکێتییەکانی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە ئەورووپا، دامەزراوەی حەج، بانگخوازە نوێییەکان، کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان، دامەزراوەی نێودەوڵەتیی دیالۆگی ژیار و کلتورەکان (المؤسسة الدولية لحوار الحضارات والثقافات) لە تاران، دامەزراوەی ئەبەند (مؤسسة

أبند) له توركيا (دامەزراوەیەکی مەدەنی زۆر چالاکە) لە ناوچە تورکمانییەکان و وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقیدا کاردەکات.

بۆچی لەگەڵ زۆری دامەزراوەکان کار و بەرهەم کەمن؟ هەموو ئەمانە نافەرمین و ڕەنگە ئەوەی کە باسمکرد مشتێک بێت لە خەرمانێ، هەموو ئەمانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئێمە لە دامەزراوەمان کەم نییە، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کە چ جۆرە دامەزراوەیەکن و چۆن کاردەکەن؟ و بۆچی هەنگاوی جۆریی هەڵناگرن؟

دادگۆیی نییە بڵێین هیچیان نەکردووە، هەموویان کاردەکەن و هەروەها ئێمەش کاردەکەین و هەوڵدەدەین و هەر یەکێکیش پاڵنەری جیاوازی خۆی هەیە، کارو بەرهەم هەیە، بەڵام بۆچی ئەو گۆڕانە جۆرییە دروستناکەن کە پڕۆژەی ژیاری ئیسلامی دەیخوازێت؟

کاتێک کەسانێک دەبینین لە پڕۆژەی جیاوازی ترەوە بەژمارە و داتا باس لە کار و بەرهەمی خۆیان دەکەن، وادەزانین کە لە شوێنێکی ترەوە قسەدەکەن کە ئێمە تێیدا ناژین، (وەک ئەوەی کاتێک گوێبیستی کەسێک دەبین کە قسە لەسەر دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە میسر دەکات) و پرسیار دەکەین کە ئەم ژمارانە لە کوێوە و بەڵگەیان چییە؟

من قسە لەسەر چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شتانە دەکەم ڕاڤەی ئەمانە چۆن بکەین؟ ئائەمانەیە دەمانەوێت پێی بگەین، نیازپاکی هەیە، دامەزراوەش هەیە، کەواتە هەڵەکە لەکوێدایە لە کارکردنی پەیوەندی نێوەندیی لە نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا؟ با ئابووریەکی ئیسلامی بەهێز و بازرگانییەکی نێوەندیی گەورەتر و بەهێزتر لەنێوان وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەبێت، با لە پرۆگرامی فێرکردن و لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا هاریکاری هەبێت، بەو شێوەیە.

من ناتوانم بەدوورودرێژی باس لە نموونەگەلێک بکەم کە چەند توێژینەوەیەکی نایاب بۆ هەڵسەنگاندنی کار و چالاکیی زۆرێک لە دامەزراوە نێوەندییەکان لە جیهانی ئیسلامدا پێی هەستاون، لەسەروو هەموویانەوە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، بۆ نموونە ژمارە جیاوازەکانی "حولية أمتي في

العالم "كە هیچ یەكێكیان خالی نییە لە هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتانە (هاریكاری ئابووری، ڕوشنبیری، سیاسی، لە نێوان وڵاتی ئیسلامیدا ئاستی كارایی كۆمەڵە ئەهلییەكان لە جیهانی ئیسلامیدا)، بۆیە هەر كەسێك وردەكاری لەو بارانەوە ویست دەتوانێت بۆیان بگەرێتەوە.

لێرەدا هێندە بەسە ئاماژە بە لێتوێژینەوەیەک بكەم كە گەنجێكی توێژەر لە ژمارەیەكی ئەم خولاوەدا نووسیویەتی...

لێتوێژینەوەیەک هەیە بەناوی (الخريطة الإدراكية للنخب المسلمة لقضايا الأمة)، واتا چۆن دەستەبژێرە مسوڵمانەكان پەی بە دۆزەكانی ئوممەت دەبەن، چەندین شیكردنەوە هەیە بۆ نووسینەكانی دكتۆر عەلی ئەلمەزروعی، دكتۆر جمال حەمدان، ڕاوێژكار تاریق ئەلبیشری، حامد ڕەبیع، مەهاتیر محەمەد، دكتۆر خاتەمی، عەلی عیزەت بیگۆڤیچ، موراد هوڤمان، نەجمەدین ئەربەكان، چۆن بارودۆخی ئوممەت دەبینن و بۆ نەخشەی دۆزەكانی دەروانن و چۆن شرۆڤەی هۆكاری كەوتنە یەک لەدوای یەكەكانی بەتایبەت هەنوكەیەكان دەكەن، ئەتوانم بڵێم هەموویان لەسەر چەند خاڵێک كۆكن:

یەكەم :ڕەهەندی دامەزراوەیی:

كێشەكە نەبوونی نییە بەڵكو لاوازیی ڕەهەندی دامەزراوەییە (لاوازیی كار و بەرهەم)ـە.

دووەم: چۆن ئەم ئوممەتەی كە خاڵە هاوبەشە ڕوحی و ئیمانی و مێژوویی و بەهایی و بیروباوەریی هەیە ناتوانێت بیگۆڕێت بۆ وزە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەكان، لە كاتێكدا یەكێتی ئەوروپا توانیویەتی ئەو مەنزومەیە لە بەرژەوەندی دروستبكات، یەكێک لە دامەزرێنەرانی ئەزموونی یەكێتی ئەوروپا دەڵێت: خۆزگە ئەم ئەزموونەمان بە ڕەهەندی كولتووری دەستپێدەكرد. چونكە ئەوان بە ڕەهەندی ئابووریی دەستیان پێكرد و كاری گەورەیان تێدا ئەنجامدا، لە بواری بەرگری سەربازی و سیاسەتی دەرەكیشدا هەوڵیان داوە و ئێستاش بەردەوامن لە باشكردنیدا، ئیستاش لە هەوڵی دیاریكردنی شوناسی ئەوروپیدان و هەوڵی كۆكردنەوەی كولتوورە ئەوروپییە جیاوازەكان دەدەن و بەكارێكی قورسی دەبینن و دەشزانن كە ئەوە سەنگی مەحەكی بنەڕەتییە بۆ

تەواوکردنی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام لای ئێمە پێچەوانەی ئەوە ڕاستە، هەروەها توێژینەوەگەلێکی تر هەن شیکاری هاریکاریی ئابووریی دەکەن، باس لەوە دەکەن بۆچی بەتەواوی سەرکەوتوو نەبووە، هەرچەندە (بانکی ئیسلامیی بۆ گەشەپێدان) هەوڵێکی گەورەدەدات بەتایبەت لە زیادکردنی بازرگانی نێوەندیی نێوان وڵاتانی ئیسلامی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین فاکتەر، دیارترینیان ئەوەیەکە هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی زیاتر ڕوو دەکاتە بەستنی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ زلهێزەکاندا، پەیکەری ئابووری وڵاتە ئیسلامییەکان هاوشێوەن، ناگونجێت مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکرێت، مەگەر هەمەچەشنییەک هەبێت.

جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، ئایا دامەزراوە کاراکان دەروازەیەکن بۆ کاراکردنی ئوممەت، یاخود یەکێکن لە دەرهاویشتەکانی بارودۆخی ئوممەت؟ واتە ئایا دامەزراوە زادەی ژینگەکەیەتی، یان پێویستە بەشداری لە گۆڕینی ئەو ژینگەیەدا بکات؟

من پێم وایە ئەو دامەزراوانە زادە و بەرهەمی ژینگەکەیانن، پاشان ناکارایی دامەزراوە لە دروستکردنی داهێنانی جۆریی بەرئەنجامی چەند فاکتەرێکی ژیاریی کەڵەکەبووی ناوخۆیی و دەرەکییە، هەروەها ئەوەی زەینم پێوەی سەرقاڵە ئەوەیە کە ئایا ئەمە گرفتێکی کولتووریيە، ئایا کولتووری مرۆڤە؟ چۆن ئوممەتێک ئەو پێکهاتە بنچینەییەی هەبێت تاکگەرایی بەسەریدا زاڵدەبێت؟ چونکە دامەزراوەیی کارێکی دەستەجەمعییە، ئایا هونەری کاری دەستەجەمعیمان نییە؟

لە ڕاستیدا من ڕاڤەی ئەمە بەوە دەکەم کە ئێمە وەک مسوڵمان سیفەتەکانمان تێدایە، بەڵام هەر سیفەتێک لە بوارە تایبەتە بەرتەسکەکەدا ڕەنگدەداتەوە، هەر کەسێک دەیەوێت ئیسلامەتییەکەی خۆی لەبواری تایبەتی بەرتەسکی خۆیدا باشتر بکات، بۆ ئەوەی زیاتر لە خواوە نزیکبێت. ئێمە مسوڵمانین، بەرئەنجامی ئەم سیفەتە لە بوارە بەرتەسکەکەدا زیاتر دەردەکەوێت (حەج و عومرە و خێر و چاکە)، بەڵام شتێکیتر هەیە کە شوناسەکەمانە؛ بریتییە لە هەستکردن بەوەی کە پێویستە ئەم ئیسلامە لەو

بـواره تـايبەته بەرتەسـكەدا دەربچێـت بـۆ بـواريكى تـايبەتى فراوانتـر بە فراوانكردنى كارايى موسلمان، لەوه گرنگتر، وەک دكتۆر حاميد ڕەبيع دەڵێت: ئەوەيە كە ئوممەت هۆشيارى بەوه هەبێت كە ئەركێكى ژيارىى لەسەر ئاستى جيهان لەئەستۆيە، لێرەدا لە تايبەتەوه دەگوازينەوه بۆ تايبەتى فراوانتر و بۆ گشتى، بەوەى كە ئوممەت پەى بە ئەركێكى ژيارى ببات كە پێويستە ئەنجامى بـدات، لێـرەدا دەڵـێم حـاڵى ئـێمە سـيفەتى مسـوڵمانبوونى بەسـەردا زاڵە، زاڵە بەسـەر شـوناس و بەسـەر هۆشـيارى ئەركـى ژيـاريى، (مـوراد هوڤمـان)يش مەبەستى ئەمەيە كاتێک دەڵێت :پێويستە لە حالەتى مسوڵمان بە لەدايكبوونەوە بيگوێزينەوه بۆ مسوڵمان بە ئيمان، بەڵام نەک بەپێوەر و فاكتەرە ژينگەييەكان، بەڵكـو فـاكتەرێكى تـايبەت بە هۆشـيارى و كولتـوور هەيە، كەواتە ئـێمە چـۆن ڕووبەڕووى ئاڵينگارييە سەرەكييەكان ببينەوه، وەک ڕەوتەكانى بەعەلمانيكردن لە بەرانبەر ڕەوتە ئيسلامييەكاندا و چۆن ئەو پەيوەندييە بەرێوەببەين؟

ڕەنگە كەسانێک بپرسن پەيوەنديى ئەمە بەدامەزراوەكانەوه چييە؟

دەڵـێم ئەمە لە كرۆكـى كـارى دامەزراوەكـانە، چـونكە تەنـانەت دامەزراوە دەسـتەجەمعييە ئيسـلامييەكانيش چەنـد دەوڵەتێكى ئيسـلامى دەگرنەخـۆ، بەڵام ئەوەى كە لە سـۆنگەى ديـدگايەكى ژيـارى ئيسـلاميى ڕاسـتەقينەوه جـوڵەبكەن، ئەوه ڕووبەرووى كێشمەكێشـــى قوتابخـــانە و ڕەوتە جياوازەكـــان دەبێـــتەوه لەسەر ئاستى فەرمى و نافەرميى نيشتمانيش.

ئێستا ديالۆگ و مشتومڕ لە توركيا لەسـەر گـۆڕانى عەلمـانيەتێكى بێفەڕ و لـوتبەرزى ڕاديكـالى ڕيشەكێشـەوه بـۆ عەلمـانيەتێكى مرۆڤدۆسـتى فـراوان، كە ڕێگە بە ئيسلام دەدات لە كۆمەڵگەدا ڕۆڵى خۆى بگێڕێت، هەيە.

ئێستا لە ميسرِدا ڕەوتێک هەيە بانگەواز بۆ ئەوه دەكات كە گوايا عەلمـانيەت چارەسـەرە بۆ هەمـوو ئەو كێشـانەى پێيـانەوه دەنـاڵێنن، لە ناويشـياندا كێشـەى ئاژاوەى تەيافەگەرى، كێشـەى ئەوەى ديموكراسـى نايەوێت تەنها جياكارى لە نێوان دين و سياسەتدا بكات، بەڵكو دەيەوێت ئايين دووربخـاتەوه، مەبەسـتيش لە ئايينى ئيسلامە كە لە كۆمەڵگە دووربخرێتەوه.

ئاڵینگاری دووەم کە گرفت بۆ کاری دامەزراوەکان دروستدەکات، ئەوەیە کە چۆن دان بەواقعیبوونی فرەیی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا بنێین، کە ئینتیمای بۆ یەک ئوممەت هەیە، ئەو دەوڵەتانە چۆن دەتوانن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی ئوممەت بەرژەوەندییە نەتەوەییە بەرتەسکەکان تێپەڕێن؟

ئەمە گرفتە چونکە دەستگرتنی دەوڵەتان بە بەرژەوەندیی خۆیان و سەروەرییانەوە لەسەر حسابی بەرژەوەندیی کۆمەڵ یەکێکە لە هۆکارەکانی نەتوانینی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان؟ هاریکاری کولتووری و ئابووری خوازراو، چۆن جۆرێک لە وەڵامدانەوە بۆ ئەو فرەچەشن و فرەییە لەسەر ئاستی واقیع، بەڵام لە چوارچێوەی یەکێتی و یەکڕیزیدا، بەدی بهێنێت.

## (٤)

## هۆکار و گرفتەکانی ناکارایی دامەزراوەکان

دەتوانم بەخێرای هۆکار و گرفتەکانی ناکارایی دامەزراوەکان لە ئاستە جیاوازەکانیدا لەسۆنگەی واقیعی ئەو لێتوێژینەوە جیاوازانەوە کە لەسەر چەندین حاڵەتی دیاریکراو ئەنجامدراون، پوختبکەمەوە، بۆ وێنە: حاڵەتی تایبەت بە ئاراستەکان- ناکۆکی ئاراستە نەتەوەیی و هەرێمییەکان لەگەڵ ئاراستەی دەستەجەمعی ئیسلامیی- ناکۆکی ڕووکردنە دەرەوەی هەژمونکار لەگەڵ ڕووکردنە پەیوەندیی نێوەندیی ئیسلامیی، بۆ نموونە ئاراستەیەکی نێوەنجی (متوسطی)، ئاراستەی ئەتڵەنتی، ئاراستەی ئاسیایی لەسەر حسابی ئاراستە دەستەجەمعییە عەرەبییە ئیسلامییەکە هەیە، ڕاستە چەندین ئاراسەی عەرەبی دەستەجەمعیی ئیسلامیی و ڕێکخراوەکانیان کاردەکەن، بەڵام یەکێک لە هۆکاری ناکاراییان ڕونەکردنە ئەویترە، وابەستەبوون بەسنووری وڵاتێک و خۆبەستنەوە بە زاراوە نەتەوەییە بەرتەسکەکانەوە، بەرژەوەندییە نیشتمانییە سەروەرییەکان لەسەر حسابی دەستەجەمعیبوون، کێبڕکێ ڕۆڵی هەرێمی لەنێوان پایەکاندا لەبری هەماهەنگی نێوانیان وەک: میسر، تورکیا و ئێران، سعودیە و مالیزیا، لەبری هەماهەنگی کێبڕکێ هەیە و دەستی دەرەکیش بە شێوەیەکی بەهێز دەستێوەردان دەکات بۆ گۆڕینی ئەو کێبڕکێیانە هەندێکجار

بـۆ حـاڵەتی دوژمنـداری کـراوە و هەمـاهەنگی نەکـردن، هەمـوو ئەمـانەش بەشێوەی نەرێنی ڕەنگدانەوەیان لەسەر کاری دامەزراوەکان دەبێت.

چەنـدین فـاکتەری تـری زۆر گرنـگ هەن بـریتین لە نەمـانی پەیوەنـدیی لەنێـــوان فەرمـــی و مەدەنیـــدا، دامەزراوە فەرمییەکـــان کە لەســـەرەوە بە پڕۆگرامێکی تایبەت لەسەرەوە جوڵەدەکات، هەرچەندە پڕۆژەکانی ئاڕاستەی خوارەوە دەکرێن بەڵام بۆ ئاڵوگۆڕنین...

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی یەکێتی ئەوروپا شکاندنی ئەو دیوارە بوو لە نێوان فەرمی و مەدەنیدا و پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستکرد.

بـۆیە کاتێـک دکتـۆر ئەکمەلەددیـن ئیحسـان بـوو بە ئەمینـداری گشـتیی ڕێکخـراوی کـۆنگرەی ئیسـلامیی، دەسـتی خستەسـەر ئەو خـاڵەی کە پێویسـتە دامەزراوەکە لەخوارەوە بۆ سەرەوە جوڵەبکات، پاشـان ئەو ئاڕاسـتانە لەسـەر پڕۆژەکـانی چاکسـازی نـاکۆکبوون بە شـێوەیەک کە بـوونی دوو ئاڕاسـتەی دروسـتکراوی تـۆخکردەوە کە دەبێـتە ڕێگـر لەبەردەم گەلاڵەبـوونی ڕەوتێکـی سـەرەکیی کـۆک لانـیکەم لەسـەر مەبەسـتەکان، مەبەسـتەکانی چاکسـازی و گۆڕانکـاری لە ئوممەتـدا و دامەزراوە لەپێنـاوی جێبەجێکردنـی ئەو مەبەسـتانە دروسـتبکەن. ئەمە بەڵایەکی گەورەیە و لە هەمـوو جیهانـدا لە هەمـوو قۆنـاغە مێژووییەکانـدا بـوونی هەیە، ئاراسـتەکانیش لە هەمـوو دەوڵەتانـدا هەمەجـۆر و جیاوازن، بەڵام ئەگەر جەمسەرگیرییەکی دوانەیی لەنێوان دوو جەمسـەردا، کە نەزانن دەسەڵات وەربگرن و نەشتوانن لەسـەر چاکسازی ڕێکبکەون، هەبێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر کاری دامەزراوەکان بەهەموو ئاستەکانیانەوە دەبێت، لەوەی پەیوەندی بەجۆرەکانی دامەزراوە نافەرمیەکانەوە هەیە.

لەگەڵ ئەوەی لە دیـدی منـدا لە قۆنـاغی ئیسـتادا دامەزراوە فەرمییەکـان بـۆ کاراکردنی چەمکی ئوممەت گرنگترن، ئەوانیش بـۆ خـۆیان بەدەسـت زۆرێـک لە کێشە و گرفتەوە دەناڵێنن، پێشـتریش باسـمکرد کە مەبەسـتم لە دامەزراوەکانی ئـوممەت تەنهـا دامەزراوە خاوەنئاراسـتە ئیسـلامییەکانی ئـوممەت نیـیە، بەڵکـو هەمـوو دامەزراوەکـان بەهەمـوو ئاراسـتەکانیانەوە لە چوارچێوەی نیشـتیماندا کار بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی بەرەوباشـتر دەکەن، چونکە دەکرێت کۆڵکەی

هـاوبەش لە نێـوان پـرۆژە چاکسـازییەکان و ئاراسـتە جیاوازەکـان بـدۆزینەوە، ئەگەر نیازەکـان پـاک و بـاش بـن، پێشـتر سـووربوون و وریـاییەک هەبـوو لە نەبەزانــدنی هێڵــی ســوور لەلایەن هەردوو لاوە، چــونکە هەمــوان لە یەک نیشـتیماندا دەژیـن و ناکرێت بانگەشـەی ئەوەبکرێت ئاراسـتەی سـەردار و زاڵ بێت و ئەوانیتر بنبڕبکات و بەتەواوی دووریان بخـاتەوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە دەرفەتێک بۆ هەموو ئاراسـتە و پرۆژەی هـزری و سیاسـیەکان برەخسـێندرێت بۆ ئەوەی هەموویان کێبڕکێ بکەن و ئاڵوگۆری دەسـەڵات و ئەزمـوون بکەن؛ کار بۆ بەرژەوەندی هەموو نیشتیمان بکەن، ئەمە خاڵێکی گرنگە.

سەبارەت بەدامەزراوە نافەرمییەکان دەتوانم بڵێم هەماهەنگی و هاریکاریی کــارا لە کــاری ئەو دامەزراوانەدا نیــیە، زۆرجــار کارەکانیشــیان وەرزی یــان شکڵین و لاوازیی سامانی مرۆیی و ماددیی پێویست بۆ تۆڕە نێوەندییەکان بۆ نموونە لەبواری مافی مرۆڤ، ئافرەت، لە بواری ناوەندەکانی توێژینەوە، هەیە.

شـتێکی تـری گرنگ بـریتییە لە نەبـوونی پەیوەنـدیی دامەزراوەی نـافەرمی و جـۆریی ئـوممەت بە دامەزراوەگەلێکـی هاوشـێوە لە ڕۆژئـاوا کە لە دۆزەکـانی جیهــانی ئیســلامیی تێــبگەن و بتــوانن یــارمەتی بــدەن لە چارەســەریاندا؛ ئەو دوالیـزمەیەی کە گوایـا ئـێمە لە جیهــانی ئیسـلامیدا دوژمنـی هەمـوو جیهـانی ڕۆژئــاواین، ئەوە شــتێکی نارێــک و ناتەندروســتە، چــونکە ڕۆژئــاوا لەرووە فەرمییەکەوە ڕەنگە سیاسـەتگەلێکی دیاریکراوی ڕەتکراوە و نەشیاوی هەبێت، بەڵام هێزێکــی کــۆمەڵگەی و مەدەنــی خــاوەن ئاراســتەی مرۆیــی هەیــە، کە دەتـوانین لەنێـوان خۆمـان و ئەوانـدا چەنـدین کۆڵکەی هـاوبەش بـدۆزینەوە لە بـوارە جیاوازەکـانی فێرکـردن و پەروەردە و ئـافرەت و هـاوڵاتیبوون و مـافی مرۆڤ، بە شێوەیەک وامان لێبکات بتوانین سـوود لە ئەزموونەکانی وەربگرین و لەوەی کە هەمانە لە ڕشتەی بەهاکانی ئیسلام پێشکەشیانی بکەین.

## (٥)

### پێشنیازگەلێک بۆ کاراکردن

دواجار دەگەمە هەندێک پێشنیار بۆ کاراکردن، ڕەنگە پێشنیارگەلێکی گشتی بن، بەڵام ئامانجی سەرەکییان هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندنی ئەو لۆجیکی دوالیزمەییەی کە بەردەوام تەحەککوم بە هزر و کردارمانەوە دەکات، لە کاتێکدا ڕەنگدانەوەی دیدێکی ژیاریی ئیسلامیی وەسەتی نییە...

دامەزراوەکانی ئوممەت تەنها دامەزراوە فەرمییەکان نین، هەروەها دامەزراوە نێوەندییەکانی جیهانی ئیسلامییش تەنها دامەزراوەی ئوممەت نین، دامەزراوەکانی ئوممەت تەنها دامەزراوە فەرمییە دەستەجەمعییە گشگیرەکان نین، بەڵکو جۆرییەکانیشن.

دامەزراوەکان لە ئوممەتدا تەنها ئەوانە نین کە ئاڕاستەی ئیسلامییان هەیە لە پرۆژەی هەستانەوەی ژیاریدا، بەڵکو هەر دامەزراوەیەک لەسەر خاکی نیشتیمان بێت و کار بۆ بەرژەوەندییەکانی بکات دەچێتە بازنەی ئەو دامەزراوانەی کە پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت.

دامەزراوەکانی ئوممەت تەنها دامەزراوەکانی دەوڵەت یان گەلەکانی نین، بەڵکو هەروەها دامەزراوەی مسوڵمانانن لە هەر شوێنێک لە جیهاندان، تەنانەت ئەگەر لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامییشدا نەبن.

کۆمەڵەی دووەمی پێشنیارەکان بریتییە لە پێویستی هۆشیاریی بە کاریگەری دەرەکی و ئاست و جۆرەکەی، پێویستی هۆشیاریی بە چۆنیەتی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لەو کاریگەرییە دەرەکییە، لە بەرژەوەندیی بواری ئایینی و کلتوری و ژیاری بۆ خزمەتکردنی بواری سیاسی لە ستراتیژەکەی بەرانبەرمان بەئاستێکی بەرز زیاتر لەوەی پێشتر هەبووە. ئەو شتەی وامان لێدەکات بپرسین کە لە کاتێکدا خۆمان دامەزراوەکانمان بەڕێوەدەبەین باس لە پێویستی جیاکردنەوەی ئایینی و مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵگەیی و مەدەنی دەکەین، گرنگتر لەمە جۆری پەیوەندییەکەیە.

کـۆمەڵەی سـێیەمی پێشـنیارەکان بـریتییە لە پێویسـتی زاڵبـوون بەسـەر کەموکورتی سامانی مرۆیی، بەسوودوەرگرتن لە هەماهەنگیی کارا، لەنێوان ئەو کەسانەی خاوەن چالاکی هاوشێوەن لە یەک بواردا.

گومانیشـی تێدا نییە شـێوازە نوێیەکانی پەیوەندی لەرێگەی تۆڕەکانی زانیاری یارمەتیدەرمانن بۆ ئاگابوون و هەماهەنگی لەگەڵ چالاکی ئەوانی تر، پێویستە هەموو دامەزراوەیەکیش پێگەی چالاک و کارای خۆی لەسەر تۆری زانیاری هەبێت بۆ خۆناساندن و دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هاوشێوە و هاوتاکانی لە بوارەکەی خۆیدا.

- پێویستی کرانەوە بەرووی دەرەوە لە سۆنگەی پێویستییە نێوخۆیی و نێوەندییەکانەوە.
- پێویسـتی گرنگیـدان بە دامەزراوەکـانی تونـدەهێز (القـوة الصـلبة) نەک دامەزراوەکانی نەرمەهێز (القوة الرخوة)...

توێژینەوە کردارییەکان کوان؟ دامەزراوە نێوەندییەکانی بواری سەربازی و ئەمنی کوان؟

دواجار: پێویسـتە چۆن بیربکەینەوە و هەوڵبـدەین بـۆ گـۆرینی ئەو ڕایەڵە بیروبـاوەرییەی ئـوممەت کۆدەکـاتەوە و وڵاتـانی جیهـانی ئیسـلامی بـۆ بەرژەوەندیگەلێکی بەرجەستە کۆدەکاتەوە، لەپێناو دەرچوون لە وابەستەبوون بەو شـتە بەهـاییە ئایـدیاڵییانەی لە زەینـی هەندێکـدا وا چەسـپاون کە تەنهـا پەیوەستن بە ئوممەتەوە و گۆڕینیان بۆ بازنەی دروستکردنی بەرژەوەندی و پاراستنیان و دابەشکردنیان، کە بەرژەوەندیگەلێکی وابەستەن بەو شتانەوەی کە لە زەینـدا تەنهـا نیشـتیمانین، بەو ئیعتیبـارەی کە هەر شـتێک لە دەرەوەی نیشـتیمان بـوو، ئیـدی مەرج نیـیە لە بەرژەوەنـدیی نیشـتیمان بێـت، ئەمەش چەمکێکـی بەرتەسـکە بـۆ بەرژەوەنـدیی نیسـتیمانی و بەئەزمـوونی کرداریـی سەلمێنراوە.

بۆ نموونە کاتێک میسر لە بازنە عەرەبییەکەی جیابۆوە لە بەرژەوەندی خۆی نەبوو.

کەواتە پێویستە چی بکەین؟ چونکە گرفتەکە تەنها لە ژینگەی دەوروبەر نییە، بەڵکو لەو کولتوورەدایە کە هەیە و لە دژی دەستەجەمعیبوون کاردەکات و وابەستەی تاکبالّییە وەک تاکەڕێگەی خۆی بۆ کارکردن. شێوازی کاری پیشەگەرانە لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا نییە، بەپێچەوانەی دامەزراوەکانی ڕۆژئاوا.

کەواتە چۆن عەقڵیەتێکی پڕۆگرامسازی ڕێکارخوازی کارگێڕیی ڕێکخراو دروستبکەین، نەک تەنها قسەکردن بێت لەسەر نیاز و ئامانجەکان، چونکە کەڵەکەبوون و بەرهەم و کارایی تەنها بە نیازپاکی و ئیمانی بەهێز بەدی نایەن، بەڵکو پێویستە بگۆدرێن بۆ کاری پلانڕێژکراوی ڕێکخراو، جا لەسەر ئاستی دامەزراوە و دەستەجەمعییە فەرمییەکان بێت، یان لەسەر ئاستی ئەو دامەزراوانەی کە چەند کەسێک کۆدەکاتەوە.

# بەشی پێنجەم
# دامەزراوەی سیاسیی لە دیدگای قورئانییەوە

**ئامادەکردنی: پ.د. ئەلسەید عومەر**
**پرۆفیسۆری زانستە ڕامیاریەکان لە زانکۆی حەلوان**

**پێشەکی**

تەوەرەکانی ئەم دیراسەیە لە دەوری بنیاتنانی چەمکی دامەزراوەی سیاسی دەسوڕێتەوە، لەرێگەی ناساندنی ناوەڕۆکە زمانەوانییەکەی، وەک دەستپێکێک بۆ نەخشاندی نیشانە و تایبەتمەندییەکانی لە دیدی قورئانییەوە، هەروەها لە ڕێگەی گەڕان بەدوای ئاماژەکانی پێشوازیکردن لە بنیاتنانی عەقڵیەتی سیاسی دامەزراوەیی لە قورئانی پیرۆزدا، ئەمەش بەم وردەکارییەی کە دێت:

## (١)

## ناوەڕۆکی زمانەوانی چەمکی دامەزراوە

نووسەری (مقاييس اللغة) دەڵێت: هەمزە و سین بەڵگەن لەسەر بنچینە و شتی پتەوی جێگیر. کەواتە "الأس" بناغەی بینایە، بناغە و بنەچەی پیاو و ڕوخساری ڕۆژگارە.

لە (لسان العرب)یشدا "أس الإنسان": دڵیەتی، بناغەی بیناش سەرەتاکەیەتی. خانووەکە بنیاتنرا، سنوورەکەی بنیاتنرا، بناغەکەی بەرز کرایەوە. (الأسيس)یش واتا لەبریی. پوختەی ئەم ناوەڕۆکانە ئەوەیە کە دامەزراوەیی واتا: جێگیری ڕێکخەری سەرەتا و کۆتایی و ئەوەشی کە لە نێوانیاندایە، هەروەها سنووری شت و نیشانەکانی و ئەوانەی وەکو ئەون. بۆیە ئەم چەمکە بەزۆری لەگەڵ هەردوو چەمکی دادگەری و یەکسانی تێکەڵدەبن.

فەزا مەعریفییەکەش درێژدەبێتەوە و مرۆڤ ڕشتەکان و کات و شوێنیش ئەگرێتەوە.

دەلالەتی زاراوەیی چەمکەکەش لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە زمانەوانییە گونجاوە، هەرچەندە بەرتەسکیشی دەکاتەوە. ئەم چەمکە سەردەکێشێت بۆ دامەزراندن بەدروستکردنی شوناسێکی کۆکەرەوە، ئەویش یان بەبونیادنانی خوونەریتگەلێکی جێگیر، یان بە داڕشتنی یاساگەلێکی ڕێکخەری ڕەفتار، مەبەستیش لە دامەزراندنی گەل :بریتییە لە گۆرینی کۆمەڵە کەسێک بۆ کەسانێکی کۆمەڵایەتی کە پەی بەشوناسی خۆیان ببەن و دان بەدەسەڵاتی ڕێکخەری ئەو شوناسەدابنێن، وێرای جیاوازیی دڵخوازی تاکەکانی و بەرژەوەندییەکانیان.

بەگوزارشتێکی تر چەمکی دامەزراوەی سیاسی بەسەر ئەو حاڵەتەدا دەچەسپێت کە کۆمەڵێکی تێدایە نەریت و ڕەفتاری مرۆییان ڕێکدەخات، یاساش کە یاسادانەر دایدەنێت -رەفتاری تاکەکانی وەکو هاوڵاتی ڕێکدەخات.

کۆمەڵگەی دامەزراویش ئەو کۆمەڵگەیەیە کە سیستمێکی تێدا باوە کە تاکەکانی لە شتگەلێکدا ڕێکدەخات کە لە سایەیدا دەتوانن: ماف و ئەرکە

ئاڵوگۆڕکراوەکانیان بزانن و پێشبینی دەرەنجامی ڕەفتارەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بکەن.

بەمەش دامەزراوە ڕێساگەلێکە بۆ بیرکردنەوە و ڕەفتار کە کۆمەڵێک گەلاڵەی دەکەن و ئەو ڕێسایانەش دەبنە جیاکەرەوەیان و بوونیشیان دیاری دەکەن.

لەم چەمکەدا دوو شت پێکەوەگرێدراون : پێوەر و پاداشت و سزای بەدیهاتوو لەپای پابەندی بەم پێوەرانەوە، بەمەش چەمکی دامەزراوە فراواندەبێت و هەموو ئەو شێوانەی دیسپلینی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە کە ڕایەڵەی ئاڵوگۆڕکراوی پابەندکەر لەسەر ئاستی ڕشتەی ئاوەدانکاری بەهەموو ئاستەکانییەوە دێنێتەدی.

بۆیە هەموو ئەو چالاکی و کارانەی کە کۆمەڵێک ڕێسای جێگیر و ئاڵوگۆڕکراو بەرێوەی دەبەن لەژێر ناوی دامەزراوەدا جێیان دەبێتەوە.

ڕەفتاری دامەزراویش بریتییە لە پابەندبوونی کیانێکی مرۆیی دەستەجەمعیی تاکەکەس بۆ ڕشتەیەک لە ماف و ئەرکی ئاڵوگۆڕکراوی دانپێدانراو و پابەندکەر.

هەروەها ئەم چەمکە، لە بەکارهێنانە هاوچەرخەکانیدا، لە دەوری بنیاتە فکریەکان و شێوازەکانی مامەڵەکردن و نموونەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان دەسورێتەوە.

لەبەرئەوەش کە ڕیشەی چەمکەکە بەم واتایانە بریتییە لە نەریتگەلێکی جێگیری بابەتەکە لەلایەن کۆمەڵگەوە، یان لەرێگای نووسینەوەیان لە ڕێساگەلێکی دەستوری یاساییدا، دامەزراوە وابەستەی بونیاتی کۆمەڵگەیەک دەبێت و گواستنەوەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر ئاسان نییە. لەوەی باسمانکرد بۆمان دەردەکەوێت کە دامەزراوە بیرۆکەیەکە لە واقیعێکی دیاریکراودا، لە دەسەڵاتێک یان ڕێکخراوێکی سەرەکی یان لاوەکیدا بەرجەستەدەبێت. هەروەها دامەزراوەیی ئاماژەیە بۆ سیستم و پێکهاتەی سیستماتیکی چەند جۆرێکی جێگیری کارلێکی کۆمەڵایەتی، کە پشت بە

خوونەریتگەلێکی کۆمەڵەیی و ڕێساگەلێکی فەرمی پابەندکەر و ڕشتەیەکی تایبەت بە پاداشت و سزا دەبەستن.

دامەزراوەش، بە دەلالەتە باوەکەی، کەسێکی ئیعتبارییە، لە بوارێکی دیاریکراودا پسپۆری وەردەگرێت بۆ چاودێریکردنی کارێکی گشتی کە سرووشتێکی ئایینی یان زانستی یان مرۆیی یان هونەری یان هەر کارێکی چاکە و سوودی گشتی هەبێت، کە مەبەستی سوودی ماددی نەبێت.

ئەم دەلالەتەش، لەگەڵ فراوانییەکەی، هێشتا زۆر تەسکترە لە دەلالەتی بنەرەتی چەمکەکە، کە بریتییە لەو بارودۆخەی لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆدا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سازێندراوە، هەروەها ئەو ڕێگایانەی بیرکردنەوە و کارکردن، کە لە دروستبوون و بەرپاکردنی لەپێشدا پەیرەوکراون، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە و تاکەکانی کۆمەڵگە پێیانەوە پابەنددەبن و بەو پێیەی بەشێکن پایەکانی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی، وەک سیستمی هاوسەرگیری و خێزان.

(٢)

## چەمکی دامەزراندن

کرداری (أسس/ دایمەزراند) سێجار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، دوانیان لە ئایەتەکانی سورەتی تەوبەدایە لە باسی جەختکردنەوە لە ناهاوتایی لەنێوان زاتێکی مرۆیی، کە بونیاتەکەی لەسەر تەقوا دامەزرابێت، لەگەڵ یەکێکی تر لەسەر لێواری کەندەلانێکی بێهێز و ڕوخاو دامەزرابێت، کە فڕێیدەداتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، کەواتە کرداری (التأسیس) وابەستە لەگەڵ کۆی پێکهاتەی مرۆیدا هاتووە، کە تەقوا یان زیانگەیاندنی پێوەبێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە بونیاتی دامەزراو شیاوی چاکی و خراپیشە، واتە یان دەبێت بە مەکۆی زیان و زیانبەخشی، یان دەبێتە سۆنگەی سەرکەوتن و هاریکاری لەسەر چاکە.

- هەروەها بۆ کەسێک، کە لە گوتاری قورئانی بڕوانێت و ڕوونبێتەوە، کە جەختێکی زۆر لەسەر ڕشتە و دامەزراوەی ڕێکوپێک کراوەتەوە، لەگەڵ نەخشاندنی نیشانەکانی لادان لە دامەزراوەکاندا بۆ ئاگاییدان لێیان، هەروەها

دیاریکردنی پێوەرەکانی ڕێکوپێکی دامەزراوەیی بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بونیاتی خۆی بەو پێوەرانە هەڵسەنگێنێ.

لە دیارترین ئەو نیشانانەی بەڵگەن لەسەر لێوانلێوی گوتاری قورئانی لە تایبەتمەندی دامەزراوەیی و گرنگیدان بە دامەزراندنی عەقڵیەتی دامەزراوەی سیاسیی بۆ خودی مرۆڤایەتی بەهەموو ئاستەکانیەوە، چەند بەڵگەیەک بۆ وێنە، نەک بۆ کورتهەڵێنان، باس دەکەین:

**- بەرابەرکردنی کۆ بە کۆ (مقابلة الجمع بالجمع):**

بە ڕامان لە ڕستەی قورئانی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئاڕاستەی زاتی مرۆیی کراوە، بۆ دامەزراندنی بونیاتی خۆی وابەستە بە شتگەلێکەوە، کە بونیاتی دەستەجەمعی ڕێکخراویان هەیە و لە کۆی گشتیی ڕشتەیەکی مرۆیی کۆکەرەوە بە درێژایی کات و شوێن دروستدەکات. هەر ڕشتەیەکیش لە خودی خۆی بەرپرس دەبێت، لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕشتەکانی تردا.

لە دیارترین بەڵگەکانی بەرابەری کۆمەڵ بەکۆمەڵ لە قورئاندا:

بەکارهێنانی ئەو کردارانەی بۆ فەرمانکردن و ڕێگریکردنن و ئاڕاستەی کۆمەڵ کراون، لە هەمانکاتدا فەرمانەکە ئاڕاستەی هەموو تاکێکیش کراوە لەوەی پەیوەندی بەبابەتی فەرمانکردن و ڕێگریکرن لەلایەک و گشتگیر نییە بۆ هەموو بوارەکان لە لایەکی ترەوە.

نموونەی ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [المائدة:٦].

واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! کاتێک ویستتان هەستن بۆ نوێژ (پێش ئەوە دەستنوێژ بگرن، بەم شێوەیە) ئەوە سەرەتا ڕووخسارتان بشۆن، ئینجا دەستەکانتان لەگەڵ ئەنیشکتاندا، پاشان دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتاندا، قاچەکانیشتان بشۆن لەگەڵ قولە پێتاندا، ئەگەر لەشتان گران بوو، ئەوە خۆتان

خاوێن بکەن و خۆتان بشۆن، ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان دەستان بە ئاو گەیاندبوو (تارەتتان گرتبوو) یان لە ئافرەتی (نامەحرەم) کەوتبوون و ئاوتان دەست نەدەکەوت (بۆ خۆشتن یان بۆ دەستنوێژ، ئەوکاتە دەتوانن) بە خاکێکی پاک تەیەموم بکەن (واتە لەپی دەستتان بەئاستەم بماڵن بەخاکدا) و بیهێنن بە ڕووخسار و دەستتاندا (تا ئانیشکتان)، خوا نایەوێت لە ئاییندا تووشی سەغڵەتی و نارەحەتیتان بکات، بەڵکو دەیەوێت پاکوخاوێنتان بکات (لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا) و دەیەوێت نازو نیعمەتی خۆیتان بەسەردا تەواوبکات بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن".

هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ﴾. [البقرة: ٢٨٥]، فەرمانەکە بە پێشبڕکێکردن لە کاری چاکەدا ئاڕاستەی هەموو کەسێک کراوە، کە تەکلیفی لەسەرە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە هەمان کاتدا ئاڕاستەی هەموو ئوممەتیش کراوە.

باوەڕدارانیش باوەڕ بەهەموو ئەوانە دەهێنن، کە لەلایەن پەروەردگاریانەوە دابەزێنراوە وەکو ئوممەت و وەکو تاکیش. هەروەها گوتاری قورئانیی کۆ و تاک بەرانبەر دەکات، وەک ئەوەی کە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾. [النور: ٤].

واتە: "ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاک و خاوەن مێرد، پاشان ناتوانن چوار کەسیش بە شایەت بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچیان لێ بدەن و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لە ڕیزی تاوانبارو لە سنوور دەرچوو و یاخییەکاندان". قامچی لێدانەکە بۆ دوانەکە بەیەکەوە نییە، بەڵکو بۆ هەر یەکێکیانە.

قورئانی پیرۆزیش تاکی بەواتای کۆ بەکارهێناوە، بۆ نموونە کاتێک ئاماژە بەوە دەکات کە پێغەمبەر ئیبراهیم (دروودی خودای لەسەر) وەکو ئوممەتێک وایە. هەروەها لە بەکارهێنانی چەمکی (الصدیق) بەوەی کە وەکو کۆمەڵێک وایە. ئەوەتا زاتی حەق دەفەرموێ: ﴿لَّيْسَ عَلَى الْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا مِن بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ آبَائِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَاتِكُمْ أَوْ

بُيُوتِ إِخْوَانِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَعْمَامِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَالِكُمْ أَوْ بُيُوتِ خَالَاتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُ أَوْ صَدِيقِكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَىٰ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾. [النور: ٦١].

واته :"کوێرو نابینا گوناهو گلەییان لەسەر نییە، هەروەها شەل، نەخۆش، هەروەها خۆیشتان، کە خواردن بخۆن لە ماڵی خۆتان یان ماڵی باوکتان یان ماڵی دایکتان، یان ماڵی براکانتان یان ماڵی خوشکەکانتان، یان ماڵی مامەکانتان یان ماڵی پوورەکانتان (خوشکانی باوک)، یان لە ماڵی خاڵەکانتان یان لە ماڵی پوورەکانتان (خوشکانی دایک)، یان ئەو ماڵەی کە کلیلی لای ئێوەیە، یان ماڵی هاوەڵتان، هیچ گوناهتان ناگات، کە بە کۆمەڵ (لەسەر یەک سفرە) نان بخۆن یاخود جیا بە جیا، هەر کاتێک چوونە هەر ماڵێک، سەلام لە خۆتان بکەن و سەلام لە یەکتر بکەن، سەلامێک لە لایەن خوای گەورەوە، کە پڕە لە بەرەکەت و فەڕو جوانی و پاکی، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیرو هۆش بکەنەوە و لێکی بدەنەوە (کە چ پەروەردگارێکی دڵسۆز و غەمخوارمان هەیە، چۆن دەیەوێت ژیانمان بە شێوەیەک ڕێک بخات، کە بە خۆشی و شادی پێکەوە بژین، دوور لە گرفت و کێشەی دەروونی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی".

هەر وەک چۆن قورئانی پیرۆز هەردووکیانی لە پێگەی کۆدا بەکارهێناوە، کاتێک دەفەرموێ: ﴿وَدَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَاهِدِينَ﴾. [الأنبياء: ٨٧].

واتە: "یادی داود و سلەیمانیش بکەرەوە کاتێک بڕیاردرا دەربارەی ئەو کێڵگە کشتوکاڵییە، کاتێک مەڕ و ماڵاتی خەڵکی تیایدا بڵاوبوونەوە بەشەو و زیانیان بە کێڵگەکە گەیاند، ئێمەش شایەت بووین لەسەر ئەو داوەریی و بڕیارەی ئەوان. (لە سەردەمی حوکمی حەزرەتی داوددا ڕانەمەڕێک زەویوزاری کابرایەکی کاولکرد، کابراش چوو سکاڵای خۆی گەیاندە داود، ئەویش بڕیاریدا، کە هەموو ڕانەمەڕەکە بدرێت بە خاوەن زەویەکە، بەڵام

حەزرەتی سولەیمانی کوڕی ڕایەکی پەسەندتری هەبوو وتی: با بەروبوومی ماڵاتەکە بدرێت بە خاوەن زەویەکە، تا زیانەکەی پڕ دەکاتەوە".

**-ئاراستەکردن بەرەو تەبایی و پێکەوەژیان:**

لەپاڵ ئەو جەختکردنەوەیە لە پەیوەندیی ئۆرگانی نێوان کۆ و تاک لە گوتاری قورئاندا، ڕستەی قورئانی دامەزراوەیی وەک تایبەتمەندییەکی ئاوەدانکاری مرۆیی دەچێنێت لەرێگەی جەختکردنەوە بە هەمان گوزارشت و زاراوە لەسەر سرووشتی کۆکەرەوەی خێر و سرووشتی دوورخەرەوە لە شەڕ بەستراوەتەوە بە یەکانەیی بکەرەکە و کۆی فەرمانەکە.

نموونەی ئەمەش ئەوەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّىٰ إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ**﴾. [يونس: ٢٢].

واتە: (ئەی هاوەڵگەران) خوا ئەو زاتەیە، کە لە وشکانی و دەریادا هاتوچۆتان پێدەکات، هەتا ئەو کاتەی کە لە کەشتییەکاندا دەبن و دەیانگوێزنەوە بەهۆی باو شەماڵێکی پاک و ئارامەوە و هەمووان دڵخۆشن پێی، ئەوە بایەکی توند و بەهێز و سەخت بەرەو کەشتییەکە بێت و هەڵبکات، لە هەموو لایەکەوە شەپۆل بۆیان بێت، ئیتر وابزانن کە دەورەدراون و (ڕزگاربوونیان ئەستەمە، ئا لەو کاتەدا خەڵکەکە بەسۆزەوە) هاناو هاوار بۆ خوا دەبەن، دڵنیان خوا نەبێت کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت، لە کاتێکدا بیروباوەڕ و ئایینیان بەتەواویی پاک و پوخت و یەکلایی دەکەنەوە بۆ خوا، بۆیە بەسۆزەوە دەڵێن: سوێند بەخوا ئەگەر لەم بەڵایە، لەم تەنگانەیە، ڕزگارمان بکەیت، ئەوە بەڕاستی دەچینە ڕیزی سوپاسگوزارانتەوە".

ئەوەتا ئەم ئایەتە پیرۆزە بە لەفزی تاک باسی باو شەماڵێکی پاک و ئارام دەکات بەرانبەر بای سزا، ئەمەش دەلالەتێکی واتایی لەخۆدەگرێت کە بریتییە لەوەی کە تەواوی کارایی تەنها بە یەکێتی بکەر دێتەدی. یەکێتی بایەکە و جیاوازنەبوونی دەیکات بە بایەکی پاک و دەبێتە شنەبای ڕەحمەت، جیاوازی

بایەکـان یـان ئەوەی ببـنە بـای قـایم و گەردەلـول و ویـرانکەر، دەبنەهـۆی تیاچوون.

بەهەمـان شـێوە، دەبینـی لە قورئـانی پیـرۆز هەردوو چەمکـی ڕوونـاکی (النور) و ڕێگای ڕاست (الصراط المستقیم)ی بە تاک باسکردووە، لە کاتێکدا هەردوو چەمکی تاریکییەکان (الظلمات) و ڕێچکەکان (السبل)ی بە کۆ هێناوە، ئەمەش ئاماژەیەکی تێدایە بۆ یەکێتی ڕێبازی حەق و ڕاستییەکەی، و جیاوازی ڕێچکە بەتاڵەکان و بەشبەشبوونیان، بەمەش جارێکی تر لایەنی یەکگرتووی کۆک بەسەر لایەنی پەرتەوازە و ناکۆکدا زاڵدەبێت.

لە نموونە قورئانییەکانی تر بۆ ئەمە: ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾. [البقرة: ٢٥٧].

واتە: "خـوا پشـت و پەنـا و خـاوەنی ئەو کەسـانەیە باوەڕیـان هێنـاوە، لـە تاریکاییەکانی (گومـان و سـتەم) دەریـان دەهێنێت و دەیانبـات بەرەو نـوور و ڕوونـاکی، ئەوانەش کـە ڕێبـازی کوفریـان گرتـۆتەبەر، یارمەتیدەرەکانیان تەنها تاغوتەکـانە، لـە نـوور و ڕوونـاکی دەریـان دەهێـنن و بەرەو تاریکاییەکـان دەیـانبەن، ئـا ئەوانـە نیشـتەجێی نـاو ئـاگری دۆزەخـن و بـۆ هەمیشـە تیایـدا دەمێننەوە".

هەروەها: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾. [الأنعام: ١٥٣].

واتە: "بێگومان ئەمەی (کە باسکرا) ڕێبازی منە کە ڕاستە دە ئێوەش شوێنی بکەون، شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون چونکە جیاتـان دەکاتەوە لـە ڕێبـازی خـوا، ئەوەش پەروەردگارتـان فەرمـانی پـێ کـردوون، بـۆ ئەوەی خوانـاس و پارێزکار بن".

**- بەستنەوەی ئازادیی ڕاستەقینە بە پابەندبوون بەرێگای ڕاستەوە:**

نە بوار بۆ جوڵەی هەڕەمەکی و نە بۆ پاشاگەردانی هەیە لە دامەزراندنی بوونیـان لەسـەر تەقـوا لە خـوای گەورە و ڕەزامەنـدی؛ چـونکە ڕێگـای حەق و ڕاست و تاکانە سەردەکێشی بۆ فراوانی و ئـازادی ڕاسـتەقینە بـۆ مرۆڤ، ئەمە

له كاتێكـدا كه ڕێچـكه بەتاڵەكـان لەگەڵ ئەو فرەییەیـان كه له ڕوكەشـدا وا دەنوێنێـت كه شـوێنكەوتوانی ئازادییـان هەیە، سەردەكێشـن بـۆ بەرتەنگـی و تیاچوونی ئازادی، چونكه هەموو ڕێچكه بەتاڵەكان دەگەنەوە بەو (ئاگر)ەی كه هەرگیز خوای گەورە له قورئاندا بەكۆ ناوی نەبردووە، له كاتێكدا كه ڕێگای حەق سەردەكێشێت بۆ ئەو بەهەشتەی كه له قورئاندا بەشێوەی تاك و جوت و كۆش هاتووە.

**٤-جووتمەندی (الزوجیة) بنچینەی ئاوەدانگوزاری مرۆییە:**

تـاكه ڕێـگەی بنیاتنـانی ڕشـتەی ئـاوەدانگوزاریی دامەزراوەیـی بـریتییە لەو چەمكه كۆكەرەوەیە: جووتمەندی.

له دیـارترین نیشـانه بەڵگەییەكانیش لەسـەر ئەمە: جەختكردنەوەی قورئـانی پیـرۆزە لەسـەر ئەوەی كه جووتمەنـدی بـریتییە له سیسـتمی هەمـوو دروسـتكراوەكان، لەبەرانبەر تاكوتەنهـایی كه تایبەتمەنـدییەكه تەنهـا بەدیهێنەر هەیەتـی، ئەوەتـا خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾. [الذاريات: ٤٩].

واتە: "له هەموو شتێك ئێمە جووتمان دروسـتكردوە (لەجیهـانی ئـادەمیزاد و گیاندار و ڕوەك و بێ گیاندا، له هەموو شتێكی ماددی و مەعنەویدا) بۆ ئەوەی بیربكەنەوە و یادەوەری وەربگرن".

هەروەهـا دەفەرمـوێ: ﴿وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا﴾. [النبـإ: ٨]. واتە: "(ئایـا) ئێوەمـان بـه جووت دروستنەكردووە؟".

هەروەهـا تەكلیفی خودایش دەستپێنەكرد تـا ئەو كـاتەی سیفەتی دوانەیـی (الـزوج) له تـاكه نەفسـێكدا دروسـتبوو، و خـوای گەورە حەوای له (ئـادەم) دروسـتكرد و بـوو بەحەوانـگه بـۆی و بەهـۆیەوە بەهێزی كـرد، بەمەش یەكەم خێـزان بـه گرێبەسـتێكی بەهێـز و پـتەو دروسـتبوو بـۆ ئەوەی له ژێـنگەی هاوسەرگیرییەوە چەندین پیاو و ئافرەتی لێ بكەوێتەوە، كه ئەوانیش له نێو خێزانگەلێكدا خۆیان ڕێكبخەن و چەندین هۆز و تیرە و گەل دروستبكەن و له ڕێـگەی یەكترناسـینەوە تـاكه ئـوممەتی كـۆكەرەوە پێكبهێـنن، بەڵكـو چەمكـی

(التزاوج) تەنانەت لە ڕۆژی حەشریشدا لەگەڵ ئوممەتاندا دەبێت، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ وَمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ﴾. [الصافات: ٢٢].

واتە: "خـوای گەورە فەرمانـدەدا بـە فریشـتەکان هەمـوو ئەوانەی سـتەمیان کردووە کۆیان بکەنەوە، خۆیان و هاوسـەرانیان، خۆیـان و هاوشـێوەیان و ئەو شتانەش کە دەیانپەرست".

هەروەها یەکێکی تر لە بەڵگەکان لەسەر قوڵیی چەمکی جووتمەندی ئەوەیە کە ئەو سورەتەی کە خوای گەورە بەناوی خۆیەوە ناوی ناوە (الـرحمن)، کە زۆر یادخستنەوەی بۆ مرۆڤ و جنۆکە تێدایە بە نیعمەتەکانی، هەر لەسـەر ئەم چەمکە بنیاتنراوە، کاتێک دوو شـت ئاوێتە دەکـات: هێنـانەدی بەدروسـتکردن (الإیجاد بالخلقة) و هێنانەدی بەفێرکـردن (الایجاد بـالتعلیم)، هەروەهـا ئەو دوو جـۆرەی کە لە زەویـیەوە دەردەچـن و ژیـان و مەرگ، دادگەری و سـتەم لە تەرازووی خوای گەورەدا، تا غەیری ئەمانە لە جووتەکان (الازواج).

بەمە جووتمەنـدی گەوهەری بژاردەی مـرۆییە و سـینبولی ئاتـاجی ڕەگەزی مـرۆییە و کلیلـی تەواوکـارییە لەنێـوان جوتەکانـدا لە بەدیهێنـانی مەبەسـتی کۆبوونەوەی مرۆیی.

هەروەها چەمکی (الزوجیة) لەگەڵ چەمکی برایەتیدا کۆدەبێتەوە، کە ئەویش چەمکـێکە لە برایەتـی هەر لایەکەوە هـاتووە کە برایەتـی لەگەڵ ئەوی تـردا دەکـات، بەواتـای یەکێتـی مەبەسـت لەنێـوان دوولایەنـدا، کە لە بەرئەنجـامی هاوسـەرگیری خێزانـی، یـان لە کـۆکەرەوەی ئـایین یـان مرۆڤـایەتی، یـاخود مەبەست لەدایکدەبێت.

**٥- ئوممەتی شاهیدی ڕاستیخواز:**

میـانەی قورئـانی لە سـایەی ئەم شـێوازە کـۆکەرەوەیەدا کە بنـاغە بـۆ ئەقلیەتـی ئـوممەتی وەڵامـدانەوە دادەنێـت، گرنگیـی بە بـانگکردن دەدات بـۆ دامەزراوەییبونی توند بەحوکمی کەسێتییە تاکانەکەی، هەروەهـا ئاگایی دەداتێ لە سـازش و شـلگیریکردن تێیـدا، چـونکە دەیکـاتە بەڵـگەی نێگەتیـڤ لەسـەر ئـایینەکەی، و ڕاسـتگۆیەتییەکەی لەلای ئوممەتـانی تـر لە دەسـتدەدات، چـونکە شوناسەکەی وەکو ئوممەتێکی شاهید لە پەڕاوەکانی پێشین هاتووە.

لە سـەرووی ئەو تەكلـیفە خواییـانەی لەسـەر ئەم ئـوممەتەیە، ئەوەیە کە سەرپێچیکردن و لادانی ڕەفتاریی لە واقیعدا هیچ دەروازەیەک بۆ نەتەوەکانی تر نەکاتەوە تا بکرێت بەبەڵگە بەسەریەوە، چونکە لە نیشانەکانی ئەم ئوممەتە کە لە قورئانـدا هـاتووە لە پەڕاوی پێغەمبەرانـی پێشتریشـدا باسـکراوە کە نیشـانەی ناسـینەوەی ئەم ئـوممەتە وەک ئـوممەتێکی یەکگرتـوو، کە پێویسـتە باشترین ئوممەت بێت کە بۆ خەڵکی هاتووە، فەرمان بەچاکە بکات و ڕێگریش لە خراپە و ئیمان بەخوای باڵادەست بهێنێت. لەم سۆنگەیەوە، قورئـانی پیرۆز ئەم ئوممەتە شاهیدە ڕێنمویی دەکات بەوەی پرسیار لە پێشینەی خۆیـان بکەن بە باش و خراپیانەوە، واتە بەشوێن باشـەکانیاندا بگەڕێت بۆ بەرچاوڕوونی و تەواوکردنـی ئەوەی ئەوان بنیاتیـان نـاوە، لە هەمـان کاتـدا بەجـوانترین شـێوە مشـتومڕ لەگەڵ ئەوانەیـان بـکەن کە لە ڕێگەراسـتەکە لایانـداوە، بـۆ ئەوەی بەڵگەیان لەسەر بەرپابکەن.

یەکێک لە شێوازە قورئانییەکانی پێگەیانـدنی مرۆیـی لە دەروازەی پرسـیار لە پێشین بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەواهیدەران (مجمع الشاهدین) کە شانبەشان بە درێژایی بە درێژایی کات و شـوێن هەوڵـی بەرپاکردنی شـەرعی خوای گەورە لەسەر زەوی دەدەن. ئەم پرسیارەش ئاراسـتەی تەنانەت خـودی پێغەمبەریش کراوە، کاتێک خـوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِن دُونِ الرَّحْمَٰنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ﴾. [الزخرف: ٤٥].

واتە: "تـۆ لەو پێغەمـبەرانەی کـە ناردوومانـە پێش تـۆ بپرسـە، ئایـا جگـە لـە خـوای میهرەبـان خـوای ترمـان دیـاری کـردووە کـە بەنـدایەتی بـۆ بکرێـت. (مەبەست ئەوەیە کە سەرچاوەی هەموو پێغەمبەران یەکێکە)".

هەروەهـا پێویسـتە کۆمەڵەی گەواهیلەسـەرداوان (مجمـع المشـهود علـیهم) دابمەزرێندرێت، بە پرسـیاری ئامانجدار بۆ قوڵبوونەوە لە ناسینی ئەوی تـر و بەرپـاکردنی بەڵـگە لەسـەریان لە ڕێـگەی سـەرچاوەکانی خۆیـانەوە. هەروەهـا یەکێکیتر لەو شێوازانە دووبارەدارشتنەوەی پرسیارە، هەروەهـا ئاگابوونە لەو پرسیارانەی کە بۆ وروژاندن لە پێشترن، لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارانەی کە خـراونەتەروو و لە قوڵبـوونەوە لە وەڵامەکانـدا، بە پێشکەشـکردنی وەڵامـی

فراوانتر  له وەڵامی ڕاستەوخۆی پرسیارە پێویستەکان، هەروەها پێگەیاندن لەسەر دروستکردنی ئاکاری کورتهەڵێنان لە پرسیارکردن تەنها لە هێڵە گشتییەکان (الكليات)، هەروەها پرسیارکردن لەو شتانەی کە کاریان بەدوادا دێت و دەکرێت ببنە دەروازەی فراوانی بۆ ئوممەت، نەک بەرتەسککردنەوە یاخود تێکدانی ئارامی دەروونی.

لەو نموونە قورئانییانەی کە دەکرێت لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَىٰ وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾. [البقرة: ١٨٩].

واتە: "پرسیارت لێدەکەن دەربارەی نوێبوونەوەی مانگەکان، پێیان بڵێ ئەوە بۆ دیاریکردنی کاتەکانە بۆ خەڵکی و بۆ زانینی کاتی حەج (خوای گەورە ڕێکیخستووە)، چاکە و چاکەکاریش ئەوە نییە کە لە پشتەوە خۆتان بکەن بە ماڵاندا (کە ئەمە کارێک بوو لە سەردەمی نەفامیدا ئەنجام دەدرا دوای گەڕانەوە لە حەج) بەڵکو چاکە ئەوەیە کە ئەو کەسە لەخواترس و پارێزکار بێت، لە دەرگای ماڵەکانەوە بچنەژوورەوە، لە خوا بترسن بۆ ئەوەی سەرفراز بن".

لێرەدا دووبارە پرسیارەکە درێژکراوەتەوە، وەک ئاگاییدانێک لەوەی کە باشتر ئەوەیە پرسیار لە شتێک بکرێت کە کارێکی لەپشتەوەبێت. کاتێکیش ئوممەت پرسیاری کرد: ﴿يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ﴾. (البقرة: ٢١٥).

واتە: "جەنگ لەسەرتان بڕیاردراوە کە شتێکی گرانە لاتان (ئیماندار بە جەستە لای گرانە بەڵام ڕۆحی پێی ئاسوودەیە بۆ بەرگری لە ئیسلام و لابردنی کۆسپەکان)، بەڵام لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لە چیدایە)، ئێوە نایزانن. (جەنگ لە ئیسلامدا بۆ بەرهەڵستی کردنی دوژمنانی داگیرکەر و دوژمنانی دینە و بۆ

لابردنی ئەو کۆسپانەیە کە نایەڵن خەڵک ئازادانە بژین و ئازادانە ئەو ڕێبازە هەڵبژێرن کە خۆیان قەناعەتیان پێیەتی، هەرگیز بۆ ئەوە نییە کە بەزۆر خەڵک مسوڵمان ببێت و مێژووی ئیسلام شایەتی حاڵە و ئەگەر کارێکی وا ڕووی دابێت ئەوە ئایینی ئیسلام لێی بەرییە)" .

وەڵامەکە بە ڕاگەیاندنی ئەوانەبوو کە شایستەی خێرپێکردنن، لەبری ئەوەی باس لەو شتانە بکات کە پێویستە خێریان لێبکرێت.

هەر کەسێک لە فەزای چەمکی (پرسیار لە قورئانی پیرۆزدا) ڕامێنێت، هەست بەڕێکخستنێکی ناوازە و دامەزراندنی ڕێساگەلێک لە جوانسازی دەکات لە پرسیارەکان و بە پرسیارەکان، هەروەها هەست بە ئاراستەکردن بۆ وەڵامی ڕاست دەکات، هەروەها هەست بە پەندی پێشینەی خستنەڕووی ئەو پرسیارە لەپێشدا دەکات، ئەمە وێڕای پەیبردن بەو پرسیارانەی کە بۆ وروژاندن لەپێشترن و ئەوانەش کە لێگەڕانیان باشترە، هەروەها هەست بە بەرپرسیاریەتی مرۆڤ دەکات لەو پرسیارانەی کە دەیانوروژێنێت.

لە ئیبنوعەباسەوە گێردراوەتەوە کە هاوەڵان لە ئاراستەکردنی پرسیار بۆ پێغەمبەرەکەیان جیاواز بوون لەگەڵی پێچەوانەی جولەکە بوون و جگە لە چوار پرسیار کە لە قورئاندا هاتوون، هیچ پرسیارێکی تریان لێ نەکردووە، بەڵام بەوردبوونەوە لە بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان تەنها لە دە بابەت پرسیاریان لێکردووە، کە بریتین لە: چیان بۆ حەڵاڵکراوە، ئەنفال، بێباوکان، مەی و قومار، سوڕی مانگانەی ئافرەتان، نوێبوونەوەی مانگەکان (الأهلة)، ذو القرنين، ڕۆح، ڕۆژی دوایی.

## (٣)

## بناغەدانان بۆ ئازادی بەرپرسیارانەی مرۆڤ

دامەزراوە لە گەوهەردا ڕێساگەلێکە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکەوە زانراوە، کە بۆ ڕێکوپێککردنی پەیوەندییەکانیان ڕێکخراون. کۆڵەکەی ئەم ڕێسایانە لە دیدگای قورئانییەوە بریتییە لە: بەهێزکردنی ئازادیی مرۆڤ، بەڵگەش لەسەر ئەمە ڕەنگە لە ژماردن نەیەت، ئێمە لێرەدا تەنها پێنجیان باس دەکەین:

**١. ناوهێنانی شت وەک ئەوەی گوتاربۆدراو باوەڕی پێیەتی، نەک وەک ئەوەی لە خودی شتەکەدا هەیە:** لە بەڵگەکانی ئەم حاڵەتە بەکارهێنانی قورئانی پیرۆز بۆ لەفزەکانی: هاوبەش و هاوتا (الشركاء والأنداد)، و وەسفکردنی هەندێک لە کافران و سەربەرز و بەخشندە (العزيز الكريم)، نەرمونیان و هۆشمەند (الحليم الرشيد). هەروەها نمونەی تر زۆرن، لەوانە: فەرموودە لە پرسی ئەوەی وا دانراوە کە دووبارەئەفراندنەوە ئاسانترە لە ئەفراندن، بەو وەسفەی پرسێکە پەیوەستە بەوەی بەهۆشی مرۆڤدا دێت بەهۆی لاوازییانەوە، هەرچەندە ئەم حاڵەتە بە هیچ شێوەیەک سەبارەت بەخوای گەورە و بالا جێگای نابێتەوە، بەڵکو جەختکردنەوەی قورئان لەو ڕێیەدا دەگاتە ئاستی پێشخستنی کرداری مرۆڤ بەسەر کرداری خوای بەرز و بالادا لە ڕێکخستنی شایستەیی پاداشت و سزادا، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾. [الصف: ٥].

واتە: "بیریان بخەرەوە، کاتێک کە موسا بە قەومەکەی وت: ئەی قەوم و هۆزم ئێوە بۆچی ئازاری ڕۆح و دڵم دەدەن، لە کاتێکدا بێگومان دەزانن کە من پێغەمبەر و ڕەوانەکراوی خوام بۆتان، جا کاتێک ئەوان گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لەحەق لایاندا، خوایش دڵەکانیانی لەخشتەبرد و مۆری پێدا نا، چونکە خوا ڕێنموویی قەوم و هۆزی تاوانکار و تاوانبار و لەسنووردەرچوو ناکات".

هەروەها گوتاری قورئانیی بناغە بۆ بەرز و پیرۆزکردنی بەرپرسیارێتی دەستپێشخەری خودیی لە ئەنجامدانی چاکە و خراپەدا دادەنێت. هەر کەسێک کارێکی باش دابهێنێت ئەوا لە پاڵ پاداشتی کارە چاکەکە پاداشتی هەر

کەسێکی تریش بۆ دەنووسرێت کە کاری پێ بکات تا ڕۆژی دوایی، هەر کەسێکیش کارێکی خراپ دابهێنێت ئەوا تاوانی ئەو کارەی بۆ دەنووسرێت و لە پاڵیشیدا تاوانی هەر کەسێکی تریشی بۆ دەنووسرێت کە ئەو کارە ئەنجام بدات تا ڕۆژی دوایی.

بۆ ئەم ڕێسایە بەڵگە بە وەسفی قورئانی پیرۆز دەهێندرێتەوە بە ستەمکارترێتی (الأظلمية) بۆ هەر کەسێک کە لە خراپەکاریدا دەستپێشخەری هەبێت، چونکە دەبێتە پێشەنگ لە جۆری ئەو ستەمەی دایمەزراندووە.

هەر لەم میانەیەدا قورئانی پیرۆز جەخت لەوە دەکاتەوە کە ستەمکارتر لەوەی کە ڕێگری لە ماڵەکانی خودا دەکات ئەو کەسەیە کە ئەوەی داهێناوە و دایمەزراندوە و یەکەمجار کردوویەتی، هەروەها ستەمکارتر لەوەی کە درۆ بەدەم خواوە دەکات کەسێکە کە یەکەمجار بەو کارە هەستاوە.

**بڵاوکردنەوەی هیوا لە مرۆڤدا لە تواناییبونی بەسەر بوونی ئازادیی وشە،** جا پلەی ئەو لادانەی کە ڕووبەرووی دەبێتەوە هەرچەندێک بێت، مادام پشت بە ڕێبازی خوایی دەبەستێت و لە هۆکارەکانی وشکی و دوورکەوتنەوە و دابڕان خۆی دەپارێزێت.

گرنگترین نموونە قورئانییەکانی ئەمە بریتییە لە ڕێنمایی خودایی بۆ موسا و هارون بە نائومێدنەبوون لە ئەگەری هیوایەت وەرگرتنی کەسانی وەکو فیرعەون، لەگەڵ پێویستی بەکارهێنانی نەرمونیانی لە وتەدا، لە چوارچێوەی چاکە و بەرپاکردنی بەڵگەدا. زۆر گرنگە بانگەواز بەرەو چاکە هیوای سەرکەوتنی لە هەوڵەکانیدا لەدەستنەدات.

بەڵگە لەسەر ئەمە، ئەوەیە کە لە زۆربەی ئەو ئایەتە قورئانییانەی ئاماژە بە ڕەحمەت و سزا دەکەن، لە پێشدا باسی ڕەحمەت کراوە، جگە لە ئایەتی چلەمی سورەتی (المائدة) کە پەیوەستە بەڕێگر و چەتەوە، هەروەها چەند جێگەیەکی کەمی تر کە تایبەتن بە گوتار بۆ کافران لە ڕۆژی پاداشت و سزا.

**- پێگەیاندن لەسەر سیفەتی دەستی بڵند (اليد العليا) و دوورکەتنەوە لەدۆخی دەستپانکردنەوە (اليد السفلى)، چونکە دەستی بڵند لە دەستپانکرنەوە باشترە.**

هەژار مرۆڤێکە کە هەموو شیاوییەکی تێدایە، پێویستە ئاراستەی ڕێگەیەک بکرێت کە خۆی لەو حاڵەتە دەربهێنێت بە جەختکردنەوە لەو پاڵنەرانەی کە هەیەتی بۆ کارکردن و تێپەڕاندنی ئەو سیاسەتی هەژارکردنەی هەنوکە هەیە کە یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە توانای ئەو مرۆڤە بۆ وەڵامدانەوەی هاوشێوەی بۆ ئەو پاڵپشتیکردنە.

ئەگەر لەسەر قوڵبونەوەی قورئانی بۆ ئەم بنەما دامەزراوەییە بوەستین، وامان لێ ئەکات جارێکیتر چەمکی هەژار (الفقیر) دابڕێژینەوە لەپێناو کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان دەوڵەمەند و هەژاران، چونکە چەمکەکان وەکو نیشانەکانی ڕێنموویی دەریاوان وان لە ئاوێکدا کە شارەزای نەبین.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) گرنگی بە داڕشتنی چەمکی نەدار (مسکین) دەدا و ڕوونی کردۆتەوە کە کەسێکە: ماڵ و سامانێک شک نابات کە پێویستێتی و بێ ئاتاجی دەکات، هەستیشی پێ ناکرێت تا خێری پێ بکرێت، خۆشی هەڵناستێت سواڵ و دەرۆزە بکات، هەروەها قورئانی پیرۆز ڕوونی کردۆتەوە کە گەوهەری چەمکی (بەدرۆزانینی ئایین) بریتییە لە: مامەڵەڕەقی بەرانبەر بێباوک و هەڵنەنان لەسەر پێدانی خواردنی نەداران، هەر سیستمێکیش هەژاری و نەداری دروستبکات و پاڵپشتی بوونیان بکات، ئەوا وەکو بەدرۆزانینی ئایین وایە، خۆ ئەگەر دامەزراوە خێرخوازییەکان شتانێک پێشکەش بەهەژاران بکەن کە وایان لێبکات پاڵی لێبدەنەوە و بێکار و پیشەبن و بەردەوامبن لە دەستپانکردنەوە و پاڵیان پێوەبنێت بۆ درۆ و فێڵکردن، ئەوا دەبنە دامەزراوەگەلێک کە شیاوی ناوەکەیان نابن.

وێناکردنی زەکات بەوەی کە بریتییە لە: میکانیزمێک بۆ دابینکردنی پێداویستییە هەنوکەییەکانی هەژاران، وێناکردنێکە لەشوێنی خۆیدا نییە، چونکە وەزیفەکەی بریتییە لە: بەدیهێنانی چاکەخوازی دارایی بە شێوەیەک کە کۆمەڵگەیەک بنیاتبنێت کە پێداویستییەکانی پڕبووبێتەوە.

هەر تەشریعێک یان عورفێکیش ژیانی بەشێکی ئوممەتەکەی لەسەر ئەو زیادەیە بنیاتبنێت کە بەشەکەی تری فڕێی دەدات، ئەوە تەشریعە بۆ تێکدان و خراپە لە زەویدا.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) چارەسەری بۆ هەژاری بەوەبوو کە هەژاری ئاراستەدەکرد بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنکار، بە شێوەیەک کە خۆی کێشەی خۆی چارەسەر بکات و بەهەوڵی خۆی خۆی لە سەرشۆڕی و دەرۆزەکردن ڕزگار بکات. گومانیشی تێدا نییە کە قبوڵکردنی ئوممەتەکەمان بەدەستپانکردنەوە لە بێگانە و بەوەی دەستی ئەوان بڵند بێت و دەستی ئێمە لە ژێرەوە، دەروازەیەکی خراپەی گەورەیە و بەزاندنی شوناس و شکۆی ئوممەتیشە.

### ٤. داوای وازهێنان لە داواکردنی پەرجو (موعجیزە):

یەکێک لەو ڕێسایانەی کە قورئانی پیرۆز هانمان دەدات بۆ ئەوەی ئاوەدانگەری مرۆیی لەسەر بنیاتبنێین بریتییە لە: هەوڵدان بۆ وەرگرتنی ڕێنمویی لە ڕێگەی ڕێبازی پێشین؛ ئەوەتا قورئانی پیرۆز جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بەڵگە و نیشانانەی کە پاڵپشتی بانگەوازی پێغەمبەرانی پێشوویان کردووە کاریگەرییەکی کاتییان هەبووە، ئەمە وێڕای ئەوەی لەمەودای دووردا سەریان کێشاوە بۆ زیانگەیاندن بە مرۆڤ.

لێرەوە قورئان ئاگایی دەدات بە ئوممەتی ئیسلامیی لەوەی کە وەکو ئوممەتانی پێشوو داوای مەعجیزە لە پێغەمبەرەکەیان بکەن ئەوەتا لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْأَلُوا رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ﴾. [البقرة: ١٠٨].

واتە :"(ئەی هاوەڵان) ئاخۆ ئێوەش دەتانەوێت داخوازی (گەورە و ناقۆڵا) لە پێغەمبەرەکەتان محمد (دروودی خودای لەسەر) بکەن، هەروەک کاتی خۆی داخوازی لە موسا کرا، جا هەر کەسێک ئیمان و باوەڕ بگۆڕێتەوە بە کوفر، ئەوە بێگومان ڕێبازی ڕاست و دروستی ون کردووە". بەو شێوەیە دوای وازهێنان لە داواکرنی موعجیزە گەیشتۆتە ئاستێک کە وەک و گۆڕینەوەی ئیمان بێت بەکوفر.

**٥. ئاگاییدان لە ئەگەری یاریکردن بە دامەزراوەی ئایینی:**

قورئانی پیرۆز ئاگایی لەوە دەدات کە ئەرزش و سەنگی دامەزراوەی ئایینی بە واتا و ناوەرۆکەکەیەتی، نەک بە پەیکەر و مەبنا. سەرەتای ئیسلامیش ئەوەی بەخۆیەوە بینی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی دەفەرمویێت: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَىٰ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾. [التوبة: ١٠٦].

واتە: "ئەو (دووڕووانەی) کە مزگەوتێکیان دروستکرد لەبەر زەرەردان و بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی و بەرپاکردنی دووبەرەکی لەنێوان ئیمانداران و بۆ چاوەڕوانیکردنی هاتنی ئەو کەسانەی کە پێشتر دووژمنایەتی و جەنگیان دژی خواو پێغەمبەرەکەی دەکرد و بێگومان سوێند دەخۆن کە: ئێمە تەنها مەبەستمان چاکە بووە، (لە کاتێکدا) خوایش شایەتی دەدات کە بەڕاستی ئەوانە درۆزنن". لەگەڵ ئەوەی ئەو دامەزراوەیەی دروستکرا ناونرا مزگەوت، بەڵام مەبەستەکەی زۆر دووربوو لە پەیامی گشتگیری مزگەوت، کە بریتی بوو لە مزگەوتی زیانگەیاندن (ضرار)، (کە شتێکە سوودی بۆ بکەرەکەی نییە و زیانی بۆ کەسانی تریش هەیە، ئەمەش تەنها زیان نییە، کە سوودی بۆ بکەرەکەی هەبێت و زەرەرەکەی بۆ کەسانی تربێت).

کەواتە هەردامەزراوەیەک لەسەر ضرار و ڕوپامایی و ناووشۆرەت دابمەزرێت، هەمان حوکمی ئەو مزگەوتەی هەیە، خۆ ئەگەر ئەو مزگەوتەی کە بۆ زیانگەیاندن دروستکرابوو بروخێنرێت، ئەوا هەردامەزراوەیەکی تر کە بەو مەبەستە دروستبکرێت شیاوترە بەڕوخاندن. واتە ئەو ڕێسایەی ئەم دەروازەیە ڕێکدەخات بریتییە لە: ڕێگریکردن لە هەر کردارێک کە زیانی کەسانی تری لێبکەوێتەوە. زیانەکە پێویستە لاببرێت، تەنانەت ئەگەر لەئاستی دوکەڵی فڕنێکیشدا بێت.

لێرەدا یەکێک لە ناوەڕۆکە گرنگەکان ئاماژەکردنە بەوەی کە مەبەستی باڵای ئایین بریتییە لە جۆشدان و پێکەوە ئاوێتەبوونی دڵانی ئوممەت و یەکخستنی وتەکەی، کەواتە هەر شتێک ببێتە هۆی جیاوازیی نێوان ئیمانداران و دروستکردنی ناکۆکی، پێویستە وازی لێبهێنرێت. هەر لەو لۆژیکەوە،

دامەزراندنی دوو نوێژی بەکۆمەڵ لە یەک کاتدا وەک ڕەمزێک بە نادروست دانراوە. کردەوەش بەپێی مەبەست ئیرادەی ئەنجامدانی دەگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر خاوەنی کردەوەکەش وا بزانێت کە لەسەر هەقە، واتە ئەگەر کارەکەی پێچەوانەی ڕێبازی خوای گەورە بێت دروست نییە.

ئەوەتا بنیاتنەرانی مزگەوتی (ضرار) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تەنها مەبەستیان چاکە بووە. لێرەشەوە نەهی کراوە لەوەی کە پەرستش بۆ خوای گەورە تەنها لە مزگەوتێکدا بکرێت کە لەسەر بنچینەی لەخواترسان بنیاتنرابێت، لەگەڵ ئاگاییدان لەوەی کە ئەگەر لەسەر غەیری ئەوە بنیاتنرابێت ئەوا دووڕوویی لە دڵدا دروستدەکات.

یەکێک لەو بابەتە واتادارانەی کە لەم میانەیەدا دێت، ئاماژەکردنە بە کڕینی نەفسی ئیمانداران لەلایەن خوای گەورەوە، لە باسی دامەزراندنی پەیوەندییەکی گرێبەندیدا، لە تایبەتمەندیەکانی لایەنەمرۆییەکە: باوەڕی بەرجەستەبوو لە گەڕانەوە بۆ لای خوا و گوێڕایەڵی و سوپاسگوزاری و ڕۆژوگرتن و چەمانەوە و کڕنوش، و فەرمانکردن بەچاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و پاراستنی سنوورەکانی خودا.

وەکو نموونەیەک بۆ ئەم تایبەتمەندییانە، باسی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ) دێت. هەروەها باسی نەهیکردن دێت لە داوای لێخۆشبوون بۆ هاوەڵپەیداکەران لەپاش وەفاتیان، لەگەڵ بەردەوامی داوای لێخۆشبوون بۆ زیندووان، هەروەها بە نەرمینواندن و تێکەڵی لەگەڵیان بە وتەی جوان، بەڵکو باوەڕ بهێنن، مادام لە ژیاندان.

واتە شەرع ڕێگریی لە داوای لێخۆشبوون بۆ زیندووان نەکردووە، وەک ئەوەی ئیبنوعەباس دەڵێت، هەروەک چۆن فەرمانی پێکردوین کە بەرۆکەشی بارودۆخیان لەکاتی مەرگیاندا حوکمیان بەسەردا بدەین و نهێنییان بۆ خوای گەورە لێگەڕێین. یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی لە نموونەی ئیبراهیمیدا بەرجەستە دەبێت، بریتییە لە: زۆریی نزا و پاڕانەوە لە خوای گەورە و بەزەیهاتنەوە بە بەندەکانیدا و فێرکردنی کاری چاکە و خێر و دلۆڤانی (الشفقة)

و داوای لێخۆشبوونکردن و نەرمونیانی بە لێخۆشبوون و بوران لە هەڵە و تاوان و ئارامگرتن لەسەر ئازار و ناڕەحەتی.

ئەم نموونەیە ڕێنما و ڕێبەرە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن بە توێشووخستن بە چاکە و بودەستهێنانی پلە و پایەی بەرز لای خوای گەورە.

چەمکی دامەزراوەیی فراوانتر دەبێت و هۆشیاری بە توانای بەکارهێنانی بەڵگەکان یاریکردن پێیان لەسەر ئاستی ڕشتە مرۆییەکان بە گەورە و بچوکیانەوە دەگرێتەوە. ئەوەتا براکانی یوسف بەڵگەیان داتاشی، یوسفیش لە لوتکەی دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا بوو بە دروستکردنی بەڵگەیەک وەڵامی دانەوە.

لێرەدا هەردوو چەمکی (خوێنی درۆ) (الدم الكذب) و چەمکی (ئەو کەسەی کە جامۆڵکە و دەفری پادشای لە لا دەدۆزێتەوە) (من وجد عنده صواع الملك) یەکانگیر دەبن، کە دوو چەمکی زۆر دەوڵەمەندن لە ناوەرۆکی سیاسیی دامەزراوەییاندا.

براکانی یوسف ویستیان خوێنەکە بکەنە نیشانەیەک بۆ ڕاستگۆییان، بەڵام دواتر بەڵگە و نیشانەکان دەریانخست کە ئەو خوێنە درۆی پێوەکراوە، شتی درۆپێوەکراویش لە خودی خۆیدا دەبێتە درۆ. هەر لە باسی ئەم بەڵگەیەدا قورئان ئاگایی نەپارێزراوی هەر ئیجتهادێکی مرۆیی داوە، تەنانەت ئەگەر لە پێغەمبەرێکیشەوە دەربچێت، ئەگەر بەڵگەی خودایی لەگەڵدا نەبێت.

یەکێکی تر لە ناوەرۆکە سیاسییە گرنگەکان لێرەدا بریتییە لە ئیعتیبارکردنی ئەم نرخەی کە لەوان وەرگیرا کە یوسفیان کری بە نرخێکی کەم لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان فرۆشتیانەوە بەعەزیزی میسر، ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ نرخێک هاوتای سەندنەوەی ئازادی لە مرۆڤێکی ئازاد ناکات، لە هەمانکاتدا لەو هەڵوێستەیدا ئاماژەی دروستبوونی کڕینی شتی گرانبەهای بە نرخێکی کەم تێدایە، بەو پێیەی زمانحاڵی بەهێزتر و کاریگەرترە لە زمانی وتن؛ ئەوەتا جێگەی دڕانی کراسەکە پێش هێنانەوەی بەڵگە کەوت.

یەکێکی تر لە سوودە سیاسییەکانی چیرۆکی یوسف (سەلامی خوای لەسەر) بریتییە لە پێویستیی جیاکاری لە نێوان : خراپەکاری سیستەمی فەرمانڕەوا بەرانبەر مرۆڤ لە کەسێتیدا لەگەڵ مافی مرۆڤایەتییەکەی لەسەری.

یوسف لێرەدا بوو بە بانگخواز بۆ وەڵامدانەوەی خراپەکاری و ستەم و پاراستنی ئامۆژگارییەک کە خراپەکاری ناهێڵێت، ئەمەش هێڵە گشتییەکانی شەرعی خوای گەورە بەدی دەهێنێت، لە پاراستنی ئایین و نەفس و ئەقڵ و ڕەچەڵەک و سامان. هەر لەو پێناوەشدا یوسف (سەلامی خوای لەسەر) دەستپێشخەری کرد بۆ ئامادەیی کارکردن کە مەرجەکانی ئەنجامدانی کارەکەشی تێدابوو و بوو بە ئەهلی کارەکە.

هەروەها لەم باسەدا ئاماژەی دروستێتی کاری کەسی خودپەسەند بەسەر کەسی پەسەندکراو تێدایە، لەپێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی. هەروەها ڕێگریکردن لە داواکردنی فەرمانڕەوایەتی، ئەو حاڵەتە ناگرێتەوە کە مرۆڤ تیایدا شیاو بێت بۆ کارێک و  کەسێک نەبێت بەو شێوەیەی ئەو دەیتوانێت و پێویستە پێی هەستێت، ئەمەش واتاکەی ئەوەیە کە بنەمای داوانەکردنی سەرداری و فەرمانڕەوایی ڕێژەییە، نەک ڕەها.

یەکێکی تر لە ناوەڕۆکە سیاسییەکانی ئەو کارەی کە یوسف (سەلامی خوای لەسەر) لەگەڵ براکانیدا ئەنجامیدا، کە دەکرێت سوودی لێ ببینرێت، بریتییە لە دروستیی قبووڵکردنی زیانی کاتی، بەهۆی ئەو سوود و خێرەی لە مەودای دووردا بەهۆیەوە دروستدەبێت، ئەوەتا گلدانەوەی یوسف (سەلامی خوای لەسەر) بۆ براکەی، بیرهێنانەوەی پێغەمبەر یەعقوب (دروودی خودای لەسەر)ی بۆ خەوەکەی سەرەتای یوسف و ئەوەی لێکەوتەوە کە ڕەنگە هەردوو کوڕەکەی لە میسر بن.

لەلایەکی ترەوە، ئەو ڕێگەیەی کە یوسف براکەی پێ گلدایەوە ئاماژەیە بۆ پەروەدەکردنی خەڵکی لەسەر هۆشیارییوون بەوەی کە نابێت سەلامەتی بەڵگەی تۆمەتبارکردن لە ڕووی شکلیەوە وا بکات کە گومانی باش بەوانە نەمێنێت کە زیندانی کراون، هەروەها دڵنیا نەبوون بە تۆمەتبارکردنیان.

چەسپاندنی ئەم بنەمایە دەکرێت سەربکێشێت بۆ بەهێزکردنی پاڵنەری دەستەجەمعی بۆ پێداچونەوە بە بەڵگەکاندا لە لایەک و پاراستنی شکۆمەندی زیندانیکراوان لەلایەکی ترەوە، هەروەها بناغەدانان بۆ ئەگەری گێڕانەوەیان بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵگە بەئاسانی، دوای تاقیکردنەوەیان و زیندانیکردنیان.

هەروەها گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە یوسف (سەلامی خوای لەسەر) لە گلدانەوەی براکانیدا لە شەریعەتی کوڕانی یعقوب، کە وەکو یاسایەکی بەرکار بوو بۆیان، سودی وەرگرت، چونکە بەپێی یاسا باوەکانی میسر لەو کاتەدا نەیدەتوانی بەو کارەهەستێت؛ خۆ ئەگەر براکانی یوسف شارەزاییان لەسەر یاسای ئەو ئوممەتە هەبوایە کە بارودۆخەکە ناچاری کردبوون مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەوا بواریکیان دەبوو بۆ ئەوەی براکەیان بەئازادی بهێڵنەوە. بۆیە گرنگە لە پرۆسەی گەشەسەندندا کار لەسەر هۆشیاری یاسایی گەلانی تر بکرێت بۆ سوود لێوەرگرتن.

مامەڵەکردنیش لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتدا هەرچەندە خاوەن دەسەڵاتەکە چاکیش بێت، پێویستی بە ئامادەسازی هەیە لەبەرانبەردا، ئەگەرنا، هاوکێشەکە تێکدەچێت و بوار بۆ دەسەڵات ئەکرێتەوە یاری بە بەڵگەکان بکات، تا لەرێگەی فرۆفێڵی شاراوەوە بگات بە مەبەستەکانی.

هەروەها یەکێکی تر لە ناوەڕۆکە سیاسییەکانی بریتییە لە: دروستی سکاڵاکردن لە کاتی زیاندا و ئاشکراکردنی بۆ کەسێک کە ئومێدی ئەوەی هەیە سوودێکی هەبێت، هەروەها داواکردن لە دەسەڵات لە کاتی پێویستی دا بۆ ئەوەی دادگەری تێپەڕێنێت بەرەو چاکە (ئیحسان)، یەکێک لەو شتانەش کە کارایی سکاڵاکە بەهێز ئەکات بریتییە لە داننان بە هەڵەدا لەبەرانبەر مافی خەڵکیدا و داوای لێبوردنکردن لە حاڵەتی ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵات بۆ سکاڵاکەرەکە، لەبەرانبەر ئەوەی دەسەڵات چاکە و لێخۆشبوونی هەیە، هەروەها بۆ دانانی بناغەیەک بۆ بنەمای ڕزگاربوونی لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی لە مۆتەکەی هەڵەی یەکتری بەرانبەر بەیەک. لەم میانەیەدا یوسف (سەلامی خوای لەسەر) پشت بە ئەزموونی زیندان دەبەستێت و ئاماژە بە هەڵەی براکانی لەبەرانبەریدا ناکات، چونکە باسکردنی جەفا لە کاتی خۆشیدا جەفایە.

بەڵکو یوسف (سەلامی خوای لەسەر) بۆ باسنەکردنی تاوانی براکانی لە بەرانبەری، تاوانەکەی خستەپاڵ شەیتان و ئاماژەش بە لوتف و بەزەیی و چاکەی خوای گەورەی بەرانبەر بەندەکانی کرد و تەمەننای وەفاتی لەسەر

ئیسـلامەتی خواسـت بەو وەسـفەی کە ئەوە مەبەسـتێکی بـاڵایە کە مـرۆڤ دەیخوازێت، جا لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت لەسەر زەوی.

هەر لەهەمـان ئاڕاسـتەدا میـانە قورئـانییەکەش لە بەرانـبەردا جەخـت لە دوورکەوتنەوە لە چونەماڵی ستەمکاران و سەرقاڵبوون بەوە دەکاتەوە کە لە دەسـتی خەڵکیـدا هەیە، ئەمەش مـرۆڤ بە پابەنـدبوون بە ڕوونـاکی قورئـان بەدەستی دەهێنێت. یەکێک لە پەندەکانی پێشینی باش لە هەوڵدانی دامەزراوەیی لە زەویدا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، ئەوەیە کە ذوالقرنین پێشکەشی کردووە، کاتێک ئەمبەر و ئەوبەری کێوەکەی پڕکرد و سامان و کانزاکانی زەوی لە بە جێگەیاندنی ئەرکەکەیدا بەکارهێنا، وەک پشتیوانێک بۆ ئەو کارە شارستانییەی کە ئامانجی پاراستنی چەوسـاوان و دوورخسـتنەوەی سـتەم بـوو لەسـەریان لەپێنـاو خـوای گەورە. لەسـایەی ئەم ئەزمـوونەوە، دواخسـتن و تەمبەڵیکردنـی ئوممەتکەمان لە گەیشتن بە پێگەی ڕیزی پێشـەوە لە زانسـتە سرووشـتییەکاندا وەکو تاوانێکی گەورە وایە لە حەقی ئیسلامدا.

گەوهەری مرۆڤـایەتی مـرۆڤیش بـریتییە لە هۆشـیاری بەخـودی خـۆی و هەڵگرتنـی ئەمـانەتەکە بەگفتـار و کـردار. مـرۆڤیش فیترەتـی وایە کە بەویسـتی خۆی هەستێت بە ئەنجامدانی تەکلیفە شـەرعییەکان. هەرچەندە پارێزراو نییە لەوەی بکەوێتە حاڵەتی ستەمکردن لە نەفس، بەڵام شـەرع ڕێگەی ڕزگاربونی لەو ستەمە، بە گەڕانەوە لە تاوان، بۆ کردووەتەوە.

یەکێکـی تـریش لە دەروازەکـانی زایەکردنـی ئەمـانەت ئەوەیە کە کاروبـار و دەسەڵات بدرێتە دەستی کەسانی ناشایستە.

لە بەرانبەریشـدا، یەکێـک لە گرنگتـرین هۆکارەکـانی توانـایی بـوون لە هەڵگرتنـی ئەمـانەتەکە پشتبەسـتنە بە نازونیعمەتەکانی خـوای گەورە و بـاڵا، لە بەجێگەیاندنی ئەرکی هاوبەشـی پاک و بێگەردیکـردن بـۆ خـوای گەورە (مهمـة التسـبیح المشـترک) کە لە ڕاسـتییەکدا گەڵاڵەدەبێـت کە بـریتییە لەوەی: هەر دروستکراوێک لەم بوونەوەرەدا خاوەن پەیامێکە، خـوای گەورە فێـری کـردووە و تەکلیفی ئەنجامدانیشی خستۆتە ئەستۆ.

(٤)

## تەبایی و یەکێتی و هۆگربوون (الإیلاف)

لێوانلێوی قورئان بە باسی ئاوەدانکردنەوەی مرۆیی دامەزراوەیی لە یەکێتی و تەبـایی ئوممەتانـدا بەرجەسـتەدەبێت، لە هەوڵـدانی بەردەوامیـان لە زەوی خوای گەورەدا، لە دیارترین بنەماکانی ڕەچاوکرنی ئوممەتان بۆ ئەم نیعمەتە:

**دانـانی نەریتگەلێکـی زینـدوو و جێگیـر:** ئەوەی کە سـوڕەتی (قـریش) ئامـاژەی پێکـردووە کە هۆگربـوون و ڕاهـاتن لەسـەر کـارێکی قـورس، کە گەوهەری گواسـتنەوەی بەهاکـان لە نەوەیەکەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر، دوو شـت لەخۆدەگرێـت: دووبـارەبوونەوەیەک کە خـوویەک دروسـت بکـات، ئەو مەترسـییانەی هەڕەشـە لە دۆخـی ئەو ڕاهـاتن و هۆگربـوونە دروسـتدەکەن، توانـای خۆگونجانـدن لەگەڵ خواسـتەکانی کـات بنچینەی نەریتـی زینـدوو و جێگیـرە، بەڵام چەقبەسـتوویی لەسـەر نەریتێکـی دیـاریکراو، هەرچەنـدە لە بنەڕتیشـدا نەریـتەکە باشـبێت، لە مەکینەیەکـی یەکێتـی و یەکڕیـزی و هۆگربوونەوە، دەیگۆڕێت بۆ کۆتێکی بکوژی زیندوویی نەتەوەکان.

ئەمە لە کاتێکـدا کە قورئـانی پیـرۆز لە سـەرەتایی دابەزینیـدا پێغەمـبەری (دروودی خودای لەسەر) بۆ ئەوە ڕێنمویی دەکرد کە زۆربەی شـەو شـەونوێژ بکـات و جیهـادی کـافرو دووڕووان بکـات، بەڵام لەو ئایەتـانەی کە دواجـار دابەزین، ڕێنموویی دەکرد بۆ: پاکوبێگەردیکردن بۆ خـوا و داوای لێخۆشبوون و هەوڵدان بۆ تەوبە و گەڕانەوە.

یەکێک لەو شتانەش کە خودا منەتی پێکردبوو بەسەر قوڕەیشدا، ئەوە بوو کە خۆشەویستی بازرگانی کردبوو بە نەریتێکی بـاو و ڕاهـاتبوون لەسـەری، هەروەهـا هیدایەتی دابـوون بـۆ ڕێگەی بەدیهێنـانی ئاسـایش و ڕێگریکـردن لە مەترسیەکانی ئەم نەریتە. ئەو سورەتە پیرۆزە ئولفەت و هۆگربوونەکەی پێش برسـێتی خسـتووە، ئەمە لە کاتێکـدا، کە برسـێتی پـێش ئاسـایش خسـتووە، بەرپـاکردنی ئـایینیش ڕێـگەی یەکێتـی و هۆگربـوون و ئاسایشیشـە بەیەکەوە، پارێزەری نەتەوەکانیش لە تـرس و تـۆقین و شـپرزەیی و بێئارامی و ڕژدی و ڕەزیلی بریتییە لە نوێژ، ئەوەتا خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا

(١٩) ذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا (٢٠) وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا (٢١) إِلَّا الْمُصَلِّين (٢٢)الَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ (٢٣)﴾. [المعارج: ١٩-٢٣].

واته: "بەڕاستی ئینسان بە شپرزەیی و تەنگەتاوی دروستکراون. کاتێک ناخۆشی تووش بێت بێزار و دەمبەهاوارە. کاتێکیش خێرو بەرەکەتی تووشبوو، دەستی دەنوقێنێت و قەدەغەی چاکە دەکات. تەنها ئەو نوێژکەرانە نەبێت. ئەوانەی کە لەسەر نوێژەکانیان بەردەوامن".

**- بەرپاکردنی پەیوەندی مرۆیی لە سەر واقعی بابەتەکان :** وردکردنەوەی چەمکی پەرەپێدانی سیاسی ئەوە دەخوازێت کە جیاوازی نێوان واقعی بابەت و ئەوەی لە هەمان بابەتدا هەیە بزانین. گەوهەری ڕێنموویە قورئانییەکان پەیوەستن بە ڕێکخستنی پەیوەندیی مرۆڤ بەواقعی بابەتەکانەوە. لەو سۆنگەیەوە پێویستە دەقی قورئانیی بەو شتانە بارگران نەکرێت کە توێژینەوەکانی تایبەت بە سوننەتی سرووشتی بونەوەر دەیدۆزنەوە، چونکە ئەوانە وەکو ڕێبازێک وان بۆ ناسینی وردەکارییەک کە پەیوەستە بەهەمان شتەوە کە ڕێگە بۆ پاکوبێگەردیکردنی هاوبەش بۆ خودا خۆشدەکەن، ئەویش بە بەگەڕخستنی دەست و بازوو و هزری مرۆڤ، لەو شتانەدا کە خوای گەورە لە زەوی و ئاسماندا بۆی ڕام کردووە، هەرچی دەقە قورئانییەکەیە پەیوەستە بە هێڵە گشتییەکانەوە.

یەکێکی تر لەو نموونانەی کە لەڕێگەیەوە دەتوانین تیشکێک بخەینە سەر ئەم بیرۆکەیە بریتییە لە نموونەهێنانەوەی خوای گەورە بە: ماڵی جاڵجاڵۆکە، بەوەی کە وەکو ڕەمزی لاوازی و بێدەسەڵاتییە. ئەگەر بۆ توێژەرێک ڕوون ببێتەوە کە مێینەی جاڵجاڵۆکە هەڵدەستێت بە چنینی هێلانەکە نەک نێرینەکەی، ئاوا ڕاستەوخۆ بۆ ئەمە دەچێت کە قورئانی پیرۆز پێشتر ئەم زانیاریانەی سەلماندووە، بەو پێیەی قورئان کردارەکەی بەشێوەی تاکی مێ بەکارهێناوە (اتخذت بيتا)، پاشان لێرەوە بۆ ئەوە بچێت کە بەراورد لە نێوان بەهێزیی تاڵی جاڵجاڵۆکە و بەهێزیی هاوشێوەکانی، بۆ ئەوەی بڵێت بەهێزی تاڵی جاڵجاڵۆکە سێ هێندەی هاوشێوەکانی بەهێزە، توێژەرەکە بەم کارەی دەچێتە ناو بازنەی لادان لە دەقی قورئان، بە چوونە ناو هەمان بابەتەوە، ئەمەش لە ڕیزی ئەو

شتانەدایە کە دەچێتە ناو باسەکەیەوە و زانستی دڵنیاییت لە بارەیەوە نییە، ئەمەش شتێکە کە کاراکردنی دەقی قورئانی لەسەری ناوەستێت، تا ئەو شتە بەشەکییانە دەدۆزێتەوە، قورئانی پیرۆزیش ئیماندار لەسەر وازهێنان لە شتێک پەروەردە دەکات، کە کاری لە دوادا نەیەت، هەروەها لەسەر ڕێزگرتنی وتەی (نازانین) سەبارەت بەشێک کە زانیاری لەسەری نییە پەروەردە دەکات.

**- ئازادکردنی ئەقڵی ئوممەت لە گومان و دوودڵی:**

لێرەدا پێویستیی دروستکردنی پەروەردەیەک دێتەپێشەوە کە هەوڵبدات بۆ لابردنی پەنهانی و شارەزایی لەپێناو نەهێشتنی گومان و دوو دڵی و ترس.

خودی چەمکی مرۆڤ (الإنس)یش لە قورئانی پیرۆزدا لە بەرانبەر چەمکی جنۆکە (الجن)دا هاتووە.

گەوهەری مرۆڤبوونیش (الإنسیة) بریتییە لە ناتەنیایی و ئولفەت و پێکەوەبوون، وەک ئەوەی بڵێی مرۆڤ وا ئەفرێندراوە کە هۆگریی بە شتێکەوە بگرێت کە بۆی دەخرێتەڕوو و لە بەرانبەردا هەست بە تەنیایی و بێتاقەتی و بێزاری بکات لە شتێک کە لێی پەنهان و شاراوەبێت، بەمەش هۆگرمەندی تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی ڕەگەزی مرۆڤە، تەنها لەگەڵ کەسێکدا سوودی دەبێت کە ئەو تایبەتمەندییەیان هەبێت، بەڵام ئەوەی ئەم تایبەتمەندییەی نەبێت ئەوا لە پەیبردنەکانی خۆی و لە سوننەتی ژیانی و سەرەنجامیشی جیابۆتەوە.

چەسپاندنی ئەم چەمکە ڕەنگە قورساییەکی گەورە لەسەر شانی ئوممەت لاببات، کە لە ئەنجامی ئەفسانە و ئەو شتە پڕوپووچانەوە دزەیان کردۆتە ناو کۆمەڵگەوە و نەوە لە دوای نەوە گوازراوەتەوە و لە کەلەپووری ئوممەتدا کەڵەکە بووە سەبارەت بە جنۆکە و پەیوەندیی بە مرۆڤەوە.

ئادەمیبوونی ڕاست و دروست بریتییە لە ئادەمیبوونێکی ئازادانە کە بە ویستی خۆی خێر و چاکە بکات و لەڕێگەی گەرانەوەی ڕاستگۆیانەوە هەموو خراپەیەک بسڕێتەوە و هەست بە نائارامی بکات لە هەر لادانێک لەڕێگەی دەروونی لۆمەکارەوە و خۆی لەو ئەفسانانە بەدووربگرێت کە لە خەیاڵ و گومان و ترسەوە سەرچاوەیان گرتووە بەملکەچپێکردنی ناهاوشێوەکان بۆ هەمان ئەو سوننەتانەی ژیانی ئێمەی لەسەر دەڕوات. قورئانی پیرۆز لەم

بـارەیەوە ڕێنموییـان دەکـات بـۆ وەرگرتنـی گەشەسـەندنێکی مرۆیـی (التنشـئة الانســانية) کە لە پێــنج ســەرچاوەوە ئاوبــدرێت: یەکتاپەرســتی، دۆزیــنەوەی بەدیهێنەر لەڕێگەی ڕامان لە بەدیهێنراوەکانی، ڕامان لە سوننەتی خوای گەورە لە بوونەوەردا لەڕێگەی چیرۆکە قورئانیەکانی و گەڕان بەزەویدا، پەروەردە و یاسادانان، زیندووبوونەوە و پاداشت و سزا.

ئەم تەوەرانەی کە قورئانی پیرۆز ڕێکیخستوون پشت بە مێژووی مرۆیی دەبەستن وەک بیرەوەریەکی پەیوەست بۆ ئێستاو ئایندە.

ڕێکخەری ئەمانە بریتییە لە یەکتاپەرستی وەک بەهایەکی ڕێکخەری ژیان، ئامرازەکەشـی بـریتییە لە ئـازادی مرۆیـی بەو پرسـیارانە کە نە بـواری بـۆ بیروبــاوەری زۆرلێکــردن (الجبــر) و نە بــۆ وابەســتەبوون بە گێــڕدراوە گومانهێنەکان تێدایە، چونکە ڕاستگۆیی هەمووی لە کتێبی خودا و سوننەتی دروسـتی پێغەمبەرەکەیـدایە، کە بە هەردووکیـان ڕەچـاوی ئـازادیی مـرۆڤ و بەرپرسـیارێتییەکەی دەکەن و ئەوە دەسـەلمێنن کە هەر زانسـتێک نەگەڕێـتەوە بـۆ لای خـوای گەورە گومانـاوییە، هەروەهـا هـانی وازهێنـان لە گۆشـەگیری دەدەن وەک بـژاردەیەک بـۆ ئـوممەتی وەڵامـدانەوە، کە پێویسـتە پابەنـد بە دەستپێشــخەری و گەیانــدنی ڕوون و جێگیــری و ڕاوەســتاوی لە پــێگەی تێکۆشاندا و هەوڵدان بۆ سەربەرزی و دامەزراویی وەک ناونیشان بۆ خۆی.

بەراسـتی لە تەرازووی قورئانـدا کەمینەیەکـی چـاکەخوازی کـارگوزار لە زۆرینەییەکی پوچی بێکار گرنگترە.

**٤. ئـازادیی بەرپرسـیارانە:** چەمکی ویستی مرۆیی کارکردنی ئازادانە بۆ ئـادەمیبوونی دروسـت لە دیـدی قورئانیـدا پێگەیەکـی گرنگـی هەیە. ئەوەتـا گەوهەری هەموو ئیسلام بریتییە لە: قەدەغەکردنی پەرستش بۆ غەیری خودا و داننان بە یەکسانی لە نێوان هەموو مرۆڤایەتیدا.

هەر لێرەوە ئیسـلام لە پێشـێلکردنی ئـازادی مـرۆڤ ڕازی نییە و هـانی لە نێــوبردنی هەمــوو دیاردەکــانی کــۆیلایەتی دەدات و بنــاغەی بــۆ ئــازادی بیروبـاوەریش دانـاوە و بانگەشـە بـۆ وتەی ڕێـک و دروسـت (یەکتاپەرسـتی) دەکــات، هەروەهــا بــۆ بەڵگەهێنــانەوە بە دروســتبوونی یەکەم لەســەر

دروســـتبوونەوەی دواڕۆژ لەرێـــگەی گەڕان بەزەویـــدا و ڕامـــان لە بەڵـــگە و نیشـــانەکانی خـــوای گەورەلە دەروونـــی مـــرۆڤ و ئاســـۆکانی بـــوونەوەردا، هەروەهـا بانگەشـە بـۆ پـوچەڵکردنەوەی نێوەنـدگیری جـادووگەری دەکـات و شەفاعەت دەکاتە جێگرەوە.

**٥. نەبوونگەرایی شتە بێکەڵکەکان:**

قورئـانی پیـرۆز لە بنەمـایەکی گرنـگ ئاگادارمـان دەکـات کە ئوممەتـان هەڵدەسـوڕێنێت، نـاوەڕۆکەکەی ئەوەیە: هەر شـتێک بەکـارنەهێنرێ و سـوودی لـێ نەبینرێـت حـوکمی فەوتـاو و نەبـووی هەیە. هەر ئوممەتێـک پشـکنین بـۆ سامانەکەی نەکات و بەکاری نەهێنێت، وەکو ئوممەتێکی نەبوو وایە؛ ئەوەتا قورئانی پیرۆز ئەو شار و شارۆچکانەی کە خەڵکەکەی تیاچوون و سوودیان لە شـار و شـارۆچکەکانیان وەرنەگرتـووە، شـارو شـارۆچکەی بە لەنـاوچوو، کاول و چۆڵ، کوێرەوەبوو داناوە، هەروەک چۆن ئەو شـارو شـارۆچکانەی کە خەڵکەکەی ستەمیان کردووە، بەستەم وەسفی کردوون، ئەوەتا دەفەرمویت: ﴿فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ﴾. [الحج: ٤٥].

واتــە :چەنــدەها شــار و شــارەچکەمان لەنــاوبرد لە کاتێکـدا دانیشــتوانی ستەمکار بوون، (ئەوەتە دەبینیت) خانووبەرەکانیان بەسەریەکدا تەپیووە، بیری ئــاوی لەکــارخراو، کۆشــک و تەلاری بەرزو بڵنــدی زۆریشــمان بەچــۆڵی هێشەتەوە و بێخاوەن ماوەتەوە (کە بەڵگەیە لەسەر خەشم و قینی خوا لێیان).

**٦. درێژبوونەوەی شوێنەوار بە ستەم بۆ نەوەکانی ئایندە:**

دەقی قورئانی مرۆڤایەتی بەوە ڕێنموویی دەکات کە کرداری مرۆڤ یان کۆمەڵ لە بەرانبەر هاوشێوەکانیان، جا بەباش بێت یان خراپ بەسەر نەوەکانی دوای خۆیاندا دەگەڕێتەوە بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی دەفەرموێت: ﴿وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا﴾. [النساء:٩].

واتە: "دەبـا ئەوانەش کـە (دوورنیــە بەم نزیکانــە بمــرن) و نەوەی لاواز و ساوایان لەدوا بەجێ بمێنێت، خواناسی و ئاییندارى بکەنە پیشـەیان و گوفتاری

چاك و بەجێ بڵێن (وەسیەت بکەن، بێگومان خوا دەمێنێت بۆ منداڵی جێماویان ئەگەر خواناس و گوفتار جوان و بەخشندە بن)".

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەزەیی باوان بۆ نەوەکانیان دەجوڵێنێت بەوەی خۆیان بخەنە جێی ئەو میراتگرانەی کە ئەوان دەستیان بۆ ماڵ و سامانیان بردون، هەروەها نەوەکانیان بخەنە جێی ئەو نەوانەی کە ئەوان مافیان خواردوە، ئەمەش بۆ بزواندنی هەستی بێزاری و هەڵهاتن لە ستەم و گرتنی دەستی بکەرانی، لەبەر ئەوەی کە ئەو ئەرکەیان زایەکردووە و ڕەنگە هەمان چارەنووس چاوەڕێی ماڵ و منداڵیان بکات، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ڕاهاتن لەگەڵ خراپەکاری، خراپی و ناشرینیەکەی لە بیردەباتەوە.

شتێک کە لەو ڕاهاتنە خراپە ڕزگاری بکات، بریتییە لە ترسان لە خوای گەورە لەمەڕ سامانی کەسانی تر و وتنی چاکە لە بەرانبەریان و گێڕانەوەی سپاردەی مادی و مەعنەوی بۆ خاوەنەکانی، لە پێشیشیانەوە: وتنی ڕاستی و دانپێدانانی و ئەنجامدانی چاکە و گەیاندنی زانست.

یەکەمین کەسانێکیش کە داوای زایەنەکردنی سپاردەیان لێکراوە و داوایان لێکراوە کە بیگێڕنەوە، بۆ ئەوانەی شایستەن، کاربەدەستانن، چونکە چەمکی فەرمانداری لەخۆیدا واتە گرنگیدان بە سەرخستنی ئەو کەسانەی لە سەر هەقن بەسەر ئەوانەی کە لەسەر بەتاڵن، هەروەها ڕێگریکردنە لە کردارێک کە ئەنجامدانی دروست نییە، هەروەها گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی و سەندنەوەی ماف لە ستەمکار و دەستدرێژیکار و یەکسانی لە نێوان خەڵکیدا لە ناوەڕۆکی ئەوەی کە پێویستە هەموو خاوەن مافێک بتوانێت سوود لە مافەکانی وەربگرێت و هەر کەسێک شایستەی شتێک بوو پێی بدرێت، بەبێ زیادەڕۆیکردن یان خەمساردینواندن و بەبێ پەلەپەل یان دواخستن، ئائەمەیە کرۆکی دادگەریی وەک بنچینەی فەرمانداری.

دەقە قورئانییەکەش بەڕەهایی باسی گێڕانەوەی ئەمانەت بۆ خاوەنەکەی دەکات بەبێ هیچ کۆتێک، هەروەها هانمان دەدات بۆ پابەندبوون بەو فەرمانەوە لە هەموو باروحاڵێکدا، هەروەک چۆن دەمانترسێنێت لە سەرئەنجامی خیانەتکردن لە ئەمانەت.

**پێنجەم: پوختەیەکی گشتی:**

دامەزراوەی سیاسی واتە پێکهاتەیەکی دەستەجەمعیی کە گرووپێکی مرۆیی بە ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش ڕێکدەخات، بەمەش کەسی دەستەجەمعی تێیدا جێی تاکەکان دەگرێتەوە. دامەزراوە پێویستییەکە، بەو پێیەی بیری کۆمەڵایەتی نادامەزراوەیی نەزۆکە؛ هەستی کۆمەڵایەتی ناڕێکخراو لە ڕووی دامەزراوەییەوە وەکو (پێکهاتەی زۆنگاو) وایە.

ئینتیماش لەنێوان (هزر و هەستی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو و بەدامەزراوییکراودا دەسوڕێتەوە، کە لە پێکهاتەیەکی دەستەجەمعیی ڕێکخراودا داڕێژراوە، کە زامنی بەردەوامی و کاریگەریی کۆمەڵایەتی بەدواییەکداهاتووی دەکات). دامەزراوە لەسەر چەند ڕایەڵەیەکی بەرژەوەندی دەوەستێت بۆ خودی خۆی، یان کۆمەڵێکی گەورەتر لە دەرەوەی چوارچێوەی خۆی. تۆوی ئەم بۆ تۆوی ئینتیما کارلێککردووە پلەبەندییەکانی ئەم بنچینە دامەزروەییە بریتییە لە (دامەزراوەی خێزان).

ئێمە پێویستمان بە گێڕانەوەی دامەزراوەکانی یەکەکانی ئەو ئینتیما لاوەکیانەی کە ڕۆژئاوا وایلێکردوین وابزانین کە ئەوانە لەمپەرن لە بەردەم چاکسازیدا، بۆیە نوێگەریمان لەناوبرد و چاکسازیمان وێرانکرد و دامەزراوەکانمان گۆڕی بە دامەزراوەگەلێکی نوێی نەزۆک کە لە فەلسەفەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەتاک دەستپێدەکات و لەوێشەوە بازهەڵدەدات بۆ وەڵامی گشتیی سەرتاسەری.

پێویستە لەو گیانە دامەزراوەییەوە هەنگاوبنێین کە لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەویش ڕێکخراوە و نابێت لاسایی ئەزموونی دامەزراوەیی ڕۆژئاوایی بکەینەوە، ئەو ئەزموونەی دەرەنجامی واقعێکە کە دراوەکانی جیاوازن لە دراوی ژینگەکەمان، چونکە بارودۆخی ڕۆژئاوا گونجاوبوو کاتێک لە ڕژێمی فیدراڵییەوە و لە ململانێ پاشاکان و پیاوانی کڵێساوە گۆڕاوە بۆ گۆڕەپانی دەوڵەتی نەتەوەیی و شۆڕشی پیشەسازی و عەلمانیەت بۆ بەرزکردنەوەی بەهای تاک، چونکە بەمە ئازادی دەکرد لە دامەزراوەگەلێکی فشاردروستکەر و ڕێگر، هەروەها ڕێگەی لەبەردەمدا

والآدەکرد بۆ ئینتیما بوون بۆ یەکەگەلێکی تری نوێی ئینتیما کە دەرهاویشتەی هەمان کۆمەڵگە بوون، بەڵام لای ئێمە بیرۆکەی تاکگەرایی لەگەڵ بازدان لە تاکەوە بۆ یەکەی گشتیی سەرتاسەری هاوردەکرا بەبێ ئەلقەی نێوند و پێویست.

هەروەک ڕاوێژکار (تاریق ئەلبیشری) دەڵێت هەرکاتێک گەل بوو بە تاک تاک، ئەوا فەرمانڕەواش دەبێتە تاکێک بەهۆی نەمانی پێکهاتە فشاردروستکەرەکان و نەمانی ئینتیمای لاوەکی، لەگەڵ مانەوەی یەکەی ئینتیمای دایک کە تێیدا دیاریکراوە، جیاواز لەوانی تر.

ناوەرۆکی ئەم تێزەش بریتییە لە پێوستبوونی پشتیوانیکردنی هەستکردنی کۆمەڵایەتی بە ڕایەڵەی نزیکایەتی، و جارێکی تر دەرچوون لە کۆتوبەندی خێزانی بچوک بۆ خێزانی گەورە و گێڕانەوەی یەکەکانی ئینتیمای لاوەکی و دامەزراوەکانی، وەک سیستمی ئەوقاف و چاککردنی ئەوەی ماوە لە دامەزراوە کلاسیکییەکان بە شێوەیەک پاڵپشتی کارایی کۆمەڵایەتییان بکات و ئەوەشی نوێیە و بوونی کارای هەیە چاکیان بکات، وەک سەندیکاکان و زانکۆکان، هەروەها دروستکردنی یەکەگەلێکی نوێ بۆ ئینتیما کە واقع بە شێوەیەکی خۆڕسک دەیخوازێت. هەروەها بەشێوەی ئەلتەرناتیڤییەکی ئینتیمای گشتی بۆ یەکەکانی ئینتیمای لاوەکی نەڕوانرێت، بەڵکو وەکو سەرچاوە و پاڵپشت بۆیان بڕوانرێت و بەشێوازیی دامەزراوەیی بڕیاریان تێدا دەربکرێت.

**سەرچاوەکانی ئەم بەشە:**


١. ابن دريد، أبو بكر محمد بن الحسن الأزدي البصري، جمهرة اللغة، بيروت: دار صادر، د.ت.

٢. أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا، معجم مقاييس اللغة، دار الفكر للطباعة والنشر، ١٩٧٩ ،ج ١.

٣. أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم، ابن منظور، لسان العرب، بيروت: دار الرشاد الحديثة، د.ت.

٤. أبو عبد الله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، تفسير القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، القاهرة: دار الريان للتراث، د. ت، ج ٥.

٥. أحمد زكى بدوى، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، بيروت: مكتبة لبنان، ١٩٨٦.

٦. بدر الدين محمد بن عبد الله الزركشي، البرهان في علوم القرآن، تقديم وتعليق: مصطفى عبد القادر عطا، بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ج٤.

٧. د. السيد عمر، النسق السياسي للأسرة في المنظور الإسلامي، ضمن: مؤتمر واقع الأسرة في المجتمع: تشخيص للمشكلات واستكشاف لسياسات المواجهة، القاهرة: كلية الآداب - جامعة عين شمس، ٢٠٠٤.

٨. د. رشدي فكار، علم الاجتماع وعلم النفس والأنثروبولوجيا الاجتماعية، باريسكدار النشر العالمية جتنير، ١٩٨٠، ج١.

٩. د. زكريا كمال، الجديد في تفسير بعض آيات المعارج: القرآن الكريم، القاهرة: دار إحياء الكتب العربية، ١٩٦٢.

١٠. د. عائشة عبد الرحمن، القرآن والتفسير العصري، هذا بلاغ للناس، القاهرة: دار المعارف، ١٩٩٩.

١١. د. عبد الله شحاتة، تأثير الآيات الكونية، القاهرة: دار الاعتصام، ١٩٨٠.

١٢. د. مجدي سعيد، تجربة بنك الفقراء، القاهرة: الدار العربية للعلوم، ٢٠٠٧.

١٣. د. مصطفى بو هندي، نحن والقرآن، مقدمات في أصول التدبر، دراسة منهجية نقدية في علم التفسير، الدار البيضاء: مطبعة النجاح الجديدة، ٢٠٠٢.

١٤. د. يوسف القرضاوي، مشكلة الفقر وكيف عالجها الإسلام، القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٨٦.
١٥. ر. بودون،ف. بوريكو، المعجم النقدي لعلم الاجتماع، ترجمة: د.سليم حداد، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٦.
١٦. الشيخ محمد الغزالي، الإسلام والأوضاع الاقتصادية، القاهرة: دار الصحوة، ١٩٨٧.
١٧. محمد الغزالي، المحاور الخمسة في القرآن الكريم، القاهرة: دار الصحوة للنشر، ٢٠٠٠.
١٨. محمد بن يوسف أطفيش، تيسير التفسير، سلطنة عمان: وزارة التراث القومي والثقافة، ١٩٨٧، ج ٨.
١٩. محمد عبد الباقي، المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، القاهرة: دار الريان للتراث، ١٩٨٧.
٢٠. المستشار طارق البشرى، منهج النظر في النظم السياسية المعاصرة لبلدان العالم الإسلامي، مالطة: مركز دراسات العالم الإسلامي، ١٩٩١.
٢١. مصطفى صادق الرافعي، الجملة القرآنية، تذييل: الأمير شكيب أرسلان، تصحيح وتعليق: عبد البديع القادري، بيروت: دار القادري،.١٩٩.

# بەشی شەشەم

# دامەزراوەی ئایینی

**جەمال قوتب**

**سەرۆکی پێشووتری لیژنەی فەتوا لە ئەزهەر**

## پێشەکی:

بەناوی خوای بەبەزەیی و دلۆڤان، سەڵات و سەلام بۆ سەردارمان محەمەد و بۆ سەر یار و یاوەرانی. لە ئیسلامدا بە کرداریی شتێک بەناوی دامەزراوەی ئایینی نییە(١). خۆ ئەگەر بمانەوێت ناوێکی ئیسلامی بۆ دابنێین ئەوا بە ڕای من

---

(١) ئیسلام بوونی دامەزراوەی ئایینی فەرمی هاوشێوەی دامەزراوە ئایینییەکانی جولەکە و نەسڕانییەکانی بەخۆیەوە نەدیوە، ئەو دامەزراوانەی کە هەژموونیان بەسەر پەیوەندی مرۆڤ بە پەروەردگارییەوە هەبوو و قسەکردنیان بەناوی ئایینەوە قۆرخکردبوو هەرئەوانیش ڕاڤەیان بۆ کرد، بەڵام لە ئیسلامدا ئەمانە بۆ خەڵکی بەگشتی جێهێڵراوە. ئایەتێک هەیە لە قورئانی پیرۆزدا بانگی موسڵمانان بۆ تێگەیشتن و شارەزابوون لە ئاییندا دەکات کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾. (التوبة:١٢٢). واتە :"جا ڕەوا نییە هەرچی ئیمانداران هەیە بەجارێک بچن بۆ غەزا (یان بۆ هەرکارێکی پێویست)، دەی بۆچی ل هەر هۆز و دستەیەک، کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن لە ئایین تێبگەن و فێرببن و قەومەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێک کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هوشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆ نەڕەنجێنن". ئەم ئایەتە باس لە پێویستی هەستانی کۆمەڵێک لە

دەبێت ناوی بنێین (دامەزراوەی بانگەواز)، چونکە وشەی دامەزراوەی ئایینی وشەیەکە مێژوویەکی بەدناوی لە ئەوروپا هەیە، کە دەیەوێت سانسۆرێک لەسەر دڵی خەڵکی دابنێت و نووسراوی لێخۆشبوون (صكوك الغفران)یان پێ بفرۆشێت، هەر ئەویش حەڵاڵ و حەرامکردنی بەدەست بێت و فەرمانڕەواکان دابنێت و لە کاریان بخات و جەنگی (خاچپەرستی) ڕابگەیەنێت.

واتە ئەو دامەزراوەیە ویستویەتی سەربەخۆ بێت، خۆ ئەگەر ئەوەی لە ئەوروپا ڕەخساوە -بەڕوونی دەڵێم- ئەگەر لە وڵاتێکی ئیسلامی بڕەخسایە نەئەکرا پیاوانێک بەو کارە هەستن، تەنانەت ئەگەر لە پلەی جێنشینی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و ئەبوبەکری سددیقیشدا (خوای لێ ڕازیێت) بوونایە، چونکە سروش بۆیە دابەزیوە "دەستە"کان یەکبخات، ڕاوێژ لە نێوان یەکتردا بگۆڕنەوە، نەک دەستەیەک بڕیار بە سەربەخۆ دەربکات، ئەمە ئەوەیە کە قورئان و دابەرزاندنی بۆ ئەرزی واقیع دەیخوازێت، هەرچی وەسفی واقعیشە پێویستە لە دەستی کەسانی تردا بێت لە غەیری ئەوانەی دیراسەی سروش دەکەن؛ واتە هەروەک ئەوەی فیقهی ئیسلامیی لەمێژە پێیگەیشتووە، کە داوەر بە زانستی خۆی بڕیار نادات، پێویستە دامەزراوەی بانگەوازیش _ ئەگەر بەو ناوە ناونرا- بە زانستی خۆی داوەریی نەکات، بەڵکو کۆمەڵە زانایەک بێنێت کە لەسەر گونجان و نەگونجان و دروستی و نادروستی شتەکان ڕا بدەن، چونکە ئەوە دامەزراوەی بانگەوازە کە چەندین ڕەهەندی لەڕووی مێژوویی و واقعی و ئاییندەییەوە هەیە، کە زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە بەخێرایی باسێکی ڕابردوو و وەسفێکی ئێستا دەکەین، بۆ ئەوەی دەستبخەینە سەر ئەو شتانەی لەم دامەزراوەیە دەمانەوێت و لەسۆنگەی دیراسەی سروشی خوایی و گەیاندنی پێغەمبەری خوا (دروودی خودای لەسەر) و ئەزمونی مرۆییمان لە ئەبوبەکرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ.

---

هەرگرووپێک لە گرووپەکانی ئوممەت لەوانەی توانای زانستی و هزریان بۆ تێگەشتنی و شارەزابوون لە ئایینی هەیە، بەڵام ئاماژە بەوە ناکات کە ئەو کۆمەڵە پێگەیەکی جیاوازیان لە ڕووی ئایینییەوە هەبێت، یان ببن بە چینێکی تایبەتی پیرۆز، وەک ئەوەی لای جولەکە و نەسرانییەکان هەیە. بەدەستکارییەوە وەرگیراوە لە وتارێک بەناونیشانی (دور المؤسسة الدينية السنية فى تكريس الفكر الاستبدادي)، وتارێکی بڵاونەکراوە، أحمد الكاتب.

## (١)

### واتای وشەی دامەزراوە

وشــەی دامەزراوە پێویســتە خــودبزاوت بێــت، واتە کەس دەروازەکــانی لە ڕووی دەرەوەوە بەڕوودا دانەخــات، پێویســـتە بــودجەی ســـەربەخۆ بێــت و گەشەی پێبدرێت و بەباشترین شێوە بەکاربهێنرێت و تەحەکومی پێوەبکرێت، هیچ دەسـەڵاتێک مـامەڵەی پێوەنەکات و هیچ ڕەوتێکیش ڕێگری لێنەکات، ئەم باسە بە بابەتێک ڕووندەکەمەوە کە لە سـەردەمی نوێماندا لە سـەرەتای نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتدا ڕووی داوە، کاتێک بـانگخوازانی سعودیە فەتوایانـدا لەسـەر نادروسـتی وەرگرتنـی گـومرک یـان بـاج لەو جگەرەیەی کە دێـتە نـاو میرنشینی عەرەبی سعودیەوە، هاوردەکاران سەریان سوڕما و قسـەیان لەگەڵ شـای سـعودیە کـرد کە چـۆن کەسـێک جلـوبەرگ بهێنێـت گـومرگ بـدات و کەسێکیش شتی خراپ بهێنێت نەیدات؟ لەو کاتەدا (عەبدولعەزیز ئال سعود) ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت شـای سـعودیە بـوو، لەگەڵ ئەوەی فەرمـانڕەوا بـوو، شـتێکی لە فیقهــ دەزانـی، بـۆیە بڕیـاری دەرکـرد بەخەرجنەکردنـی مـوچەی مامۆستایانی ئایینی لەسـەرەتای مـانگی دواتـر کە دێـت _ ئەمە ڕاستییەکە کە بەسەرخۆشمدا هـاتوە و شـاهیدی حـاڵەتەکە بـووم_ بـۆیە مـاوەی مانگێـک مـوچە دواکەوت و مامۆستایانی ئایینییش پرسیاریان لە وەزیری دارایی کـرد: بـۆچی موچەمـان دواکەوتـووە؟ ئەویش بەم شێوەیە وەڵامـی دانەوە: مـوچەی ئێوەمـان نییە، ئێوە فەتواتـان داوە جگەرە حەرامە و بـاج یـان گومرگیشـی لـێ وەرناگیرێـت، ئیـدی ئەوانـیش ناچـار وتیـان مەکـروهە نەک حەرام، پێویسـتە گومرگ و باجیشی لەسەر دابنرێت!

ئەمە ڕووداوێـــــکە لە پەڕاودا جێگیرکــــــراوە نەک لە کـــــوچە و ژوورە تاریکەکانی کۆشکەکانەوە؛ بۆیە پێویستە دامەزراوە سـەربەخۆ بێت، تەنانەت ئەگەر فەتـوای بەکەراهەت، بەڕێگریکـردن، بە قەدەغەکـردنیش دابێـت، پێویسـتە گرنگی بەوە بدرێت کە دەیڵێت، چـونکە ئەوەی دەیڵێت تەنها ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنــامەوانی نیـــیە، بـــۆیە یەکەم نیشـــانەکانی ســـەربەخۆیی ئەوەیە کە لە

بودجەکەیـــدا ئـــازاد بێـــت و لەشـــێوازی وەرگـــرتن و پەروەردەکردنـــی کاروبارەکانیشی ئازاد بێت..

بـۆ نمـوونە: کاتێـک نەوەکـانی سـەردەمی ئێمەیـان لە سـەدەی بیسـتەم لە سیستمی خوێندنی کلاسیکییەوە بۆ سیستمی خوێندنی نویێ گواستەوە، وتیان پێویستە هەر کەسێک دەیەوێت فێربێت و بچێتە یەکەمی سەرەتایی هەموو قورئـان و مەتنەکانیشـی لەبەر بێـت، کە (٦٥) مەتـن بـوو لە نێویانـدا (ئەلفـیەی ئیبنومالیـک) دوای ئەوە خوێنـدکارەکە بە ڕێچـکەی خوێندنـدا دەڕۆیشـت تـا دەگەیشتە زانکۆ، بۆیە وتاربێژی مزگەوتت ئەبینی کە بۆ نموونە پۆلی یەکەمی سـەرەتایی تەواوکردبـوو، یـان کەسـێکی پیاومـاقوڵ یـان سـەرگەورەبوو، هەرچەندە زۆر ڕۆشنبیر بوو، بەڵام هێشتا یەکەمی سەرەتایی تەواونەکردبوو لە کاتێکدا لانیکەم هەموو قورئان و (٦٥) مەتنی بەتێگەیشتنەوە لەبەربوو، بەڵام ئێسـتا جـاری وا هەیە ئەنجـامی پۆلێـک کە دەردەچـن ( )ـە، بەڵام لەپێنـاوی ئاشتی کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی سیاسی، لە بەرئەوەی ئەم ڕێژەیە سوودی بۆی نییە، دەیکات بە (٩٠٪) بەو شێوەیە کەسانێکیش کە لە جوزئی (عەممە)دا دەرنەچوون، دەچنە ڕیزی دەرچووانەوە، بەمەش بۆ ساڵی دواتر ئاستی لاواز دەبێـت، بەڵام هەروەک چـۆن سـاڵی پێشـوو دەرچـوێنراوە و تێپەڕێنـراوە، ئەمساڵیش هەروا دەڕوات، تـا کاتێک دەبینین مامۆستا یان وتاربێژێکمـان بـۆ هـاتۆتە بەرهەم کە هـیچ نـازانێ، بـۆیە بەمـانە دامەزراوە دروسـتنابێت... دامەزراوەیەک کە بتوانێت خۆی کادیرەکانی پێبگەیەنێت، بتوانێت پڕۆگرامەکەی دابنێ و نـوێنەرانی خـۆی دیاریبکـات و لە بەڕێـوەبردنی بـودجەکەی و دانـانی وانەکانیـدا سـەربەخۆبێت، غەیـری ئەمە پێـی ناوترێـت دامەزراوە و هـیچ بنچینەیەکیشی نابێت.

## (٢)

### دامەزراوەی بانگخوازی

لەواقیعدا دامەزراوەی بانگخوازی لە میسڕ گەیشتە ئاستێکی باڵا و مێژووی خەڵکانی تریش گەواهیدەری ئەم ڕاستیەن؛ کاتێک مێژووی بزوتنەوەی خاچپەرستی لە ئەوروپا دەخوێنیتەوە دەڵێت: "لە دەرگای بیست وڵاتماندا توانیمان بچینە ناویانەوە و دەستیان بەسەردا بگرین، بەڵام کاتێک چوین بۆ میسر بەرهەڵستی کراین و بە نائومێدی گەڕاینەوە. کاتێک مێژووی جەنگی تەتار لە ناوچەکەدا دەخوێنینەوە باس لەوە دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە هاتوون و لە میسردا وەستاون.

پاڵەوانی چاخی نوێ و گەورەی دەروازەی ڕۆشنگەری (ناپلیۆن)[1] هات بۆ خاکی میسر، بەڵام خەونەکانی تێکشکان... ئائەمە ئەوەیە کە دوو سەردەم لە سەردەمەکانی دامەزراوەی بانگەواز جیادەکاتەوە...

---

(١) پێش بەرپابوونی شاڵاوی فەرەنسییەکان بۆ سەر میسر، (شارل مەجالون)ی کونسوڵی فەرەنسا لە میسر لە ( )ی فەبرایەری ( ز) ڕاپۆرتی خۆی بۆ حکومەتەکەی پێشکەشکرد و تێیدا هانی حکومەتەکەی بۆ داگیرکردنی میسردا، هەروەها گرنگی دەستگرتنی وڵاتەکەی بەسەر بەروبووم و بازرگانی میسردا ڕوونکردەوە و ئەو سوودانەی باسکرد کە چاوەڕوان دەکرێت فەرەنسا لەم داگیرکردنە چنگی بخات. پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە پێشکەشکردنی ئەو ڕاپۆرتەی (مەجالون) حکومەتی فەرەنسا ڕاپۆرتێکی تری لە (تالیران)ی وەزیری دەرەوە پێگەیشت، ئەم ڕاپۆرتە پێگەیەکی گەورەی لە مێژووی شاڵاوی فەرەنسی بۆ سەر میسر هەیە، چونکە تێیدا باسی ئەو چەند پەیوەندییە کراوە کە لە دێرزەمانەوە لەنێوان فەرەنسا و میسردا هەبووە و ئەو ڕایانەی تێدا خراوەتەڕوو کە باس لە سوودەکانی دەستگرتن بەسەر میسردا دەکەن، هەروەها ئەو بەڵگانەی پێشکەشکردووە کە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە هەل بۆ شاڵاوبردن بۆ میسر و داگیرکردنی ڕەخساوە، هەروەها باسی لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی داگیرکردنەکەش کردووە لە ڕووی ئامادەکردنی سوپا و کەشتی پێویست بۆ گواستنەوەیان و پلانی داگیرکارییە سەربازییەکە، جگە لەوە داوای ڕەچاوکردنی خوونەریتی خەڵکی میسر و سرووتە ئایینییەکانیان و سەرنجڕاکێشانیان و بەدەستهێنانی خۆشەویستییانی کردووە بە ڕێزگرتن لە زانایان و پیاوماقوڵ و خاوەنڕاکانیان، چونکە زانایان پێگەیەکی گەورەیان لای میسرییەکان هەیە. ناپلیون و حکومەتی فەرەنسا لە ساڵی (شاڵاوێکی بۆ سەر میسر ئامادەکرد کە لە (٣٦) هەزار سەرباز پێک هاتبوو. لە ( )ی مایۆی

( ) کەشتیگەلێکی فەرەنسی گەورە پێک هاتبوو لە (٤ ) کەشتی بەسەرکردایەتی کەشتیی سەرکردە (ئوریلیان)، کە بە واتای ڕۆژهەڵات دێت، لە بەندەری (تولۆن)ـەوە دەرچوو، هەواڵی جێهێشتنی فەرەنسا لەلایەن ناپلیۆنەوە گەیشتە ئینگلیزەکان و (نیلسۆن)یان ڕاسپارد کە شوێنی بکەوێت و کەشتیگەلەکەی لەناوببات، بۆیە ئەویش ڕویکردە (مالتە)، بەڵام کاتێک گەیشت، بینی پێنج ڕۆژە کەشتیگەلەکەی ناپلیۆن ئەوێی بەرەو ڕۆژهەڵات جێهێشتووە، بۆیە پێی وابوو کە ڕووی کردۆتە میسر و ئەمیش ڕووی کردە ئەسکەندەریە و لـە ( )ی یونیۆی (ز) گەیشت، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی فەرەنسیی بەدی نەکرد. کەشتیگەلە فەرەنسییەکە لە (١)ی یۆلیۆی ( ) لە (ئەبوقیر)ەوە گەیشتە ڕۆژئاوای ئەسکەندەریە و بەمەش دەستیکرد بە دابەزاندنی هێزەکانی لە وشکانیدا، پاشان سوپایەکی نارد بۆ ئەسکەندەریە، لە ڕێی ئامێرە سەربازییەکانەوە سوپای فەرەنسا لە ساڵی ( ) لە ئەسکەندەریە دابەزی و لە هەمان ڕۆژدا ناپلیۆن بانگەوازێکی ئاراستەی گەلی میسر کرد، هەڵمەتەکەشی بانگەوازی هێوری و هاریکاری ئاراستەی گەلی میسر کرد، ئەوەی بڵاوکردەوە کە گوایە ناپلیۆن موسڵمان بووە و بووە بە هاوڕێ و پارێزەری ئیسلام، بەمە ناپلیۆن دەستی بەسەر دەوڵەمەندترین هەرێمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا گرت، هەر بۆ پڕوپاگەندەی سەربازیش خۆی بەهاوڕێی سوڵتانی عوسمانی لە قەڵەمدا، هەروەها بانگەشەی ئەوەیکرد گوایا تەنها بۆ تۆڵەسەندنەوە لە مەمالیکەکان هاتۆتە میسر، بەو پێیەی ئەوان دوژمنی سوڵتان و گەلی میسرن، ئەمەش نامەی (ناپلیۆن پۆناپەرت) بۆ گەلی میسر کە مێژوونوسانی موسڵمان بە جەنەڕاڵ عەلی ناوی دەبەن: "بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، هیچ خودایەک بەهەق نییە تەنها الله نەبێت و لە دەسەڵاتیدا هاوبەشی نییە.. ئەی زانایان و پێشەوایان... بە ئوممەتەکەتان بڵێن کە فەرەنسییەکانیش موسڵمان و دڵسۆزن، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە ئەوان لە ڕۆمای مەزندا دابەزین و کورسی پاپایان تێکشکاند کە هەمیشە هانی گاورەکانی بۆ دژایەتی ئیسلام داوە، پاشان ڕویان کردە دورگەی ماڵتا و ( کوالیرییەکان)یان لێ وەدەرنا کە دەیانوت خوای گەورە داوای کوشتاری موسڵمانیان لێدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا فەرەنسییەکان لە هەموو کاتێکدا لە خۆشەویستی و دڵسۆزانی سوڵتانی عوسمانی بوون... خوا دەسەڵاتی بەردەوام بکات... خوای گەورە مەزنی سوڵتانی عوسمانی بەردەوام بکات و مەزنی سەربازانی فەرەنسی بەردەوام بکات، نەفرەتی خوا لە مەمالیکەکان، خوا بارودۆخی ئوممەتی میسری چاک بکات".

(محەمەد کەریم)یش بەردەوام بوو لە بەرهەڵستیکردنی پێشڕەویی سوپای فەرەنسی لە ئەسکەندەریە و ناچار هەنگاو بەهەنگاو هاتە دواوە، تا لە قەڵای (ڤایتبای) خۆیگرت و لەگەڵ کۆمەڵێک جەنگاوەر مایەوە، تا دواجار جگە لە خۆبەدەستەوەدان چارێکی نەمابوو و خۆی بەدەستەوەدا و ناپلیۆن هاتە ناو شارەکەوە و ئاسایشی تێدا ڕاگەیاند. لە (٦)ی سبتمبر

چـی وای کـرد کە میسـر خـۆراگر بێـت تـا ئاسـتی گێـڕانەوەی نـاپلیۆن بـۆ فەرەنسـا بەڕاگرتـوویی و جێهێشـتنی (کلیبـر)ی سـەرکردە تـا لەسەردەسـتی (سلێمان ئەلحەلەبی) بکوژرێت و سەرکردە (مینو) مسوڵمانبوونی ڕابگەیەنێت.

کەواتە خەونی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵات بە بەرەکەتی چی کۆتای هات؟

خاچپەرسـتی جیهـانی دەسـتی بە دیراسـەکردنی ئەوەکـرد و بینیـان کە مەمالیکەکـان کەوتـن، خـاوەن سـامانەکان کەوتـن، دامەزراوەکـانی دەوڵەت هەمووی کەوتن، تەنها متمانە لەنێوان پیاوانی دامەزراوەی بانگەواز و گەلدا ماوە (شۆڕشی یەکەم و دووەمی قاهیرە).

## (٣)

## مێژووی هەڵبژاردنی شێخی ئەزهەر

پێویسـتە دامەزراوە جێـی متمانەبێـت.. مومارەسـەکانی، کارەکـانی، بەختـی لەسەر تاقی نەکرێتەوە، فەتوای لەسەر ئەزموون نەکرێت..

شێخی ئەزهەر چۆن دروست دەبوو؟

تا ئەو کاتەی (محمد علی) دەسـەڵاتی گرتەدەست، بۆ مـاوەی (١٠٠٠) سـاڵ لە ئەزهەر هەر چـوار مەزهەبەکە دەخوێندرا، مامۆسـتاکان شـێخەکانی خۆیـان دەناسـی، بەرزترین کەس لە ڕووی زانستەوە لەو مەزهەبەدا شـێخەکەی بـوو، پـاش ئەو مـوفتی مەزهەب دەهـات، دەگـوترا مـوفتی مـالیکی، مـوفتی حەنەفـی، هەموو ئەم هەشت کەسە کۆدەبوونەوە، ئەگەر یەکێکیـان هەڵبژاردایە دەنێردرا بـۆ لای فەرمـانڕەوا و بڕیـاربوون بە شـێخی ئەزهەری پـێ دەردەچـوو، ئەگەر لەبەر ڕانزیکـی لە نێـوان دوانیانـدا یەکلانەبوونـایەتەوە، ئەوا پێویسـت بـوو لەسـەریان سـیانیان بنێـرن بـۆ فەرمـانڕەوا بـۆ ئەوەی لەنێوانیانـدا یەکێـک هەڵبژێرێت.

ئەزهەر هەزار ساڵ بەو شـێوەیە بەردەوام بـوو، لە میسـردا نە بەرگیـری و نە تیـرۆر و نە کوشـتار و نە بۆسـەدانان بـۆ کەس... بینـرا، بـۆ؟ لەبەر متمـانەی

---

( )دا ناپلیۆن پۆناریەرت فەرمانی بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی بەسەر (محەمەد کەریم) لە (مەیدانی ڕمێلە) لە قاهیرە دەرکرد.

گەل بەوەی کە کاتێک ئەمانە قسەیان کردووە (بەسەربەخۆیی) قسەیان کردووە و هەڵوێستیان نواندوە، مەبەستیشیان گیرفانیان نەبووە و بەدوای پلە و پایەشەوە نەبوون و زمانیشیان بەو شێوەیە نەسوڕاوە کە لە پشت پەردەی جیهانگیرییەوە پێیان بوترێت.

پاشان خاچپەرست سیاسەتی خۆی دارشت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵمان و بۆ چۆنێتی هەڵبژاردنی جۆرەکانی فەرمانڕەوایی لێرە؟ بۆ ئەوەی بزانێ کێ هەڵدەبژێرن و پشتی کێ بەردەدەن؟

(محەمەد عەلی) کە لەسەردەستی شێخەکان هات، دووریخستەوە، چونکە ئەوان هێنابوویانە سەرتەخت و هەر ئەوانیش دەیانتوانی جارێکی تر لاییبەن، ئەگەر بینییان کەسێکی باش نییە و نەگونجاوە، هەروەک چۆن لەگەڵ ناپلیۆن کردیان و بەرهەڵستییان کرد و بانگەوازیان بۆ گەل کرد بۆ بەرهەڵستیکردنی تا ڕایکرد و هەڵمەتە فەڕەنسییەکەش سێ ساڵ زیاتر بەردەوام نەبوو.

## (٤)

## دەستێوەردانی سیاسەت لە دامەزراوەی ئایینیدا

لێرەوە سیاسەت دەستیکرد بە دەستێوەردان لە کاروباری دامەزراوەکە، پاشان دەستیکرد بەناردنی هەندێ پارە و دواتر گرتیەوە، تا دۆخەکە گەیشت بەوەی کە ئێستا ئەیبینی.. وا هەزار ساڵە بۆ یەکەمجار کتێبێک بە خوێندکارانی ئەزهەر دەخوێندرێت -جا ڕامان لەسەر ئەو کتێبە هەرچیەک بێت- کە دانراوی ئیمامی ئێستا (شێخ سەید تەنتاوی)یە[1] لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، ئەمە سیستمی دامەزراوە نییە، ئایا لە بۆشاییەوە هاتویت؟ کوا ئەو کتێبەی کە تۆ خوێندوتە و لەکێوە فێربویت؟ خۆ ئەگەر پەراوێزێک یان هەزار کتێبی لەسەر بنووسرێت کە ڕەخنەی لێبگرن ڕەنگە دوای تۆ بخوێندرێت و بەو قۆناغانەدا بڕوات کە بۆ مۆڵەتی وتنەوەی کتێب لە ئەزهەر باون، هەروەها بچێتە (مجمع

(١) شێخ سەید تەنتاوی لە (٢٠٠٦-٢٠١٠) شێخی ئەزهەر بووە، لە (٢٠١٠)ـەوە شێخ ئەحمەد محەمەد ئەتتەییب بووە بە شێخی ئەزهەر و تا ئێستا (٢٠١٩) لەو پۆستەدا ماوە. [وەرگێڕ].

البحوث) و بریار وەربگرێت و بکرێت بە پڕۆگرامی خوێندن.. بەڵام تۆ وەکو شێخی ئەزهەر سەرۆکایەتی ئەزهەر دەکەیت و دەتەوێت چەند نەوەیەک بە بیری کەسێک گۆش بکەیت کە جێگرەوەی نییە؟

ئەمە سیستمی دامەزراوە نییە، بەڵکو دامەزراندنی مەزهەبە بەهێز و ڕەوتێکی ترە، خۆ ئەگەر تۆ لەژێر فەرمانی "فلان" یان "فیسار"دا بیت، ئەوا دامەزراوەی بانگەواز واتای خۆی لەدەستدەدات. تا گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن محمد علی و خێزانەکەی، تا سەرەتای شۆڕش، لە نیوەی ئەو ماوەیەدا دامەزراوەی بانگەواز بەهێز بوو.

**چی ڕووی دا؟**

چ شتێک پشتشکێنە؟ دیالۆکی بێسوود، مشتومڕی ناپسپۆڕانە، بانگەشەی ڕاو ڕای تر؛ دەبێ ئاگاداربین کەی ڕای تر هەبوو، پێویستە خاوەن بڕیاریش هەبێت، ئەوەتا لە نیوەی ماوەکەدا دامەزراوە ئایینەکە بەهێز بوو، ڕۆڵی خۆی ئەگێڕا، بەڵام چۆن سنووری بەزێنرا؟

**بەدوو قۆناغ ئەمە جێبەجێکرا:**

لە میسر سیستمێکی دادوەری هەبوو بەناوی سیستمی شەرعی، ئەمە جیاواز لە دامەزراوە ئایینییەکە، دامەزراوە دادوەرییەکە هەر پارێزگایەک (٣) یان (٤)دادگای بەرایی و دادگای گشتی و دادگای باڵای تێدا هەبوو کە بەدادگای باڵای شەرعی ناو دەبرا[١].

---

(١) دادگا شەرعییەکان لە میسردا بریتی بوون لە دەستەی دادوەری بنەڕەتی لە میسر لە سەردەمی عوسمانیدا کە سەیری هەموو جۆرەکانی ناکۆکییەکانی شارستانی و بازرگانی و تاوانکاری و باری کە سێتییان دەکرد، هەروەها میسر پەیڕەوی سیستمی دادوەرەکانی هەر چوار مەزهەبەکەی دەکرد، بەڵام دادوەری حەنەفی سەرۆکایەیی دەکرد چونکە، مەزهەبی حەنەفی مەزهەبی فەرمی دەوڵەتی عوسمانی بوو. هەروەها دادوەری دادوەران لە (ئەستانبوڵ)ـەوە دیاریی دەکرا و دواتر ئەو هەڵدەستا بە دیاریکردنی چەند جێگرێک بۆ خۆی لە دادگاکانی قاهیرە و هەرێمەکان، بەڵام دواتر بە چەند قۆناغێک دادگا شەرعییەکان نەمان و کار بەیاسای دانراو کرا، تەنها لە باری کە سێتیدا نەبێت.

جێگری سەرۆکی هەر داواکارییەک موفتی ئەو بازنەیە بوو، واتە موفتی کەیسەکانی ئەو ناوچەیە بوو.

هەزار ساڵە و زیاتریش وشەی موفتی لە میسڕدا واتە ئەو کەسە موفتی دادوەرییە، تا ڕادەیەک کاتیک موفتی هەر دادگایەک بەعەمامەوە دەچووە مزگەوتێکەوە، داوای ئیمامەتی نوێژی لێدەکرا، ڕەتی دەکردەوە، چونکە ئیمامی موچەخۆری ئەو مزگەوتە نییە و مزگەوتەکە ئیمامی بۆ دامەزرێنراوە، جگە لەوە وتاری هەینیشی نەدەدا، بەیاننامەشی بۆ خەڵکی دەرنەکرد، وەک کاری دادوەرانە، بۆیە ئینگلیز لەسەر کەمکردنەوەی نفوزی شێخی ئەزهەر لەگەڵی ڕێککەوتن و وتیان لەبری ئەوەی خەڵکی گوێ بۆ ڕای تاکە کەسێک بگرێت با بیکەین بەڕای دوو کەس، بەو شێوەیە دوو ڕا پێشکەشکرا بۆیان تا بوون بە دوو بەشەوە، پاشان چوار مەزهەب هەیە، بەمەش دواتر ئوممەتەکە لەبری دوو ڕا، بەسەر چوار کۆمەڵدا دابەش بوون و ئێستاش لەمە قوتاریان نەبووە..

ئەوەتا ئەوروپا (بیست و حەوت) دەوڵەتن، یەک دراو و یەک بڕیار و یەک دەستور کۆیان دەکاتەوە، مسوڵمانانیش لە میسڕ و غەیری میسڕ دوای چوار مەزهەب و چل پێشەوا کەوتوون.. بەو شێوەیە ئەم گەمەیەیان بەسەر میسڕدا جێبەجێکرد.

لێرەدا ئاماژە بە دادگای باڵای شەرعیی دەکەم کە شێخی ئەزهەر سەرۆکایەتی دەکرد، کۆتاکەشی کە سەرۆکایەتی دەکرد شێخ (حەسونە ئەلنەواوی) بوو (ڕەحمەتی خوای لێبێت)(١)، پێش ئەویش شێخ (عەباس

---

(١) لە هەشتی موحەرەمی ساڵی (١٣١٣ک /١٨٩٥ز) خدێوی عەباس حیلمي دووەم شێخ (حەسونە ئەلنەواوی) بە شێخی ئەزهەر دامەزراند، کە یەکێک بوو لە ئەقڵەگەورەکانی ئەزهەر و لە هەردوو کۆلیجی (المقومة) و (دار العلوم) فیقهي وتوەتەوە. نووسراوێکیشی بەناونیشانی (سلم المسترشدين فى أحكام الفقة والدين) داناوە. ئەم کتێبەی ناوبانگی پەیداکرد و بڵاوبۆوە، تا وایلێهات لە قوتابخانە ئەمیرییەکاندا خرایە پرۆگرامی خوێندنەوە. لە سەردەمی ئەمدا ئەزهەر پەرەسەندنی باشی بەخۆیەوە بینی، لەرێگەی یاسایەکەوە کە دوای ساڵێک لە دەستبەکاربوونی لە (١٣١٤ک/١٨٩٦) دەریکرد، چاکسازیی لە ئەزهەردا کرد و هەنگاوێکی گەورە بردییە پێشەوە.

ئەلمەهـــدی ئەلعەباســـی) بـــوو[١]، هەر یەکێکیـــان لانـــیکەم بـــۆ مـــاوەی چارەکەسـەدەیەک؛ شـێخ (حەسـونە) مـاوەی شانزەسـاڵ لە هەردوو پۆسـتەکەدا مایەوەو پێش ئەویش شێخ (ئەلمەهدی ئەلعەباسی). ئەوەش شتێکی سـەیر بـوو، چـونکە بـاپیری مەسـیحی بـوو هەر ئەویـش پۆسـتی سـەرۆکایەتی ئەزهەر و فەتـوادانی بـۆ مـاوەی بیسـت و سـێ سـاڵ وەرگـرت، هەر بەویسـتی خۆشـی دەستی لەکارکێشایەوە.

## (٥)
## مێژووی خانەی فەتوادان (تأريخ دار الفتاء)

پێویستە دامەزراوە بڕیاری بەدەستی خۆی بێت، هێزی یەکێتی ئوممەتێک کە یەک خـوا بپەرسـتێت و شـوێن یەک کتێـب بکەوێـت و یەک پێغەمـبەری بـۆ هاتبێت کە کۆتـای پێغەمـبەرانە، لەوەدایە کە لەسـەر یەک ڕا کۆببێتەوە.. ئەوەتـا شێخ محـەمەد عەبـدە[٢] (خـوای لێـی ڕازی بێـت) بەشـانوباڵیدا هەڵدرا کە کاتێـک (مفتـی قضــاء) بـوو، کە یەکەم کەس بـوو لەو پۆسـتەدا بێـت، ئیـدی وتیـان ئەو

---

(١) یەکێـک لە شـێخەکانی ئەزهەر کە شـێخ (مـحەمەد ئەلعەباسـی ئەلمەهـدی) بـوو. بـاپیری (باوکی باوکی) نەسڕانی بووە و لەسەر دەستی شێخ (ئەلحەفنی) –کە هەشتەم ئیمام بووە لە شێخەکانی ئەزهەر – موسڵمان بووە.

(٢) پێشـەوا مـحەمەد عەبـدە: مـحەمەدی کـوڕی عەبـدە کـوڕی حەسـەن خەیـروڵڵا، لە سـاڵی (١٢٢٦ک/ ١٨٤٩ز) لە گونـدی (محلـة نصـر) لە (مرکـز شـبراخیت) لە پارێزگـای (البحیـرة) لەدایکبـووە، لە سـاڵی (١٨٦٦) پەیوەنـدیی بە (الجامع الأزهـر)وە کـردووە، لە سـاڵی (١٨٧٧ز) بڕوانامەی جیهانی بەدەستهێناوە، لەساڵی (١٨٧٩ز) وەکو مامۆسـتای مێژوو لە قوتابخـانەی (دار الإسـلام) دەسـتبەکاربووە، هەروەهـا لەسـاڵی (١٨٨٢ز) بەشـداری لە شۆڕشـی (ئەحـمەد عـورابی) لە دژی ئینگلیـز کـردووە، پـاش شکسـتی شۆڕشـەکە بڕیـاری زینـدانیکردنی بـۆ دەرچووە، پاشان بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ بەیروت بۆ دەرچووە، بۆ ماوەی سێ ساڵ، بە بانگێشتی (جەمالەددینی ئەفغانی)ی مامۆستای لەساڵی (١٨٨٤ز) گەشتی بۆ پـاریس کـردووە و ڕۆژنـامەی (العـروة الـوثقی)ی دەرکـردووە، لەسـاڵی (١٨٨٥ز) پاریسـی بەرەو بەیـروت جێهێشـتووە، لە هەمـان سـاڵدا کـۆمەڵەیەکی نهێنیـی بەهەمـان نـاوەوە (العـروة الـوثقی) دامەزراندوە. محمد رائد الاصلاح فی العصر الحدیث، موقع اسلام اونلاین.

موفتی دادگای باڵای شەرعییە (مفتی الدیار المصرية) و جیاواز دەبێ لە ئەزهەر، هەروەها پێیوترا بەموفتی دادەمەزرێنرێیت، وەک ڕێخۆشکردن بۆ دامەزراندنی پۆستی (المشیخة)، هەروەها پێی وترا تۆ سەرکردەی ڕۆشنگەرییت، ئەوانەش پارێزگارن، ڕۆژنامەکانیش بە شێوەیەک دەستیانکرد بە نووسین کە جیاواز بوو لەو زمانەی لە ئەزهەرەوە لەسەری ڕاهاتبوون، ئەمەش لەلایەن کەسانێکەوە پێشوازیی لێکرا.

ئەمە ئەو چیرۆکەیە کە بە ڕۆشنگەری و محەمەد عەبدە و هزر و ڕوناکبیری ناودەبرێت.. هەموو ئەمانە لەبەر ئەوە بوو کە ئەو بە ئەزهەری وت: نا، کاتێکیش ئەو بە ئەزهەری وت :نا، ئیدی کەسێک نەمایەوە کە لەبەردەم خدێویدا بوەستێت، هەروەها کەس نەمایەوە جەخت لە ڕەوایەتی جیهاد لە دژی ئینگلیز بکاتەوە، دوو ڕا دروستبوو، یەکێکیان بانگی بۆ جیهاد دەکرد، ئەوی تریش بانگی بۆ لێبوردەیی و لەسەرخۆیی دەکرد، یەکەم سێ یان چوار حیزبی لەپشتەوە بوو، دووەمیش بەهەمان شێوە، ئائەوە دۆخەکە بوو.

کاتێک دەبیستین کە فڵان کەس بە زانست و بەها و شکۆمەندییەکەی بووە بە موفتی وڵاتی میسر دەتوانێت دامەزراوەیەک بەتەنها دروستبکات، من دەڵێم نا، فەتوادان بە شێکە لە گشت، پێویستە مەنهەج و شوێنکەوتە و بڕیار و ئەو شتانەت هەبێت بەڕێوەی دەبەن، بەڵام فەتوادان بەبێ ئەمانە پێی ناوترێت دامەزراوەی فەتوادان، ئەگەر فەتوادان نەچێتە ژێر چەتری ئەزهەرەوە ئەوە وەکو ئەوەیە کە بەبێ مەبەست ڕێگەیەک هەڵبژێریت کە خەڵکی تری دەرەوەی ئوممەت بۆ ڕۆڵەکانمانی هەڵبژاردوە. ئەزهەر کێشەی تێدایە، ڕاستی ئەکەمەوە، خۆ ئەگەر نەمتوانی ڕاستی بکەمەوە دەست لە کار ئەکێشمەوە.

## (٦)

## وەزارەتی ئەوقاف چۆن دروست کرا؟

ساڵی (١٩١٣) درزێکی تریان دروستکرد، کاتێک بانگەشە بۆ بەرهەڵستی ئینگلیز دەکرا کەسانێک بانگەشەی جیهادیان دەکرد و کەسانێکی تر بانگەشەی لێبوردەیی و بیرکردنەوە دەکرد، ئەوانە شوێنکەوتەی موفتی بوون و ئەوانی تریش شوێنکەوتەی شێخ بوون، هەندێک حەنبەلی بوون، هەندێکی تر مالیکی، لەهەموو کاتێکدا ئەمانە هەیە، بەڵام پێویستە ئوممەت لە دوای یەکێکەوە بڕوات، بەڵام ئەوان وتیان بابیکەین بە سیان، لە میسردا فەرماندارێکی سەربازیی هەبوو ناوی (کۆشنەر) بوو لە (٩)ی ئۆگەستی (١٩١٣)دا یاداشتێکی فەرمیی پێشکەشکرد: پێویستە حکومەتی میسری دوو وەزارەت بۆ حکومەتەکەی زیاد بکات، یەکێکیان بۆ کشتوکاڵ، کە تا ئەو کاتە نەبوو، ئەوی تریان بۆ ئەوقاف و بەڕێوەبردنی کاروباری مزگەوتەکان و شێوازەکەشی ڕوونکردەوە.

خدێوی وەریگرت؛ مزگەوتیان خستە سەر ئەوقاف بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی ئیمام و وتاربێژ بکەن (کە چی بڵێت و کەی بیڵێت!)

وەزارەتی ئەوقاف دروستکراو چەند سیاسییەک سەرکردایەتییان کرد، بەدەگمەن شێخێک یان ئەزهەرییەک پێش شۆرش سەرۆکایەتییان کردبێت، تەنها دوو کەس نەبێت، کە نەبووە بە سێ؛ ئەوانیش هەردوو برای خوالێخۆشبوو شێخ (مستەفا عەبدوڕڕەزاق)ـە و شێخ (عەلی عەبدوڕڕەزاق) بوو، پێش ئەوە هەموویان پاشاوات بوون، لەوانە (موحیب پاشا) (مزگەوتێکی لە زەمالیک هەیە) و شێخ (مستەفا عەبدوڕڕەزاقە)یش پێنج جار کراوە بە وەزیری ئەوقاف بۆ ئەوەی بەربژێری بکەن بۆ مەشیەخە لەبری ئەندامێتی لە دەستەی گەورەزانایان، شێخ (عەلی عەبدوڕڕەزاق)ی برایشی بە وەزیری ئەوقاف دانرا، چونکە تەوبەکردنەکەیان قبوڵکرد لەو کتێبەی کە لەسەر (الإسلام و أصول الحکم) نووسیبوی، بەڵام کاتێک شۆڕشکرا، پەی بەمە براو جارێک (حسین ئەلشافیعی)یان دەهێنا و جارێک (ئەمین هوەیدی) و جارێکی دی (جەمال ڕەفعەت)و (ئەحمەد خەلیفە) و (عەبدولحەلیم مەحمود) و..هتد، تا خەڵکی بزانێت کە مەسەلەکە شەرعی نییە، بەڵکو کارگێڕییە و هەموومان کەسی باشی حەڵاڵزادەین.

## (٧)

### چارەسەر چییە؟

داوای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ناکەین، دامەزراوە پێویستی بە بودجەی سەربەخۆ هەیە، پێویست بە زۆری و بۆری ناکات، پێویستە یەکڕیزیی دامەزراوەیی هەبێت؛ دامەزراوەی بانگەواز پێویستە پەیمانگای سەربەخۆی خۆی هەبێت مامۆستای خۆی لێوە دەربچن هەروەکچۆن هەڵبژاردنی خوێندکاران دەکرێت بە هەڵبژاردنێکی سرووشتی، کە منداڵانی هەر لەمنداڵییەوە لەسەر سیاسەت گۆشدەکرێن و مامۆستایانیش لە ئیمامی مزگەوتەکان هەڵدەبژێردرێن، لەسەر ئاستی پارێزگا ئیمامی پارێزگا هەڵدەبژێردرێت و لیژنەی باڵای بانگەوازیش لە شێخەکانی، نەک لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە، چونکە شێخەکان دەزانن کێ لێهاتوو و شیاوە و لەبەردەم فشاری دامەزراوەی سیاسیدا خۆڕاگرە، لەکۆی لیژنەی باڵای هەڵبژێردراو هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ لە (٢٦) پارێزگاکە دەکرێت، بەوپێیە ئەنجومەنی باڵای ئەزهەر پێکدێت و شێخەکەی و جێگرەکەی و بریکارەکانی و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن هەڵدەبژێردرێن، لە کۆی پسپۆڕان لە وتنەوەی شەریعە و هەڵگرانی دکتۆرا، لەبری ئەوەی لە میسڕدا کۆمەڵەیەک (٦) هەزار مزگەوت بەڕێوە ببات، وەک کۆمەڵەی شەرعی (چونکە نەشێخ حەزی پێیەتی نە موفتی و نە وەزیری ئەوقافیش)، ئەوە کۆمەڵەیەکی خێرخوازییە کە مزگەوت دروستدەکات، چونکە توانای دەوڵەت و ئەو ئامۆژگاریانەشیان نییە کە لە دەوڵەتەوە دێن، ئەگەر مزگەوتێکیشیان لێ وەربگیرێت تووڕە و بێتاقەت دەبن (ئێستا وان).

بۆیە دەمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ یەکڕیزی دامەزراوە، مەشیەخەیەکمان دەوێت کە ئەوقافێکی سەربەخۆی هەبێت، خەڵکی پشتیوان بکەن؛ خەڵکی وێڕای دەستکورتییان دەتوانن خەرجی دامەزراوەی ئایینی بە زیادەوە دابینبکەن، موچەی مامۆستایانی ئایینییش لە ڕێگەی وەقفەوە دابینبکەن، هەروەکچۆن ئەبوبەکری سددیق موچەکەی لە ماڵی مسوڵمانانەوە وەردەگرت.

ئایا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دامەزراوەی ئایینی دەتوانێت پەی بە پسپۆڕیی خۆی ببات؟ ئایا یەکێک لەو دامەزراوانە دەتوانێ بە وەزیری خوێندنی باڵا بڵێ هیچ دەوڵەتێک نییە لەسەر ڕووی زەوی کە ڕۆڵەکانی فێری زمانێکی دووەمی غەیری زمانی نەتەوەیی بکات لە پێش تەمەنی (١٥) ساڵییەوە تەنها لە میسر نەبێت، ئایا یەکێکیان بە سەرۆککۆمار و وەزیری پەروەردە و فێرکردن دەڵێت کە کتێبی (النحو)، کە لە (وزارة المعارف العمومیة) لە چاپدەدرا، بەبێ مۆڵەتی شێخی ئەزهەر لە چاپنەدرێت.

خوای گەورە ئاماژەی بە دامەزراوەی بانگەواز کردووە، نەک ڕای سیاسی و هەوا و ئارەزوو، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾. [التوبة:١٢٢].

واتە: "جا ڕەوا نییە هەرچی ئیمانداران هەیە بەجارێک بچن بۆ غەزا (یان بۆ هەر کارێکی پێویست)، دەی بۆچی لە هەر هۆزو دەستەیەک، کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن لە ئایین تێبگەن و فێرببن و قەومەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێک کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆ نەڕەنجێنن".

ئەمە ئایەتێکە لەمەڕ کرۆکی دامەزراوە، کەواتە گوتارەکە ئاڕاستەی هەموو ئوممەت کراوە، کردەوەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خودای لەسەر) خەڵکی فێری دامەزراوە و سەربەخۆی دەکات.

# بەشی حەوتەم: دامەزراوەکانی فێرکردن لە سەردەمی بووژانەوەی ئیسلامیدا

**پ.د. عەبدولڕەحمان نەقیب**
**پرۆفیسۆری پەروەردە- زانکۆی مەنسورە**

**پێشەکی**

بەو پێیەی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغێکی مێژوویی دوورودرێژی هەر لە دەرکەوتنی ئیسلامەوە تا ئێستا بۆ تەرخانکراوە و ڕووبەرێکی جوگرافی بەرفراوانی لە هەموو کیشوەرەکانی جیهان گرتۆتەوە؛ قسەکردن لە دامەزراوەکانی ئەو پەروەردەیە بە درێژایی کات و شوێن بە شتێکی قورس دادەنرێت، پێویستی بە چەند بەرگێکە، نەک چەند لاپەڕەیەک، سەبارەت بە شێوازەکانی وانەوتنەوەی بەکارهاتووش لەو دامەزراوانە ئەم قسەیە هەر ڕاستە، هەروەها ئەو بەهێزی و لاوازییەی بە درێژایی بە درێژایی مێژوو لە ژینگە کۆمەڵایەتی و کولتوورە جیاوازەکاندا بەسەریدا هاتووە، بۆ ئەمە ئەم باس و خواسەی ئێستا گشتییە و تەنها تایبەتمەندییە گشتییەکانی بابەتەکە دەخاتەڕوو، بەبێ دەرخستنی تایبەتمەندییە تایبەتەکان بە جیاوازی کات و شوێن و بریار و پەروەرەکارانەوە. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە ئەم باسە جەخت دەخاتە سەر ڕێگاکانی وانەوتنەوە لەبواری زانستە شەرعییەکان لە دامەزراوە فێرخوازییەکاندا نەک زانستەکانی تر، دواجار ئەم باسە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چۆن دەتوانین سوود لە ئیسلام وەربگرین لە پرۆسەی هەستانەوەی وانەوتنەوەی زانستە شەرعییەکان لە چاخی نوێدا.

(١)

## سیستمی فێرکردنی ئیسلامی

ڕەنــگە گەورەتــرین هەڵە کە تــوێژەری سیســتمی فێرکردنــی ئیســلامی تێیبکەوێـت ئەوەبێـت کە توێژینەوەکـانی ئەو سیسـتمە لەو گیـانە ئیسـلامییە گشتییە داببڕێت کە تەحەککومی بە کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە کردووە لە قۆناغە درێژەکـانی مێژوویـدا و ئەو گەشــەونما و بەهێـزییەی ئەو گیـانە ئیسـلامییە بەخۆیەوە بینیوە، هەروەهـا ئەو سـاردی خـاوبوونەوەیەی کە دواتـر بەسـەری هاتووە.

بەراسـتی ئیسـلام خـاڵی وەرچەرخـانی ڕیشـەیی بـوو لە ژیـانی عەرەبـدا: لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەروەردەیی و پیشـەوە. ناشـتوانین لەو پێشـوازی و ڕوودکـردنە زۆرە بـۆ زانسـت و فێربـوون لە ژیـانی عەرەبدا لەدوای هاتنی ئیسلام تێبگەین، تا دیراسەی ئەو بنەما ئیسلامییانە نەکەین کە قورئــان هێنــانی و پێغەمــبەر (د.خ) جەختــی لەســەرکردنەوە و جێنشــینە ڕاشیدەکان و پێشینی چاک دواتر جێبەجێیان کردووە، بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و فێرکـردن لە کـۆمەڵگەی ئیسـلامیدا بەراسـتی ئایینێـک لەپشـت ئەو عەوداڵـی و ڕووکردنە بەهێزە بوو بۆ مەیدانە جیاوازەکـانی زانسـت، کە ڕێـزی لە زانسـت و زانایـان دەگـرت و نەزانـی و دواکەوتنـی ئەقلی بـۆ شـوێنکەوتوانی قبـوڵنەکردووە. هەر کەسـێکیش دیراسـەی کتێبەکـانی کەلەپـووری پەروەردەیـی ئیسـلامی بکـات، دەبینێــت چەنــد دەروازەیەک بــۆ زانســت تەرخــانکراون، بــاس لە فەزڵ و گەورەییەکەی دەکەن و هانـدەرن بـۆی و جەخـت لە پێویسـتیی بەدواداچـوونی و بڵاوکردنەوەی لەنێو خەڵکیدا دەکەن.

سەبارەت بەفەزڵی زانستیش خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿**شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ**).﴾ [آل عمران: ١٨].

واتە: "خـوای گەورە (لەرێـگەی دروسـتکراوانیەوە، کـە هەمـووی نیشـانەی دەسەڵاتی دەنوێنێت، خۆی شایەتی داوە و دەریخستووە و سەلماندویەتی کە بەڕاستی جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە کە شایانی پەرستن بێت، هەروەها فریشتەکان و خاوەن زانستەکانیش (لە پێغەمبەران و زانایان) کە بەڕێگەیەکی

ڕاست و دروست دەیسەلمێنن خوا هەمیشە دادپەروەری ڕەهایە و جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە و ئەو خوایەکی باڵادەست و دانایە". بڕوانە خوای گەورە بە خودی زاتی بەرز و پاکی دەستپێکردووە، دووەمجار بەفریشتەکان و سێیەمیش بە ئەهلی زانست. هەروەها دەفەرموویێت: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾. [الزمر: ٩]. واتە: "ئەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەک ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە؟".

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموویێت: ((إن العلماء ورثة الأنبياء))[1]. واتە: "بەراستی زانایان میراتگری پێغەمبەرانن". زانراویشە کە هیچ پلەیەک لە سەروو پلەی پێغەمبەرایەتییەوە نییە، هیچ شەرەفمەندییەک لە سەروو شەرەفمەندیی میراتگرێتی ئەو پلەیەوە نییە.

ڕێنماییەکانی ئیسلام تەنها جەخت لە گرنگی زانست و فێرکردن ناکەنەوە، بەڵکو هانی خەڵکی دەدەن بۆ وەرگرتنی زانیاری، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّين ﴾. [التوبة: ١٢٢]. واتە: "دەی بۆچی لە هەر هۆز و دەستەیەک، کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزابن لە ئایین تێبگەن". پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((من سلك طريقا يطلب فيه علما سلك الله به طريقا من طرق الجنة))[2]. واتە :"هەر کەسێک ڕێگەیەک بگرێتەبەر و لەو ڕێگەیە بۆ زانست بچێت، خوای گەورە ڕێگەیەکی بۆ ئاسان ئەکات بۆ چۆنە بەهەشت".

هەروەها دەفەرموێت: ((طلب العلم فريضة على كل مسلم))[3]. واتە: "داواکردن و فێربوونی زانست لە سەر هەموو مسوڵمانێک پێویستە".

---

(١) الترمذي: سنن الترمذي: كتاب العلم -رقم الحديث ٢٦٠٦.

(٢) أبي داود: سنن أبي داود، كتاب العلم - ڕقم الحديث ٣٤٥٧.

(٣) ابن ماجة، سنن ابن ماجة، ج ١، ص ٨١ - المقدمة - فضل العلماء و الحث على طلب العلم - ڕقم الحديث ٢٢٠.

ئەم ئایەت و فەرمووده پیرۆزانه هانی موسلمانان دەدەن بۆ بەدەستهێنان و وەرگرتنی زانست و پشتپێبەستنی و ڕێزی زانایان بەرز دەکەنەوە، بۆ ئەوەی مسوڵمانان ڕوو بکەنه فێربوون، پێویسته زانایان فێری زانستیان بکەن، لێرەوه ئیسلام داوای پێویستی بڵاوکردنەوەی زانست و نەشاردنەوەی کردووه، هەروەها داوای له زانایان کردووه زانستەکەیان به خەڵکی بگەیەنن.

خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ﴾. [آل عمران: ١٨٧]. واته: "یاد بێنەرەوه؛ کاتێک خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کتێبیان پێ بەخشراوه که ڕوونی بکەنەوه بۆ خەڵکی و مەرامەکانی باس بکەن و نەیشارنەوه".

ئەوەش هەڵنانه بۆ فێربوون و نەشاردنەوەی زانست، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((لا حسد إلا في اثنتين: رجل آتاه الله مالا فسلطه على هلكته في الحق، ورجل آتاه الله حكمة فهو يقضي بها ويعلمها))(١).

بێگومان ئەو ئایەت و فەرمووده پیرۆزانەی هاندەرن بۆ زانست و فێربوون له زەین و نەستی ئیسلامیدا جێگیر بوون و هەر له سەرەتای ئیسلامەوه کۆمەڵگەیان لەسەر گۆشکراوه، بۆیه نابێت فێربوون و فێرکردن تەنها وەکو پیشه و کار سەیربکرێت، بەڵکو پەرستشێکن که بەنده له ڕێگەیانەوه له پەروەردگاری نزیک دەبێتەوه، هەروەکچۆن له ئیسلامدا داوا له زانا کراوه که هەوڵی بەدەستهێنانی زانست و مەعریفەی ژیانی بدات لەهەمان کاتدا داوای لێکراوه کەسانی تریش فێربکات(٢).

بەو گیانه ئیسلامییەوه فێرخواز و مامۆستایانیش به عەوداڵی ڕویان له زانست و بڵاوکردنەوەی کردووه، هەروەها چەندین سامان وەقفکراون بۆ بەڕێوەبردنی بزاڤی زانستیی، ئەوقافەکانیش بەزیادبوونی پەیمانگا زانستییەکان و زۆربوونی ئەو خێرخواز و مامۆستایانەی پەیوەندییان پێوەکردووه زیادیان کردووه.

---

(١) البخاري: صحيح البخاري، كتاب الزكاة، رقم الحديث .

(٢) عبدالرحيم النقيب، بحث التربية الإسلامية - الكتاب الثانى، ص .

بەو پێیەی سیستمی فێرکردن لەشێوازی دروستبوونیدا سیستمێکی میللی بوو. ئەوقاف و سەرچاوەکانیشی بە بووژاندنەوەی ژیانی ڕۆشنبیری و ئابووری و جیهانی ئیسلامی زیادیان کرد، تا وای لێهات ئەوقاف دوکان و خانوو و زەوی و نەخۆشخانەش بگرێتەوە. بەمەش ئەو سەرچاوە و سامانە بێشومارە وای کرد خزمەتی زۆر پێشکەش بە زانایان و فێرخوازان بکرێت؛ وەک خواردن و خوردنەوە و شوێنی مانەوە و چاودێریی پزیشکی و..هتد[١].

هەروەها لەبەر ئەوەی سیستمی فێرکردنی ئیسلامیی لە دروستبوونیدا سیستمێکی میللی خۆرسکبوو، دامەزراوەکانی ئەم سیستمە تاکە فۆڕمێکی چەقەبەستووی وەرنەگرت، بەڵکو بەئەندازەی ئەو ئامانجە میللییانەی لەپشت هەر دامەزراوەیەکی فێرخوازییەوە بوون فۆرم و شێوازیان وەرگرتبوو، لەو دامەزراوانە مزگەوتە کە خوێندنی فرەتر و قوڵتری کۆدەکردەوە[٢]. هەروەها قوتابخانە یان کۆلێژ کە دیراسەیەکی پسپۆڕییانەتر و وردتربوو، خۆتەرخانکردنی تەواوەتی و مانەوەی لە قوتابخانەکە دەخواست[٣].

هەروەها بیمارستان بۆ وەرگرتنی زانستی پزیشکی و ناوەندەکانی دیاریکردنی کات بۆ وەرگرتنی زانستی گەردوونناسی[٤] و چەندین دامەزراوەی پەروەردەیی تر[٥] کە دەرهاویشتەی پێداویستییە جەماوەرییەکان بوون حکومەتە ئیسلامییەکان لەرێگەی پاڵپشتیی دارایی و دانپێدانانی مەعنەوی بە پێگەی مامۆستا و فێرخوازەکانی چاودێریکردوون و بەڕێوەی بردوون. هیچ شارێک یان گوندێکی ئیسلامی نابینیت کە ڕەنگ و شێوازێکی ئەو فێرکردنەی تێدا نەبێت کە لەگەڵ پێداویستی تاکەکان گونجاوە و خەڵکی گوندەکە خۆیان فەراهەمی دەکەن و بەرێوەی دەبەن.

---

(١) محمد محمد أمين، الأوقاف والحياة الإجتماعية في مصر (١٢٥٠-١٥١٧)، ص .

(٢) أحمد شلبي: تأريخ التربية الإسلامية، ص ص٤٤-٥٧.

(٣) Tihawi : Origins character of Almadresah, pp.١٩-٢٤

(٤) Sayyad hassin nasr. Islamic science pp.١٩_٢٤

(٥) سعيد إسماعيل علي. معاهد التربية الإسلامية، ص ص٤٥٧-٦٤٠.

## (٢)

### فێرکردن له (الکاتیب)

عەرەب لەپێش ئیسلامەوە نووسەری بەخۆیەوە بینیوە؛ ئەوەتا (الکاتیب) لە حیرە و شام و نیمچەدوورگەی عەرەب دروستکراوە. کاتێکیش ئیسلام هات پەرەیپێدرا بۆ بیرکردنەوەی لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی. بەو شێوەیە جۆرێکیتر لە (الکاتیب) دروستبوو کە کاری تەنها لە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسیندا کورتهەڵنەدەهات، بەڵکو گرنگیی بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پیرۆز و فیقهـ دەدا[1]. ئەو دامەزراوەیە بە فۆڕمە ئیسلامییە نوێیەکەی هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر)ەوە سەریهەڵدا و دوای ئەویش بڵاوبووەوە، تا پێداویستی فێرکردنی ڕۆڵەی مسوڵمانان بە فێرکردنێکی ئیسلامییانە پڕبکاتەوە، بە شێوەیەک قورئان تێیدا پێگەی یەکەمی هەبێت.

"ئیبنوحەزم" پێی وایە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د خ) قورئان بەخوێندنەوە و نووسین بۆ منداڵان و پیاوان و ژنان وتراوەتەوە، دواتر ئەو بزاڤە پەروەردەییە لە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکانیشدا بەردەوامبووە.

(ئیبنوحەزم) دەڵێت: "ئەبوبەکر وەفاتی کرد و عومەر بوو بە جێنشین و وڵاتی فارس بەڕاست و چەپیدا فەتحکرا، هەروەها هەموو شام و جەزیرە و میسریش فەتحکران و هیچ شارێک نەما مزگەوتی تیا نەکرێتەوە و قورئانی کۆپیکراوی بۆ نەنێردرێت. ئیمامەکانیش قورئانیان لە مەکتەبەکاندا دەخوێندەوە و لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا منداڵەکانیان فێردەکرد"[2].

ئەمە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بزاڤی فێرکردن لە یەکەم کۆمەڵگەی ئیسلامیدا پاڵپشتی کراوە و (کتاتیب)ی منداڵان بۆ فێربوونی قورئان بەکرداری لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا، ئەگەر پێشتریش نەبووبێت، دامەزراوە، نەک لە سەردەمی ئومەویدا، وەک ئەوەی زۆربەی دیراسە هاوچەرخەکان

(١) ملكة أبيض: التربية الثقافة في الشام والجزيرة، ص٢٤٢.

(٢) ابن حزم: الفصل في الملل و النحل، ج ، ص٦٧.

دەڵێن، وەک شوێنکەوتنێک بۆ ئەو ئەفسانەیەی دەڵێن سەردەمی پێغەمبەری نازدار و جێنشینە ڕاشیدەکان سەردەمی جێگیری زانست و فێرکردن نەبووە بە ئەندازەی ئەوەی سەردەمی غەزەوات و فەتح بووە. لەراستیدا ئەو لێکۆڵەرانە ئەوەیان لەبیرچووە کە غەزوە و فەتحەکان لە خودی خۆیاندا ئامانج نەبوون تا لە پێناویاندا زانست و فێرکردن پەکبخرێن، بەڵکو ئامرازێک بوون بۆ لابردنی ئەو بەربەستانەی دەبوونە ڕێگر لەبەردەم مسوڵمانان بۆ پێگەیاندنی یەکێک لە فەرزەکانی ئایینەکەیان، کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامیی لە فراوانترین ڕووبەردا.

هەروەها ئەو غەزەواتانە بەربەستێک نەبوون لەنێوان مسوڵمانان و زانست و فێرکردندا، بەڵکو یەکێک بوون لە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی بانگەواز و هەر زانست و فێرکردنێک کە پێوەی پەیوەست بوو[١].

لێکۆڵەرانی پەروەردەی ئیسلامیی زۆر لەبەردەم ئەو شوێنەدا ڕادەوەستن و ڕادەمێنن کە کتێبی تێدایە، زۆریشیان بەلای ئەوەدان کە کتێب لە مزگەوتەوە دەستی پێکردووە و بڕوایان وایە کە سەربەخۆبوونی کتێب لە مزگەوت بەهۆی گاڵتە و گەمەی منداڵانەوە بوو لە مزگەوتدا و فەرمانیان بە مامۆستایان کردووە کە شوێنی فێرکردنی منداڵان لە مزگەوتەکاندا جیابکرێتەوە.

(ئەحمەد شەلەبی)ش باس لەوە دەکات کە ئامۆژگاری زۆر هاتووە ئەوە دەردەخەن کە کتێب لە دەرەوەی مزگەوت بووە، لەوانە ئەوەیە کە پێشەوا مالیک کاتێک لەو بارەوە پرسیاریان لێکراوە وتوویەتی: پێم وانییە ئەمە ڕاست بێت، چونکە منداڵان خۆیان لە پیسی ناپارێزن[٢]، لە کتێبەکانی سوننەتیشدا پشتگیری ئەم ڕایە هاتووە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمانی بە پاکڕاگرتنی منداڵ و شێت کردووە. لەگەڵ ئەوەی کە فەقیهەکان فەرموویانە چەندین گەواهیدەری مێژوویی هەن کە جەخت لەوە دەکەن کە زۆر کات کتێب لە مزگەوتدا ماوەتەوە، ئەوەی (ئیبنوجوبەیر) و (ئیبنوحەوقل) و (ریحلە کوڕی بەتوتە) بخوێنێتەوە باسی زۆر ئەڵقە و وانەیان تێدا دەبینێت کە منداڵان لە

(١) عبدالرحمن الحجي: نظرت فی دراسة التأريخ الاسلامی، ص ص .

(٢) أحمد شلبي: التربية الإسلامية: نظمها، فلسفتها، تأريخها، ص٥٣

مزگەوتدا لە دەوری مامۆستای قورئان کۆبوونەتەوە[1]. ژمارەی (الکتاتیب) بە شێوەیەکی خێرا و بەرفراوان زیادیکردووە، تا وایلێهاتووە لە هەر گوندێکدا زیاتر لە (کتاب)ێک هەبووە، بەڵکو هەندێکجار لە گوندێکدا زیاتر لە کتێبێک هەبووە. (ئیبنوحەوقل) باسی ئەوە دەکات کە نزیکەی ( ) مامۆستای کتێبی تەنها لە گوندێک ژماردوە کە گوندی (بلرم) بوو لە (سەقلیە) [2].

گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو زیادبوونە ڕەنگدانەوەی خواستی جەماوەریی بووە لەسەر فێربوون لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە ڕەنگدانەوەی ڕەخساندنی ئامرازەکانی تێرکردنی ئەو خواستە جەماوەرییەیە. ئەوەتا ئیسلام واجبی کردووە لەسەر باوکان کە منداڵەکانیان فێربکەن ئەگەر توانای ئەوەیان هەبوو[3]، هەروەها ئەو ئەوقافەی کە خێرەومەندان لە دڵسۆزانی زانست و مەعریفە دابینیان دەکرد. ئەمە وێڕای ئەو هەستکردن بەهاریکاری و دەستگیرۆیی کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا باو و بڵاوبوو، ئەمانە ڕێگەیان بۆ زۆرێک لە فێرخوازان خۆشکرد کە (الکتاتیب) و دامەزراوە فێرکارییەکانی تریش بەردەوامی بەفێربوون بدەن.

(الکتاتیب) بوون بە سەکۆی فێرکردنی میللی بۆ کۆی ڕۆڵەی مسوڵمانان بەگشتی، و وای لێ هات ئەو (الکتاتیب)ە ئیسلامییانە بە درێژایی بە درێژایی چاخە جیاوازەکانی ئیسلام ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، تا ئەو کاتەی کە قوتابخانەی سەرەتایی نوێ ململانێی ئەو ڕۆڵەی لەگەڵ کرد و توانی لە چیرۆکێکی دووروودرێژدا کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆی هەیە لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا جێگەی بکرێتەوە.

ئەو بەشەش کە ماوەتەوە تائێستاش ڕۆڵی خۆی لە لەبەرکردنی قورئان و گەیاندنی کولتووری ئیسلامییدا دەگێڕێت، هەرچەندە پێویستیشی بە چاودێری و پاڵپشتی و پەرەپێدان هەیە.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٥٤.
(٣) أحمد فؤاد الأهواني، التربية في الإسلام، ص٦٧.

## (٣)

### فێرکردن لە مزگەوتدا

بەڵــگە مێــژووییە ڕاســتەکان جەخــت لە ســوووربوونی پێغەمــبەری خــوا (درووودی خــودای لەســەر) دەکەنەوە لەســەر بڵاوکــردنەوەی زانســت لە نێـو شــوێنکەوتوانیدا و ئەوەی کە لە مزگەوتــی خۆیــدا شــوێنێکی بــۆ زانســت و فێربوون تەرخانکردووە.

هەر بــۆیە تەنهــا بە تێپەڕبــوونی مــاوەیەکی کــورت چەنــدین ســەرکردەی پەروەردەیی لە پیاوان و ژنــان دەرکەوتن، بۆ نموونە: (ئوبەی کوڕی کەعب، زەیــدی کــوڕی ثابــت، موعــازی کــوڕی جەبەل، ئەبــی ددەردا، ســەعدی کــوڕی عوبــادە، ئەبــو عوبەیــد، عــامری کــوڕی جەڕڕاح، ئوســەیدی کــوڕی حضــیر و عائیشەی دایکی مسوڵمانان خوا لە هەموویان ڕازی بێت)[1].

پاشان ئەهلی سوففە (أهل الصفة) لە مزگەوتی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەســەر) دەرکەوتــن کە خۆیــان بــۆ فێرکردنــی زانســت و جیهــاد تەرخــانکرد، کە سەرەتا ژمارەیان کەم بوو، پاشــان زیادیان کرد، کە هەندێک گێڕانەوە دەڵێن بیســـت کەس بـــوون و هەنـــدێکی تـــر دەڵـــێن ژمارەیـــان گەیشـــتۆتە (٤٠٠) قورئــانخوێن و موجاهیــد. ئەم ژمــارە زۆرە لە ئەهلــی ســوففە بــۆ فێربــوون و جیهاد مــاونەتەوە و لەگەڵ هەمــوو یەکێک لە سیریەکانی پێغەمبەردا (درووودی خودای لەسەر) دەرچوون.

ڕەنگە ئەهلی سـوففە یەکەمـین تـۆوی بیرۆکەی قوتابخـانە بووبن کە دواتـر دەرکەوت، کە تێیــدا قوتابیــان و مامۆســتایان خۆیــان بــۆ وەرگرتنــی زانســت و فێرکــردن تەرخــانکرد لەبەرانــبەر کــرێیەک، یــان ڕۆزیــیەک کە لە ئەوقــافەوە وەریانــدەگرت لەگەڵ یەک جیــاوازی بنچینەیــی کە بریتــی بــوو لەوەی ئەهلــی ســوففە زانســت و جیهادیــان پــێکەوە کۆکردبــۆوە، بەڵام زۆربەی مامۆســتای قوتابخانەکان تەنها خەریکی زانستەکە بوون.

---

(١) عبدالحي الكتاني: نظام الحكومة النبوية، ج١، ص ص٤٢-٤٧.

هەروەهـا ڕۆزیـی ئەهلـی سـوففە ڕێکخـراو نەبـوو بەپـێچەوانەی زۆربەی مامۆستایانی قوتابخانەکانەوە، کە هی ئەمان لە ڕێگەی ئەوقافەوە بە ڕێکوپێکی لەکاتی خۆیدا دەهات و داهاتی جێگیر بوو[١].

لەو کەشـوهەوا فێرکـاری و فێرخـوازییەدا چەنـدین کەسـی بەتوانـا و لێوەشـاوەیی زانسـتی دەرکەوتـن، وەک عەلـی کـوڕی ئەبوتالیـب و عەبـدوڵڵای کـوری عەبـاس (خـوا لێیـان ڕازی بێـت). ئەوەی دواییـان بەهـۆی فراوانـی زانستەکەیەوە بەدەریا ناو دەبرا، و زانستی ئایین و زمان و شیعری دەوتەوە، بەهـۆی مکـوڕی لەسـەر سـوودگەیاندنی بە خوێنـدکارە زۆرەکـانی و وەڵامدانەوەی خواستەکانیان ڕۆژێک بۆ قورئان و تەفسیر و ڕۆژێکی تری بۆ مەغازی پێغەمبەر (درووودی خـودای لەسـەر) و ڕۆژێکی تریشی بۆ ڕۆژانی عەرەب ( یام العرب) و ڕۆژی چوارەمی بۆ ڕەچەڵەک و پێنجەمیشی بۆ شیعر و نەحو تەرخاندەکرد.

عـومەری کوڕی خەتتابیش سەرنجی کارکەر و کاربەدەستانی دەوڵەت و سەرکردەکانی بۆ ئەو لێوەشـاوەییە زانستییانە ڕادەکێشا کاتێک لە کۆنگرەی (الجابية)دا پێی وتن: "هەر کەسێک دەیەوێت پرسیار لەسەر قورئان بکات بابێت بۆلای (ئوبەی کوڕی کەعب)، هەر کەسێکیش دەیەوێت پرسیار لەسەر زانستی میرات (الفرائض) بکات بابێت بۆلای (زەیدی کوڕی ثابت) و کەسێکیش ویستی پرسیار لە بارەی فیقهەوە بکات بابێتە لای (موعـازی کـوڕی جەبەل)، کێیش ویستی لەبارەی ماڵ و سامانەوە بپرسێت با بێتە لای مـن، چـونکە خـوای گەورە منی بە گەنجینەکارێکی دابەشکار گێڕاوە"[٢].

خوازیـارانی زانسـت ڕوویـان کـردە ئەو بـازنە و ڕاپرسـیانەی کە لەو مزگەوتانەدا دەبەستران کە بە هەموو لایەکی دەوڵەتی ئیسلامیدا بڵاوببوونەوە، تەنانەت تەنها بازنەیەک سەدان و بەڵکو هەزاران فێرخوازی لەخۆدەگرت.

(١) هەمان سەرچاوە، لا٤٧٢-٤٨٠.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا٤٠-٤٨.

سەرچاوەکان دەگێرنەوە کە (ئەبو ددەردا) لە پێشینەی ئەوانە بووە کە لە وڵاتــی شــامدا ئەو بــازنە زانســتییانەی بەســتووە و ژمــارەی قوتابییەکــانی گەشتوونەتە هەزار و شەش سەد و پەنجا، کە دابەشی کردبوون بۆ چەند کۆمەڵێک و بۆ هەر کۆمەڵێکیش کەسێکی دیاریکردبوو کە قورئانی پێ لە بەردەکردن.

پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە لەو کاتەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) مزگەوتەکەی لە مەدینە وەک شوێنێکی پەرستش و فێرکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری مسوڵمانان بنیاتناوە، ئەمە بووەتە نەریتێکی ئیسلامی، هەر بۆیە فەرمانڕەوایانی مسوڵمانان گرنگییان بە دروستکردنی مزگەوت داوە وەک سـیـنبولی بەرپـابوونی دەوڵەتــی ئیســلامی و ســەروەریەکەی بەســەر ســنووری قەڵەمــڕەوی ئەو مــزگەوتە گەورە و کــۆکەرەوانەی لە پــایتەختە ئیسلامییەکاندا بوون و سیمبولگەلێکی شارستانی بوون.

هەروەها ئەو مزگەوتانە بە درێژایی بە درێژایی تەمەنیان شوێنی زانست و پەرستش و سەرکردایەتی و ئاراستەکردن بوون. مێژوونووسانیش چەندین نمــوونە لەســەر ئەوە باســدەکەن : (مزگەوتــی عەمــری کــوڕی ئەلعــاس) لە (فستات) لەساڵی (٢١ک) دروستکراوە و مزگەوتی (ئەحمەد کوڕی تۆلۆن) کە لە ســاڵی (٢٥٩ک) دروســتکراوە و مزگەوتــی (ئەزهەر) کە لەســاڵی (٣٦١ک) دروستکراوە[١].

ئەو مزگەوتــانە کە مزگەوتــی کۆکەرەوەبــوون و نــوێژی هەینییــان تێــدا ئەنجامدراوە، ناوەندێک بوون بۆ چالاکیی ئاینی و کۆمەڵایەتی و شوێنێک بۆ ئاهەنگی ئایینی لە جەژن و بۆنە ئیسلامییەکاندا، هەروەها بارەگایەک بوو بۆ دادوەران و پیاوانی حیسبە، کە لەوێوە کارەکانی خۆیان جێبەجێکردووە، ئەمە وێــڕای ئەوەی کە ئەو مزگەوتــانە ببــوونە دامەزراوەی فێرکــردن بەهەمــوو جۆرەکانییەوە؛ نەقڵی و ئەقڵی.

---

(١) المقريزي: الخطط المقريزية، ج٤، ص ص٧٩-٨٩.

لەتەنیشت ئەو مزگەوتە کۆکەراوانە لە پایتەختەکاندا چەندین مزگەوت لە شار و لادێکانی جیهانی ئیسلامیدا بنیاتنران، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئایینی و پەروەردەیی خۆیان لە ژیانی مسوڵماناندا بگێڕن. بە درێژایی سەردەمی ئیسلامیی ئەو مزگەوتانە ئازادیەکی هزری و زانستی فراوانیان هەبووە، ئەو ئازادیانەش سنووردارنەکران تەنها لە سەردەمی دواکەوتوویی لاوازیدا نەبێت.

تا ئێستاش ئەو مزگەوتە زۆرانەی لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبونەتەوە پێویستیان بە بزاڤێکی ئیسلامی پەروەردەیی هەیە کە ڕۆڵە پەروەردەییە کاریگەرەکەیان بۆ بگێڕێیەوە.

## (٤)

## فێرکردن لە قوتابخانەکاندا

دەرکەوتنی قوتابخانەکان پەرەسەندنێکی سرووشتیی هەمەجۆریی زانستەکان و بەرەوپیرچوونی خەڵکی بوو بۆ بازنەکانی زانست، هەر بۆیە مزگەوتەکان تەنها بازنەیەکی زانستییان تێدا نەبوو، بەڵکو چەندین بازنەی خوێندنیان لەخۆدەگرت، کە لە هەر یەکێک لەو بازنانەش دەنگی مامۆستا لەکاتی وانەوتنەوەدا و دەنگی پرسیار و بەشداریی و گفتوگۆی قوتابییەکان دەهات، بە کۆبوونەوەی ئەو دەنگانە لە هەموو بازنە جیاوازەکانەوە، جۆرێک لە دەنگەدەنگی کەم دروستدەبوو، کە ڕێگربوو لە بەجێگەیاندنی نوێژ و پەرستش بەشێوە تەواوەکەی.

پاشان بەتێپەربوونی کات پەرەیانسەند و زانستگەلێک دەرکەوتن کە دیراسەکردنیان پێویستی بە گفتوگۆ و گەنگەشەکردن هەبوو، ئەمەش لەگەڵ ئەو ئارامی و هێمنییە ناگونجێت کە پێویستە ئەهلی ناو مزگەوت هەیانبێت.

فاکتەری سێیەمیش کە یارمەتیدەربوو بۆ وەرگرتنی قوتابخانە، ئەوە بوو کە کۆمەڵێک هەبوون زۆربەی کاتەکانیان سەرقاڵی فێرکردن بوون و هەوڵیان دەدا کە ڕۆزییان لە ڕێی پیشەیەکی سادەوە بەدەستبهێنن کە لەگەڵ وانەوتنەوەکەدا ئەنجامیان دەدا، بەڵام نەیانتوانی ئاستێکی گونجاوی بژێوی بۆ

خۆیان دابینبکەن، بۆیە باشترین چارە بریتی بوو لە دروستکردنی قوتابخانە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان بۆ زامنبکات[١].

هەرچی فاکتەری چوارەمی پاڵنەربوو بۆ دەرکەوتنی قوتابخانە، خۆی لەو گیانی چاکەی گشتییەدا دەبینییەوە کە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامییدا کێشابوو، مسوڵمانان لەو ڕێگەیەوە باشترین دەروازەی بەخشینیان لەڕێگەی خودادا بەدی دەکرد.

بێگومان بەخشین لەپێناو زانست و فێرکردن دا یەکێکە لە گرنگترین دەروازەکانی ئەو بەخشینە. ئەوەتا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((ذا مات الإنسان انقطع عمله إلا من ثلاثة: صدقة جارية، أو علم ينتفع به، و ولد صالح يدعو له))[٢]. واتە: "ئەگەر مرۆڤ مرد ئیتر ناتوانێ کاری چاکە بۆ خۆی بکات، جگە لە سێ ڕێگەوە نەبێ کە چاکەی پێ ئەگات : کە ئەوانیش خێرێک کە پێش مردنی کردبێتی و مابێت و بەردەوام سوودی هەبێ، زانستێک کە وتبێتییەوە و گەیاندبێتی و سودی هەبێ، منداڵ و کەس و دۆستی خواناس کە پاش خۆی مابن و لە دوای خۆی خێر و دوعای بۆ بکەن".

مسوڵمانانیش لەوە تێگەیشتن کە وەقفکردن لە بواری فێرکردندا باشترین جۆری خێری بەردەوامە (صدقة جارية) هەر بۆیە ئەوقافی فێرکردن سەریهەڵدا و داهاتی زیادیکرد، ئەمەش بووە پاڵنەرێک بۆ جێنشین و میرەکان و دەوڵەمەند و زانایان بۆ دروستکردنی چەندین قوتابخانە کە قوتابیان و مامۆستایان تێیاندا خۆیان بۆ خوێندن و وتنەوەی چەندین زانستی دیاریکراو تەرخاندەکرد، کە وەقفکارەکە دیارییکردوون[٣].

---

(١) أحمد شلبي : التربية الإسلامية : نظمها، فلسفتها، تأريخها، مرجع سابق، ص ص

(٢) مسلم: صحيح مسلم، كتاب الوصية ـ رقم الحديث

(٣) سەبارەت بە گرنگیی ئەوقاف لە ژیانی کولتووری و فێرکردندا بگەڕێرەوە بۆ کتێبی (تأريخ الأوقاف في مصر)ی محەمەد ئەمین عەلی.

لەراستیدا فێرکردن لە قوتابخانەکاندا بەوە جیادەکرایەوە کە بە درێژایی بە درێژایی کات فێرکردنێکی سیستمیی بووە[١].

یەکێک لە لێکۆڵەران دەڵێت:" ژمارەیەک لە قوتابی لەو قوتابخانانەدا نیشتەجێ دەبوون کە دەکرێت بە کۆلێژە ناوخۆییەکانی هەردوو زانکۆی ئۆکسفۆرد و کامبریج بچوێندرێن"[٢].

بەراستی ئەو قوتابخانانە نیشانەیەک بوون لە نیشانەکانی هونەری ئیسلامی؛ لە بنیاتنانیاندا پارەیەکی زۆر خەرجدەکرا، چەندین سامانی ئەوقافی مەزنی بۆ تەرخاندەکرا، موچەی سەخاوەتمەندانە بۆ مامۆستا و قوتابی و فەرمانبەرانی دەبڕدرایەوە. بۆ نموونە قوتابخانەی سوڵتان حەسەن ( ٥ ک) بە یەکێک لە گەورەترین شوێنەوارە ئیسلامییەکان لە میسر دادەنرێت، کە ڕوکارە سەرەکییەکەی هەموو تایبەتمەندییەکانی هونەری ئیسلامیمان بۆ پوختدەکاتەوە، خەتی کوفی و خەتی نوسخی تێدایە، هەروەها نەخش و نیگارێکی تێدایە کە مسوڵمانان خۆیان دایانهێناوە و بووە بە یەکێک لە تایبەتترین تایبەتمەندییەکانی هونەرەکەیان[٣].

جێی سەرنجیشە مزگەوت بەشێکی گرنگی بینای قوتابخانەکانی پێکهێناوە، مێژووی کردنەوەی قوتابخانەکانیش بە ئەنجامدانی یەکەم نوێژ تێیاندا دەنەخشێنرا.

پاشان ئاستی بەرپرسیارێتی زانستیی زانایان بالآتر بوو، پێڕەوی ئەرکی زانستیی خۆیان دەکرد؛ هەر بۆیە پێگەیەکی مەزنیان هەبوو و پادشا و میرەکان خۆیان دەچوون بۆ لایان[٤]. بەمەش قوتابخانەکان تەشەنەیان سەند و زیادیان کرد، تاوایلێهات کە مەقریزی شەشت و سێ قوتابخانەمان بۆ باس دەکات کە لە سەردەمی ئەودا لە قاهیرە هەبوون، هەروەها (ئیبنو جوبەیر)ی

---

(١) Makdisi: muslim Institution learning, pp.١-٥٦. Tibawi: origin and charachter of Al-madrasah, pp.٢٥-٢٣٨.

(٢) عبدالله عبدالرايم: التربية عبر التأريخ من العصور القديمة حتى أوائل القرن العشرين، ص .

(٣) محمد مصطفى زيادة وآخرون: تأريخ الحضارة المصرية، ص ص٥٨٨-٥٩٠.

(٤) ناجي معروف: تأريخ علماء المستنصرية، ج١، ص ص٥٧-٦٠.

گەڕۆک وەسفی سی قوتابخانەمان بۆ دەکات کە لە بەغدا بوون، کە هەموویان لە جـوانی و ناوازەییـدا لە کۆشـکەکان بـالاّتربوون، هەروەهـا (ئەننـوعێمی ئەددیمەشـقی) کتێبێکـی تـایبەتی تەنهـا لە وەسـفی قوتابخانەکـانی دیمەشـقدا نووسیوە[١].

لێـرەدا بە گرنگـی دەزانـم سـەرنج بـۆ زۆریـی ئەو قوتابخـانە ڕابکێشـم، بەتـایبەت قوتابخانەکـانی قورئـان و فەرمـوودە و فیقهـ کە هەموویـان کتێبخانەیـان لەخۆگرتـووە. لە نمـوونەی ئەو قوتابخانـانە: قوتابخـانەی موستەنسـەریە لە بەغدا خانەی کتێبی هەبووە کە بە چەندین دانراو ئاوەدان بووە، کە ژمارەیان لەکاتی کردنەوەیدا گەیشتووەتە هەشت هەزار کتێب. ئەمە جگە لەوانەی کە دواتـر بـۆی هێنـراوە، ئەو خـانەیە هاوکـاریی خوێنـدکارانی موستەنسەرییەی کردووە بۆ لەبەرگرتنەوە و خوێندنەوە و نووسینی کتێب[٢].

## (٥)

### چەند شوێنێکی تر بۆ فێربوون

سـەرباری ئەو دامەزراوە فێرکارییانەی باسمانکرد، زانست و فێرکردن لە چەندین شوێنی تردا گەشەیانکرد، لەوانە: کتێبخـانە تایبەتمەند و پسپۆرییەکان، دوکـانی کـاغەزگەران (دکـاکین الـوراقین) و سـەنگەر و خانەقاکـان (الـربط والروايا).

#### - کتێبخانە تایبەتمەند و پسپۆرییەکان:

لێکـۆڵەر سـەری لەو گرنگیـدانەی مسـوڵمانان داویـانە بە دروسـتکردن و بنیاتنـانی کتێبخـانە دەسـوڕمێت، چـونکە ژمارەیـان لە ڕووی چـۆنیەتی و چەنـدێتییەوە بەردەوام لە زیادبوونـدا بـووە تەنـانەت یەکێـک لە تـوێژەران لە وەسـفی ئەم دیـاردەیەدا دەڵێـت: لە وڵاتـانی ئیسـلامیدا هەمـوو جۆرەکـانی کتێبخانە دەبینین: کتێبخانەی گشتیی کراوە بەڕووی جەماوەردا بەهەموو جۆر

---

(١) النعيمي: الدارس في تأريخ المدارس.

(٢) ناجي معروف: تأريخ علماء المستنصرية، ج١، ص ص٥٥-٦ .

و ڕەگەز و کەلتووریێکیانەوە، هەروەها کتێبخانەی تایبەتی کەسیی کە بۆ مەبەستی خۆیان هەیانبووە، ئەمە ویڕای کتێبخانەی پاشکۆی مزگەوت و مزگەوتە کۆکەرەوەکان و تەکیە و خانەقاکان، هەروەها کتێبخانەی دەوڵەت، کە جێنشین یان میر یان فەرمانڕەوای ویلایەت دروستیدەکرد، هەروەها ئەو کتێبخانانەی تایبەت بوون بەخوێندنی بالاوە و کتێبخانەکانی قوتابخانە و زانکۆکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە و ئەو کتێبخانانەی لە نەخۆشخانەکاندا بوون(١).

پادشا و میر و سوڵتانەکان سووربوون لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئەو کتێبخانانە بەنووسراو و دانراوە نوێیەکان، نێردەیان بۆ گەڕان بەشوێنی کتێبی نوێدا ناردووە بۆ کڕینیان و هێنانیان بۆ ئەو کتێبخانانە. ئەو کتێبخانانەش خزمەتگوزاری و ئاسانکاری پێویستیان پێشکەش بەوانە دەکرد کە سەردانیان دەکردن و سوودیان لێوەردەگرتن، ئەمەش یارمەتی قوتابیان و مامۆستایانی دەدا بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، هەر بۆیە بزاڤی نووسین و وەرگێران لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە هەموو بوارەکانی زانستدا چالاکبوو.

**- دوکانی کاغەزگەران:**

یەکێک لەو ناوەندە پەروەردەییانەی ڕۆڵێکی گرنگیان لە بڵاوکردنەوەی زانست و فێرکردندا بینی دوکانەکانی کاغەزگەران بوو، کە خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە قوتابیانی زانست کرد بە لە بەرگرتنەوەی کتێب و ڕێنماییکردنی قوتابیان بۆ هەندێک سەرچاوە کە لە دیراسەکانیاندا پێویستیان بوو.

لێرەدا هێندە بەسە باس لەوە بکەین کە (ئیبنونندیم)ی خاوەنی کتێبی (الفهرست) کاغەزگەر (وراق) بووە، هەروەها زۆرێک لە قوتابیان لەو دوکانانەوە ڕێنمایی زانستییان وەرگرتووە، چونکە ئەو دوکانانە تەنها دامەزراوەیەک نەبوون بۆ فرۆشتنی کتێب، بەڵکو شوێنێکیش بوون بۆ خوێندنەوە و وەرگرتنی ڕێنمایی زانستی(٢).

---

(١) محمد ماهر حماد: المكتبات في الإسلام، ص ص٨٢-١٤٧.

(٢) سعيد اسماعيل علي: معاهد التربية الإسلامية، ص ص٤٧٥-٤٩٢.

**- سەنگەر و خانەقا (الربط والزوايا والخوانق):**

سەنگەرگرتن بریتییە لە مانەوە لەو شوێنەدا کە مەترسی دوژمنی لەسەرە بۆ پاراستنی سەروماڵ و خاکی مسوڵمانان، ئەو سەنگەرانەی کە سەربازیان تێدا بوو زۆرێک زانا و فەقیهیشیان لە خۆگرتبوو. کاتێک کە سەرقاڵیی مسوڵمانان بەجیهادەوە کەمبۆوە، ئەو سەنگەرانە بوون بە شوێنێک بۆ وتنەوە و فێربوونی زانستی شەرعی، پاشان بوون بە شوێنی زاهید و سۆفییەکان و ئەوانەی بۆ پەرستشی خودا لێبڕابوون. هەرچی خانەقاکانیشە (الخوانق)، کە کۆی (خانقاه)ـەو ناوێکی فارسیی وشەی (رباط)ی عەرەبییە، بەڵام ئەم وشەیە زیاتر بە تەسەوفەوە لکابوو لە جیهاد. هەرچی وشەی (الزاوية)شە بە مزگەوتە بچوکەکان، یان شوێنی نوێژ یان نوێژگە (المصلى) دەوترا، دواتر سرووشتێکی سۆفییانەیان وەرگرت، هەندێکجاری کەمیش سروشێکی جیهادییانەی سۆفییانەیان وەردەگرت[1]. هەندێک لەو دامەزراوانە لە ڕۆڵە پەروەردەییە ئیسلامییەکەیان لایاندا، بەتایبەت لە سەردەمی لاوازیدا.

## (٦)

## گرنگترین ڕێگاکانی فێربوونی زانستە شەرعییەکان

ڕێگاکانی فێرکردن و وانەوتنەوە لای مسوڵمانان بە زیادبوونی زانست و مەعریفە زیادیانکرد. لەو ڕێگایانە: خودفێرکردن (التعليم الذاتي)، پێکەوەبوون (الملازمة)، نووسینەوە (الإملاء)، گفتوگۆ یان مونازەرە، گەشتکردن و پێشەنگ.

**- خودفێرکردن:**

زانایانی مسوڵمان بەهۆی پەیبردنی زۆریان بە گرنگیی ڕێگەی خودفێرکردن، زۆر سووربوون لەسەر بەدواداچوون و گەران و خوێندنەوە، لەگەڵ نەبوونی چاپەمەنی ڕوویان کردۆتە لەبەرگرتنەوەی کتێبەکان و نووسینەوەیان بەخەتی خۆیان یان دەستنووسی لەبەرگرەوان و نووسینەرانی کتێب. لێکۆڵەر لەوە سەری دەسورمێت کە چۆن زانایان لەو بارودۆخەدا توانیویانە ئەو ژمارە گەورەیەی کتێب لە کتێبخانە تایبەتییەکاندا کۆبکەنەوە و چەندین سەعات لە خوێندنەوەی

(١) سعيد إسماعيل علي: معهد التربية الإسلامية، ص ص٤٩١-٥١٢.

خـودی بە خوێنـدنەوەیەکی ڕەخنەگـرانەی هۆشـیارانە بەسـەربەرن. قوتـابی لەسەردەسـتی مامۆسـتایەک دەگەیشـتە ئاسـتی خوێنـدنەوەی وردی قـوڵ و ڕامانـاوییەوە، بە شـێوەیەک کە کـۆمێنتی لەسـەر ئەوەی دەخوێنـدەوە دەدا و لێکۆڵینەوە و بەراوردی دەکرد و هەر خۆشی دەرەنجامی دەردەهێنا. لەراستیدا بە خوێنـدنەوەی ژیاننـامەی زانایـان، ئەو ڕۆڵە گەورەیەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کە شێوازی فێرکردن لە ژیانی ئەو زانایانەدا گێراویەتی، ئەمە وێرای ئەو گرنگییە زۆرەی کە زانایان و قوتابیانیش بەو ڕێگەیەیان داوە.

- **پێکەوەبوون (الملازمة):**

زۆرجار زانایانی بواری ژیانناسی (علماء التراجم) زاراوەی (الملازمة) بۆ دەلالەتکردن لەسەر هاوەڵیکردنی قوتابی بۆ مامۆستاکەی بۆ ماوەیەکی زۆر بەکارهێنـاوە، جـا ئەو هـاوەڵیکردنە لەوانە تیۆرییەکانـدا بووبێـت یـان لە هەڵسـوکەوتی کـرداری. بـۆیە قوتـابییەک کە هـاوەڵیی کردبێـت، جیـاوازە لە قوتابییەک کە تەنها خوێندبێتی. هەردووکیشیان لە کتێبی ژیاننامەکاندا هاتوون، بـۆیە زۆرجـار دەبینیت وتـراوە فـلان کەس وانەی بەفـلان کەس وتـووە، یـان لەسەردەستی فلان کەس کاری کردووە.ئەو هاوەڵیکردنە لەزۆربەی کاتەکاندا لەلایەن قوتابییەوە بۆ مامۆستاکەی بەریەککەوتنی زانستیی دروستکردووە و سوودی زۆری لێ بینراوە.

- **نووسینەوە (الإملاء):**

لە نەبوونی چاپەمەنی و پشتبەستنی زانست و فێرکردن بە لەبەرگرتنەوە، پێویسـتییەکی زۆر هەبـووە بـۆ ئەوەی مامۆسـتا هەنـدێ شـت بە قوتابییەکـان بنووسـنەوە، کە بـۆ نمـوونە ڕا و بۆچـوونی پێشـینانی لەسـەر مەسـەلەیەک تێدابووە و مامۆسـتاکە گەنگەشـەی کـردوون. پاشـان ڕای خـۆی وتـوە، یـان ئەزمـوونە زانسـتییەکەی خـۆی لە بـابەتەکەدا باسـکردووە. دواتـر نووسـینەوە وەکو ڕێگەیەکی فێرکردن وردە وردە بەرەو نەمان چوو و ڕێگەی خوێندنەوە لە کتێب و لێکدانەوەی جێی گرتەوە، ئەمەش پاش پەرەسـەندنی پیشەسـازیی پەڕە و بڵاوبونەوەی کتێب[١].

---

(١) Tretton: Materials of Muslim Education, p.٣٢.

**- گفتوگۆ و مونازەڕە (المناقشة و المناظرة):**

بیری پەروەردەیی ئیسلامی هانی گفتوگۆ و مونازەڕە و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لە بواری فێرکردندا داوە، چونکە پێویستە قوتابیی زانست ئەمانە ئەنجامبدات، لەبەر ئەوەی سوودی لە تەنها دووبارەکردنەوە زیاترە[١]. ئەو مونازەرانە لە کەشێکی زانستیدا، ئەنجامدەدرا کە گەڕان بوو بەشوێن ڕاستیدا و لە خۆباییونی تێدانەبوو، چونکە مونازەڕە جۆرێکە لە ڕاوێژکاری، ڕاوێژکارییش گەڕانە بەشوێن ڕاستیدا، ئەمەش تەنها بە ڕامان و ئینساف دەستدەکەوێت[٢]. بێگومان ئەو گفتوگۆ و مونازەڕانە ئامرازێکی باش بوون بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بیرۆکە زانستییەکان لەنێوان مامۆستا و قوتابیاندا.

**- گەشت (الرحلة):**

لە یەک جیهانی ئیسلامیدا سنوور لە نێوان هەرێم و دەوڵەتەکانیدا نییە؛ لە سایەی دۆخێکی ژیاندا کە ئەوقافی ئیسلامی ڕەخساندبووی، خوێندکار دەیتوانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزرێتەوە و بەشوێن زانای بەناوبانگدا بگەڕێت بۆ ئەوەی لەلای بخوێنێت و لەگەڵیدا بێت، تا لەسەردەستی ئەو، زانست و زانیاری بەتەواوی فێرببێت.

بیری پەروەردەیی ئیسلامییش بەوە دەناسرێتەوە کە هانی گەشتکردنی لەپێناو وەرگرتنی زانستدا داوە، لەبەر ئەوەی لە غوربەتدا، بەهۆی دووری لە کەسوکار و نیشتیمان، لێبڕان دەرەخسێنێت، هەروەها لەبەر ئەوەی کەشتێک بۆ تێکەڵبوون بە سەرچاوە کولتوورییە نوێیە جیاوازەکان دەرەخسێنێت. پاشان بەرگەگرتنی نارەحەتیەکانی گەشت ئیرادەی قوتابی بەهێزدەکات و چێژی زانست لە زەین و دڵ و دەروونیدا دەچەسپێنێت[٣].

بێگومان ئەو گەشتە زانستییانە یارمەتیی بڵاوبوونەوەی زانست و گەشەکردنی مەعریفە و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایاندا.

---

(١) ظهرالدين البيهقي: تأريخ حكماء الإسلام، ص٨٠.

(٢) طاش كبرى زاده: مفتاح السعادة ومصباح السيادة، ج ص٣١.

(٣) Tibawi: Arabic and Islamic themes, p.١٨٢.

- **پێشەنگ (القدوة) :**

مامۆستا تەنها بابەتە زانستییەکان بۆ قوتابیەکانی ناگوێزێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو بەها و بیروڕایانەی کە باوەری پێیانە و ئەو ئاکار و ڕەوشتانەشی کە هەڵیگرتوون.

مامۆستا کاتێک بابەتە زانستییەکە بە هەستێکی قوڵ و ماندووبوون و کۆششەوە دەگوێزێتەوە، ئەوا قوتابییەکان ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکان وەردەگرن بەبێ ئەوەی ئەو هەستی پێبکات، یان خۆی ماندووبکات، ئەمەش لەرێگەی شوێنکەوتنییەوە؛ هەر بۆیە زانایانی مسوڵمان نموونەی بالابوون لە زانست و لە خواترسان و خۆپاراستن لە تاواندا و لەو بوارەدا پێشەنگ بوون و زۆر لە پێش زانایانی نوێی پەروەردەوەن، چونکە ئەوان جەختیان لە ڕۆڵی پێشەنگ کردۆتەوە لە پەروەردە و فێرکردندا بەگشتی و لە دروستکردنی ئاراستە و بەهاکان لای قوتابیان بەتایبەتی(١).

---

(١) أحمد زكي صالح: الأسس النفسية للتعليم الثانوي، ص ص٤٠١-٤٠٢.

## (٧)

### کۆتایی

بینیمان سەکۆکانی فێرکردنی زانستە شەرعی و ئەقڵییەکان چەند فرەبوون، کتێب و قوتابخانە و مزگەوت و دوکان کاغەزگەران و سەنگەر و گۆشە و خانەقاکانیشی گرتبۆوە. وەک بڵێی قوتابی زانستە شەرعی و ئەقڵییەکان هەلی خۆی لە زانست و فێر بوون دەدۆزیەوە، هەروەها ئەوقافی ئیسلامی ئەو دامەزراوانەی والێکردبوو، کە بتوانن کاری خۆیان بەئازادانە و بێ دەستێوەردان ئەنجامبدەن. هەروەک چۆن ڕێگەکانی بەدەستهێنانی زانستی شەرعی زۆر بوون، لە نێویاندا: فێربوونی خودیی، هاوەڵیکردن و پێکەوەبوون، گەشت لەپێناو وەرگرتنی زانستدا.

بەو شێوەیە چەندین نەوە لە قوتابیان و زانایان بەدوای یەکدا ئەمانەتی زانست و بڵاوکردنەوەی و بانگەوازبۆکردنیان هەڵگرت، لەپشت هەموو ئەم دامەزراوانەشەوە گیانێکی ئیسلامی گشتیی هەبوو کە هەم پاڵنەر و بزوێنەر بوو، هەم خەرجیدەر.

هەر بۆیە یەکەم وانەکە لەمە وەربگیرێت ئەوەیە، کە ئێمە دەتوانین زۆر شت بۆ خزمەتی زانست بکەین، ئەگەر بتوانین وا بکەین کە سەرلەنوێ گەل لە پاڵپشتیکردن و لەئەستۆگرتنی خەرجی زانست و بڵاوکردنەوەی بەشدار بێت.

گێرانەوەی وێنەی نوێی ئەوقافی ئیسلامی دەتوانێت کاری زۆر بکات لە بواری هێنانەکایەی دامەزراوەی پەروەردەیی، کە خزمەتی زانستە شەرعی و ئەقلییەکان بکات و بۆ خەڵکی فەراهەم و ئاسان بکات و بیخاتە بەردەستیان. هەروەها هەستی جەماوەری ئەگەر ئیسلامییانە بجوڵێت دەتوانێ خزمەتی زۆر پێشکەش بە قوتابیان بکات لەبواری نیشتەجێکردن و فراوانی و چاودێری پزیشکی و دەروونی. هەروەک چۆن دەتوانێت کتێبخانەی گشتی لە هەموو قوتابخانە و مزگەوتێکدا فەراهەم بکات.

هەروەها دەبێت ئاماژە بە گرنگیی ڕێگا ئیسلامییەکانی وانەوتنەوە بکەین، کە خەریکە نامێنن، وەک: خودفێرکردن و پێکەوەبوون و گەشت و پێشەنگ، کە هەموویان ڕێگەی بنچینەیی سەرکەوتنی کرداریی و فێرکارین.

دواجار گرنگترین شتێک کە پێویستە سەرنجی بۆ ڕابکێشین بریتییە لە بەستنەوەی فێرکردن بەگشتی و فێرکردنی زانستە شەرعییەکان بە شێوەیەکی تایبەت بەخوای گەورە و بالاوە، چونکە ئەو وابەستەییە وادەکات کە فێرکردن زۆر لەوە زیاتربێت کە تەنها وەکو ئامرازی بەدەستهێنانی پلەیەکی زانستیی سەیر بکرێت، کە وا لە خاوەنەکەی دەکات پێگەیەکی دیاریکراوی هەبێت و جۆرێک لە بژێوی دارایی بۆ فەراهەم بکات، بەڵکو دواجار سەردەکێشێت بۆ گەشەکردنی کەسایەتییەکی ئیسلامیی کە بتوانێت بە باشترین شێوە ئەرکەکانی جێبەجێبکات.

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:



- دانا عەلی ساڵح عەلی بەرزنجی
- لەدایکبووی ناحیەی (بەرزنجە)ی پارێزگای سلێمانییە، ساڵی (١٩٨٠).
- تا پۆلی دوازنزەیەمی ئامادەیی لە پارێزگای سلێمانی تەواو کردووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە ڕامیارییەکان لە (زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی یاسا و ڕامیاری) لە ساڵی (٢٠٠١–٢٠٠٢)، بە پلەی یەکەم، بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی ماستەری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە (زانکۆی ئەننەهرەین/کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان) لە (بەغداد) لە ساڵی (٢٠٠٦)، بە پلەی یەکەم، بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە ڕامیارییەکان لە (زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی یاسا و ڕامیاری) لە ساڵی (٢٠١١) بەدەست هێناوە.
- لە ساڵی (٢٠١٥) پلەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ی لە (زانکۆی سلێمانی) لە زانستە ڕامیارییەکاندا وەرگرتووە.
- ڕاهێنەری پسپۆڕی باوەڕپێکراوە (PCT) لە سەنتەری جیهانی کەنەدی.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری)یە.
- چەندین خولی ڕاهێنانی لە بوارەکانی پەرەپێدانی مرۆییدا لە زانکۆی سلێمانی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێشکەش کردووە، لەوانە: (خولی پلانی ستراتیژیی دامەزراوە)، (خولی پلانی ستراتیژیی تاکەکەسی)، (خولی ناسینی جۆرەکانی کەسێتی)، (خولی زمانی جەستە) و (خولی هونەری دانوستان).
- بەشداریی دەیان کۆنگرە و کۆنفرانس و دیداری ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی کردووە.
- خاوەنی چەند کتێبێك و چەندین توێژینەوە و وتار و بابەتی ئەکادیمییە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان.

# پە یمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک ـ ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

ـ فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

ـ گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

ـ چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

ـ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

ـ هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

ـ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.